رۆمان

# هەولێر

تەعجیل

بەرگی سێیەم

شێرزاد هەینی

ستۆکهۆلم ٢٠١٤

# تەعجیل

## بە ڕۆمان هەولێر دەنووسمەوە:

دیارە. هێشتا سەربردە و ناو و ڕۆژانەی ئەو شارە گەورەیە، زۆری ماوە بنووسرێتەوە، لەو بەشەی بۆ تەعجیلە، دیمانەی زۆرم. لەگەڵ خەڵکی بە تەمەن و بیرتیژەکان کردووە، پیشەوەرەکانم. دەدواند، پێم دەووتن: باسی داپیر و باپیری و خزم و ناوماڵەکانی جارانی خۆتانم. بۆ بکەن.

لەناو دووکانێکدا، لەناو ئوفیسێکدا، لە دانیشتنی شەوانەی یانەی مامۆستایان، کە بەیەکەوە، لەسەر بەرزاییەکانی کەسنەزان. سەیری شار گەورە داپۆشراو بە دووکەڵەکەمان دەکرد، لەناو دووکانێکی سەر شەقامە بیست مەترییەکە. دوو تەماتە و یەک دانە کودی و سێتێک ئاوم، دەکڕی. هەندێک لەوێ سەر و سەرکوتی منیان پێ سەیر بوو. بەڵام! لەوێش پرسیاری خۆم هەر کردووە.

ئەو ڕۆمانە. لە کەسانی تر و لەوانەی باسم کردن، لە خوێندنەوەی ڕۆمان و سەربردەی نووسەرانی تری هاوکولتوور، دیمانەی بەتام. دیمانەی دوورودرێژ، خۆی کۆکردیتەوە، بەڵام! خەیاڵی زۆریشی تێدایە، بە دەست خۆم نەبووە، خەیاڵ، خۆی سەپاندووە، نووسینیش، کە بوو بە دێر و بڕگەی درێژ و پرسیار و رامان، خەیاڵ بێت یان ریالیست، ناکرێ ڕەشی بکەیتەوە، پەشیمانی لە نووسین ناکرێ، لە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ و ڕۆژانەکان دەبێت، بەڵام! لە نووسیندا پەشیمانی نییە. زۆر لە ناوەکان، داڕێژراون، بەس ناوەکان. بەڵام دیالۆگ و سەربردەکان، دەقاودەق. راستن. ناوی کەسم نەهێناوە، هەموو کەسیش ناوی هاتووە! نووسین وایە، گەڕەکی کۆنی تەعجیلیش وا بووە!

بەڵام نازانم، پاش تەعجیل، کام گەڕەک، ڕووداو، ناو، حزب، سەردەم خۆی فەرز دەکات، دڵم خۆشە، تاقەتم هەیە، بوارم سازە، ئیش بکەم. دەمەوێ، مێژوو و کەسەکان و ڕووداوەکانی هەولێر، بە ڕۆمان بنووسمەوە. هەموو شارە گەورەکانی جیهان، ئەو پڕۆژەیان تێدا بەردەوامە. من زۆر قەرزاری بیر و وریایی خەڵکەکەم. کە بەئاسانی

بابەت و کەرەستەکانم بۆ ساز دەکەن. نهێنییەکانم بۆ دەگێڕنەوە، شانازن و شەرم ناکەن، دڵگەشن و تووڕە نابن. من ئەوانم خۆشدەوێت، ئەوانیش قسەی دڵ و نهێنی خۆیانم بۆ دەکەن.

شێرزاد هەینی

کازابلانکا مارسی ٢٠١٤

ئەندازیارە تەلارسازەکە، بەژن و باڵا و شان و دەموچاو و پۆشاکی، ئەوەی پێوە دیار بوو، سرووشت و پێشهات و ڕۆژەکان، گۆڕانیان بەسەر ئەو کوڕەدا هێناوە. ئەو، لە گەنجێکی ساڵانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، یان پێش هەشتاکان هەر ناچێت. دیارە و جوانیش دیارە، کوڕەکە، چاوەکانی گەورەترن، سۆمای چاوەکانی رەشترە. چاو، یەکەم نیشانە و ئاماژەی جوانی و هەڵکەوتنە، چاو و روو و ئاکار دەگەشێنێتەوە. بەژنی ئەو گەنجە، چەند سانتیمەترێک درێژترە، پەنجەکانی هەردوو دەستی، باریک و نەرم و لووسترن، دەستیش نیشانەیەکە، بە منداڵی، بە ناز و خاوێن و ئارام بەخێوکراوی یان نا! بۆیەش، فۆرمی وا دەبێت، ئەوەی سەرما و گەرمای نەدیبێت، کوڕەکە، باری گران و تیژ و رک و قوورسی هەڵنەگرتووە. قژی رەش و چڕ و بریقەدار، دەموچاو، زۆرتر دەکاتەوە، ئەوەیە ناسین و دۆزینەوە و پێهەڵدانی ئەو سەردەمەیە.

....

کوڕەکە، نمونەی کەسێکی ئەو سەردەمەی پێوە بوو، ئەندازیارێکی وریا و خەمخۆر بوو، کە لە سەر نەخشەیەک، لە کاتی ئیشکردن و داهێنانا دادەنیشیت. کە قسەی لەگەڵ هێڵ و گۆشە و سێبەری سەر نەخشە و ڤیووەکان دەکرد، ئەو بە شانازییەوە دەیووت:

سێبەریش، بۆ بینا و دروستکراوەکان، وەک تیشکی خۆر، پیرۆزە!

بەڵام ئەندازیارانی تر دەڵێن:

روو و ئاراستەکردن، لە هەتاو و گەرمی خۆر، بۆ رووبەر و ڤیووی خانوو، زۆر پێویستە. توێژەرێکی ژینگە و تەندروستی، لە دەفتەری بیرەوەرەییەکانی نووسیبوی:

نازانم خەڵکی ئەو شارەی ئێمە، لە خانوو دروستکردنا، بۆ ئەوەندە شەیدای پەنجەرەی گەورەن!؟ بۆ ئەوەندە، بنمیچی ژوورەکان بڵند دەکەن!؟ هەر دەڵێن، هەتاو، هەتاو! نازانن قەبارە و رووبەری گەورە و بڵند، گەرما و سەرمای زۆر هەڵدەمژێت و ژیان سەخڵەت دەکات!

....

ئەندازیارەکە، (باپیری لە مەحەتە) ئیشی کردووە، هەتا هەڵگرتنەوەی رێل و دارەکانی هێڵەکەی، نێوان کەرکووک و هەولێر. ئەو رۆژانە، بەیانییان، فێر ببوو، سەعات و کاتی هاتنی قەتارەکەی (ترێن) بۆ هەولێر دەزانی، باشی دەزانی، تەمەنێکی زۆری لەوێ بەسەر بردبوو، (تەمەنێک زۆرە!)، گوێی قولاخ دەکرد، هەستی رادەگرت، بە منداڵەکانی دەووت:

منداڵەکان بێدەنگ، راوەستن، تەقە تەق مەکەن! کەمێک کڕ بن!

بەڵام! پیاوەکە شەرمی دەکرد بڵێت، بێدەنگ بن، دەمەوێ گوێم لە (سافیرە)ی قەتارەکە بێت! ئەو چەند ساڵیش بوو خانەنشین کرابوو، بەڵام بەردەوام دڵی بە سافیرەی بەیانییان، ترێنەکە. دەکرایەوە. بە نەمانی ئەو دەنگەش، ئەو گوێ و هەستی نامینێت، لاشە و چاوی ئەویش، وەک لایت و بەژنی رێلەکان دەردەهێنرێت و هەڵدەگیرێت.

ئەو، هەتا دوا کەسیش، ماڵی، لەناو خانووە کۆنەکانی مەحەتە بوو. خانووەکەیان، لەناو موورتک و دارتووە گەورەکە، دیار نەبوو. بەو دارانە، بە تەمەنی درێژی ماچی رەنگەکان، کەرپووچ و بەردەکانی نەقاڕی، کەسک هەڵگەڕابوون. بەڵام باوکی، هەتا ئامادەیی و خانەی مامۆستایانیش، تەواو دەکات، لەکن (حاجی رەشیدی بەقاڵ)، لە دووکانەکە، کاتب و هاوکار بوو:

....

سەربردەی ئەو ئیشکردنەش، دەگەڕێتەوە، بۆ ترێن و فارگۆنەکان و باوکی و بارکردنی تەنەکەکانی حاجی رەشید، رەوانەکردنیان بە قەتارەکە بۆ بەغدا. ناوی کوڕەکەش

دەگەڕێتەوە، بۆ پێشنیارەکەی مەلا مەجید، لەو ڕۆژەی (حجەی ولادە)ی بۆ باوکی دەردەکەن، ناوی دەنێن (سەعید)، بەڵام ناوی کاکە سوور، لە کار و سەرزار و ناوکۆڵان و خەونەکانیشی دەمینێتەوە، ئەگەرچی، ئەو لەسەر کاغەز ڕەسمییەکان، ناوی دەبێتە سەعید، مەلا مەجید لەو ڕۆژە پێی دەڵێت:

کاکە سوور با ناوەکەت بکەمە شێرزاد!

ناوەکە، ناوی شارەکەیە، (ناوێکی کۆنی هەولێرییەکانە)، دەڵێن:

لە دەرەوەی شار، کوڕێکیان شێرێکی یاخی. شێرێکی لاساری لە خۆڵ گەوزاندووە، هەندێکیش (لەوەیان بۆچوونی جیاواز هەیە، ڕەخنە و لێکدانەوەی تر هەیە) دەڵێن:

لە زۆرانبازی، کوڕە بەگزادەیەکی شارەکە، شێرانە، لە پاڵەوانێکی مل ئەستووری لایدە دەباتەوە. باوکی گفتەکەی دێنێتە دی، کۆشکێکی گەورەی لەناو باخ و ڕەزەکەیان بۆ دەکات و پێی دەڵێت:

شێرەکەم، بڕۆ لەو کۆشکە بژی، کۆشک و ڕەز لە تۆی شێر دێت، لەو ڕۆژەوە ناوی شێرزاد لە شارەکە، لەناو هەموو بنەماڵەکانی ئەو شارە بڵاودەبێتەوە. ناوەکەش زۆرتر دەبێت، کە چەند کەسایەتی سیاسی شارەکە، نازناویان دەکەنە شێرزاد، بەو ناوەش، دەنووسن، کۆبونەوە دەکەن، ئابونە دەدەن، کوردایەتی دەکەن)، بەڵێ ناوەکە لە ناوی کوڕێکی ئازاوە، دەبێتە ناوێکی حزبی. نازناوێکی سیاسی. لەناو شارەکە. لەناو وڵات. لە دەرەوەش. بە کوردی و عەرەبی و فارسی و بە تورکی، دەگوترێت و دەنووسرێتەوە.

....

حاجی ڕەشیدی بەقاڵ، دووکانێکی بچووکی هەبوو، دووکانەکە بچووک بوو، بەزەحمەتی دەیتوانی بە کەواکەی بەری، کەوا قاوەییەکە، دووبەرەکە، یەخە نەخشینەکە، قۆڵ درێژە بەرینەکە، باوەشێنەیەک بۆ بازاڕ و نرخی کاڵاکان بکات. دوو سێ تاقی تەختەداری. بە بزمار و سینگ. بە دیوارەکان هەڵواسیبوو. چەند تەنەکە، سەندوقی لەسەر دانابوون. دەخیلەکەی (دەخیل لێرە گرینگە، کاسە و قاسە و کۆنتۆی ئیمڕۆیە) پێشی، کۆنە کورسییەکەی بنی، سەردەمی بەقاڵی باوکی بوو. دووکانەکەی بچووک بوو، بەڵام شێرزادی قوتابی ناوەندی، تێدا بە پارە و ڕۆژانە، یارمەتی و بەردەستی دەکرد. ئەو چەند ساڵ بوو. لەکن ئەو ئیشی دەکرد. چونکە! حاجی لەناو دووکانە گچکەکەی

ئیشی زۆر گەورەی دەکرد. لەسەر کورسییە شڕەکەی سەردەمی باوکی، میوانی زۆری بەڕێدەکرد. دووکانێکی گچکە بوو، بەڵام! لەڕاستییدا، کارگە و ئۆفیس و کۆمپانیایەکی زیندوو و گەورەی خواردەمەنی و زەخیرەی ناوەوە و دەرەوە، شاری و گوندییش بوو.

هەر، بە ئەدرێسی ئەو دووکانە گچکەیە، نامەی زۆر، لە هەموو شارەکان، بۆ خزم و ناسیارەکانی خەڵکی شار و بازاڕ و گوندەکانیش دەهات. قوتابی کولێژەکانی زانکۆی بەغدا، کوڕ و کچەکان. سەربازەکانی سەربازگەی (حەبانییە)، ئەوانەی لە (یافا) و (جەنین) بۆ رزگارکردنی فەلەستین، رۆیشتبوون. بەڵام، هەتا گەڕانەوەش لە شەڕێکدا سەرنەکەوتن، یان پێشڕەوییەکیان نەکردبوو، تەقەیان لە تفەنگەکانیان نەهاتبوو دەر. ئەوان لەوێ نامەیان دەنووسی، باسی پرتەقاڵ و زەیتونیان دەکرد. نامەیان دەنووسی، بۆ خەوی سەربان و سەرنانی گەرم و پڵاوی چەوری دایکیان سۆزیان دەنواند. نامەی خەڵکێکی زۆر دوور، لە گرتووخانەکانی خوارووی عیراقیش، بە ناوی ئەو دووکانەوە دەگەیشتە ئەو شارە.

دووکانەکەی بچووک بوو، رەفەکانی بەتاڵ و سەندوقەکانی شکاو بوون، بێجگە لە رەفتار و دانوستانی گەرم، لەو دووکانە، بازاڕێکی گەرم هەستی پێ نەدەکرا. بەڵام حاجی لە دەرەوەی شار، لە گوندەکانی (شەمامک). شەمامک، ئەو کاروانانەی، بەیانییان، روویان بەرەو خۆر بوو، دەردەکەوتن و بەرەو شار دەهاتن، تیشکی رۆژەکە راستەوخۆ لە دەموچاوی دەدان و هەراسانی دەکردن. لە کۆنەوە، ئەوانە باجیان کەمتر بە شار و ژەندرمەکانی عوسمانیش داوە، بۆیەش ئەوانە داهاتیان باشتر بووە و زۆرتر هاتوونەتە ناو شار، ناو کڕین و فرۆشتن.

ئەو گوندانەی، بیرەکانیان. قووڵ نییە، سەرچاوەی ئاوەکانیان، نزمە و ئاوی کارێزەکانیان ساردە. ئەو، لەو گوندانە جووتیاری زۆری هەبوو. لەو زەوییانە تەماتەی زۆری دەکرد. جووتیارەکانی ئەو گوندانە، ساڵانە، سەدان سەندوقە تەماتەیان دەناردە گومرگەکەی شێخەڵا. لەو شارە و لە گەڕەکەکان، لەناو ماڵەکان، لە سەربانەکان، لەناو تەشت و سینییەکان، بە دەستی ژنانی کابان، بە پەنجەی کیژانی سووتاو، تەماتە دەگوشران و وشک دەکرانەوە، سەدان تۆن ئاوی تەماتە، چاوی گوڵەکان، روومەتی سوور و هەناری ناوەوەی تەماتەکان، دەبوونە شلە، بۆ بازاڕ و سەودای ئەو و دووکانەکەی لەناو تەنەکەی تایبەتی دەکران.

چەند کارمەندێکی دەسترەنگین، تەنەکەکانیان. لەحیم دەکرد، سەریان دەگرت، لەزگەیەکیان لێ دەدا، کە لێی نووسراو بوو، (ئەو مەعجونە، ئەو دۆشاوە لە هەولێر بەرهەم هاتووە، گوشراوە و وشک کراوەتەوە، لەو تەنەکە لووسە خاوێنانە کراوە، کارگەکە خاوەنەکەی حاجی رەشید بەقاڵی بازاڕی قەیسەرییە. کێشی تەنەکەیەکیش دوازدە کیلۆیە، نرخەکەشی دیارە. تاقیکردنەوەش باشترین سەلماندنە. دۆشاوی تەماتەی سەفین)، نووسینەکان. لەسەر پارچە کاغەزێکی لاکێشە نووسرابوو، لە ناوەندی تەنەکە سپییە لووسەکە درابوو، ناوەکەی حاجی رەشیدی بەقاڵ. کارگەی سەفین. بە پیتی گەورە نووسرابوون.

کڕیارە گەورەکان، بەقاڵەکانی بە جوملە و بە باری زۆر، دۆشاوی تەماتەی سەفینیان لە حاجی رەشید دەکڕی، چونکە دەیانزانی، تەماتەکە: بە ئاوی سارد و ئاوی کانی کراوە. باش دەیانزانی، گوڵە بەرۆژەی ئاودراو، بە ئاوی کانی، گوڵەکانی زۆرتر، قژیان بۆ هەتاو دەکەنەوە. بەرزتر دەبنەوە. تا باشتر بگەنە تیشکەکان، چونکە، تیرۆژی بڵندتر، خاوێنتر و ئارامترە. خاوەنی کارگەی ئاوە تەماتە سەفین، دەیووت:

....

ئاوی رووبارەکان، وەک ئاوی ساردی کانی، جوان و باش ناچنە ناو رەگی پەخشانی بن خۆڵی تەماتەکان. بە زیوی ئاوە ساردەکە، شەوانە، لق و پنج و گەڵاکانی ئارام پشوو دەدەن. بڕکە تەماتەکان، خۆریان زۆر هەڵمژیوە، هەر بە گەشی، روومەتیان بۆ خوناو دەکەنەوە.

ئاوی کانی ساردە، بەرهەمی شینایییەکانی شیرینترە، ئەدی ئاوی رووبارەکان **!؟**

رووبارەکان. ئاویان گەرمە، ئاوەکەیان، بە ناو چەندین گوند و مزگەوت و چۆم و چەقیندا رۆیشتووە، ساختەیان لە دیار کراوە، فرۆشراون و کڕاونەتەوە، تاوانی ماسیگرتنیان لەناو کراوە. رووبار، هەیە منداڵی چاوگەشی تاقانەی، خنکاندووە. رووبارە هەیە، سینگیان بۆ نەورەسەکان کراوەتە. پشتی راخراوە. دەندووکە درێژەکانیان. بۆ گرتنی کرمە ماسی و کلکە ماسی، لە جەستەی رادەکەن و بە ئاوەوە دەریاندەهێنن. نەورەس و باڵندەی ملدرێژ و دەندووک قوڵابەکان، هەر بە ئاسمانەوە، لەبەر چاوی دارگەزەکان. لەبەر بەژنی داربییەکان. بەئاگایی تاژی و سەگە

تووڵەکانیش. قووتیان دەدەن. ئاوی رووبارەکان. تەماتە شیرین و سوور و شل و چەشەدار ناکات، بۆیە حاجی دەیووت:

جووتیارەکانمان. بەر لەوەی تەماتەکانیان ئاو بدەن، کە دەستنوێژی بەیانییان لێ هەڵدەگرن، دەزانن، ئاوەکە سووی ساردە، ئینجا ئاوەکە بەرەو تەماتەکان دەشکێنەوە، بە زەوقەوە بە دەمی خاکەناسەکانیان، خۆڵەکە، لە بەردەم شڵپەی ساردی ئاوەکە، لادەدەن. ئاودانی خۆیان دەکەن. تەماتەکان. ئەوەندە شەیدای ئاوی ساردن، لەبن زەوییەوە بۆنی دەکەن، بۆن دەکەن و دەزانن. شارەزان. فێربوون. جووتیارەکانیش بۆنی زەوی دەکەن. بۆن دەکەن. دەزانن. بە چەند بەژن، بە چەند رۆژی هەڵکۆڵین و بیرلێدان دەگەنە ئاوی سارد.

....

شێرزاد، کوڕەکەی کاکە سووری کارمەند لە مەحەتەی هەولێر، بە بارکردن و ناردنی تەنەکە دۆشاوەکان. باوکی، حاجی دەناسێت و رۆژێکیان پێی دەڵێت:

حاجی، تا کوڕەکەم لە بازاڕ و لەناو خەڵک، شارەزا بێت، دەمەوێ بیبەیتە لای خۆتان، ئەودەمانەی لە مەکتەب نەبێت، لە مەکتەبەکەی تۆ بێت!؟

حاجی، بە رووێکی خۆش، بەڵام هێشتا چاوی لەسەر بارکردنی دوا تەنەکە سەرمۆرە دۆشاوەکە بوو، دەڵێت:

_ کاکە سوور من دووکانم هەیە، مەکتەبم نییە!

_ دەزانم حاجی، دووکانی ناو بازاڕ مەکتەبە، دەمەوێ کوڕەکەم، لەوێش شتێکی تریش فێر بێت!

حاجی بەر لەوەی وەڵامی داواکەی ئەو بداتەوە، پێی بڵێت باشە بە سەرچاو، دەیەوێت بڵێت: من ئەو هەفتەیە کوڕە گەورەکەم دەچێتە مۆسکۆ، پێم خۆش نییە، بەڵام ئەو... (قسەکەی تەواو ناکات) باشە با بێت، بیهێنە.

لەو وەرزەدا، حاجی بەبێ ئەوەی کەس، هیچ دووکاندار و فەلاحێکی شەریک بێت، کەسی لەگەڵ بێت، لەو دەمانە، سەدان تەنەکە دۆشاوی تەماتەی دەنارده بەغدا، لەو رۆژانەی تەنەکەکان بە فارگۆنەکان بەڕێدەکران، ئیشی زۆر دەبوو، دەفتەرەکان. پڕ ناو

و ناونیشان دەبوون. دەینووسی، چەند تەنەکەی بۆ کام بەقاڵ و گومرگ ناردراوە، تەنەکە سەرمۆرەکان. چەند کیلۆیی بوون. لە دەفتەرەکەی ئەو. هەموو حیساب و پارەی جووتیارەکان، کڕیارەکان، قەرزارەکان دەنووسرا. ئەو یەکێکی دەویست، هەردوو کوڕەکەی لەبن دەستی دەرچوون، یەکێکیان دەچێتە رووسیا، ئەوەی تریان لە بەغدا دەیخوێند، یەکێکی ناسیاری دەویست.

....

بازرگانەکان. لە ئەحمەد چەلەبی. فێرببوون، کەسێک بۆ تۆمارکردنی رۆژانەکان، کاتبێک رابگرن. ئەو جوولەکەیەکی بە ناوی (بەشیر حسقێل)ی ردێن سووری هەبوو، کاکە سوور. ردێن سوورە جوولەکەکەی دیبوو. دەیزانی، ئەو هەتا دەگەیشتەوە بەر دەرگا کۆنەکەیان. دارە ساجە بە نەخشەکەیان. سەری بەرز نەدەکردەوە. مێشکی، لەکن ژمارە و پارە و مەسرەفەکانی، چەلەبی بوو. دەترسا. چەند عانەیەکی هەڵە کردبێت، دەترسا. پارەی کارەبای ماڵێکی نەنووسیبێت. نەینووسبێت. ئاشەکەی چەند تەنەکە گەنم و جۆی هاڕیوە! دەڕۆیشت. سەری بەرز نەدەکردەوە. دەترسا، چونکە چەلەبی لەدوای ئەو، یان لە کاتی نووسین و ژماردنەکان. لەسەر سەری دەوەستا. ژمارەکانی دەژماردنەوە، دەترسا. بۆیەش زۆر کەس، لە حەمباڵ و بەردەستەکانی گوێیان لێ ببوو ئەو بە چەلەبی وتبوو:

چەلەبی. تۆ بەخۆڕایی. هەفتانە دەدەیتە من، پارەکەم حەلال نییە، خۆت پاش من. لەگەڵ من. لەگەڵ کڕیار و خەڵکەکەش. حیساب هەر دەکەیتەوە. لەناو دەفتەرەکان. لە من وردتر و باشتر. حیسابەکان دەکەیتەوە. ئەویش، لە وەڵامدا پێی دەووت:

ردێن سوور. بەخۆرایی نییە. من پارە بە خۆرایی نادەمە کەس، بەڵام! دوو دەفتەر و دوو حیساب، زۆر لە یەک دەفتەر و یەک قەڵەم باشترە.

....

ساڵانە بارە ئاوە تەماتەکەی کارگەی سەفین، رەوانەی بەغدا دەکرێت. هەتا، ئەو رۆژەی کارگەیەکی مەعجونی ئاوی تەماتە، لە بەغدا. بە مەکینەی نوێی گەورە و بەرهەمی زۆرەوە، دروستکرا. قوودی بچووک بچووکی، بەرهەم دەهێنا. بەڵام شێرزادی کاتب و شاگردی حاجی رەشید، پاش ئەوەی دەبێتە مامۆستا و هاوڕێیەتی و دۆستایەتی

لەگەڵ حاجی و خانەوادەکەی نابڕێت. بەڵام پتەوتر دەبێت، چونکە، دەبێتە زاوای و هەناری کیژی مارە دەکات.

کوڕە کاتبەکە و کیژە بەقاڵەکە. ژن و مێردەکە.، هەردووکیان، مامۆستا بوون و بە کۆکردنەوەی زۆرتر، لە پازدە خاڵی زەوی وەرگرتن، پارچە زەوییەکی باش. بەڵام دوورە شار وەردەگرن، خانووش دروست دەکەن. راپەڕین، هەر ناوی گەڕەکەکەی نەگۆڕین، پاش راپەڕین یەکێک لە منداڵەکانیان، بە سوود وەرگرتن، لە تواناسازییەکە. دەگاتە ئەوروپا و دکتۆراش لە بیناسازی وەردەگرێت. دەگەڕێتەوە. کۆڵانەکەی باپیری، لەو کۆڵانەی پیاوە نەخۆشەکە. گەرم دەکاتەوە. کە لەوێ چاوەڕوانی دەکرد، ئینگلیزەکان، گفتەکەی بە مەلا مەجیدیان دابوو، بیهێنەدی. بەلەز. لەسەر هێڵی شەمەندەفەرەکە دایمەزرێنن، کوڕەکە، ئەو رۆژانە، دەکاتە مێژوو و مۆزە، تا لەیاد نەکرێن.

...

ئەو ئێوارەیەی کاکە سوور، بە کوڕەکەی دەڵێت، بەیانی پاش دەوام دەچیتە دووکانەکەی حاجی رەشیدی بەقاڵ، لەکن ئەو کاتبی و بەردەستی بۆ دەکەیت.

هەر لەو رۆژانە بوو. دوو سێ هەفتە بوو. مەلا مەجید، بەیەکجاری دیار نەمابوو، دادە گوڵستانیش، لە ماڵەکەی ئەوان دەمایەوە، کاکە سوور قبووڵ ناکات، ژنەکە، روو لە هیچ ماڵێکی تر بکات، نەمامیش. ژنەکەی. بە دایکی خۆی دەزانی، دادە گوڵستان بۆ ئەو دایک و خوشک بوو.

کاکە سوور، بە فیت و بە قسە و ئامۆژگارییەکانی مەلا مەجید، ناگەڕێتەوە گوندەکەیان. ئەو رۆژە، حەسەنە کۆر، بەتەنها دەگەڕێتەوە. هەموو سەربردەی رووداوەکە نازانێت. تا بۆ کاکە سووری باوکی بگێڕێتەوە. بەڵام دەزانێت، هەتا کن ئەو کرێکارانەی، پاکێتی، نێوان رێلەکانیان دەبەستا، ئەو لەگەڵی دەبێت. جوان، گوێی لێ رادەگرێت، کە باسی بۆنی ژنەکەی شاری بۆ کرێکارەکان کردبوو، کە قسەکانی بەپەلە تەواو دەکات، حەسەن. بە کاکە سوور. دەڵێت:

کاکە سوور، من، تەنها کا و ماست و کەنگری گوندەکەمان، نابەمە شار. لەوێ شمەک و دەرمان و کوتاڵیان بۆ ناهێنمەوە، من. بە دوای بۆنی ژنەکە دەچمەوە.

....

کاکە سوور، لەناو ماڵ و منداڵەکانی دانیشتووە، کیژی پیاوە نەخۆشەکەش، ئەوەی چەند رۆژ بوو، بۆ چارەسەری لە نەخۆشییەکەی نەهاتبووە شار، هاتبوو، لەو شارە، بمرێت. لە شارێکی گەورە بمرێت، کە نەتوانن دەرمانی بکەن! ئەو دەمرێت، بیست ساڵ زۆرتریش، دوای مردنەکەی ئەو، (رەشاد نەجار)، بە پارەی خۆی، نەخۆشخانەیەک، لە دەرەوە و دووری شارەکە، بۆ نەخۆشەکانی سینگ و سیل دروست دەکات، ئەو دەمرێت. دوای چەندین ساڵ. دەرمان و چارەسەرییەکانی ئەو نەخۆشییە ئاسان دەبێت. لە دەرمانخانە و تاقیگەکانی ئەوروپا، دەرمانی یزونیازید و ریڤامبین و ئیتامبوتول و پیرازینامید پەیدا دەبن، دەگەنە ئەو شار و وڵاتانەی ڤایرۆسی سیل، تێدا خەڵکە هەژار و برسییەکان، کۆمەڵ کۆمەڵ دەکوژێت، بەڵام! پێش ئەوەی بمرێت، نەمامی کیژی، ئەوەی دەستی گرتبوو، لە کاکە سووری مارە دەکات.

....

سەعید و نەمام. شێرزاد و سەفین و گەلاوێژ و هیوا و هەتاویشیان دەبێت، (مەلا مەجید و دادە گوڵستان. منداڵیان نەبوو. بۆیە منداڵەکانی ئەوانیان. بەگەرمییەوە چاودێری دەکرد، ناویان لێ دەنێن و ناوەکانیش، گوزارشتیان لە کاروانی حزبایەتی مەلا مەجید و بزاڤی رۆشنبیری شارەکە دەکرد)، لە خانووەکەی دەمینێنەوە، بەڵام مەلا مەجید، لەو شارە پەڕاگەندە دەبێت. ئەو کاکە سوور دەهێنێتە شارەکە، بەڵام! خۆی لە شارەکە دەردەچێت، کاکە سوور، لە مەحەتە و قەتارەکە دادەمەزرێنێت. ئەو، لەوێ دەردەکرێت و خانووەکەشی لێ دەستێننەوە. خانەنشینیش نایگرێتەوە. کاکە سوور، لە شار دەژیت، ئەو شاری لێ حەرام دەکرێت! ئەو، ژیانی ئارام و لەناو ماڵێکی گەرم و لەگەڵ منداڵە وردەکانی گوزەر دەکات. ئەویش، شوێنی ئارامی، بن بەرد و ئەشکەوتە تاریکەکان دەبێت، بەڵام! شکۆمەند و سەرچڵ دەژیت. مەلا مەجید (ئەو پیاوە، ناو و نازناو و پۆستی کۆمەڵایەتی و سیاسی. زۆر دەبینێت)، تەمەنێکی درێژیش بەسەردەبات، بەقەد تەمەنە درێژەکەی، گۆڕان. بەسەرهاتی چاوەڕوان نەکراو. کودەتا. دەبینێت.

....

لە یەکەم راکێشان و دانانی دار و رێلەکان لەگەڵ هێڵەکە بووە. بۆیە مەلا مەجید. فەرمانەکەی سەرکردایەتی قبووڵ ناکات، شەوێکیان. تەقەمەنی، بارود و ئاگر. لەبن سکەکە. بۆ وەرگێڕانی دابنێن و قەتارەکە بسوتێنن، قبووڵ ناکات، بروسکەکە بەو شێوەیە وەڵام دەداتەوە:

سڵاوێکی شۆرشگێرانە:

بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرکردایەتی. ملکەچم. ڕۆحم پێشکەشی ئەو شۆڕشە دەکەم. لەسەر ئەو حزبە. ئەوە نیو سەدەیە. کێو و کێو دەکەم. بەڵام! حەقی ڕەخنەم هەیە. پێشنیار دەکەم. لەجیاتی تەقینەوەی هێڵەکە. بە ڕۆژ و مەردانە. بەرسینگیان دەگرین. بەڵام! لە ڕۆژێک کە، زیندانییەک. یان بەرپرسێکی گەورە. یان پارەی بانک. یان ئازوخەی سەربازی تێدا بێت. قەتارەکە. ڕادەگرین. لە دوورەوە تەقەی لێ دەکەین. لەناو پاسەوانەکانیان. دەست و پێناو پەیدا دەکەین. لە مەحەتەوە دەپرسین. ئینجا هەڵمەتەکە دەکەین. (نامەکە بە بروسکەیەکی بەپەلە ڕەوانە دەکات)، لە ناردنی پێشنیارەکەش دڵنیا و دڵگەرم بوو.

مەلا مەجید. نایەوێ ئەو سکەیەی بیست ساڵ و زۆرتریش. تێدا کرێکار و کارمەند بووە. بتەقێنێتەوە، هێڵەکە. موڵکی میللەتە. نەک حکومەتەکەی بە ئینقلاب و پلانگێریی نێونەتەوەیی. هاتونەتە سەر کورسی حوکم. مەلا مەجید، ئارەقەی لەگەڵ بەستنی هەموو بورغەکان، بەرزکردنەوەی بەژنی ڕێل و دارەکان، ڕشتووە. نایەوێ بتەقن، ئەگەرچی لەسەر کارەکە، لە خانووەکەش دەریانکردبوو. خانەنشینیش بۆ ژنەکەی نابڕنەوە. بەڵام! ئەو فەرمانی تەقینەوەکە دەگۆڕێت. نایەوێ. سکەکە و خەڵکی گوندەکەی نزیک ڕووداوەکە. بەرپرس و تاوانبار بکات.

.....

ئەندازیارە تەلاسازەکە. ناو دەنێم بەختیار. بەڵام ناوی باوکی وردبونەوە و زۆریش قسە و هەڵوەستەی ویستووە. مێژوو و سەربردەی ئەو ناوە. ناوی باوکی بەختیارەکەمان، هەر لەو کاتەی (حجەی ولادە)ی بۆ دەکەن، ناوی دووەمی لێ دەنێن و تەمەنی دیار دەکەن. هەتا ئەودەمەی، دەگاتە پەیداکردنی موختار و شاهید و وێنەگرتن و تەواوبوونی نەفووسە دەفتەرەکە. شەش لاپەڕەییەکە. بەرگە ڕەقەکە. ڕەنگ قاوەییە کاڵەکە. ناوی پیاوێکی گەورە و تەمام، کێشەی لەسەر بووە. ناویان لێ ناوە، بەو ناوەش قەید بووە. هەر بەو ناوەش ئیش دەکات. بەڵام! هەر بە کاکە سوور دەناسرێت. ناوە نوێیەکەی، تەنها، لەناو دۆسیە و ڕۆژانەی دائیرەکەی هەبووە.

کاکە سوورەکە. چیرۆک و سەربردە و ناو و شوێنگۆڕینی زۆری دیوە. ئەو، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم. بە ڕێکەوت و بە هەڵە و بێ زانین، بە بەرنامە و هاتووتە گەڕەکی تەعجیلی بازاڕی هەولێر. هاتووتە ناو کۆڵانێکی باریک. کە هیچ، وێنە و

ئاماژە و سێبەر و جۆگە و بەردەرگایەکی. بە کۆنە ماڵ، حەسارەکانی شارەکە نەدەچوو. خانووەکە گەورە بوو، یان گچکە و ژوور و هەیوانێکیش بووبێت. خانووەکە. بە هەرزانی لە ماڵە جوولەکەیەک کڕابێت. خانووەکە. موڵکی دووکانداڕێکی بەرگدوور بووبێت، بۆ بەکرێدان دروستی کردبێت. گرینگ نییە. ئەو. دەگاتە ئەو کۆڵانە، لەو گوزەرە، نزیک بازاڕ و جیهانە نوێیەکە دەگیرسێتەوە.

هەر بۆ زەوق و هەوەسیش دەڵێم:

ناویش زۆر گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە، ئەندازیارەکە، لە سەفەرەکە. سەفەری خوێندن و دۆزینەوەی دونیا و کرانەوەی چاو و هەناسە و پێیەکانی. جیاکردنەوەی چەپی لە راستی. وێنەیەکی کۆنی پەیوەست، بەو گەڕەکەی، باوک و باپیری، تێدا ژیاوە، دەست دەکەوێت! ئەو کوڕە گەنجە، چەند ساڵ پاش راپەرین و روودان و گۆڕینی زۆر، باش و خراپیش، کەم و زۆریش، پاش شازدە حەڤدە ساڵ، لە نووسین و سەرهەڵدانی مێژوویەکی نوێ، بەڕاستی نوێ. ئەو، سوود، لە پڕۆژەی تواناسازی وەزارەتەکەیان دەبینێت.

....

ئەو فەرمانبەرە، ناونیشانی ئەندازیاری تەلارسازە. لەگەڵ شەش حەوت، ئەندازیاری تری گەنجی کیژ و کوڕدا. لەناو یەک ژوور، ژوورەکە روون و تاریک، تەسک و بەرین، پەنجەرە شکاو و نۆژەنکراوە، رۆژانە، شەش حەوت سەعات دەمینێتەوە، کار دەکات. لە دائیرەیەک ئیش دەکات، کاریان زۆرە. سەرەتا باڵەخانەکەیان، یان بڵێن بارەگەکەیان، لە خانووێکی کرێ دابوو. ئەوان، نەخشەسازییان بۆ ئاوەدان و فراوانبوون دەکرد، بەڵام خۆیان کرێچی بوون!

لەناو دائیرەکەیان، نەخشە و دیزاینی نازداریان دەنەخشاندن، بەڵام! ژوورەکانیان کۆن و شپرزە بوون. دیزاینی نەخشەسازی ستاندەریان دەکرد. بەڵام لە سالۆن و ژوورەکانیان، هەتا ژوورەکەی بەڕێوەبەرەکەشیان، بێجگە لە وێنە و پۆستەری سیاسی، هیچ وێنەیەکی، لە دیوارەکانی هەڵنەواسرابوو. دائیرە بوو، بەڵام! کۆڵان و هەیوان و سالۆنی گونجاوی رووناکی، تێدا نەبوو. لەوێ، کوڕە ئەندازیارەکە و ستافەکەی، ئیش دەکەن، پڕۆژەکان تەواو دەکەن، دەستخۆشیان لێ دەکەن، خەڵات دەکرێن،

بەرپرسەکەیان، سوپاس و پێزانینیان پێدەڵێن، نەخشەسازییش بۆ نوێبوونەوە، دیزاین بۆ دانانی یەکەم بەرد، سەرەتای بناخەکان. دادەڕێژن!

پاش چاوەروانییەکی زۆر، بڕوانەکردن و پرسینی بەردەوام، ناوەکەی ئەو. لە ناو لیستی تواناسازی. بە بڕیار و پەیامێکی یەک لاپەڕەیی ئاسایی، بە پۆستێکی سادەی رۆژانە دەگەڕێتەوە، بڕیار دەدرێت، بۆ خوێندن و زۆرتر شارەزابوون، سەفەر بکات، بەڵێ بچێتە دەرەوەی وڵات. کوڕی کاکە سوور، ئەوەی باوکی یەکجار لەماڵەوە دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە گوندەکەیان. نەیتوانیووە، رووی نەهاتووە، ترساوە، شەرمی کردووە، قسەی باوکی شکاندووە، نەگەڕاوەتەوە گوندەکەیان. ئەو بۆ خوێندن و بۆ ماوەیەکی درێژ دەچێتە دەرەوەی وڵات.

کوڕەکە، هەموو پێداویستییەکان و پەیوەندییەکان، لەلایەن دەزگا تایبەتییەکەی تواناسازی و خوێندنی باڵای بۆ تەواو دەکرێت، ناوی زانکۆکە، کاتی دەستپێکردن و ناوی شارەکە، رەوشی ئاکنجیبوون، ئەدرێسی کتێبخانەکان، چەندین وێنەی زانکۆ و بەش و سالۆنەکانیش وەردەگرێت. ئەندازیارە لاوەکە، بە سوود وەرگرتن. لە بەرنامەی تواناسازی رەزامەندییەکان تەواو دەکات، بۆ یەکەمجار. لەناو فرۆکەخانەکەی، خەڵکەکە، پێی دەڵێن هەولێر و ناوی ئەربیلە، بەرەو ئەوروپا و بۆ خوێندن دەفڕێت، هەر ئەو رۆژە دەگاتە هەوارە نوێیەکەی.

ئەو دەچێتە دەرەوەی وڵات، لەوێ زۆرتر خوێندن و سیستەم و مامۆستا و بەرنامەی خۆشدەوێت، بۆیەش، لە هەموو بەرنامە و ئاستەکانی ژیان و خوێندن و فێربوون سەردەکەوێت. کە دەگەڕێتەوە. بڕوانامەکەی دەهێنێتەوە. کەمێکیش پرچی درێژ دەکات و رەنگی سپی تر دەبێت. بەڵام! کە هاوینی بەسەردا دێت، تیشکی گەرمای یەکەم مانگی هاوین، سپیبوون و ناسکی و پەمبەییەکەی، رەش دەکاتەوە. شوێنەواری ژیانی سێ ساڵەکەی ئەوروپای، بە یەک وەرز، لە رۆژەکانی سەرەتادا، رەش دەکاتەوە. بەڵام! بڕوانامە و ئەزموون و هزرەکەی رەش ناکاتەوە.

ئەو، لەوێ نامەیەکیش، بۆ ژنە تەلارسازی عیراقی بریتانی (زوها حەدید)یش دەنووسێت، ئەو ژنەی، ئەندازە و رووکار و ڤیووی نەخشە و دیزاینەکانی، لەسەر ئاستی جیهان دەناسرێت، لە نامەکەیدا، گلەیی لە زوها حەدید دەکات، بۆی دەنووسێت:

تۆ دیزاینی ئۆپرایەک لە بریتانیا، مەڵبەندی حەیدەر عەلییف، لە باکۆی ئەزرەبیجان بەیەکەمی و بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدەیت. دەبیتە ناوێکی دیاری بیناسازی و نوێکارییەکانی بریتانیا و هەموو ئەوروپا. من، شانازی بەوە دەکەم، تۆیان بە رابوونی ئەو هونەرە ناسیوە، شەرمیان نەکردووە، ئەندازیارەکان کە دەڵێن: تۆ لە عیراقێکی داماو، خاپوور، سەربازگەوە هاتوویت. ئێمەت. بەئاگاهێناوە. بە تیشکی هونەرەکەت، بە داهێنانەکەت، ئێمەت راهەژاند. ژنێکی، بەرگێکی ناسک و رەنگین و لووست، بە باڵا و رووی چیمەنتۆ و سێبەر و ئاوەدانییەکان. بەخشی. گوڵت. لە ستوونەکان داوە، نازت بە رووبەر بەخشیوە. شۆخیت. بە رەنگی باڵەخانە و گۆشەکان داوە. دەپرسم و نازانم بۆ روو لە ئیکسسوار و دیزاینی کەلوپەل دەکەیت!؟

ئەو نامەیەکی درێژی بە زمانی ئینگلیزی. بۆ دەنووسێت. کوڕێکی گەنجی سەرەتای کاروانی تەلار و نەخشەسازی، بۆ ژنێکی بە ئەزموونی ناودار، بە زمانی ئینگلیزی، نامەیەکی بۆ دەنووسێت.

....

لەوێ، بەختیار سەردەکەوێت، شانازییش بەوە دەکات. باوکی ئەو. بە منداڵی. دەکەوێتە ناو بیری ئاوی گوندەکەیان، بیرە قووڵەکەیان. کوڕە فەقێیەک. لە دیار جەستەی ژنێکی دووری سەربیرەکە. بۆ ئاوڕدانەوەی روومەتی تەڕی کابانێک. لەو دەڤەرە، چەق دەبەستێت و بازنە دەکات. بە ئازایەتی خۆی. منداڵەکە. دەردەهێنێت. منداڵەکە گەورە دەبێت، رەش هەڵدەگەڕێ، قایم و چاپوک دەبێت، کاڵ و برسی، ماندوو و دەشتەکی، شەوین و هەردی دەژیت. تا رۆژێکیان، کە تەبارەی گەنمەکەیان، پارچە جۆیەکەیان، بەژنی وەک بەژنی ئەو. باڵا دەکات. روومەتی. وەک سینگی کیژۆڵەیەک بەرین دەبێت. باوکی رەوانەی شاری دەکات. کلۆیەک و کێشکەیەکی. لەناو باخەڵ دەپەستێت. روو لە شار دەکات. ئەو کوڕەزای ئەو پیاوەیە، لە زانکۆیەکی ئەوروپی بیناسازی دەخوێنێت، نامەیەک بۆ ژنە بیناسازی ناودار زوها حەدیدی، کیژی کۆنە وەزیرێکی دارایی عیراقی، کە لە ساڵانی حوکمی کۆماری، سەردەمە نوێیەکە. داڕێژەری بنچینەکانی پارە و دارایی عیراق دەبێت، دەنووسێت. بۆ ژنە شانازەکەی بیناسازی بریتانی دەنووسێت، خەریکە نەخشە و دیزاینەکانی تۆ!؟ لە هەموو جیهان دەناسرێت، ماوەماوە قسە لەسەر دیزاینی مۆدە دەکەیت.!؟ لە وەڵامدا ژنەکە بۆی دەنووسێت:

لاتان سەیر نەبێت، ئیشکردنم لەناو مۆدە و دیزاینی پۆشاک و ئیکسسوار، بوارم ساز دەکات، بە شێوازی تر، بە کەرەستەی تر، گوزارشت لە بیناسازی بکەم. ئەوەش جۆرێکە لە گۆڕینی ئاکاری نەخشەسازییەکان. من بوارە بیناسازییەکان، ئاکارەکانی لەسەر مۆدەش بەرجەستە دەکەم.

کەواتە، ئەو خاڵی هاوبەش، لەنێوان بیناسازی و مۆدە و هونەرە، دەدۆزێتەوە. بۆیە بەختیاری بیناساز، لەو گەشتە و لەو سەفەرەدا، لەناو دیزایندا، لە رۆژانی مەندبوون و حەپەسانی ناو نەخشە و کەسە نوێیەکان، وێنەیەکی کۆنی، دەرگایەکی گەڕەکی تەعجیلی نیشان دەدەن، وێنەیەکی کۆن، بەڵام بە شەوقێکی روون، نیشانی دەدەن.

....

حکومەت. سێ ساڵ. مانگانە. مووچە بۆ ئەو کوڕە دەبڕێتەوە،. بەو مووچەیە و بە پارەی پاشەکەوتی خۆی، بواری ساز دەبێت، لەوێ، لە رۆژانی ئۆف و پشووەکانی کار نەکات، وەک خوێندکارەکانی تری تەلارسازیی، شەوانە، لە رێستورانت و خانەکانی خزمەتگوزاریی نەمینێتەوە. بەرەبەری بەیانییان، بە یەکەم میترۆ بگەڕێتەوە شوێنی مانەوەی، کە دەگەڕێتەوەش، بەپەلە، دەست بە جانتا و هزر بە نەخشە. بگاتەوە سەر کتێب و نەخشەکان. ئیش ناکات و دەخوێنێت، دەخوێنێت و فێر دەبێت، فێر دەبێت تا زوو بگەڕێتەوە. دەگەڕێتەوە و وێنەیەکی کۆنە دەرگایەکی گەرەکی تەعجیل لەلایەن کیژێکی ئەوروپی وەردەگرێت، دەست بە وێنەکە دەگەڕێتەوە کۆڵانەکە، هەوارەکەی باوکی، تێدا پاش ئەوەی مەلا مەجید، گفتی ئەوەی دەداتێ، وەک خۆی، وەک خەڵکی گوندەکانی سکەی قەتارەکە، بە ناو ئاقار و پەرێز و مەڕ و بزن و جۆخینەکانیاندا دەڕوات. دایمەزرێنێت. دووبارە، بەڵام ئەو جارە بە گەورەیی، هزری باوکی، لەناو بیرە قووڵەکە دەرباز دەکاتەوە.

کە دەگەڕێتەوە، ئەو داوا دەکات، لە پەیجەکەی خۆی، لە فەیسبووک، بە پرۆفایلەکەی کە وێنەیەکی کۆنە دەرگاکەی قەڵاتی هەولێری پێوەیە، لەجیاتی وێنەیەکی چاوگەشی خۆی، یان وێنەیەکی خۆی، لەبن بورجەکەی ئیڤڵ، یان لەبەر پارچە دیوارەکەی بەرلین. کە بۆ یادگار چەند مەترێکی بۆیە کراوەتەوە. چەند ستوونێکی راگیراوە، بۆ بیرەوەری و یادگاری. وێنەی زۆری لەوێ گرتووە، وێنەیەکی لەو وێنانە، لەسەر پرۆفایلەکەی دانەناوە.

....

لە پەیچەکەیدا، وێنەیەک بڵاودەکاتەوە، وێنەی کۆنە دەرگایەکی دار، ڕەنگ مسی هەناری. دەرگایەک. ڕەنگی نزیک لە ڕەنگ و چەوری ژەنگ. ڕەنگەکەی، وەک هەنار گەرم. وەک ڕەنگی کاریتەیەکی دار هەولێری خۆشناوەتی، بەجێماوی بەرباران. دەرگایەکی داری کۆن. دەرگاکە سەرەوەی. دوو پەنجەرەی تەسکی چوارگۆشەی لەسەر گیرابێت. کە دەڵێم چوارگۆشەیی، وابزانم تەواو چوارگۆشە نییە. بڵێم لاکێشەیی باشترە. دەرگاکە، چەند بزمارێکی سەرپانی ژەنگاوی، خەزێمەیەکی دەرگا لێدانی، پێوە بوو. وێنەی دەرگاکە، لە کۆتایی چلەکان. یان سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو گیراوە، شوراوەتەوە، هەڵگیراوە، گەیشتووتە ئەوروپا. چەند وڵات و سەرسنوور و دەریا و بەنداو، فارگۆنی ترێن و فرۆکەشی کردووە. وێنەکە، کۆنە، دەست و جانتای دەستی گچکەی ژنانە، جانتای دەستی پیاوانە، باوڵی تەنەکە و چەرمی ماڵان، هەڵیانگرتووە. لەبەر باخەڵ و لەسەر سینگ. لە جامخانە و لەناو دیوار و لەسەر تاق. لەناو کتێب و بەر هەیوان و بەر ئاوێنە و سەر ئاوێنە هەڵگیراوە و پارێزراوە.

وێنە کۆنەکە، ژنێک. بەر لەوەی بمرێت، بۆ خوشکی ناردووە، خوشکەکە. بەر لەوەی بگوازێتەوە و هەڕەشەی ئاوارەیی هەراسانی بکات، بە پۆست و بە تکا و پاڕانەوە. بۆ وڵاتیکی تری ڕەوانە دەکات. تا دەگاتە سویسرا. لەوێش، بە پۆست. دەگاتە کیژێکی ئەو ژنانە. دەگاتە یەکێک لە نەوەی ئەوانەی مردن و سەرگەردان بوون. ئەوانەی بوخچەیان، لە ترسی کۆچ و بارکردن نەدەکردەوە. ئەوانەی لە کۆڵانێک دەخەوتن، لە سەر شۆستەی بەنداوێک بەئاگایان دەهێنان. ئەوانەی، لەناو ژوورێکی تاریکی بێ کارەبای دەرگای بێ قوفڵ و ئاگردان، نەخۆش دەکەوتن. پاش چەند ڕۆژێک لە مردووخانەیەک، ڕەوانەی شارەوانی دەکران و دەیشاردنەوە، وێنەکە. دەگاتەوە دەست کیژەکە.

ئەو کیژەی لەگەڵ بەختیاری کاکە سوور. بەیانییان، قاوەی تاڵ، بە شیرینی دەخۆنەوە، قژی ڕەشی، بسکی نەرمی کیژەکە، لەگەڵ دێر و هێڵی درێژی باریکی نەخشەکان تێکەڵ دەبێت.

ئێوارەکان، لەو شارە گەورەیەدا. هەردووکیان، هەموو شەقام و کۆڵانی سەر نەخشەکان، بە پێیان، بە ئاخاوتن، رازەکانیان دەپیونەوە. رێگای سەر نەخشەکانی بن دەستیان، تەواو دەکەن. دەگەنە سەر بەنداوێکی قەراخ سەوز. دەگەنە بەر پارکێکی گەورەی بێ شوورە. دەڕۆن و رێگاکان دەبڕن، دەگەنە بەر هوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی بە شەوق. بەڵام پیادەیی و رێپێوانەکەیان تەواو نابێت. دوو چۆلەکە، دوو ئەستێرەی ئێوارە درەنگەکە. ماندوو دەبن، بە دەرکەوتنی رەوە ئەستێرەکان، بە هەڵهاتنی باوەشێک گوڵە ئەستێرە، ماندوو دەبن و خۆیان دەشاردنەوە و ون دەبن.

ئەوانیش دوو ئەندازیارەکە، لەسەر تەختێکی درێژی بۆیەکراوی توند چەسپکراوی لاڕێیەکە، دادەنیشن. نەخشەکان، دووبارە دروست دەکەنەوە. هێڵەکان، بۆ دوور و زۆر دووریش رادەکێشن. بازنەیەک، بۆ گەڕانەوە. پارکێک، بۆ ئیسراحەت و هەناسە و سەمای باڵندە دادەنێن. رووبارێک، بۆ مەلەوانی رەنگ و ئاواز، پڕ ئاوی شیرین دەکەن.

لە وێنەکەدا دیارە، ئەگەر دیاریش نەبێت، دەرگاکە خۆی هاوار دەکات و دەڵێت:

لەسەر پشتی رەقم. لەسەر روومەتی ناسکم. لەسەرشانی کەوانییەم. لە چوارچێوە ئەستوورەکە. رووە تەنکەکەم. پەنجەرە باریکەکەم. شوێنی دەست، مۆری سەرە پەنجە، روومەتی ساردبوونەوە لە قرچەی گەرمام، پێوەیە. دەرگاکە دەڵێت.

دەرگاکە. وێنەی ئەو دەرگایەی، ئارەقەی دەستی ئیشکردن. رەنگی کارگە و قووڕی سەردیوار و قسڵی گیراوەی پێوە بوو. دەرگاکە. بە توندی داخراوە. بەنازیش کراوەتەوە. بەسەر خەم و پشودان و ئیسراحەتی نیوەڕۆیان داخراوە. شەوانە، پاسەوانی وریا و قایم بووە. دەرگای بۆ دز و نەیاران نەکردیتەوە. بەڕووی یارانیش دانەخراوە. دەرگای هەموویان بووە. یەک بە یەک، نەوەی چەند پشتی ناسیوە. بۆ خزمەکانی دوور و نزیک کراوەتەوە. بۆ نان و ئاو و شەربەت و بەفری هاوین و ئاردی خۆشەویستی و برسیەتی و روونی زەوق و سەمای شەوانە، بەئاسانی کراوەتەوە. دەرگایەکە. خەڵکی ژوورەوە و ناوەوەی، هەموویانی، بەیەک بەستاوەتەوە. کۆنە دەرگایەکە. دەرگایەکی کۆن بوو، بەڵام لەورۆژانە، لەو سەردەمە نوێیەدا، بە پێناوی خوێندکارێکی توانا‌سازی وێنەکە داوا دەکات:

فۆتۆگرافەرەکان. ئەوانەی، کارتۆنێک، وێنەی کۆن و دیکۆمێنت و فیلمی رەش و سپییتان هەیە. چاوە رەشە زیندووەکان. هزرە وریایەکان. وێنەکەم بۆ بناسنەوە! داوام لێکراوە،

بزانین، وێنەکە، لەو شارەی خۆمان، وێنەی کام دەرگایە!؟ کێ پەنجەی بەو دەرگایە کەوتووە، با بیناسێتەوە!؟ چەند خێزان، بە کرێچیەتی، لەو خانووەدا ژیاون. با بڵێین کرێیەکەمان، مانگانە چەند بووە!؟ مانگانە پارەکەمان داوە بە کێ؟! کێماڵیان لە کۆڵانەکانی گەڕەکی تەعجیل بووە، وێنەکە دەناسنەوە؟! من وێنەکەتان بۆ دەهێنمە بەردەرگای ماڵەکانتان. دائیرە بە دائیرە دەیگێڕم. ماڵ و بە ماڵ دەیبەم. بۆم بناسنەوە! کیژێکی خاتوونم لە ئەوروپا ناسی، ئەو، وێنەکەی لەسەر مێزەکەم داناوە، ئەو، زانی من باپیرانم لەو کۆڵانە، داپیرم و هاوڕێیەکانم، ماڵیان لە نزیک ئەو دەرگایە بووە. وێنەکە، بۆن و ڕەنگی ئەو کۆنە کۆڵانەی پێوە ماوە. هەتا دیوارەکانی ماوە، هەتا خشت و کەرتە کاریتەکانی هەڵنەوەریون، بلەز بۆم بناسنەوە؟!

....

ڕۆژێکیان کیژەکە، شان بەشانی ئەندازیارەکەی بۆ خوێندن، ناوی بەر لیستی تواناسازی کرابوو، دادەنیشێت. کیژەکە، بە ڕوویێکی زۆر گەش، بە بۆنێکی زۆر خۆش. کیژەکە، بە بزەوە دادەنیشێت. گوڵدانەکە، لەسەر مێزەکە دوور دەخاتەوە. فنجانی قاوەکە، قاوەکە سارد بوویتەوە و نیوەی نەخوراوەتەوە. ئەویش، بە پەنجە باریکەکەی، بستێک فنجانەکە دوور دەخاتەوە. تا ڕووبەرێکی باش، لەسەر مێزەکە چۆڵ بکات و جانتاکەی لەسەر دابنێت. دەستی لەناو جانتاکە ڕادەکات، چاویلکە تەنک و وردەکەی، لەسەر قژی دادەنێت،. نەخێر! لەناو کیفکەکەی دادەنێتەوە. ئایفۆنەکەی، لەبەر سێبەری فنجانەکە، دەم نادەم پرشنگ دەدات و سەیری ناکات. دەستێک، بۆ ئایفۆنەکەی نابێت، تا بزانێت، کێ نامەی بۆ دەنووسێت. نامەکە، ناخوێنێتەوە تا وەڵامی بداتەوە. بە پەرۆشەوە، لەناو جانتاکەی دەگەڕێت، وێنەیەک دەردەهێنێت:

وێنەکە. کێ هەڵیگرتووە!؟ لە ماڵی کێ؟ لە کام شار و کۆڵان و باڵەخانە هەڵگیراوە!؟ گرینگ نییە! کێیە، دایکمە، پوورمە، داپیرەمە، بەڵام یەکێکە لەو ژنانەی چاوم بە چاویان دەچێت. زۆر جار گوێم لێ بووە، وتوویانە:

سەدای دەنگیشم، بە دەنگ و سترانی  یەکێک لەو ژنانە دەچێت. ئەوانەی هەر یەکە لە وڵاتێک مردن. هەر یەکە و هەتا مرد، ئاخ و هیوایان زۆر بوو. تەنها یەک هیوایان هاتەدی، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتەکە بوو، بەڵام! چ دەوڵەتێک، لەوەتی دامەزراوە، ڕووخاندنەکەی، بەرنامەی بیست دەوڵەت و ئاینێکی گەورە و ملیۆنەها کەسە. تەنها

ئەو خەونەی هاتووتە دی. ئەگەرنا لە ژیانیاندا ئیسراحەتیان نەکرد. بە ئارامی شەوێک نەخەوتن. لە کوژران و سووتان و تێهەڵدان دەترسان...

من لە یەکێک لەوانە، وێنەیەکم بۆ ماوەتەوە. کیژەکە. بە کوڕەکە دەڵێت، بەیەکەوە و رووبەڕوو دانیشتبوون، ئەو وتی:

_ لە هەموو سەروەت سامانەکەی لەوێ هەیانبوو، ئەوەم بۆ ماوەتەوە. ئەوەیان لەگەڵ خۆیان بە قەتارەکە بۆ دەرباز کراوە. ئەو وێنەیە!

....

لەوێ، لە شارەکەیان. ئەو شارەی هەتا پەنجەکانیان دەڕزین، هەتا چاویان ئاو و سۆمای نەما، ئیشیان تێدا کرد. لەو شارەی، جەمسەرە گرینگەکانی بازاڕ و تەندروستی و خوێندن و پیشەسازییەکان، لەبن دەست و گیرفان و هزر و نەخشەکانیان بوو. بەیانییەکەی، خەڵکی گەڕەکەکە، بەگەڵیان کەوتن و بەڕێیان کردن، رۆیشتن و خەڵکەکە، ماڵیان بە هەرزان لێ کڕین، رۆیشتن و زۆریش، لەوانە دڵیان نەدەهات لێیان بکڕن و چاویان بەو هەراجکردنە هەڵنەدەهات. هەموو ژن و پیاوەکانیان، ئەو وێنەیان ماوە، بەشانازییەوە دەیپارێزن. ئەو کیژەش، لە زانکۆیەکی ئەورووپی دەیخوێند، بەتەنها دەژیا و دەیخوێند. رۆژێکیان، بەیانییەکی زوو، پوولێک، زەرفێکی ئەسمەری لاکێشەیی داخراو، وێنەکەی لەناو دەستی دەنێت. بەبیری دەهێنێتەوە، لەو شارەی لێوە هاتوون، لەو هەرێم و ناوچەیەی تێدا باپیرانی لەدایکبوون، یادگار و بیرەوەرییان زۆر ماوە و ....

....

لەوێ، لە کەمپی زانکۆکە. بەیانییەکیان. پۆستەچییەک. بە ئۆتومبێلێکی گچکەی نەوی زەردی پۆست. باوەشێک، نامەی هێنابوو. جانتاکەی، پڕ نامە و پۆستکارت بوو. لەو بەیانییەدا، ژنە پۆستەچییەکە. بە پانتۆڵە کورتە باریکەکەی بەری، لەبەردەم جامخانەی پێشوازییەکە پەیدا دەبێت. بە ئاکارە ماندوو و وریاکەییەوە، نامەکانی. لەسەر مێزە درێژەکەی پێشوازی دادەنێت. زۆر لە خوێندکارەکان، نامە و دیارییەکانیان بردەوە، ئەو نەبێت. چونکە، ئەو کەم دەچووە ناو ئاپووڕەکە، بۆ دۆزینەوەی ناوی خۆی لەناو نامەکان، نەدەچووە پێشەوە. نەدەچوو و نزیک نەدەکەوتەوە، چونکە، ئەو کەسی

نەمابوو، کەسی نەبوو، کەس ئەوی لەبیر نەبوو. تا ئەدرێسی بزانن. تا نامەیەکی بۆ بنرێن. بۆیە کەم دەچووە ناو ریزی نامە وەرگرتن و پۆستەکە.

بانگی کیژەکە دەکەن و دەڵێن:

_ وەرە پێشەوە. نامەیەکت بۆ هاتووە.

_ نامە بۆ من! دەستی لەسەر سینگی دادەنێت و بە دەستە گەورە و پەنجە باریکە درێژەکانی. هەردوو مەمکی دادەپۆشێت.

_ (دوو سێیەکیان بەیەکەوە دەڵێن) بەڵێ، تۆ!

_ (ئەویش بەساردییەوە) باشە سوپاس.

_ نامە لە کێ بۆ من دێت!؟ (لەبیری نەبوو، ئەوان نازانن و پرسیارەکەی زیاد بوو) کیژەکە لەبەر خۆییەوە دەڵێت!

_ (هەموو بەیەکەوە، سەرمێزەکە، لە پشتەوەی خشتە و سەندوقی کلیل و دوو بووکەشووشەی پەمبە لۆکەی بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو) خۆت نەزانی ئێمە لە کێ بزانین!

تا ئەو بچێتە بەر مێزەکە، ناسنامەکەی دەربهێنێت، هەموو کشانەوە. ئەو دەچێتە پێشەوە، نامەیەکی رەقی لەناو دەستە نەرمەکەی دەنێن. رەق. وەک هێڵەکانی رۆژانە لەسەر نەخشەکان دەیانکێشێت. هەموو نامەکانی سەرمێزەکە، بەردەم کیژەکەی پێشوازی نەرم و شل بوون. شل وەک ئاو. هەموویان نامەی دڵداری و چاوەڕوانی و داوەت و دڵدانەوە و سۆزی کۆنتراکت، کاردۆزینەوە و حیساباتی بانکەکانیان بوو. نامەی هەموویان بچووک و ناسک بوون. بەڵام نامەی ئەو، رەق و گەورە. نامەکان نوێ و هەناسەی گەرم! بەڵام نامەی ئەو، کۆن و هەناسەی سارد بوو. لەسەر بەرگی یەکەم زەرفەکە، ناوی بنەماڵەکەی دەخوێندێتەوە. لە دوورەوە، پیتەکانی ناوی خۆی و بنەماڵەکەی دەبریسکانەوە، تیرۆژی لە چاوانی دەچەقین. بەڵام! ناوی بەشەکەی، ناو و ژمارەی هۆبەکەی نەدەبریسکانەوە، نامەکەی وەردەگرێت و زەرفەکە هەڵدەپچڕێت.

کیژەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

پیرەژنێکی بنەماڵەکەمان. نازانم لە کام وڵات دەژی. لە کام نەخۆشخانە مەمکی چەپی، یان هەردوو مەمکیان لەبەر کانسەر، بڕیوەتەوە. یان، لەبەر پەنجەرەی ژوورێکی سادەی سەرشەقامێکی بەرینی، شارە گەورەکانی ئەمریکا، لەسەر کورسییەکی کۆن و بەرامبەر چەند کۆنە کتێب و زنجیرەیەک کتێبی مێژوویی، لەدیار چرایەکی کز، مێز و توالێتێکی رەنگی سپی، بۆیە قەڵشتیوو دەژیت! نازانم، کێ و لە کوێ، نامەکەیان ناردبوو. وێنەکەیان ناردبوو. هەموویان لەبیریان نەماوە، وڵات و شار و هەوار و وێستگەی شەمەندەفەر و گرتووخانە و حەساری خۆشاردنەوە و ئاشی ئیشکردن و کارگەی بەرهەمهێنانی زۆریان کردووە، بۆیە نازانن!

وێنەکە نامەیەکی کورتی لەگەڵدا بوو، نامەیەکی رووتی نووسینی پیت و وشە و رستەی کورت، مێژوو و ژمارە و بەروار، ناوی درێژی شار و ئەدرێسی تێدا نەبوو، لە نامەکەدا نووسرابوو:

کیژەکەمان. چرا و ناو و هیوای بنەماڵەکەمان. بزانە بنەماڵەکەت، هەتا سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو، لەو کۆڵانە ژیاون، کە وێنەکەش، وێنەی خەم و هەرمانی دەرگایەکی ئەو کۆڵانەیە. زۆرمان، لەو کۆڵانە لەدایکبووین، لەوێش دەمردین، لەو کۆڵانە پیاوەکانمان، پاش ئەرکی قوورسی کارەکانیان، سەریان نەوی دەکرد و لەسەرخۆ دەگەڕانەوە بەر ئەو دەرگایە. ناو ئەو کۆڵانە، دەوەستان و سەیری چەپ و راستیان نەدەکرد، توند دەستیان بە کیسەکانیانەوە دەگرت. فێر کرابووین وا بژین. لەو شارە و لەو بازاڕەدا. ناو و دەست و بەهرەکانمان دیار بوو. دوو سێ خزمی نزیکمان، کەوتبوونە کۆڵانێکی قەڵاتی شارەکە. خزمی زۆرمان لە گوندەکانیش هەبوو. سەردانی خزمانی شارەکانی ترمان دەکرد. ئێمە لەوێ ژیاوین، لەوێ زێڕمان، دەکردە نەخش و دیاری زەماوەندەکان. لەوێ، خوریمان دەکردەوە ریس و گلۆرە و تەون. دووگردمان بۆ نوێژیان لەدار دەدا. مافوورمان بۆ دیوەخانەکانیان بە گرێی پشتی ورد و ناسکەوە دەچنی. ئێمە، زیومان دەکردە بسکۆکە و خەناوەکە و پشتۆکە و ملۆکە و ملوانکە و دەستەوانە. لەوێ، دەرمانمان دەگرتەوە. وێنەمان دەکرد. موزیکمان دەژەنی. لەوێ ناڵبەند و تەونکەر و کارگەچی و بازرگان و شوفێر و ژمێریاری دەوڵەمەند و چەڵەبییەکانیش بووین.

لە نامەکەدا، ژنەکە بۆ کیژەکەی نووسیبوو:

ئەو وێنەیە. گوزارشت، لە گەڕەکێکی کۆن دەکات. ئێمە، بەڵام، باش نازانم کام لە خوشک و براکانم لەوێ ژیاون، دروست ئەوە دەرگایماڵەکەمان بووە، یان دەرگایەکە و بەس. دەرگای خانووێک بووە و بەس!؟ گەڕەکەکە ماوە، کۆڵانەکە زۆری رووخاوە، کەمی بەپێوە ماوەتەوە. دیوارەکان لار و ماندوون. گەڕەکێکە لە جەرگەی شارێکە، شارەکە گەورە بووە، بوویتە پایتەخت. گەڕەکەکە موڵکی ئێمە بووە، ماڵەکانی ئێمەی تێدا بووە، لەو کۆڵانەوە، ئەو دەرگایە ماوە، سۆراخی ئەو نەخش و داری ئەو کۆنە دەرگایەمان بۆ بکە. تۆ گەنجی. هەموو رەگەز و هاونیشتمانیان دەبینیت، دەڵێن زۆریش جوانیت، بەژنت بەرزە، چاوت رەشە و روومەتت وەک گەنمە شامییە، لەبەر دڵ و لەبەر چاوانی تۆ، ئەو ئیشە بە تۆ دەکرێت، زانایت و ئیشمان بە تۆ دەبێت.

لەو کۆڵانە باریکەدا، داپیرە و پوورەکانت، ژنەکانی ئێمە، لە ماڵەوە نەخشی خەیاتەکانیان دەکردەوە. خومی ریس و خووری و مەرەزی جۆلاکانیان دەکرد. بوخچە بوخچە، لەناو بازاڕی قەیسەری. سوخمەی بوخچەیی، کورتکی بە سیم و کەوای باڵدار و سەڵتەی گوڵدار، شەدەی ناسک و دەستماڵی تەنکیان، بۆ نەخشاندن و لێکدان و هەڵبڕین و قەزمەنووشتی و دوورینەوە بۆ دەهات. ژووری نووستن و بەرهەیوان و سەر قادرمە و سەر سەکۆی ژوورەکانیان. بە بوخچەی گەورە و گچکە هەڵدرابونەوە. منداڵی شاگردی سەرخڕ، دەم بەخەندە دەهاتنە بەر دەرگای ئەو ماڵانە. ئەوەی لەبن دەستی وەستا و شاگرد و دووکانەکان تەواو نەدەبوون. لەو ماڵانە، لەبن هەیوانەکان. لە نزیک کووپە گەورەکان و لە دیار چراکان تەواو دەبوون.

حیساباتی چەلەبی و دەوڵەمەندەکان، بە دەفتەرەوە ئێواران دەهاتنەوە ئەو ماڵانە. بۆیە و باستیل دەبوونە نیگار. لەو ماڵانە خوێندەواری و نووسینەوەی گەرم و باش بوون. بڕیارەکانی شارەوانی. ئەنجومەنەی قەلاچۆکردنی سیل و وەرم و رشاندنی کلۆ و مێش. دەرمانی ئەو پەتا و بەڵا و نەهامەتییانە، لێرە دەگیرانەوە. ژنەکان مامان بوون. پیاوەکان وەستا و کارمەند بوون. منداڵەکان یەکەم بوون. کیژەکان چاو رەش و سەنگین بوون.

....

جوولەکە. پارەدارەکانی تەعجیل. دوو لۆری. سەر بە چەنچەی مەکینە گەورەیان، لەگەڵ خانەوادەیەکی گەورەی موسڵمانی، گەڕەکی خانقا هەبوو. ئەوان، خێزانێکی

گەورە بوون، دوو برا، لۆرییەکانیان لێدەخوڕی. پێنج براکەی تریان، لەناو کۆڵانەکانی قەیسەری پیشەی تریان تاقی دەکردەوە. بەڵام! هەموومان، ئێواران دەگەڕانەوە ناو یەک حەوشە و سێ ژوور. هەموو فەرمان و راسپاردەکانی ئەو خێزانەش، لەلایەن پوورە بە تەمەنەکەیان دەردەچوو. کە شانازی بەوە دەکرد، حەوت پیاو، بە یەک پیاو، بە یەک مێرد، ناگۆڕمەوە. من، لەناو پیاوان گەورە بووم. (ژنە بەتەمەنەکەی خوشکی باوکیان) بۆنی پیاوم گرتووە. من شوو ناکەم! منیش پیاوم! زۆرم نەماوە بەیانییان دەست بە موس و سابوونەوە ردێنم بتاشم.

منیش! وەک ئەوان پشدێنم لە پشتە. هەورییم لەسەرە. کەزییەکانم وەک لچکی جەمەدانییەکانیان دێتە خوارەوە. بارم لەگەڵ گرتوون. شەو باران و دلۆپەمان بووە، ئەوان خەوتوون. من چوومەتە سەربانە شل و قەڵەشبردووە لەرزیوەکەم شێلاوە، گێڕاوە. هەموویان، (براکانم) پارەی، بە گریس و بە دووکەڵ و بە سەرەداوی خەیاتی و گەچی دیوارەکانیان، رۆژانە و هەفتانەکانیان، لەناو مستی من کردووە. هەر منیش پیاویان بووم، پارەی پێداویستییەکانمان بۆ داناون. گەنم و هەموو زەخیرەکانم کڕیوە. گەنجینەکانمان داناوە. ئەوان، ئاگایان لە هیچ نەبووە. ئەوانەی شەوانە دەچنە پاڵ ژنەکانیان! من ئێوارەی بەزاوابوونیان دەرگام لێ گرتوون، هانم داون. فێربووم و ئاساییە، هەست بەژانی کاری رۆژانەیان دەکەم. دەزانم بازاڕ و ئیشکردن و پەیوەندییەکان، مێشک و بیری زیرەکانەی و دەستی وردی دەوێت. بۆیەش، بەردەوام ئارامیان دەکەمەوە و هانیان دەدەم. یەکێکیان، سەری کۆت کردبوو، ژیان و قسە و هەڵسوکەوتەکانی بە براکان و برایە مێیەکەی (پلکەکەیان) نەدەچوو. ئەوەی لەناو دڵی بوو، لە زاری دەردەچوو، دەیووت:

من هەرگیز نوێژم نەکردووە، بۆیەش ناویان نابوو، جەوهەر یەلدا.

ئەو بەو ناوەش تووڕە دەبوو. بەڵام! لە هەموو کەسێک نا. تووڕەبوونەکەی بە مەزاج بوو. بەڵام! شوفێرێکی باش بوو. لۆرییە زەردەکەی بن دەستی، هەرگیز لەنێوان رەواندوز و هەولێر نەشکابوو. باری زۆرتری لێ نەدەنا. حەزی لە باری موسڵ و بەغدا نەدەکرد. ئەو دەیووت:

من دوور ناڕۆم. نامەوێ، زۆریش لە شار و پلکم و کۆڵانەکەمان دووربکەومەوە. هەر چەند ماندووش بم، بارم گران و هەورازیش سەختیش بوو بێت، شەوانە هاتوومەتەوە.

هەموو شتەکانی پلکم پێ خۆشە. نان و ناسکەنان و هەڵمی سەر مەنجەڵە گەورە بەزنجیرەکە. ئەوەی بن قادرمەکە. تێدا، چێشتی بۆ ماڵە گەورەکەمان لێ دەنا. راسپاردە و قسەکانی ئەوم، لەسەر چاوان داناوە، کە پێی دەووتم:

ئەو لۆریەی دەستت ئەمانەتە. پارەی ئەو خەڵکەی تێدایە. ئاسنەکە بە شەریکییە. ئاگات لێ بێت. ئەو جوولەکانە، بە هەونتە ئاسنی خۆیان، تەسلیمی ماڵە موسڵمانان ناکەن. ئەوان لەسەر شەرەفی من، لۆرییەکەیان، داوەتە دەستی تۆ. هەرگیز دەفتەر و حیسابیان لەگەڵ ئێمە نەکردووە. ئاگات لێ بێت. لەلۆرییەکە. هەر لەوەی سبەینان هندەرەکەی لێ دەدەیت، هەتا دەگەڕێیتەوە، ئەو بن دیوارە! باشە! جەوهەر!

....

ئەو رۆژەی ویستیان، لۆرییە شینە تایە گەورەکە، بە ناوی موڵکی جوولەکە، (لەناو حەوشەی گەورە خۆڵەکەی پشتی مەخفەرەکە، لەگەڵ چەند ئوتومبێلی تری گچکە و گەورە، ژمارەشیان زۆر نەبوو، بەڵام ژمارەکە بۆ ئەو رۆژە زۆر بوو. بۆ فرۆشتن و هەراجکردن دەستبەسەر کرابوون)، لۆرییەکەش هەراج بکەن، هەرزانفرۆشی بکەن. چەند چەرچی و چاوچنۆک و پیسکەی لایدە، هاتبوون، بە مەزاد، لەبن دەستی جەوهەر و ئەو خێزانە دەربهێنن. ئەو، وەک سمۆرەیەکی کلک درێژی ددان ئەڵماس، دەچێتە سەر چەنچی لۆرییەکە، هاوارێکی گەورەی دەم بەتف و نێرەکەرانە دەکات:

ئێمە حەوت براین. حەوت برا و برایەکی تریشمان هەیە. با سێ لە براکانم خۆمان لەسەر ئەو لۆریە دابنێن. ئێمە، شەریکمان هەبوو. راستە، دووکاندارێکی جوولەکە شەریکمان بووە. بەڵام! بەشی ئەوانمان هەڵگرتوتەوە، ئەوان، پارەی خۆیان بردەوە، یەک عانەی ئەوانی تێدا نەماوە.

لۆرییەکە. لە حیجز وەردەگرێتەوە، ئەو دەیهێنێتەوە بەر دەرگاکەیان. بەر لەوەی بچێتەوە ماڵەوە. ئەو دەیەوێ، خۆی بە خەڵکی گەڕەکەکەیان نیشان بدات، چەند هەنگاوێک دووردەکەوێتەوە، لە چایەخانەکەی مام سێودین، داوای چایەک دەکات، بە دەنگە کەرخ و گەورەکەی دەڵێت:

مام سێودین، دەزانی چایەی ئیمڕۆم شیرینتر بکە. با، زۆریش گەرم نەبێت، دەنگم نووساوە.

دەزانم جەوهەر... (نازانێت بڵێت یەلدا یان نا)، جەوهەر...

دەستی بەرز دەکاتەوە و بە ئارەزووێکی خۆشەوە دەڵێت:

دەی دەی مام سێودین بڵێ، من بە قسەی تۆ تووڕە نابم، ئەوەندە چای شیرینت لە هەناو کردین، شیرینت کردوین. ئیمڕۆ مەزاجم تەواوە. بچمەوە. لەسەر پلکیشم دەنەڕێنم و پێی دەڵێم:

پلە. لۆرییەکەم وەرگرتەوە و تازە تەواو. ژنم دەوێ، ژن... بێ ژن خەوم لێ ناکەوێت. تۆ هەر بڕوا بە پیاوەتی من ناکەیت. چاوێکت لەناو حەوشەکە بوایە، چیم لەو چاوچنۆکانە کرد. هەمووم سەرشۆڕ کردن. پێم وتن، ئێرەش بەغدا نییە فەرهوودی ماڵە جوولەکەکان بکەن. شەرەفی ئێمە، غیرەتی ئێمە ئەوەی لێ ناوەشێتەوە. بەشی ئەوانمان بە پارە ژماردووە، خودا شاهیدە!

....

لۆرییەکە. شەوانە، وەک کەرتە شاخێک. لەسەر قەڵاتەکە و روو لە نشێوەکە رادەگیرا. شوێنی تایەکان و چەوری مەکینەکەی چەند ساڵەی، لەسەر بەرزاییەکەی هەموو لایەک، گچکە و گەورە، بەو بەرزاییەیان پێیان دەووت قەڵات، دیاربوو. چەند ساڵ بوو، بەیانییان زوو، جەوهەر لەوێیەوە بەڕێدەکەوت. حەزی بە کاروانی سەرەوە دەکرد، هەتا پشدەر و بتوێنیش دەڕۆیشت. ئێواران، کوڕەکانی گەڕەکەکە. لەوێ کۆدەبونەوە، پەنا لۆرییەکە. گەنجانی هەموو گەڕەک و کۆڵانەکانی ئەو شارە، زەبری وەستاکانی کارمەند، قازانج و رۆژانەکانیان، باسی چاو و ژووانیش، هەر لە پەنای ئەو لۆرییەوە بوو.

گەنجەکانی پەنا و پاڵ لۆرییەکەی جەوهەر یەلدا، هاوینان لەگەڵ چاوی ئەستێرەکان، زۆرتر دەمانەوە. زستانان، بەڵام دوور ئاگرێکی بچووکیان دەکردەوە، دەمونادەم یەکێکیان، بۆ گەرمکردنەوەی سەرە پەنجە و لا روومەتێکیان، لە چڕەدووکەڵەکە نزیک دەکەوتەوە. ئەو چەند رۆژەی لۆرییەکە حیجز دەبێت. گەنجەکان. دەچنەوە سەر قەڵاتەکە، لەوێ لەدیار شوێنی تایەکان، ماکە چەورەکان، بە خەمساردییەوە دەوەستن؟ بەڵام بڕوایان بە دەستوبردی جەوهەر یەلدا و براکانی هەبوو. دەیانزانی بەشی ماڵە جوولەکەکەیان هەڵگرتووتەوە، بۆیەش لە لۆرییەکەیان خۆش نابن. ئەو لۆرییە

دەگەڕێتەوە، کۆبونەوەکانیان شپرزە نابێت، چاڵی شوێنی تایەکانیش پڕنابێتەوە. لۆرییەکەش. بەتڕەتڕەوە دەگاتەوە سەر قەلاتەکە.

....

شوفێری لۆرییەکە. لەگەڵ هەڵقولێنی چایە گەرمەکە، لەسەر تەنیشتی پێشەوەی کورسییەکە خۆی راگرتبوو. قسەکانی بۆ مام سێودین، (پیشەی چایەچییەتی دەکرد)، بەلام هەر پێیان دەووت، کەوباز، بە سێودین کەوبازی دەوت:

لەو کاروانانە. رۆژێکیان چاو و برۆی ژنێک، باوک و کیژێک لەگەڵم سوار بوون. سەرگەردانی کردم. چاوەکە. منی لە هەموو دینێک وەرگێڕا. دین و ئاینم نەمابوو. ژنەکە، نیگای چاوی... بە هەردوو دەستم، توند سوکانەکەم گرتبوو. دڵنیابووم ئەنتەرناشەکەم سەردەکەوێت، هەوراز و رێگای رک و بەردەلان، خۆی لەبەر ناگرێت. بۆیە بێ منەت سەردەکەوتم، بەلام چاوم لەسەر رێگاکە بڵند نەدەکرد:

خاڵە وەرە شاری... لەو شارە هەموو شتێک روودەدات، شارە شار!

(بەڵێ شارە، لەو رۆژانەش قەتارەکەش دەگاتە هەولێر، بزانە لەکن ئاوی میری. ئینگلیز. (دوای چەند ساڵ، لە نزیک ئاوی میری، تا بۆنی ئاوەکە، چاوی ئاوەکە، لەبەر ناوەکەشی، دەڵێم کلیلی ئاوەکە (زار موفتاح)، نافوورە و حەوزێکی گەورە ساز دەکەن، هەر بە یادی کۆنە کارێزەکانەوە، فەوارەیەکی بڵند و قەشەنگی ئاوی تێدا بەرز دەکەنەوە، بە گلۆپی رەنگاورەنگ جوانی دەکەن، ئەوەندە جوان دەبێت، سوێند دەخۆن ئاوی ئاسایی نییە. بۆیە، خەڵکی پەریشان و عاشق، هەبوو تامی دەکات. زۆریش ماچی دەکەن، دەیکەنە سەیرانگایەکی بەردەوام، ئاوی کەسک و سۆر) چییان دامەزراندووە، چ قەسر و کۆشکێکیان دامەزراندووە. ئینگلیزەکان. بە بەردی سپی، دیواری درێژ درێژیان دروستکردووە. وەستا و نەقاڕەکان، لەوێ، ئەو دوو ساڵە، بێ راوەستان و دابڕان. نەقاڕی تێدا دەکەن. بەردی ئەو چیایانەیان، هەموو بۆ ئێرە کێشاوەتەوە. هەر دیوارە و بەرزی دەکرێتەوە. دیوار تەواو دەبێت. بناخەی تر لێ دەدەن. خەڵکی شار و گوندەکانی ناوچەکە، بەو پڕۆژەیە بوژاونەتەوە. ئەوانەی مەحەتەی بەغدایان دیوە، دەڵێن شتێکی وا دروست دەکەن. رێستهاوسێکی نوێ. بۆ میوان و شەوچەرەکان، مەخفەرێک. بۆ پۆلیس و پاسەوانییەکان. گەڕەکێکی نوێیش. بۆ فەرمانبەر و کرێکار و پیشەوەرەکان دروست دەکەن...) شارێکە سەروبنی دیار نییە.

....

ئەو کە لە سەفەری نیگای چاوەکە دەگەڕێتەوە. لە دوای چاوەکە بە دایکی دەڵێت:

دایە، کە منداڵ بووین، لەو کۆڵانە، لەو شارە ئاوەدانە، ئێمەت بە (دێو) دەترساند، شەوانە دەتووت بنوون، ئێمەش بڕوامان دەکرد، دەتووت:

منداڵەکان. بنوون و شەو درەنگە. بنوون. دێو هات و دەتانخوات. دێوی رەش و سپی هات! دایە گیان، چەند ئێمەت ترساندووە، ئەوەندە تۆمان خۆشدەویست. گەورەش بووین ئێمەت بە دێو دەترساند. بەڵام! کە حەقایەتیت بۆ دەکردین دەتووت:

دێوی رەش و سپی و بۆر، پێست بە شەوق و بە بریقەوە لە ئەشکەوتەکان دەژین. دێوەکان. ژنی جوان، دەباتە ئەشکەوتی بەرین و گەورەی کونە شاخە بەرزەکان. ئینجا ئێمەت، لەو شارە کۆنە گەورەیەی، بازاڕ و قەیسەریە، ئەو شارەی نەژادی هەموو نەتەوە و میللەتیکی تێدایە. شارێکە. ئەرمەن و ئەرزەی و تورک و عەرەب و ئیرانی و عەجەم و موهاجیر و دۆم و دەروێش و قەبائیل و رووسی تێدایە. ئێمە وا لە شار دەژین، پشتمان قشڵەیە. بەرامبەرمان دائیرەی ئیستهلاکە. لەسەری کۆڵانەکەمان چەند دووکانی نوێ دروستکراوە. خەستەخانەکەمان لێ دوور نییە، سینەماشمان هەیە، لەسەری کۆڵانەکەش، یەکێک سەموون. دەفرۆشێت، شارە شار!

دێوی چی و ترسی چی؟! دووکانێکی تر پوولی پۆستە و پەڕەکاغەز دەفرۆشێت. دووکانێکمان لێوە نزیکە، بوتڵ بوتڵ عەرەق دەفرۆشێت. ژنان. هەتا مێردەکانیان دێنەوە، تا مێزی خواردنەوە بۆ مێردەکانیان ساز بکەن، خۆیان دەچن عەرەقیان بۆ دەکڕن. پێش ئەوەی، پیاوە ماندووەکانیان بێنەوە. نۆک و گۆشتیان بۆ دەکوڵێنن. سفرەیان بۆ دەرازێنەوە. هەتا پیاوەکان دێنەوە، پێش هاتنەوەیان، (ژنان، ژنە سینگ سپییەکان، ئەو ژنانەی، لە ژیانیاندا، لەو تەمەنەی خۆیان، دوو جاریش گەرمایان نەبووە، ئەوەندە بەسۆز و هەناوتێرن، هەرگیز سەرمایان نەدیوە. ئەو ژنانە خشتیان نەبڕیوە. خومیان نەکردووە و ریسیان رەنگ نەکردووە، پەنجەیان نەشێواوە. زۆر سەیر و خۆش پاڵ دەدەنەوە، پان دەبنەوە، لووستر دەبن، دەزانن چۆن نەرم بن، چۆن لە تاریکی و شەوانە پیاو دڕ و هار بکەن. بەخۆشیان خەنەیان لە پرچیان نەناوە، لە حەمامیش سەرشۆرەکان سپی و سووریان دەکەنەوە، ژنی وا لەو شارە هەیە، لەبەر ئەو ژنانە حەز

دەکەیت، شەو دوو سەد ساڵ درێژ بێت)، شارەکە گۆڕاوە دایە دێوی چی و ئەشکەوتی چی؟!

لەو شارە، ژنان. عەسران، دەچنە حەمام. جوان جوان هەندی کانییەک، ئاو. بە سەر و بەر و بەرسکیان دادەکەن. ئاو. بە پیاو دەشوبهێنن. بە ئاوەکە. پیاوەکە. دەکەنە جۆگە، بۆ خۆیان، بۆ ناو کۆشیان، توند و نەرمیش رایاندەکێشن. ژنان. خۆیان دەشۆن، وادەزانن بووکن و مێردە ئێشگرەکانیان، بەو ژنانە. ئارەقەی کارکردنیان. سارد دەبێتەوە. بەو ژنانە، دیواری ژووره قووره و بنمیچە نەوییەکان، دەبێتە. باخچە و گوڵزار. بەو ژنانە. پیاوەکان قوورگیان پڕ دەبێت. لە ستران و پێهەڵدان و تاوانەوە. ژنەکان. بۆ ئەو پیاوی ماندووی، سەر دیوارەکانی دروستکردن. پیاوی دووکانداری، ناو سابوون و فەردە قەسپ و هیزە روون و تەنەکە دۆشاو و دانەوێلەکان، رۆژانە شین و مۆرن، دەبنە هەنگوین و شەکر و لوقم. شەوانە ژنەکانیان. سپییان دەکەنەوە. دەیانسڕنەوە، دەیانکوڵێنەوە، دەیانخەوێن. ژنەکان دەزانن چۆن پیاوەکان سپی و نەرم و ئارام بکەنەوە.

ئەوانەی لە دانانی سکە و هێنانی قەتار و فارگۆنەکان، ئیش دەکەن. ئەوانەی نەقاڕی دەکەن. شوفێرەکانی لۆری و حەمباڵەکان. مەئمورەکان. پۆلیسە سوارەکان. پیاوە دارتاش و سەفارەکانی ناو قەیسەری. هۆدە باسی چ دەکەیت! دێوی چی و ترسی چ!؟ شار گۆڕاوە، هەولێر. رووناکە و شەقامەکان. بە گلۆپ و چرای گەورەوە رۆژە رۆژ.

ئێمە گەورە بووین. بووینە پیاو. شەوانە دەچینە سینەما. لەو شەوانەوە هاوارم دەکرد ژنم دەوێ و ژن ژن.... لەسەر ستارەی ماڵەکەمان، دایە لەبیرت ماوە، چۆن بۆ ژنهێنان دەگریام، دەنوزامەوە. سوێندم دەخوارد شەو و رۆژ کاسبیتان بۆ دەکەم، لۆریتان بۆ دەهاژوم و ناهێڵم لۆرییەکە بشکێت. تایە گەورەکانی پەنچەریش بێت. سوکانی بشکێت، بەس ژنم بۆ بهێنن!

....

منداڵەکان. گەورە دەبن و دەبنە باوک. بەڵام ژنەکان! دووبارە، منداڵەکانمان بە (حەمە دێو) دەترسێنەوە. حەمە دێو کێیە!؟ نە دێوە نە ئەجندە و نە تەڕەماش. من دەیناسم لە ژنە جوولەکەیەک ترسنۆکترە. لە منداڵێکی شیرخۆرە بێ دەسەڵاتدارترە. وەک ورچ، ورگی گەورەیە. ملی ئەستوورە. هەندی گامێشێک دەبێت. کەرتە شاخێکی زەلامە. روومەتی وەک گردی (کلک مشک) پانە. چاوی هەندی زار موفتاح و ئاوی شێخ

ئەحمەد گەشە. لە ترسی خۆیەتی شەوانە، فیت فیتە لێ دەدات. لە کۆڵانەکان دەسوڕێتەوە، لە کۆڵانی باجی نەجییە، لەبەر دەرگاکەی ئەوان فیتەیەک لێدەدات. پێش ئەوەی بسوڕێتەوە و بگاتە بەر دەرگای ماڵی حەمە سووری ئوتوچی، فیتەیەکی تر لێ دەداتەوە. ئەویش دەترسێت. ئینجا تۆ بە حەمە دێو منداڵەکانمان دەترسێنێت!؟

حەمە دێو، قەڵەوە. بۆیە ناویان ناوە دێو. ورگی زلە، سەری گەورەیە. دەستی بە مووە، نینۆکی درێژە و نازانێت نینۆک بڕین باشە. بۆیە بووە بە دێو. ئەگەرنا بنیادەمە، شەوانە پاسەوانی خۆی لە کۆڵانەکانی گەڕەکەکە دەکات. هێشتا گەنجەکان، خێزانەکان بە ژن و پیاوەکان. لە دوا نمایشی شەوانەی سینەماکەی ناو قەسران، بەرامبەر مەرقەدەکەی سوڵتان موزەفەر، نەهاتونەتەوە، (چەند گەنج و مێرد منداڵێکی وریا و چالاک، تا دووبارە فیلمەکە، بەبێ پارە ببینەوە. گەردەنی سپی ژنە ئەکتەرەکان. چاوە گەورەکانیان. بەڕاستی بڵێم، ماچە گەرم و راموسانەکان ببینن. پێڵاوەکانیان لە پێ دەکەنەوە، دەستیان گیر دەکەن، بە دەست و پێیە باریکەکانیان دەچنە سەر گومبەتە لووسە کەسکە خڕەکەی، مەرقەدەکەی سوڵتان موزەفەر. لەوێ سەیری ماچ و هەوەس و تەنوورەی کورت و ئاوی گەورە و سەمای ناو فیلمەکان. بەسەر گومبەتەکە دەکەن، تا فیلمەکە تەواو دەبێت. خۆیان دەکەنە داوودەرزی، خۆیان وەک بنیشت گیر دەکەن، سەیری فیلمەکە دەکەن)، ئەوانە هێشتا، نەگەیشتونەتەوە و ماڵەکانیان، دەرگاکانیان دانەخراوە، حەمە دێو. بە سافیرە و تفەنگە کۆنەکەیەوە، دەگاتە سەر کۆڵانەکان.

حەمە دێو. بۆ منداڵان بترسێنێت، هێشتا فڕنەکە دانەخراوە. ئەو هاتووە، تازە خۆر ئاوا بووە. شەربەکانی سەر ستارەکان، کەس ئاوی لێ نەخواردیتەوە. ئەو ورگی داوەتە پێش خۆی و بەخشەخش دەڕوات، لەگەڵ سووڕانەوەی لە کۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێکی تەسکتر، شانی بە دیوارەکە دەخشێنێت، بەر لە ئاوابوونی ئاوڕێکیش دەداتەوە. بەر لەوەی کۆڵانەکەی ماڵی مەلا فەتاحی کەواشین ببڕێت، دەگاتە سەعدوڵای پوولفرۆش و پێی دەڵێت:

_ سەعدوڵا چۆنی (وەک کەرتە شاخێک لەبەردەمی رادەوەستێت) چۆنی؟

_ (خۆی دەهەژێنێت تا بوارێک بدۆزێتەوە، دەربازی بێت و بڕوات و ماندووە) سوپاس، باشم حەمە دێو، تۆ چۆنی، دەڵێی فیت فیتەکەت دەنگی کز بووە؟

ـ کز نابێت، بە چاوی مەلیکی گچکە، شەوانە وەک قومری دەنگی دەڕوات.

ـ (هەر خۆی دەلـەنگێنێت) قومری...!

ـ ئائا قومری... بۆ نا... ئەدی بەو شەوە لە کوێ دەگەڕێیتەوە. خۆ لە دووکان نەبوویت، خۆ تۆش خەریکی حزبایەتی نیت؟

ـ حەمە دێو! واز لەو قسانە بێنە. خوێنێت تاڵ مەکە و کەپووت لەو مەسەلانە وەرمەدە، گەمبۆز...

ـ گاڵتە دەکەم سەعدوڵا. چەند زوو هەڵدەچن. دەبێنە جگەرەیەکی غازییم بدەرێ. دەزانم تۆ پاکێت دەکێشیت... (پاکێتەکە لەناو ساقۆیە قۆڵ درێژەکەی دەردەهێنێت و سەیری ناو پاکێتەکە دەکات. لە ریزی سەرەوەی، جگەرە بێ فلتەرەکانی غازی، جگەرە سپییە کورتەکان. تەنها یەک دانە، لە ریزەکە مابوو، ئەویش دەداتە حەمە دێو، پاکێتەکە جوان دادەخاتەوە. جارێکی تریش سەیری دەکاتەوە، بزانێت باش داخراوە، نەک لەناو گیرفانی بکرێتەوە، جگەرەکانی لێ بڕژێتە ناو بەرکە گەورەکەی و بشکێن). جگەرەی تۆ موتفەڕکە!

ـ ها بەس وەردەگرن. حەمە. شەوانە بێزارمان مەکە. هەر هیچ نەبێت، کە دەگەیتە بەر دەرگاکەمان، فیت فیتە لێ مەدە. ئەمشەو کتێبێکی باشم دەست کەوتووە، لە موسڵ لەگەڵ خۆم هێناومە. تۆ (موسا سلامە) ناناسیت!؟ ئەو پیاوە. یەکەم کەس بوو. لە میسر کە لە ئەوروپا گەڕاوەتەوە. باسی عەقڵی کردووە. ئەو دیان بووە. لەوێ بە دیان دەڵێن قبتی. میسر زێدی ئەوان بووە. ئەوان و فرعۆنییەکان، لەوێ ژیاون. هەتا درەنگ خەریکی خوێندنەوەی دەبم، باشە، فیتە فیت مەکە!

ـ دەبێنە جگەرەکەم بدەرێ، هێشتا وەرماننەگرتووە، فەرمانمان بەسەر دەکەیت.

ـ فەرموو، ئاگرت پێیە!؟

ـ چەرخەکەم بەردی نوێی لەسەرە، فتیلەکەشیم بە نەفت کردووە. یەکاویەک پێ دەبێت، خەمی ئاگری منت نەبێت. هێشتا ئاگرم گەرمە.

....

ئەندازیارە ئینگلیزەکە. بە مەلا مەجیدی وتبوو: شەڕەکە تەواو. عەرەبەکان. با هەر خەون بەوە ببینن، با هەر بڵێن هیتلەر ماوە، دەستێکی سپی ئاسمان فراندویەتی. سینگێکی گەرم، خەواندویەتی. چاوێکی گەش دیویەتی. هەمووی درۆیە. خەڵکەکە. کرێکارەکان، هەموو شتێکیان دەزانی. ئینجا ئینگلیزەکە پرس بەو دەکات:

مەلا. مەزندە و بۆچوونی تۆ، گوێڕاگرتن و سۆراخەکانی تۆ باشترن! شەڕەکە چەند لە قازانجی ئینگلیزە! ئەمریکییەکان. چەند دەسکەوتی قوربانییەکانیان دەوێتەوە، ئەوان، یان ئێمەی ئینگلیز!؟ زۆرتر دەسکەوتمان دەبێت. کەناڵی سویس، بیابانی (نەجد) و (سەعیر) و (کوێت) و (بەحرێن)، دەبنە موڵکی کێ!؟ مەلا. دڵمان خۆشە. بەڕاستی من بڕوام بە بۆچوون و لێکدانەوەکانت هەیە! قسەکەی تۆش دەگێڕمەوە، دەکەمە نامە و ڕەوانەیان دەکەم!

مەلا مەجید. لەبن چاکێتە تەنکە شینەکەی. ڕۆژنامە. لاپەڕە گەورەکەی دەردەهێنا. هەر چوار لاپەڕەکەی بۆ نمایش دەکردن، بە دەستە بە گریز و چەورەکەی، ڕۆژنامەکەی رادەخست. نیشانی دەدان، یەکە یەکە وتارەکانی بۆ دەخوێندنەوە. ئینجا سەرێکی بۆیان بادەدا و دەیووت:

هەموو باس باسی سەرۆک (چەرچڵ)ە، دواڕۆژ بۆ ئەوە، بزانە چ وتووە:

مێژوو بۆ من، من سەرۆکی وەزیرانی بریتانیای مەزن. نەرم و ئاسانە. بۆیەش من مێژوو دەنووسمەوە.

ئەوە قسەی ئەوە. ئەو سەرکەوتووە. بەڵام! ئەمریکاش گرینگە. ئەوانیش قوربانی زۆریان داوە، بەو شەڕە لە ئۆقیانووس پەڕیونەتەوە، هاتوونەتە ناو جەرگەی ئەوروپا، ئەوان ژاپۆنیان هەژاند و چۆکیان پێ دادا.

ئەندازیارە ئینگلیزەکە. سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی دەکات، تێ دەگات. بەشی هەندێ قسە و لێکدانەوەشیان ماوە، بۆیە دەڵێت:

مەجید، قسەکانت ڕاستە. بەڵام ئەوان، وڵاتەکەیان بۆمبێکی بەر نەکەوتووە. ژێرخانیان دانەڕماوە، هێڵی ئاسن و فرۆکەخانە و کارگەیان نەرووخاوە!؟

تا بزانێت، ئەویش ئاگاداری هەموو لایەنەکانە، مەجید دەڵێت:

ئەمریکاش وڵاتێکی مەزنە، لەو ساڵانەی شەڕ و کوشتن و کاولکاری و کیمیاباران و ژەهرباران، لە ئەوروپا گەرم بووە، ئەوان. کارگەکانیان. کارکەر و گەرم بووە، قوربانییەکانیان بە خوێن و سەر و دەست و قاچ و چاو و کیژ، بە کەشتی و فرۆکەش زۆر بووە. سەریان رۆیشتووە. جەرگیان سوتاوە. کیژ و کوڕیان پەڕاگەندە بووینە. بەڵام! هێشتا سەری زۆریان ماوە، چاویان کوێر بووە، بەڵام چاوی زۆریان ساخە، زۆریش تیژ و دووربینە...

ئەندازیارەکە. بەرەو جێبەکە دەچێت. پەتکی سەگەکەی دەکاتەوە. دارەکەی دەستی بۆ فڕێ دەدات، دەگەڕێتەوە کن مەلا مەجید:

سەیرە مەلا! نازانم چیت لەو ئەمریکایە دیوە، چۆن دەزانیت...

سەگەکە دارەکەی بۆ دەهێنێتەوە. ئەویش دەستی بەسەر گوێیە نەرمەکەی دادەهێنێت، بە سۆزەوە ماچی دەکات. لێوی بە دەم و زمانە تەڕە بە لیکاوەکەی دادەهێنێت. ئەویش دەزانیت مەلا مەجید بەو کردەوەیە نیگەران نابێت. سەگەکە بە گڵاو و پیس نازانێت. مەلایەکی کراوە بوو. ئەو، هەرگیز خۆی بە مەلا نەزانیوە. بەڵام! ناوەکەی پێوە لکاوە. نەک لەو دوو سێ ساڵە، بەڵام پاش مردنی، پاش ئەوەی چل ساڵ حزبایەتی دەکات، چەند ساڵ بەرپرس و سەرکردە دەبێت، هەر بە مەلا دەناسرێت. سەگەکە دووبارە بە لۆقەلۆق. بۆ دارەکە را دەکات. دووردەکەوێتەوە.

مەلا مەجید دەڵێت:

مستر. من دەزانم. دیارە کە خوێندەوارین، شەوانە هەر خەریکی رادیۆم. برادەران زۆر پرس و رام پێ دەکەن. سەرمان لەو رەوشە نوێیە دەردەچێت، لەو شارە هەموو شاهیدن، لە چایەخانەکان، مەئمور و سیاسییەکان، لە دیوەخانەکانیش هەموو دەڵێن: قسەکانی تۆ هاتنە دی، مەزندەکان دروست دەرچوون، من زوو وتم:

دەستیان. وەک هیتلەر، بڵند مەکەنەوە. بەوە شاناز مەبن! ئەو دواڕۆژی هەر شکانە، هەموو زۆردار و پەلاماردانێک شکان و گەڕانەوەی لە داوەوەیە.

ئەندازیارە ئینگلیزەکە. دەفتەرە گچکەکەی بەرباخەڵی دەردەهێنێت، بە دەستخەتێکی خۆش، چەند دێرێک دەنووسێت: سەری بەرز ناکاتەوە، هەتا نووسینەکانی تەواو دەکات، ئینجا دەڵێت:

مەلا دەستخەتی تۆش وەک نووسینەکەی من جوانە. دیومە کە بە پیتی عەرەبی دەنووسیت، نازانم بە کوردی دەنووسیت، یان بە عەرەبی!؟

قوربان، من بە کوردی دەنووسم. یەکەم مامۆستام، کە دەرسە ئاینییەکانی پێ دەگووتینەوە، شاعیر بوو، هەموو شیعرەکانی سافی و مەلای گەورە و وەفایی لەبەر بوو. تۆ ناوی ئەو شاعیرانەت نەبیستووە؟

ئەندازیارەکە لە هیند لەدایکبوو. خوێندنیشی هەر لەوێ، تەواو کردبوو. بەڵام لە باشووری ئەفریقیا ژیاوە، بەدڵنیاییەوە دەڵێت:

نەخێر نەمبیستووە! بەڵام! دەزانم ئێوەش دیوانی شیعری جوانتان هەیە. مەلاکانتان زۆر باسی زوڵف و ماچ و عیشقیان کردووە، دەزانم، بەڵام ناویان نازانم.

دەیزانی ئەوان، کە دانوستان دەکەن. بەجوانی، سەیری ناو چاوانی بەرامبەرەکەیان دەکەن. ئینگلیزەکان ئەوەیان پێوە دیار بوو. بۆیەش، ئەو سەیری دەکات و دەڵێت:

بەڵێ مەلاکانمان زۆریان شاعیر و پیاوانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوون. (وەڵامەکە بەو چەند وشەیە دەبڕێتەوە)، بەردەوامیش دەبێت و دەڵێت:

من داوایەکم هەیە، ها ها ئەو کوڕەی لە پەنا خیوەتەکە دامناوە، کوڕە لاوازەکە، ناسیارمە، دەمەوێ ئەو کوڕەم بۆ دامەزرێنیت.

کاتی خۆی ئەو، لە گوندەکەی ئەوان فەقێ بووە. لەنزیک ئەوەوە، رەنگە درۆش نەبێت، ئەگەر بڵێم لەبەر ئەو، منداڵەکە دەکەوێتە ناو بیری ئاوی گوندەکەیان. ئەو خۆی کردە قوربانی، ملی لە خەنجەر ناوە، گەردەنی لە پەت خشاندووە، کوێرانە، بێ گوریس چووەتە ناو بیرەکە و دەریهێناوە، رزگاری کردووە. لەو رۆژەوە ژیانی هەردووکیان دەگۆڕێت. کیژەکەی بەر بیرەکە، لەبەر ئەو، ئاگای لە جوولەی منداڵەکە نەبووە، ئەو منداڵەی ئێستا بوویتە پیاو. ئەو منداڵە دەیویست بزانێت، لەو بیرە تاریکە، چۆن ئەو

ئاوە رووناکە دەردەچێت، سەیری بنی بیرەکەی دەکرد، کەوتە ناو بیرەکە، ئیمڕۆش کەوتووتە ناو بیرێکی تر، دەرهێنانی دەوێتەوە، دەستێکی دڵسۆزی دەوێت.

مەلا مەجید یەکەم جارە بە ئەندازیارە ئینگلیزەکە بڵێت:

باشە من داوایەکم هەیە، ئیمڕۆ کوڕێکی گەنجم میوانە، دەمەوێ فەرمان بدەن لە سکە دایمەزرێنن، کوڕێکی هەژارە و لێی قەوماوە!

ئەو لێی نەقەومابوو، مەلا مەجید گەمە بە ئاوەزی دەکات، ئەو هەموو کاروانەکەی بۆ دەستنیشان دەکات، ڕێگاکەی بۆ دیارکرابوو، لێ دەگۆڕێت. ناهێڵێت. داواکەی باوکم جێبەجێ بکات. کوڕەکە بڕوای نەدەکرد، قسەی باوکی بشکێنێت، باڵی چۆلەکەکەی ناو باخەڵیشی بکاتەوە.

....

سەرکار و سەردەستەی کرێکارەکان، هیندییەکان. ئەندازیارییە ئینگلیزەکە. بواریان بە مەلا مەجید دەدا، لە پشوودانی خۆی زۆرتر، لەبەر سێبەرەکە. بێجگە لە ئاسن کوتان و دار دانان و بورغی بادان و خۆڵ پەرتکردن، لەگەڵ کرێکارەکان دابنیشێت، ڕۆژنامەیان بۆ بخوێنێتەوە. ئەو پێیان دەڵێت:

لەو بەغدایە، لە پەرلەمان، کەسیان بە قەد مەعروف جیاوک. خەمی کێشەی میللەتەکەمانی نییە، پیاوێکی خەمخۆرە، زیندوو و خوێندەوار و نووسەرە.

یەکێکیان، یەک لە کرێکارەکان، ڕەنگی ئاسنی گرتبوو، ڕەنگی ژەنگ و خۆڵی سووری گرتبوو، دەستی وەک دارەکانی بن ڕێلە ئاسنەکە درێژ و ڕەق ببوو، ئەویش چەند حەرفێک خوێندەواری دەزانی، لە دانوستان و دەمەتەقێی نێوان مەلا مەجید و ئەندازیارەکە تێدەگەیشت، ئەو دەست بە ژەنگە دەڵێت:

ئەو پیاوە هەوە، ئەوەی دەڵێن. باوکی لەناو سورچییان. لە گوندەکەیان، مەلا بووە. لەوێ، کە لەسەر خوێندن و نوێژ و دانیشتن بێزار دەبێت، لەبن بەرد و لەناو ئەشکەوت و سێبەرەکان دەگەڕێت، هەنگاو بە هەنگاو سەردەکەوێت، شیعرە غەزەلییەکانی سافی لەبەر دەخوێنێتەوە. ڕۆژانە، بەر لە نوێژی عەسر، بەردێک، بەرەو بەردێکی تری

سەردەخات. کەندێک، دەیباتە ناو کەندێکی سوورتر و چەقێنتر، پەنا سێبەرێکی تەڕ و فێنک پێی دەڵێت:

سێبەری من نا! سێبەری دارە خوارەکەی نزیک کانییەکە، فێنکترە و خەوی خۆشترە، دەڕوات و قاسپەی کەو، فڕەفڕی سوێسکە دووری دەخاتەوە، مەلای گوندی، لە ڕەوەز شاخ و کۆزە ئەسپینداری خزمەکانی دووردەکەوێتەوە، دەڕوات، تا شوانەکان نەیناسنەوە، دەڕوات، هەست دەکات ئاوی کانییەکە ساردتر دەبێت، دادەنیشێت. سێبەرەکە و بۆنی مێرگ و کانیاو و پوونگەکان سازگارتر دەبێت. مەلاکە. ڕۆژانە وا دەکات، فێر بووە و ناتوانێت لە سرووشت داببڕێت. نابڕێت تا ڕۆژێکیان، درزێکی کراوەی کەندەڵانێکی سوور، رووچونی ڕەگێکی پیر، نشێوێکی خشۆکی لەرزیو، مەندی و هەڵوەستەی گردۆڵکەیەک، ساتمەیەکی پێ دەکات. مەلای گوندەکە. باوکی ئەو پیاوە باریکەی لە بەغدا خوێندنی یاسا تەواو دەکات. پیاوەکەی لە یانەی سەرکەوتنی کوردانی بەغدا، سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، یانەکە گەشەدار دەکات... باوکی ئەو پیاوەیە دەڵێن:

باوکی، بەر لەوەی بچێتە بەغدا. کوپەیەک زێڕی دۆزیوەتەوە، کووپەیەکی کەسک، گەورە و یەک بە باوەش. توند وەک ئاسن. سەربەستراو، گۆزەیەکی سوورکراوە، پڕ لە لیرەی ڕەشادی. لەو زێڕەی بۆ (توت غنج ئامون)ی شاژن و نازدارەکەی فەرعونییەکان. دەمامک و گالیسکەیان دروستکردبوو. مەلاکە. کووپە زێڕێک، کەس نازانێت چەند ساڵە شاراداوەتەوە، چەند ساڵە، بۆ دیاری هەڵگیراوە. کوپەکە ڕەنگە شازادەیەک، شەیدایی ژنە ماسییەک، کوڕێک بۆ کیژێکی هەور، بۆ بەژنی ڕووبارێکی هەڵگرتبێت، شاردرابێتەوە. ئەو مەلایە کووپەکە دەدۆزێتەوە، شەوێکیان. دوانوێژی شێوان بۆ خەڵکی گوندەکە، بۆ پیرەژنە ماندووە نەخۆشەکان، بۆ کاریتەی بەرهەیوانەکان. نوێژێکی درێژ بۆ سابات و بەژنی جۆگە و ڕوومەتی کانییەکان و چاوی چرۆ، دەست و پەنجەی ڕێواس و خوناو دەکات. هەر بەو شەوە درەنگە، دەستی منداڵەکانی دەگرێت، دڵی ژنەکەی دەداتەوە:

مەلاکە بڕیاری خۆی دابوو، بە ژنەکە دەڵێت:

وەرە ژنەکە با بڕۆین، لەو گوندە و سێبەری ئەو شاخە دووربکەوینەوە، زۆر دوور بڕۆین، بزانین دونیا چەند گەورەیە، شاری زۆرە، لەوێ مەکتەب و خوێندەواری زۆرتر بۆ منداڵەکان دابین دەکەین. من تورکی و فارسی و عەرەبییەکی چاکیش دەزانم، دۆستم

زۆرە، بە ناو و بە نووسین و بە هەڵوێست دۆستم هەیە. یار و دۆستی زۆرتریشم دەبێت، با بچینە بەغدا!

ژنەکە، کە سەیری ئاکار و دەموچاوی مەلا دەکات. مەلاژن دەزانێت، دانوستان قیمەتی نەماوە، مەلا بڕیاری خۆی داوە. دەڕوا، واتە دەڕوا، بۆیە بوخچەکان دەپێچێتەوە، باولەکان پڕ دەکات، منداڵەکان پۆشتە دەکات، قسەیەک ناکات، مەلاش بە ژنەکە دەڵێت:

مەلاژن. دەڕۆین و دەتوانیت لەوێش نوێژ بۆ گۆڕی دایکوباوکت بکەیت. وەرە، با بڕۆین توند دەستی منداڵەکان بگرە. هەناسەیەکی قووڵ هەڵبکێشە، دەڕۆین و نازانم کەی دەگەینە هەوارەکە، دەڕۆین و نازانین دەگەڕێینەوە یان نا… ئیتر لەو ڕۆژەوە هەردووکیان ڕۆیشتن و نەهاتنەوە، بەڵام کوڕەکەیان. بەردەوام لەو هەوارە بووە، بە نووسین. بە دەنگ و ڕێکخستن و پەیامە دبلۆماسییەکەی. ئیش بۆ ناوچەکە دەکات. بە سەردان دەگەڕێتەوە. لە بەغداوە، دەبێتە نائیبی هەولێر. لە بەغداوە، یانەیەک بۆ یەکبوونی کوردەکانی کوردستان دادەمەزرێنێت. لە بەغدا، بۆ ماڵوێرانی و کۆچباری بارزانییەکان، کتێب و وتار دەنووسێت، بۆیەش کە دەمرێت، تەرمەکەی لەبن گەڕەکی تەعجیل، لەناو گۆڕستانەکەی پشت مزگەوتی شێخی چۆڵی دەنێژن.

....

دەڵێن مەلا ئەو کووپە زێڕەی دەیدۆزێتەوە، ئەوەی ڕەوەزە شاخێک، ئەوەی سێبەرێک و کەڤی بەفرێک بۆی دەدۆزێتەوە، بۆی دەستنیشان دەکات. کووپە زێڕەکە، لەگەڵ خۆی دەبات. زێڕە سوورەکە. زەردەکە. بە پرشنگەکە. بە ڕەونەقەکە. بە بەهاکە. لە بەغدا، ماوە ماوە لیرەیەک دەفرۆشێتەوە. منداڵەکانی پێ دەنێرێتە بەر خوێندن، چەند لیرەیەک دەردەهێنێت و پاکیان دەکاتەوە، لەکن زێڕینگرە جوولەکانی بەغدا، دەیانفرۆشێتەوە. ئەوانیش، باش قەدری دەزانن. دەزانن، لیرەکان بەر لە هاتنی سوپای ئیسلام شاردراوەتەوە. دەزانن زێڕەکە کۆنە. زێڕیش هەر چەند کۆنیش بێت، بایەخ و بەهای کەم نابێتەوە. زێڕ، تاکە کایە و سامانە. هەموو سەردەمەکان و داگیرکردن و لەشکرەکان دەبڕێت، ژەنگ هەڵناهێنێت.

مەلاکە، دوای کوڕەکەی دەبێتە پەرلەمانتار و نووسەر و بانگخوازی پێشکەوتن، زێڕی نەدۆزیبوو. شووشەیەک مەرەکەبی هەڵگرتبوو. پەڕەمووچەیەکی بۆ نووسین پێ دەبێت.

دوو چاوی گەش، بۆ خوێندنەوە و دیتن. هۆشێکی کارامە و بزێوی دەبێت، کۆشێک کەشکۆڵ و نووسینی پێ بووە، کە دەڕوات. گەنجینەکەی ئەو، نووسین و زانیاری بووە، هیوای بە شاری گەورە و پایتەخت هەبووە، تا منداڵەکانی بتوانن، رۆژێک گوند و ئاوەدانییەکانیان، بکەن بە شار، بگەڕێنەوە، ئەوانە بکەن بە شار و پایتەخت!

....

مەلا مەجید. دێتە وەڵام، بە پیاوەکەی لە هەموویان باشتر، بزماری نێوان رێل و دارەکە دەکوتا، ئەو لەلایەک، سەری ئاسنی رێلەکەی قیت دەکردوە، دوو کەسیش خۆیان دەدایە بەرسەری دووەمی ئاسنە رێلەکە، هەندێک دەیانووت:

ئەو رێلە ئاسنانە، لە هیندستانەوە هاتوون، بە پاپۆڕ دەگەنە بەنداوی بەسرە. لەوێش بە شەمەندەفەر دەهێنن. دەیانووت: ئەندازیارەکان. حیسابیان کردووە، لە کەرکووک هەتا هەولێر چەند رێلیان دەوێت. هەموویان ژماردووە. ئینگلیز. حوکمی نیوەی دونیا دەکەن، ئەدی چۆن نازانن، چەند رێلیان دەوێت، چەند تەختەداریان بۆ ئەو هێڵە نوێیە دەوێت.

کاکە پاوسەکەمان تەواو بوو. بەس. واز لەو ئەفسانە و قسە بێ سەر و بەرە بێنە، پیاوەکە خوێندەوار بووە، لە بەغدا پۆست و وەزیفەیەکی ئاسایی هەبووە. منداڵەکانی لەوێ گەورە بوون. بەڵام! هەست و هۆشیان بەتایبەتی مەعروفیان، بەرەو هەولێر هەر مابوو، بۆیەش بەر لە مردنی داوا دەکات لە هەولێر بنێژرێت. نە باوکی کووپە زێڕی دۆزیوەتەوە، نە دایکی زێڕەکانی پاککردیتەوە، نە ئەویش هەفتەی پارچەیەکی فرۆشتووە، منداڵەکانی فێرە خوێندەواری کردووە، بە زێڕەکان پۆست و شەهادەی بۆ کڕیون.

....

یەکێک لە هەموویان بە زاگۆن و بە ئەزموونتر بوو، کرێکارێکیان. ئەویش کرێکارێکی پڕۆژەکە بوو، لە سەرووی گوندی شێراوە، لەگەڵ هێنانی هێڵەکەدا بووە. کەسێکی وریا بوو دەزانێت چەند (کیلۆمەتر)یان بڕیوە. ببوورن! ئەودەمانە وڵات لەبن قەڵەمڕەویی ئینگلیزەکاندا بووە، سیستەمی نەخشە و پێوانە و پەت و بیر و دیوارەکان، لە باڵ و گەز و شەقاو و هەنگاو و فەرسخەوە، دەبێتە پێوانەی پێ و یاردە و میل.

سکە ئاسنەکە. وەک هەسانی جووتیاران دەبریقایەوە. هێشتا ژەنگ. بۆر و ناشیرینی نەکردبوو. بەڵام! سەرما و گەرما و باران و تەنهایی شەوەکان، ئاسنیش ژەنگاوی دەکەن. سکە درێژەکان، بە شان و دەستی ئەوان، لە فارگۆنەکان دادەگیران، ریز دەکران، لەسەر دارەکان دادەنران، رێل بە رێل، لەیەک دەبەستران. فارگۆنەکان هەتا دوا خاڵی بەستراو و ئامادەکراوی سکەکە، بارەکانیان دەهێنا و دادەگیران.

ئەو کوڕەی دەیووت:

من هەتا گەورەش بووم، دایکم بڕوای نەدەکرد، دەژیم. ببمە پیاو و ئیش بکەم. ئاسن هەڵدەگرم. سکە رادەکێشم، بڕوای نەدەکرد، دەیووت:

کێشکەی سەر ئەو دارتێلانە، ببنە بەشەر. تۆ نابیتە بنیادەم. ئەگەر ئێستا لە ژیاندا بوایە و بیزانیوایە، من رێلی ئاسنی چوار مەتری و داری پانی دوو مەتری پان و ئەستوور، بەرزدەکەمەوە. من. بورغی دەکوتم بڕوای نەدەکرد!

دایکم هەتا تەمەنم دەبێتە شەش حەوت ساڵانیش، لەکن ژنە بەقاڵەکە، لەبەر دەرگای ماڵەکەمان. لەناو کۆڵانەکە. لەبەردەم یەکەم ماڵی بەلووعەیەکی ئاوی لێ بوو. دەرگایەکی گچکەی کردبووە، ناوی نابوو دووکانی فاتە رەقە. ئەویش. وەک دایکم رەق و تەق بوو. زۆریش بەیەکەوە باسی پیرۆزیی گۆشت و بەز و شان و روومەتی سووریان دەکرد، فاتە رەق بە دایکمی دەووت:

منداڵەکانیشمان وەک خۆمانن. کوڕەکەت. بێنە با بیکێشین. بزانین چ زیادی کردووە!

دایکم دەگێڕێتەوە: مانگانە من، بە تەرازووی ئەو دووکانەی شەمووان، بازاڕی گەرمتر دەبوو، چونکە جوولەکەکانی ئەو کۆڵانە، دووکانیان نەدەکردەوە. بە تەرازووی ئەو دووکانە کێشراوم. بە تەرازووەکەی فاتە رەقەی دووکانداری سەری کۆڵانی سەرکەندەکە. بەرامبەر ماڵە کوورەچییەکان. منی لە تای تەرازووێک داناوە، لە تای دووەمیش، بە بارستایی من، بەردی کێشراوی داناوە. دایکم. بە حەسرەت بووە، کێشم کەلا بەردێک، شووشە بەردێک، دەمە بەردێکی باریک، ددانە بەردێک زیاد بکەم... ئەگەر دەزانێت، لە کەرکووکەوە رێلم راکێشاوە، مرد و نەیزانی. ئەگەر لەگەڵ منداڵە جوولەکەکانی کۆڵانەکەم دەچوومە بەر خوێندن، هەر دوو سێ ساڵم دەخوێند، ئێستا یەکەم فارگۆنی شەمەندەفەرم، بە سافیرەوە بەو شارە ئاشنا دەکرد. من. دووکەڵی سپی

هەڵمی قەتارەکەم، وەک بەژنی منارەی چۆڵی، بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە. بەڵام چ بکەم، هیچ خوێندەواریم نەبوو، مەلا مەجید شاهیدە، ئینگلیزەکان زۆر منیان خۆشدەویست، دەیانووت:

ئەگەر تۆ هەندێک، نووسین و ژمارەت دەناسی. تۆمان بۆ بەغدا دەنارد، کە هێڵەکە تەواو دەبێت، تۆ دەبوویتە مائمور تەرەزێنە. ڕۆژانە هاتوچۆمان پێ دەکردی، سکەکەت دەپشکنی، ڕێگاکەت پاک دەکردەوە. یان دەبوویتە شەنتەر، دواڕۆژیش ترێنکمان دەدایە دەستت، هەتا بەسراش دەچوویت، لەوێش دەکرا بچیتە حەلەب و تورکیاش.

باشە، تۆ کێشت چەند بەرد بوو، یان بڵێم دەیانزای چەند کیلۆیت. (یەکێک لە گەڵ کوتانەوەی سینگی دەرەوەی خیوەتەکە)، دەنگی ئەو و ترپەترپی کوتکەکەی دەستی تێکەڵ دەبوو. ئەو پرسیارەی لێ دەکات.

ئەو لەناو خیوەتەکەوە، وەڵامی دەداتەوە. لەو دەشتە، دەنگ، لاواز و کزیش بێت، بەقەبەیی بڵاودەبێتەوە، دەیووت:

نا دەمزانی چەند بەردم. من گۆشت و ئێسقان و کەلەسەر و میز گوو نەبووم. من بەرد بووم. هەر جارێک لەناو قاپەکە دادەنرام، لەناو قاپەکە دەردەهێنرامەوە، تۆزێکم دەژاکا، کەمێک سووکتر دەبووم. گوێیەکم هەڵدەوەری. (کەم من دەبوومە بەرد) لچێکم دەپەڕی. زمانێکم دەشکا. چاوێکم کوێر دەبوو. بەڵام! لەکن فاتە رەق هەر چەند کیلۆیەک بووم، کێشم نەدەگۆڕا، کەم دەبومەوە، بچوک دەبوومەوە! بەڵام کێشم سووک نەدەبوو، هەر چەند کیلۆیەکی سووک بووم، سوێندیشم لەسەر دەخورا.

لەناو تەرازووەکەی فاتە رەق، سەرم بەردێکی خڕ بوو. دوو قاچم دوو بەردی کێڵ و درێژ و دەسکە جۆنی بوو. هەناوم، دوو سابوونی حەلەبی کەسکی رەق، بەڵام بۆنخۆش بوو. بۆ هەردوو چاوەکانیشم بەخێری خۆیان، ژنە دووکاندارەکە و دایکم مستێک ترش و شیرینیان دانابوو. بۆ ددانەکانم نیو قاپ نیسک، حیسابی پۆشاک و جلوبەرگیان نەدەکردم، چونکە رووت و بێ پەردە بووم. من کێشراو و بەردەوام بەو تەرازووە، بەو دوو قاپی مسی کۆنی بەستراو، بە شەش، داوی بەستراو، بە دارێکی باریکی راست، زوو زوو دەکێشرام.

کرێکارەکەی کێشی بە بەرد کێشرابوو. ماڵەکەیان لە گەڕەکی تەعجیل بەرامبەر ماڵی ئەحمەد تەبیب بوو. رۆژانە، نەخۆش و سەرشکاو و سووتاو و پێشکاویان دەبردە ماڵەکەی، ئەحمەد تەبیب. پیاوە دەست نەرمە ڕوومەت سوورەکە. دەستی یەکاویەک بووە، برینی قووڵی دەزوراندەوە. تیماری کردووە. ژانی سووک دەکرد. خەمی هەڵدەگرت. مەرهەمی لە چاوی کوڵ دەکرد.

پیاوەکەی سینگی دەرەوەی خیوەتەکە توند دەکردەوە، دەهاتەوە، ناو خیوەتەکە و دووبارە بە کابرای دەووت:

ناڵێن بە چەند بەرد، تۆیان کێشاوە!؟

لە تەرازووی ئەو پڕۆژەیەش بە بەرد، من حیساب و رۆژانەم پێ دەدرێت. بە بەرد. هەفتانەم دەدەنێ. چەند بەرد دادەنێم. چەند بە بەرد ئاسن و دارەکان، لەو رێلەکان دەکوتم. بەو دەرد و بەردە نانێک پەیدا دەکەین.

ئینگلیز دار و ئاسنی هێناوە. بە بەردی دەستی ئێمە، بە بەردی سەری ئێمە، رێلەکانی ئەو هێڵە دوورە دادەنێت. گوند بە گوند هەوراز دەبینەوە. هەر لە بەسراوە دەڕوات تا دەگاتە هەولێر.

....

هێشتا رێلەکە نەگەیشتبووە نزیک هەولێر. لە سەرووی ئاوی کەسک و سۆر، یان بڵێین نزیک ئاوی میری و موفتاحەکە. رووبەرێکی پان و بەرین لە زەوی تەخت دەکرێت. لە پیرمام بەردی سپی بۆ دەهێنن. ئەو نەقاڕانەی، لە دروستکردنی قەسەر و بینایە حکومییەکان شارەزای نەقاڕی ببوون، دەبنە هەنگوین و پارووی چەور، ئەگەر وەستا رۆژانە نیو دیناری هەبوایە، ئەوان دوو سێ درهەمیشیان زۆرتر بۆ دانرابوو. بەردیان لووس دەکرد، ڕوویان دەنەخشاند، بەردیان دەشکاند. بەرد لەبن دەست. نووکە قازمە. چەکوچەکانیان. وەک شەکر، وەک قەند دەشکا، قنج دەبوو.

نەقارەکان. بەردی گران لەناو دەستیان سووکە. بەناز دەیتاشن. بەناز، دەستی بۆ دەبەن. لە دوورەوە بەرد دەناسن. دەزانن، کام گۆشەی باشتر دەسازێت. نەقاڕەکانی ئەو پڕۆژەیە، پاش تەواوبوونی باڵەخانەکان، دەبنە قۆنتەراتچی و بیناساز و خاوەن کەسارە و لۆری و قەلاب. بە بەردی رەق، ژیانی نەرم دابین دەکەن. نەخشەکانی ئەو

سالانە، پاش کۆتایی شەڕەکان، نوقلانەی سەرکەوتنی چەرچڵە، بۆ ئەو شارە. شادومانی سەرکەوتنە. ئەو هێڵە ئاسنە، بۆ گەیاندنی شەمەندەفەر، دیارییە بۆ هەولێر. یان بۆ سەرکەوتنی زۆرتر و مانەوە و سەرمایەگوزارییەکان ڕێگاکان خۆش دەکەن!؟

بەر لە دروستکردنی خانووەکان. بەردەکان، لە ئۆفیسە سەرەکییەی مەحەتەی هەولێر، شوێنی چاوەڕوانی و سالۆنی دانیشتن و تکیت فرۆشتن، دەدەن. بەڵام! نەقاڕەکان نەیاندەزانی بەردەکان، بۆ کام گۆشە و دیواری کام باڵەخانە دەتاشن، نەقاڕەکان نەیاندەزانی چەند بەردیان دەوێ. چەند قازمە نووکی دەشکێت. چەند پارچە بەرد دەچێتە ناو دەستیان و دەپەڕێتەوە ناو چاویان و پشتیان دەچەمێنێتەوە...

.....

_ دوو سێ ڕۆژە، یان بڵێم، لەوەتی هاتوویت. داماو و کز لەبەر چاوم دیاریت! (مەلا مەجید ئێوارەیەکیان بە کاکە سوور دەڵێت)، بەدڵنیاییەوە هەستی کردبوو. کوڕەکە، لە سەفەر و بڕیاری کێشکەکە دوودڵ بوو!

_ ڕاستە مەلا مەجید، دڵم دەکوشرێت! دەترسێم، (کاکە سوور لەگەڵ ئەو قسەیە قووڕگی پڕ گریان بوو)، نازانم، پەشیمانیش بم، تەواو! تۆ لە شاری خۆتی! بەڵام من هەر میوانم!

_ کەس لەو شارە میوان نییە. تۆش خاوەنماڵی. شاری هەموومانە!

....

چەند ساڵ بوو. لەناو مەحەتەکە دەسوڕایەوە، بەردەوام بەدلە شینەکەی بەری خاوێن دیار بوو. یەک ڕۆژیش شانە ڕەشە کورتەکەی سەر گیرفانی، لە ماڵەوە لە بیر نەدەکرد. هاوینان، کڵاشێکی سووکی هەڵدەکێشایە سەر پێیەکانی. زستانانیش، پێڵاوێکی لاستیکی ڕەشی بە قەیتانی توندکراوی لەپێ دەکرد. بە زەوقەوە لەنێوان فارگۆنەکان دەهاتودەچوو. قسە و پشتیوانییەکەی مەلا مەجیدی بەبیردەهاتەوە.

هێشتا کاکە سوور مانگانەیەکیشی وەرنەگرتبوو، بەڵام! بە ئیشکردنەکە دڵی خۆش بوو. بەرنامەی هێڵەکە جوان دیار بوو. ئیشەکە ئەگەر لەبەر چاوی ئەوانیش روون و ئاشکرا نەبوایە، بەڵام دیار بوو. پڕۆژەکە بەڕێوە دەچێت. یەکێک لە کرێکارەکان، ئەوەندە ئیشیان پێ دابوو، هەتا هێڵەکە لە ئاقاری گوندەکەیان تەواو دەبێت. چەکوچە

سەرئاسنە گەورەکەی لەبن پێیەکانی دانابوو. دەستی، هەر بە ژەنگی ئاسنی سکەکە بوو. پاش کوتانی دوا بزمارە سەرگەورەکە، دەڵێت:

کاکە سوور من هیچ بڕوا ناکەم...!

کەلەسەری بە قەد کەڤرێکی چەقیوو قوورس دەبێت. بۆیە، ملی جوولەی پێ ناکرێت. بە لەرینەوەی منگەیەکی تەپیوو، دەڵێت:

بە چ بڕوا ناکەیت!؟

پیاوە رەشتاڵەکەی ناو بەدلە شینەکە. بێ ئەوەی، بیر لە ژان و کوشین و مرداربوونی چەرمی ناو لەپی هەردوو دەستی بکات. بە قسەیەکی رەق. وەک ئاسنە سوورەکە، وەک بزمارە تیژەکە و وردە بەردەکانی بن سکەکە، وەڵامی دەداتەوە:

خۆ کەسمان قەتارمان نەدیوە، کەسمان سواری...

کاکە سوور پێی دەڵێت:

کەسمان سواری فارگۆنێکی ئەو قەتارە نەبووین. بەڵام! زۆرجار مەلا مەجید وتوویەتی قەتار هەیە، کاروانی قەتارەکان، لەمێژە شار و وڵاتانی بڕیوە. ئینگلیزەکان لە هیندیش بەکاریان هێناوە! بەو قیتارە کیشوەر و وڵاتی پانوبەرینی هیندیان بچووک و تەسک کردیتەوە.

فارگۆنەکان. واتە هاتنی سوپا و دەسەڵاتی پاشایەتی ئینگلیز. یەکەم کاروانی سوپای ئینگلیز، دەگاتە بەنداوەکانی خواروو. یەکەم هێڵی نەخشەی ئەو هێڵەش لەو رۆژەوە رادەکێشرێت. ئەوان، چەند دەهاتنە ناو وڵاتەکە و بەرنامەی سنوورەکەیان دەچەسپاند، ئەوەندە خەڵکەکە، ئاینەکە، نیگاکان، دژایەتی کردنەوەی قوتابخانەکانیان دەکرد و دەیانووت:

بەو وانە و کتێب و مامۆستایانە، ئاینمان پێ دەگۆڕن، دەیانووت، تەختەی رەشی ژوورەکان، بەختی رەشمان بۆ رۆژی حەشر دەنووسێتەوە. ئەو تابلۆیە رەشانە بە ملمان وەدەکرێت و پیتەکان و نووسینەکان، دەبنە دەنگ و رەنگ و ریسوامان دەکەن.

....

فۆرمانە هیندییەکە. دەست بۆ مێزەرە سپییە گەورەکەی سەری دەبات، کەس نازانێت چ لەبن ئەو مێزەوە گەورەیە شاردراوەتەوە. چۆن؟ لەسەر سەری وەستاوە. چۆن دەتوانێت سەری لەبن ئەو بوخچە مێزەرە بجولێنێتەوە. کەس سەری رووتی هیندییەکەی، لەکاتی ئیشکردن و نانخواردن و نووستنیش نەدیبوو. کەسیش، خواردنەکانی ئەویان پێ نەدەخورا. ئەویش خواردنی کرێکارەکان و خەڵکی گوندەکانی هێڵەکە بەناو ئاقاریان دادەڕۆیشت نەخواردبوو.

هیندییەکە. مێزەرەکە لار دەکاتەوە. تا شنە بایەکی فێنک بخزێنێتە بن مێزەرەکەی. بزەیەک بە لێوەکانی دەکات. وەک ئەوەی بیەوێت بڵێت، ئینگلیزەکان لەگەڵ داگیرکردنی وڵاتە گەورەکەمان. فرە زمان، فرە ئاینزاکان. سکەی شەمەندەفەریان، بە پانایی وڵاتەکە بڵاوکردەوە.

گاندی. بەو سکە ئاسنە درێژانە. گەشتەکانی بۆ دەرپەڕاندنی داگیرکەرەکان دەکات! هەر لەناو فارگۆنەکە، لە ناو رەشە ئەفریقییەکان، لەبەر ئەوەی رەنگی پێستی سپی نەبوو. وەک ئەوان، چاو کەسک و چوارشانە و سمێڵ قەڵەمی دەست گەورە نەبوو. پشتی ملی دەگرن و بلیتەکەشی بۆ فڕێ دەدەنە خوارەوە. لەعنەت، بۆ تکتفرۆشەکە دەنێرن. کە تکتی پلە یەکی پێ فرۆشتووە... پارێزەرە خوێندەوارەکە، لەناو فارگۆنی شەمەندەفەرێکی باشووری ئەفریقیا، کە ئینگلیزەکان، هیندییەکانیان بۆ ئیشکردن و سەربازی رەوانە کردبوو. ئەویش بۆ ئیشکردن و بەرگریکردن لە کرێکارە هیندییەکان لەوێ دەبێت. شکۆدارانە. بە پارەی خۆی، بەپێی یاساکانی هێڵەکە، بە تکیتی پلەی یەک سوار دەبێت. بەڵام! تیتییە (جابی) سپی پێستەکە. نەفەرەکانی تریش بە هاتنی گاندی، ناڕەحەت دەبن، و پشتی ملی دەگرن. خۆشی هەر وەک باڵندەیەک سووک بوو. بە ئاسانی فڕێی دەدەنە دەرەوە. لەناو ئەو فارگۆنەوە، پاش ئەو فڕێدانە، گاندی دەبێتە پێشەوا و سەرۆکی خەباتێکی ئاشتیانە، بۆ رزگاری هیندستان و چەسپاندنی یەکسانی! خەبات و ناسینەکەی لە رۆژی ناو فارگۆنەکە، لەو رۆژەی گاندی جورئەت. دەکات تکیتی پلەی یەکەم ببڕێت، دەست پێ دەکات، دەبێتە رابەری رزگاری میللەتێکی گەورەی سەر رووی ئەو زەمینە. خەباتی هیندییەکان، لەناو فارگۆنی قەتارێک دەست پێ دەکات. خەباتەکە درێژەی دەبێت، درێژ، وەک هێڵی شەمەندەفەرەکانی ناو هیند، بەڵام! سەردەکەوێت و دەگەنە دوا وێستگە!

....

کوڕەکە دەزانێت، پیاوەکانی ئەو شارە، کوورەچییەکان، بۆچی دەستیان گەورەیە، شانیان وەک تەختەدارێکی پان، رەق و وشکە. بەرد دەشکێنێت، بزمار لە دار و لە بەرد و لە دیواریش دەکوتێت، چونکە:

کوورەچییەکان، خۆڵی سوور هەڵدەکەنن، دەیگوازنەوە، باری دەکەن، دایدەگرن، دەیگەنە گۆڵ، دەیگرنەوە و دەیشێلن. لەگەڵ کا و زەبڵ، بە جەرگی دەکەن. بە شەونم و شەبەق و کازیوە، ئاشنای دەکەن. لەگەڵ ئەستێرە و سەرمای شەو و گەرمای نیوەڕۆ و هەناسەی عاشق و مەراقی براکوژراو، دەمینێتەوە. ئینجا، دەبێتە قووڕی سوور، سوور و جەرگ، وەک جەرگ، سوور وەک خەنە، خەنە وەک روومەت، روومەت وەک ناسکەنان، نان وەک رۆح و چارەنووس.

کوورەچییەکان، بۆیە دەستیان گەورەیە، چونکە دەستیان ماشە و بگرە. شانیان لە گەڵ خشت، لەگەڵ بەرزکردنەوە و هەڵسانەوە و قیتکردنەوە و وشکردنەوە و سوورکردنەوەی خشت، پان و رەق بووە. بە سێ مانگی ئیشکردنیان، لەو نۆهەد رۆژەی ناو کوورە و خۆڵ و قووڕ و ئاگر، دەبنە پلینگ و بەچکە شێر و شەڕکەر و دەستوەشێن. کاکە سوور بەوە راناگات، لەناو کوورەچییەکان خشتیان بۆ ببڕێت، مەلا مەجید پێی دەڵێت:

کاکە سوور، چاوەڕوان بکە، من گفتم بۆت وەرگرتووە، لەلای خۆمان داتدەمەزرێنم، پەلە مەکە.

ئەو سەری بەرز ناکاتەوە و بە شەرمەوە دەڵێت:

دەزانم کوورەچییەکان، وەک ئێمە بەس سێ مانگ ئیش دەکەن! ماندوون.

مەلا مەجید (لە قسەی مەلا دەرنەدەچوو، چونکە ئەویش لەناو بیرەکە دەریهێنابوو) بە پێکەنینەوە:

تۆ لەبەر دووکەڵ و بۆنی سووتان و برژان، وازت لە کەبابچییەتی هێنا. کەبابچییەکە پیاوێکی باش بوو. رۆژانەش، کەباب و نانی گەرم و ماستاویشت هەبوو. دەتەوێ بە سکی برسی و بە نانی رەق، کوورەچییەتی بکەیت!

ئەو نەرمە ئارەقەیەک دەکات. نایەوێ، مەلا هەست بەو ئارەقەیە بکات. بۆیەش دەستی، بۆ سڕینەوەی دڵۆپە ئارەقەکان بەرز ناکاتەوە و ناجولێنێت، ئاوەکە وشک ناکاتەوە:

قسەی تۆش جوانە، ڕاست دەکەیت (بەنووزەیەکی کزەوە دەڵێت)، ڕاستە!

مەلا دەنگی گەورەتر دەکات و دەڵێت:

دەزانی ئەوەشت با پێ بڵێم، دیسان دەکەویتەوە دوای کلکی کەری شین. لەوێ هەر بە دوای مەڕ و بزن و کەرانەوە بوویت. دەتەوێ لێرەش ئەوە بکەیت.

....

خەونی جوان لەو ماڵانە هەبوو. ئەو گەڕەکە، پڕ ماڵ و خێزانی جوان بوو. ژنەکە، دەستی لەسەر رادیۆییەکە بوو. بۆ ئەوەی دەنگی گۆرانییەکە خۆشتر و زۆلاتر بکات، کوڕەکە لە خەو هەڵدەستێت و دەڵێت:

_ خەو خۆش، ڕۆڵە چ خەونت دیوە!

_ خەونم دیت، بەڵام هیچم لەبیر نەماوە! خەونەکە رۆیشت!

بەیانییان، بەر لە نوێژ و کارکردن، گەورەکان، سەرسپییەکان شانازی خەونەکانیان دەگێڕنەوە. وردەکانیش، خەون بە هەراش و گەورەکانیان دەبینن. بەڵام زۆر باش نازانن، خەونەکان بگێڕنەوە. تا بە دروستی گەورەکان بۆیان راڤە بکەن. بەڵام دەزانن ئەوەش سەرەتایە و فێر دەبن خەون ببینن، کە گەورەش دەبن، دەزانن بە منداڵی، کە گچکە بوون، خەونیان دیوە. خەون. لەگەڵ تەمەن و ساڵ و گەورەبوونی گەڕەک و پیربوونی کۆلان و دەوڵەمەندبوونی بازاڕ بەردەوامە.

بەڵێ، گەڕەک گەورە دەبێت، دوو کۆلان دەبێتە چەندین کۆلان. بە خەم و هاتن و رازەکان، کۆلانیش پیر دەبێت. ماڵەکان، خێزانەکان کە زۆر دەبن، کە بێزار دەبن، لە کۆلانە پیرەکان بار دەکەن، دەچنە شارە گەنجەکان. بازاڕیش دەوڵەمەند دەبێت، بۆیەش لەو شارە، قەتارێک بار و شمەک و ئاڵۆگۆڕی بازرگانییان بۆ دەکات!

به خەونەکان، بەئاسانی و بەبێ ئەوەی ئاگایان لەیەکتری بێت. هەر بەسۆز و شەوقەکانەوە، هەموو دەگەنەوە یەک، دووریش بکەونەوە، خەون لە شەوێکی باران، لە ئێوارەیەکی زوو و لە یەکەم پرخە و لەدوا جوولەی بن لیفەکە، نزیکیان دەکاتەوە! بشمرن، خەون، زیندوویان دەکاتەوە. خەون مردووەکان، دێنێتەوە ناو ژیان و شەرم و ترسیان دەشکێنێت، قسەیان پێ دەکات. مردووەکان. بەس لە خەون دەتوانن دڵداریش بکەن.

....

منداڵەکە لە خەو هەڵدەستێ، (زۆر مەبەستم نییە تەمەن و رەنگی چاو و ددانی کەوتووە یان... نا، گرینگ نییە، زۆرجار منداڵێک لە شیرینە خەودا، لەبەردەم ئاگردانەکە، لەنزیک رادیۆیەکە، گۆرانییەکی رەسوڵ گەردی، حەیران و بەستەیەک لێدەدات، منداڵێک بزەیەکی گەش و بەستەزمانانە دەکات، دایکی، یان داپیرەکەی دەڵێت، بزانە بە قوربانی بم، خەون دەبینێت)، چاوەکانی هەڵدەپشێوێت، هەست رادەگرێت و سەیری ژوورەکان و بەرهەیوان و پەنا سێبەرەکە، نزیک جەڕەی ئاوەکە دەکات، (بەدرێژایی شەوەکە، نیوەی ئاوەکەی لێوە چۆڕاوەتەوە، بۆیە سازگار و فێنک بووە، بە جامێک لەو ئاوە دەروون و چەشەت دەکرێتەوە)، لەناو ناندینەکە، کەس نابینێت، دەزانێت دایکی لەماڵەوە نییە، بۆ دۆزینەوەی دایکی، بۆ ئامێزێکی گەرم و لاواندنەوە، نازی گەرم و برسیەتی هانی دەدات، چاو لە دایکی بگێڕێت. خەونەکە، کوڕەکە، سووک و چالاکی دەکات بڕوات، پەرۆشە، خەونە جوانەکەی بۆ دایکە ماندووەکەی بگێڕێتەوە، ئەو خەونی دیبوو:

منداڵەکە خەونی دیبوو، داپیری بە قوربانیشی دەبێت، باوکی ئاگاداریش نەبوو، ئەو خەون دەبینێت، سەری ئەو، لەناو سەری دایکییەوە خڕ و رەق بووە، سەرەکە بە هەست و نەست و دیتن و نیگاوە گرمۆڵە بووە، دەبێتە ئەو سەرەی کە بە ملییەوە بەستراوەتەوە.

هەر منداڵەکەیە خەونی دیوە، بۆیە بەر لە هاتنەوەی دایکی، لە شیرینە خەوەکە هەڵدەستێت و خەونی دیوە، دەستی و هەردوو پێیەکانی، لەناو دەست و پێیەکانی باوکی، بە گۆشت و بە ئێسقان و بە چەرم و بە دەمار و جۆگەلەکانی خوێنەوە، پەلیان

هاویشتووە، دەست و پێیەکانی لە دەست و پێیەکانی باوکییەوە پەیدابوون. ئەو خەونی دیبوو، چاوی، لە چاوی خوشکە گەورەکەی جیابوویتەوە و گەش بووە.

منداڵەکە، خەون دەبینێت و سەرسام دەبێت و نهێنییەکە دەدۆزێتەوە، بەپەلە دەیەوێ خەونەکەی سەرەتا و بەر لە هەموو کەسێک، بۆ دایکی بگێڕێتەوە، هەواڵێکی گەرمی پێیە، یان پرسیارێکی گرینگی بە مێشکدا هاتووە، دەیەوێ لە دایکی بپرسێت، منداڵە خەون دەبینێت و دەیەوێ پرسیار بکات، دایکیش یەکەم بونەوەرە وەڵامی پرسیاری منداڵ دەداتەوە، منداڵیش زۆر پرسیار دەکات، هەموو پرسەکانیش دروستن، هەموویان وەڵامیان دەوێت، بەو وەڵامانە، دایک، یەکەم مامۆستایە و منداڵیش فێر دەبێت، منداڵەکە دەیەوێ بپرسێت:

دایە گیان، تازە من لە خەو هەڵسام، بەڵام بەر لەوەی چاوەکانم بکەمەوە، خەونم دەبینی، دایە راستە سەری من لەناو سەری تۆ پەیدا بووە!؟

دایکەکە بە حەپەساوییەوە، کوڕەکە لە ئامێز دەگرێت و دەڵێت:

بەس سەر! سەر!

کوڕەکە بەستەزمانانە دەڵێت:

بەڵی دایە گیان، من لەو خەونەدا، سەرم، لەناو سەری تۆ هاتە دەرەوە، بەڵام سەری پیاوێک، نەک سەری ژنێک!

دایکەکە بە خەندەوە:

ئینجا کوڕم سەری منداڵ، دیار نییە سەری پیاوە یان ژنە، جیاوازییەکان لە بەشەکانی ترە، نەک لە سەر!

منداڵەکە، هەست بە گەرمی باوەشی دایکی دەکات، بەڵام نازانێت بپرسێت، کە ئەو لە خەو هەڵساوە، ئەو لە ماڵەوە نەبووە، ناپرسێت، بەڵام یەکەم کەس بیر لەو دەکاتەوە، خەونە جوانەکەی بۆ بگێڕێتەوە، ئەوە یەکەمجارە خەونی بەبیردێتەوە، دەزانێت وردەکارییەکانی خەونەکە بگێڕێتەوە. دیارە گەورە بووە، بوویتە خاوەن کەسایەتی خۆی، خەونی خۆی هەیە، لە منداڵییەوە مرۆڤ خەونی هەیە، ئەوەی هەستی پێ نەکات، ئەوەی خەونەکە لەناو کۆشی، لەنێوان پەنجەکانی دەستی بەرببێتەوە، بێ

خەون دەبێت، خەونت بەبیردا هات و خەونت گێڕایەوە، دەپرسیت، رامانت لەلا دروست دەبیت، وەڵامیش وەردەگریتەوە!

دایکەکە دەڵێت: کە لە خەو هەڵسایت، داوای منت کردبوو، ویستت یەکسەر خەونەکەم بۆ بگێڕیتەوە، پێش هەموویان خەونەکە بۆ من بکەیت، تا لەبیرت نەچێتەوە، ئێمەش خەونی زۆرمان بینی و لە بیرمان نەما بیگێڕینەوە، دایکمان لەوێ نەبوو بۆی بگێڕینەوە، من لە ماڵی دادە خاتوون بووم، ماڵی ئەفەندی، بەردەستی رۆزا خانم دەکرد، خاتوون کیژ و کوڕێکی بوو، دڵی خۆش بوو، لەوێ بووم. دوو بونەوەر لەدایکبوون، من لەوێ بووم، بۆیەش تۆ خەونت بە بوون و گیان دیوە!

....

دادە خاتوون و رەمزییە ئەفەندی، خۆشەویستی گەڕەکەکە بوون. کیژەکان بە قسەی ئەو، (ست خاتوون) بە داوا و پێداگری ئەو، دوو کیژ، ساڵانە زۆرتریش رەوانەی بەر خوێندن دەکران.

پیاوەکان، بە نامە و راسپاردەی ئەفەندی، زۆر دادەمەزان و ئیشیان دەست دەکەوت، بەڵام! ئەو کەم لە هەولێر بوو، لە هەر قەزا و ناحیەکی کوردستان، کاروباری قەزا و ناحییەکان شپرزە دەبوو، کێشەیەکی پارە و فایل و باجەکان پەیدا دەبوو، ئەویان بۆ چاکردنەوە و سازکردنەوەی، بە گواستنەوە و سەردانی کاتی و بە ئیفاد و بەسەرکردنەوە دەنارد. ئەو دەچووە ناحییەکانی سەرەوە، دەچووە قەزاکانی موسڵ، بۆ خوارووش رەوانە دەکرا. ئەو بەتەنها دەڕۆیشت، چونکە خاتوون حەزی نەدەکرد، دڵی نەدەهات، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش، رێگای نەدەدا، ژنەکە لەگەڵ مێردەکەی بڕوات، مامۆستایە ئینگلیزییەکەیان بڕوات، ئەو لە ماڵەوە، لەکن منداڵەکان و قوتابییەکانی دەمایەوە.

مێردەکەشی لە ماڵەوە نەبوو، خاتوون دەچێتە ماڵی دوو کیژە چاو گەورەکەی ناسیاریان. دوو کیژەکە. نەک چاویان، زۆر ئەندامی جەستەیان گەورە ببوو. ئەوان سەرەتایی تەواو دەکەن. بە خوێندن و نووسینەوە چاوەکانیان رەش دەبێت، بەژنیان هەڵدەدات و گەورە دەبن، بۆیە باوکیان دەڵێت:

کیژەکانم، هەتا منداڵ بوون و مەکتەبەکەتان نزیک بوو، چوونە بەر خوێندن، باشیش فێربوون، ئیتر تەواو. هەردووکیان چاوە رەشەکانیان سوور دەبن، بەژنە بەرزەکەیان دەچەمێنەوە. باوکیان هەر دەڵێت:

مەکتەبەکە دوورە و گەورە بوون و تەواو!

مامۆستا خاتوون، پەردەی بەر دەرگای ماڵەکە هەڵدەداتەوە و لەجیاتی دەرگا لێدان، دەنگیان دەدات و لێیان دەچێتە ژوورەوە:

تەواو نییە، خاڵە، هەردوو کیژەکەت زیرەک بوون، هەردووکیان دەبێ خوێندنی خۆیان تەواو بکەن و بچنە ناوەندییش! (مامۆستاکە هەر بە پێوەیە، ئەوانیش لەناو حەوشەکە پەرتبوون) ناکرێ نەخوێنن!

کیژەکان بە دیتنی خاتوون، دووبارە دەفتەر و کتێب و تەختەی رەشیان دێتەوە بەرچاو، دەگەشێنەوە، بەڵام! ئەوەندە وریا نەبوون، بزانن چۆن مامۆستاکە باوکیان رازی دەکات بچنە قۆناخی ناوەندی، هاتن و دانوستانەکە بواری ئەوەشی نەبوو، بیریش بکەنەوە، نەک دوو کیژەکە، هەموویان بیریان لەو هاتنە ناوەختە و داوایە زەحمەتە نەکردبووە.

مامۆستایەکەی زمانی ئینگلیزی، ئەوەی یەکەم کیژ بووە بۆ تەواوکردنی خانەی مامۆستایان دەچێتە بەغدا، جارێکیش لەگەڵ کیژە پوورەکانی، کە دەستەخوشکی شازادەکانی مەلیک بوون، دەچێتە ناو کۆشکی ریحابیش. لەوێ لە پەنجەرەکانی کۆشکەکەوە، کە بنەماڵەی پاشایەتی بە پارەی خۆیان دروستیان کردبوو. رووباری دیجلە بە جوانترین دیمەن دەبینێت، (زووتر رووباری نەدیبوو) بەوەش شادومان بوو، کۆشکەکە هێشتا نوێ بوو، یەک ساڵ بوو تەواو ببوو.

مامۆستاکەی ئینگلیزی، لەگەڵ باوکی و دایکی کیژەکە، کە خزم و ناسیاریش بوون، دەگەنە دەرئەنجام، لە دیوی پشتەوەی دیواری قوتابخانەکە دەرگایەکی بچووک بۆ ئەوان، ئەو ماڵانەی لە پشتەوە دەژین بکەنەوە، کیژەکانیان. راستەوخۆ و پێویستیان بە شەقامە سەرەکییەکە نەبێت، بێنە ناو مەکتەبەکە.

لەسەر پێشنیاری مامۆستاکە. مەعاریف. دەرگایەکی تر لە دیواری قوتابخانەکە، بەڵام لە پشتەوە دەکاتەوە. هەردوو کیژەکە. ناوەندی و دواییش ئامادەییش تەواو دەکەن. لە بەغداش، یەکێکیان بیرکاری و ئەوی تریشیان فیزیا تەواو دەکەن. دەبنە دوو چرای

ئەلمۆدەی قژ کورتی شارەکە. ئەوانیش هەزارەها کیژی شارەکە پێدەگەیێنن، بەبێ ئەوەی، پێویستیان، بە کردنەوەی دەرگای پشتەوەش بۆ کیژان هەبێت.

....

رەمزی دوو پانتۆڵ و چاکێت و چەند قەمیسێکی ئوتوکراو، هەندێ کەلوپەل و کتێبی لەناو باولەکەی دادەنا، بیریشی لەوە دەکردەوە، چی لەبیر نەچووە، ئینجا دەیووت:

_ خاتوون، سەرت لەسەر دەفتەرەکان قیت بکەرەوە و سەیرێکم بکە، من دەڕۆم! (بزەیەکی دەکرد و سەری باولەکەی دادەخست)، دەڵێم من دەڕۆم!

_ دەزانم، ئێستا پەستەکەی عەزیز، عەزیز پەست چاوەڕوانت دەکات، لەوە راهاتووین، زوو زوو تەلەفۆن بکە.

ئەفەندی دەڕۆیشت و دووبارە دەگەڕایەوە. بەڵامماڵەکەیان بەو ژنە کابانە و بەو مامۆستایە وریایە، ئاوەدان و گەرم بوو. ئەو هەر کابانی ماڵەوە نەبوو، باوکی کیژەکان نەبوو، مامۆستای زمانی ئینگلیزی مەکتەبی کچان نەبوو و بەس، ئەوەی لە کۆڵانەکەیان، لە کۆڵانەکەی پشت ئاشەکەش، لە بەرامبەریان، لەناو کرێچییەکانی ناو حەسارەکانیش، هەر کیژێک، هەر منداڵێک پرسیارێکی بیرکاریشی نەدەزانی، دایکی پێی دەووت، بڕۆ مامۆستا خاتوون فێرت دەکات. ئەوەی دەیویست، یەکەمجار گوێی لە دەنگی و لەرینەوەی زەنگی تەلەفۆن بێت، سەری لە ست خاتوون دەدا. لە ماڵەکەی ئەوان، کە لەسەر قەنەفەکان، کە دەستە دەستە کولیچەیان بۆ ژنەکە دەپێچایەوە و دەیانبرژاند. کە ئاوە تەماتە وشکبووەکەی ناو سینییەکانیان، بۆ ژنە مامۆستاکە لەناو شووشەیەکی زار بەرینی گەورە یان زیاتر لە یەک شووشە دەکرد. لەوێ و لەودەمانە، زەنگی تەلەفۆنەکەیان دەهات، گوێیان لە زەنگی تەلەفۆن دەبوو، هەستیان رادەگرت، تا جوان و زۆرترین دەنگەکە بچێتە ناو گوێچکەکانیان. ژنەکانی ناو حەوشەکە، منداڵەکانی پشت دایکیان، ئەوانەی لە برسانا، یان تەنگاو دەبوون دەنووزانەوە. ئەوانەی لووتە بە چڵمەکانیان بە شان و پیلی دایکیان دەسڕیەوە. هەموو، بە زەنگەکە بێدەنگ دەبوون. مامۆستا خاتوون، دەسکی تەلەفۆنە رەشەکەی هەڵدەگرت. مەئموری بەدالەکە. پیاوە چاو شینەکە. دەنگی هەموو خەڵکەکەی دەناسی، بە تایبەتی ناز و سۆزی دەنگی کیژەکان. چونکە، ئەوان زۆرتر لە پیاوان، تەلەفۆنەکانیان هەڵدەگرت و قسەی پێ دەکەن، ئەو دەڵێت:

ببوورە، من مەئمور بەدالەم، ژمارە (١٢)م لێداوە، ماڵی فەوزی فەندییە!؟

خاتوونم، بەڵێ، دیارە دەنگم ناناسیتەوە!

پیاوە چاو کەسکەکەی پشتی خەتەکە، شان گەورەکەی ناو ژوورە بچووکە گرێدراوە بە وایەر و سیم و بۆردە دارەکە، بە شەرمەوە:

_ بەڵێ، مامۆستا خاتوون، دەزانم، بەڵام باشترە بپرسم، من دەنگی هەموو ژنەکانی ئەو شارە، هەتا ئەوانەی لە دەرەوەش تەلەفۆنتان بۆ دەکەن، دەناسمەوە. دەزانم داوای کێ دەکەن، دەنگی هەمووتان دەناسمەوە.

مەئمور بەدالەکە (دەزانێت، بەڵام نایەوێ بڵێت، دەزانێت ژنەکان باسی کێ دەکەن، رازی هەموویان لەناو سینگ و دڵی ئەو شاردراوەتەوە. هەمووش، لەگەڵ خۆی لە قەبرەکەی دەشاردێنەوە. قەبری ئەو، ئینجا لە کام گۆڕستان و لەکام سەردەمیش بێت، دەبێتە دیوانە شیعر، دەبێتە نوزانەوەی ترسی رازەکان. لەناو قسەکانا نهێنی وای تێدایە، ئەگەر بزاندرێت، زۆر ئاراستە و پەیوەندییەکان دەگۆڕێت، بەڵام ئەو هیچیان لەکن خۆدی خۆشییەوە بە چرپەش باس ناکاتەوە. نەوەک هەر خۆی رۆژێکیان، لەودەمانەی دووەم پێکی قوورس دروست دەکات، لەودەمانەی تاریکە و چواردەورەکەی نابینێت، نەوەک رازەکە بدرکێنێت، ئەگەرچی درکاندنی رازیش رەنگە بە گۆڕان و بە سوود بێت)، ژنەکانی کۆڵانەکە، راز و پرسیارەکانیان، وەڵامی منداڵەکانیش لەکن دادە خاتوون بوو، یەکەم مامۆستای ژنی هەولێری.

......

خەونی منداڵەکە، لە هزری دایکی دەمینێتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە، ئەو منداڵە چۆن ئەو خەونە گەورەیەی دیوە، خەونەکە گەورەیە، من نایگێڕمەوە، تا بەتاڵ و پووچ نەبێتەوە.

منداڵەکە خەونی دیبوو: دایە دەست و پێیەکانم لەناو دەست و پێی باوکم درێژ بوون، پەنجەیان لێ ڕوواوە و نینۆکیان بۆ گرتن و توندبوون و پرشنگ گرتووە؟! کوڕەکە بە دایکی دەڵێت:

دایە راستە، توخوا پێم بڵێ، دانیشە و وەرە تەنیشتم، مەنجەڵەکەی دەستت دابنێ، دایکە گیان، ئارەقەی نیوچەوانت بسڕەوە و وەڵامم بدەرەوە. راستە! چاوەکانم لە چاوەکانی خوشکم و داپیرەم پەیدابووە، راستە، من ئەو خەونەم دیوە؟!

کە وەڵامی سەرەکە لە دایکی وەردەگرێتەوە و بڕوای پێ دەکات، پرسیارەکانی تریش دەکات!

منداڵەکە، کە لە خەو هەڵدەستێت و چاوەکانی دەکاتەوە، دایکی دیار نییە سەیری سەری بکات، بزانێت سەری لە کەلەسەر و نیوچەوان و چەناگە و لێو و روومەتەکانی دایکی دەچێت!

بەڵام، داپیرەکەی نەماوە بزانیت چاوی لە چاوەکانی ئەو دەچێت، باوکی لە ماڵ نییە، تا بزانێت پەنجە و ناولەپ و پێیەکانی لەو دەکات. منداڵەکە لەو سێبەرە و لەبەر سۆزە گەرمەکە خەون دەبینێت. دەستەکانی لەناو دەستی باوکی، چاوی لە چاوی خوشکە چاو خومارەکەی پەیدا بووە، خەونێکی دوورودرێژ دەبینێت، خەون بەوانە دەبینێت.

ئەو خەونێک دەبینێت، هیچ منداڵێکی ئەو گەڕەک و گەڕەکەکانی تر و شارەکانیش، ئەو خەونەیان نەدیبوو. کەسیان نەیانپرسیبوو، چۆن لەدایکبوون! کەسیان دەستیان لە سکی دایکیان دانەدابوو، سەیری ناو شەرواڵی باوکیان نەکردبوو، چۆن ئەوان لەو سکە و لەناو ئەو شەرواڵە فشە پینەکراوە دروستبوون و پەیدابوون. کەسیان نەوێراون، دەست لە شەرواڵەکەی باوکیان رابکەن، بزانن چۆن منداڵ لەوێ پەیدا دەبێت!؟ منداڵی شارە گەورەکان، منداڵی ئەو گەڕەکانە، خەونی شاری و گەڕەکی گەورە دەبینن. خەون بە بازاڕ دەبینن! لە شار، تەنها خەون بە کێشان و رەنگ و راستەڕێ و ئاینەکان نابینن، خەون بە خۆشیانەوە دەبین. خەونەکانیان جیاوازە، چونکە شار لەگەڵ هەوارەکانی تری ژیان جیاوازە!

....

منداڵێکی تر و لە سەردەمانێکی تر و لە ژینگەیەکی زۆر جیاواز. لەو ماڵەی لەناو خانووێکی بە دەرگا و حەوشە و قەمتەرەیەکی بڵند ژیابێت. بەیانییەکیان، ئەو منداڵە لەبەر گەرمی ئاگردانەکە، خەوی لێ دەکەوێتەوە و خەونێک دەبینێت، خەون بە ئاو

دەبینێت. ئەو گوندە گەورەیە، ئەو هەموو ژن و پیاو، نوێژ و خۆبسمیلکردن و خۆجوانکردنە، ورگی گەورەی مانگانەکان، هەناوی گەرمی مەڕ و بزنەکان، دوو سێ داری گەورەی توو، قامیشەکانی بەر دەرگای مزگەوت و بەردەرگا و قەمتەرەکان، سەرچاوەی ئاوی هەموویان، لەو بیرەیە!

ئاوەکە لەو بیرە هەڵدەهێجنن. ئاوەکە بەشی هەموویان دەکات. منداڵەکە خەون بەوە دەبینێت، بیرەکە زۆر قووڵە، بە چەندین کانی چاو جوان و گەردەن سپی بەستراوەتەوە، ئەوانیش بە چەندین رووبار. رووبارەکانیش بە دەریاکان بەستراونەتەوە. منداڵەکە بەر لەوەی بچێتە سەر جۆخینەکە و دایکی بدۆزێتەوە، دەگاتە سەر بیرەکە، رەنگی ئاو و هەڵمی فڕین و جریوەی دڵۆپە و نازە شلەکەی ئاو، هەڵوەستەیەکی پێ دەکات، خەونەکەی کەمێک لەبیر دەبات! منداڵەکە بەر لەوەی دایکی بدۆزێتەوە و خەونەکەی بۆ بگێڕێتەوە، دەیەوێ بزانێت: چاوی ئاوی بیرەکە، وەک چاوی دایکیەتی. ویستی تێبگات، ئەو ئاوە ساردە شیرینە بۆ بە زەحمەتی دەردێت! سەفەری گێڕانەوەی خەونەکە، چاوی بیرەکە و روومەتی ئاوی ناو بیرەکە، سەفەری خۆی و کیژەکەی بەربیرەکە و کوڕە فەقێیەکە دەگۆڕێت!

ئەو منداڵ بوو، نەیدەزانی ئاو، لە وڵات و گوند و چەمەکان، بەئاسانی و بە لەنجەلاریش دەڕوات. ئاوەکە بۆ دیتن و گەیشتن کاروانی دووریش دەبڕێت! منداڵەکە، تا بەژن و چاو و دایک و باوکی ئاوەکە ببینێت. سەری لە بیرەکە نەوی دەکات، سەری زۆر شۆڕدەکاتەوە، منداڵەکە نازانێت دەستی بە لادیوارەکەوە بگرێت. نەیدەزانی ئەگەر سەیری ئاوەکە بکات، دەبوایە دەستی بە کەوای ژنەکەی سەر بیرەکە بگرێت! نەیدەزانی ئاوێنەی ئاوەکە مەستی دەکات. کێش و پارسەنگییەکەی لار دەکات و بەردەبێتەوە. کیژەکەی سەربیرەکەش، عاشقە، هۆشی لە خۆی نییە، ئاگادار نییە، منداڵێک هاتووە خەونی بوونی ئاو، لەو بیرە قووڵە تێ بگات.

چاوی کیژەکەش بوویتە کانییەکی روون، لە دوورەوە فەقێیەک دەیەوێ و هاتووە، بەو بەیانییە، ئاوی لێ بخواتەوە و پێی بڵێت:

من لەو خوێندنە بێزاربووم، لە دەرۆزەکردنەکە هەراسان بووم. دەمەوێ دەستخەت و خوێندەوارییەکەی خۆم، بە ئەندازیارە ئینگلیزەکەی هێڵی شەمەندەفەرەکە نیشان

بدەم. لەوێ دامەزرێم. لەوێش، بەو کارە و بەو پارەیەی مانگانە وەریدەگرم، بگەمە ناو شار. کوڕە فەقێیەکە دەیویست بە کیژەکە بڵێت:

من دەڕۆم، یەکجار دەگەڕێمەوە ئەو گوندە، بۆ تۆ دەگەڕێمەوە، تۆ دەخوازم.

فەقێیەکە لە دوورەوە دەڵێت:

با کەمێک لە دوورەوە سەیری بکەم، با ئەو منداڵەش بڕوات، بەو بەیانییە ئەو منداڵە لە کوێ پەیدا بوو.

منداڵ خەون ببینێت، دەزانێت خەونیش بگێڕێتەوە، بۆیە نەدەکرا، بە ئامادەبوون و بوونی منداڵەکە، فەقێیەکە باسی خەونەکەی خۆی بکات و بڕیارەکەی بۆ راڤە بکات.

هەردووکیان سەیری یەکتر دەکەن، لە نیگای ئەو ئاسۆیەدا، منداڵەکە ون دەبێت، ناڕوات، بەڵام ون دەبێت، بوارەکەیان بۆ خۆش ناکات، چونکە منداڵەکە دەکەوێتە ناو بیرەکە، فەقێیەکەش بە هاواری کیژەکە و گەڕانەوەی گوریسەکەی پشتی دایکی کە بۆی رادەکێشا، دەگاتە ناو بیرەکە و منداڵەکە دەردەهێنێت، لەو قوربانییەدا فەقێیەکە بە کیژەکە دەڵێت:

من دەڕۆم و واز لە فەقێیەتی دەهێنم، بەڵام واز لە تۆ و لەو منداڵەش ناهێنم، بۆ هەردووکتان دەگەڕێمەوە.

....

تازە شەڕەکانی جیهانی دووەم کۆتایی هاتبوو، لە ئوشڤیتزی پۆلۆنی، کارەساتی بەندکردن و برسیکردن و بەگازسووتانی جوولەکەکان ئاشکرا دەبوو، رۆژانە هەواڵەکان، بە چەندین شێوە بڵاودەبوونەوە، دەنووسرا، زیانی گیانی سەر سنوور و ناو شارەکانی سۆڤیەت زۆرترن، لە شەڕەکانی سوپای ئەمریکی، لە ژاپۆن  کاولکاری و کوشتنەکان زۆرن!

شەڕەکان لە بەرژەوەندی و سەرکەوتنی هاوپەیمانان بوو، بەو شەڕانە ئەمریکا زۆرتر دەست و دەستکەوتی دەگاتە ناو ئەوروپا، وڵاتەکانیش دابەش دەبوون. وتارەکانی لەو رۆژنامە دەنووسران، مەلا مەجیدی ماندوو دەکرد، نەیدەزانی کامیان راستن، ئەو رەوشە

بە چ ئاراستەیەک دەڕوات، ڕاستە بەر لە کۆتایی شەڕەکە، شەقام و بازاڕ و حزب و سوپاکەی ئەو وڵاتە، دوو بەش بوون:

بەشێکیان لەگەڵ هیلتەر دەستیان بەرز دەکردەوە، مەڵا و شێخ و بەگزادەش هەبوو، شانازی بە خاچە شکاوەکەی نازییەت دەکرد. ئەفەندی و وڵاتپارێزیش هەبوو، ڕۆملی خۆشدەویست و حەزی نەدەکرد لە شەڕەکەی عەلەمێن بشکێت، ئەڵمانەکان بگەنە ناوچەکەی ئەوانیش، بەرەیەکی تریش هەبوو:

هەتا دوا نان و نوێژ و دوعاش لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی بوون، کە عوسمانییەکان دەشکێن، فەرمانەکانی ناو دیوەخانەکان هەڵدەگرن، دیارییەکانی والی دەشارنەوە، بەئاشکرا پشتیوانی سەرکەوتنەکانی ئینگلیز دەکەن، بە هاتنی هێڵی ئاسن و کردنەوەی ڕێگای هاملتۆن، نیگەران نابن و ناترسن!

....

ئەندازیارەکە، لەسەر کورسییە باریکە تێلبەندەکە دانیشتبوو، سەیری ڕۆژنامە ئینگلیزییەکەی دەکرد. هەفتانە چەند دانەیەک لەو ڕۆژنامە ئینگلیزی و هیندییانە دەگەیشتنە کتێبفرۆشەکەی بن قەڵات. دەیخوێندەوە و سەری لە نامە و بابەتی ڕۆژنامەکانی خۆیانیش دەرنەدەچوو، بۆیە ئەندازیارەکە بە مەلا مەجید دەڵێت:

مەلا، حەز دەکەین بزانین، ئەو شەڕە بەرەو کام لا دەشکێتەوە، هیتلەر لەگەڵ ئیڤا براون دەکوژرێن، کەی دەگیرێن، کەی بەرلین دەگیرێت؟! ئێمە لەوێیەوە نامەمان بۆ هاتووە، برادەرەکانمان لەناو بەرلین، ئەمریکییەکان، ئینگلیزەکان، ڕووسەکان، هەموو ڕەگەز و دەستەیەکی سەربازی نەتەوە و حکومەتەکان لەناو بەرلینی کەلاوە و وێران کۆبونەتەوە، دەرئەنجام بە چ دەگات!؟

....

بەڵام! مەلا زۆرتر بڕوای بە قسەی ئەندازیارە ئینگلیزەکە دەکرد، دەیزانی قسەکانی ئەوان لە ستوونی ڕۆژنامە و قسە و لێکدانەوەی رادیۆییەکان تەواوترە... دڵنیابوو، نازییەت و خاچەکەیان شکا. ئاڵای سوور و هزرەکەیان لەناو چوو. تێگەیشت، ئەوانەی لەبن قەڵات و لەناو چایەخانە و دیوەخانەکان، دەهۆڵیان بۆ ئەلەمانی کوردی لێدەدا، کلکیان پێچاوەتەوە و چاویان شۆرە، بە ئەوانەی تریش دەڵێن:

هەر ئێوەش پیاوی تورک و سوڵتانی عوسمانی بوون، وا بونەتە پیاوی ئینگلیز. رۆژانە دەنگۆی ئەوە بڵاودەکەنەوە، قەتار و فارگۆنەکان زۆریان نەماوە بگەنە ناو شار، دەڵێن:

ئەو قەتارە نیشانەی پێشکەوتن و ئاوەدانییە. درۆیە بۆ بڵاوبونەوە و تەبشیریەتی مەسیحیەت نییە! بۆ هاتووچۆ و گەیاندنە.

....

مەلا مەجید، ئەندازیارە ئینگلیزەکە رازی دەکات. ئەو کوڕەی باوکی کلۆیەک و کێشکەیەکی لەناو باخەڵ دەپەستێت. بەنادڵییەوە بەگەڵ حەسەنە کۆری دەدات، بەرەبەری بەیانی رۆژێکی ساماڵ، بەیانییەکی فێنک بەرەو هەولێری دەنێرێت. دایمەزرێنێت.

کوڕەکە، پیاوە کوێرەکەی بەیانییان زوو بەرەو هەولێر بەڕێدەکەوت، بۆن هاری کردبوو. رۆژێکیان، بەیانییەکیان، بەڵام خۆرەکە گەرم ببوو، دووکانەکانی قەیسەری و دووکانەکانی بەر مزگەوتەکەی بازاڕ کرابونەوە. بەیانییەکیان لەگەڵ هەڵڕشتنی دوو فەردە کاییەکە، لەگەڵ کردنەوەی سەری ماستەکە، بۆنی ژنێک دەکات. ژنێک بۆنی سینگ و بەرمەمک و بەرباخەڵ و گەردەنی لێ نزیک دەکاتەوە. ژنەکە. دەیزانی نابینایە، خۆی لێ نزیک دەکاتەوە. لەجیاتی روومەتی سپی، لەجیاتی دەستی نەرم و کەفەڵی تەڕ بۆنی تێ دەکات. بە بۆن، پیاوە نابیناکە هار دەکات! بۆیەش چەندین ساڵە، ئەو رۆژەی بارانێکی بە لێزمە نەبێت، ئەو بەیانییەی کەند و بەست و چۆمەکان، بە ئاو نەگیرابن. ئەو وەرزەی چاڵەکانیان گەنم و جۆ و کای تێدا نەمابێت.

ئەگەرنا ئەو بۆ کاسبی دۆزینەوەی بۆنەکە، بۆ دووبارە نزیکبوونەوە لە ژن و لە سینگ و بەرمەمک و سێبەر و جامە ئاوێکی فێنکی ناو کووپەیەکی ناوقەد ئەستووری کۆن، دەچێتە شار.

کوڕەکە لەگەڵ ئەو پیاوە، دەگەنە نزیک کرێکارەکانی هێڵی شەمەندەفەرەکە. لەوێ لەبەر سێبەرەکە. لەکاتی پشوودان و چاخواردنەوە، کرێکارەکان دەیانووت:

رێلی نوێمان بۆ دێت. ئیمڕۆ، سەرە قەتارەکە، دەگاتە سەر دوا رێلی دانراوی هێڵەکە. قەتارەکە، پشتەوەی بە رێلی نوێی ئاسن بارکراوە، هەموومان خۆمان لە رێلە ئاسنەکان

وەردەنێین، بەیەکەوە دایاندەگرینە خوارەوە. بەڵام! فۆرمانە هیندییەکە پیاوێکی بە بەزەییە، ئینگلیزەکەش پێی وتووە:

بەیانییان زوو رێلەکان بهێنە خوارەوە. ئاسنەکان گەرمن، سووربونەوەتەوە. کەی دونیا فێنک بوون، با کرێکارەکان دەستیان نەسووتێت.

مەلا مەجید، کەمێک خۆی دەخشێنێت، دەگاتەوە بەر سێبەرەکە. لاپەڕە پانەکەی رۆژنامەکە قەد دەکات. ئەو چەند دێرێک بەدەنگ دەخوێنێتەوە. بە چەند دێرێک ئەو هەواڵە نووسرابوو. بەڵام ئەندازیارە ئینگلیزەکە، لەگەڵ سەگەکەی دوور کەوتبووە، ئەگەرنا زۆر کەیفی بەو هەواڵە دەهات، نووسرابوو:

ئیڤا براون نەماوە. بەدڵنیاییەوە کوژراوە. لەناو کەلاوە و چڕە دووکەڵی بەرلین، توولە سەگە رەشە گوێ قیتەکەی ئەو ژنەیان دیوە. سەگەکەیان بینیووە بە شەلەشەل، بە نوزە نوزە و گوێچکەی پوتەوە، بەدوای مشکێکی تۆپیوو، پەنیرێکی سێگۆشەی بۆگەنی و سڵقە سوورێکی سپی نەکراوە، لەبن بەرد و پەردوو و دینگەی ڕماودا، پەرۆشانە گەڕاوە.

....

دوو کرێکاری خزمی مەلا مەجید، لە کورسییەکەی ئەو نزیک دەبنەوە، بەدلە شینی نوێیان لەبەردابوو، یەکێکیان پێی دەڵێت:

_ ئەو کوڕەش خزمی خۆمانە، کێیە؟!

وەڵامی مەلا مەجید، کوڕەکە شاناز و بەهێز دەکات، کە ئەو دەڵێت:

_ خزمی منە! ئێوە نایناسن!

_ پیاوێکیان قاچی لەسەر قاچی دانابوو، کە دەیەوێ وەڵامی مەلا مەجید بداتەوە، قاچی دەهێنێتە خوارەوە و دەڵێت:

_ ئەگەر کەسی تۆ بێت، کەسی ئێمەشە!

...

ئەو، کە دێتە هەولێر، یەکەمجارە هاتووە و ناگەڕێتەوە. ناکرێ بگەڕێتەوە. کوڕەزاکەی لەسەر لیستی تواناساز، دەچێتە ئەوروپا و خوێندنەکەی تەواو دەکا. بەپەلەش دەست

بە وێنەی کۆنە دەرگایەکی ناو کۆڵانێکی گەڕەکی تەعجیلی کۆتایی سییەکان یان سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم، بە سۆز و بە شەوقەوە دەگەڕێتەوە. بەڵام! ئەو ناگەڕێتەوە گوندەکەیان، چۆن بگەڕێتەوە، چونکە! ئەوەی لەناو دەستی بوو، نەما لە دەستی داوە و هەڵفڕی، داواکەی باوکی جێبەجێ ناکات و ناگەڕێتەوە.

کاکە سوور، دوایی ناوی دەبێتە سەعید. ناوی لە قەیدی تەموین هەبووە، یان باوکی دوودڵ بووە ناوی بنووسێت. ئەگەر دەینووسی دەبێتە عەسکەر. ئەگەر ناونووسی ناکات، تەموینەکەی دەڕوات. ئەو هاتووە و کەس لەو شارە ناناسێت، وادەزانێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوونی نییە، کەس کەس ناناسێت. ئەو نازانێت، ژنە ئەرمەنە سوور و سپییە باسک ناسکەکە، مامانی سەدان ژنی کردووە، زۆربەی کوڕ و کیژەکانی ئەو شارە، بە دەستی ئەو و دەرمان و هاندانی ئەو لەدایکبوون.

دایکێک، لە دوای سێ کیژی جوان، کە گەورە دەبن، کە دەگەنە زانکۆ و ناو شارەکە، دەبنە سێ فانووسی گەش. دەبنە بەهاری گەڕەک و شارەکەش. سێ کیژەکە، بە بسکە درێژەکانیان. تەنوورە کورت و چاورەش و دەست و کتێبەکانیان دەناسرانەوە. هەموو کیژەکانی شارەکە، ئەوانەی دەچوونە مەکتەب، وەک ئەوان بوون. بەڵام! ئەوان، سێ خوشکەکە بەوە دەناسرانەوە، دایکیان یەکەمین ژنە هەولێریی بووە، بوویتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی، لەگەڵ کیژە پلکەکانی، لە بەغدا کە دەستە خوشکی شازادەکانی بنەماڵەی پاشا بوون، لەوێ شازادەکان، لەگەڵ چنین، دەست و داوە رەنگین و شیشکەکانیان، سەربردەی زۆریان بۆ گێڕاونەتەوە. باسی بەیروت و حەلەب و ئاستنبۆلیان بۆ کردووە. شازادەکان، پێی دەڵێن: ئێمە هاوینەکان، لە کۆشکی پاشایەتی (سەربەن) و (سەری رەش) بەسەر دەبەین.

بەیانییەکیان، ژنە مامۆستاکە، لە گەڵ دەنگی مەستەفای لۆبیا فرۆشی ناو کۆڵانەکەیان، کیژێکی تری دەبێت. ژنە مامۆستاکە دەگرێت، پڕ بە قوورگی دەگرێت، لە خودا ناترسێت و دەگرێت. بەڵام لە مێردەکەی دەترسێت. ژنەکە چوارەم کیژی بۆ دەهێنێت. رۆژا بەر لە بەربوونەوەی کیژەکە، بە ژنەکە دەڵێت:

_ خاتوون، راستە دوو سێ رۆژە بەرەژانت لێ هاتووە، بەرەژانەکانت نەرم و تیژ بوون، نازانم، دوو جۆرە ژانت هەبووە، چونکە ژانە تیژەکەت کیژە، ژانە نەرمەکەت کوڕە، نازانم! بەڵام هێشتا ژانی گەورەت لێ نییە، دەچمەوە، پارووە نانێک ئامادە دەکەم، وا

دەنگی مەستەفا لۆبیاش لە دوورەوە دێ، جامێک لۆبیاش بۆ منداڵەکان دەکڕم، لەگەڵ خۆم هێلاناش دەهێنم. ئەویش تۆی خۆشدەوێت، چەند رۆژە پێم دەڵێت:

ئاگادارم بکەرەوە، هەر خاتوون ژانی هاتێ، پێم بڵێ!

هێلانا، ژنە باریکەکە. تەنوورە و شاڵەکەی ملی، گوڵستانێکی گەڕۆک و شنەیەکی فێنکیش بوو. چاوێکی کەسک و چاوەکەی تریشی، تا باش بناسرێتەوە و دیار و باڵکێش بێت، سەوزییەکەی روون و سارد و نەرمتر بوو. بالایەکی بەرز و چاوێکی رووناک و ژنێکی خاوێن. رۆژانە لەناو کۆلانە باریکەکان دەبینرا، سەرێکی لە کلێسا بچووکەکە دەدا. دەچووە ناو بازاڕیش، لەگەڵ ژنەکانیش دەچووە حەمام. بەلام هەرگیز قبووڵی نەبوو، سەرشۆرەکان بیشۆن. ماوەماوەش لەگەڵ هاملتۆنی هاوسەری دەڕۆیشت و لە کەمپەکانی سەر رێگاکە دەمایەوە. ئەو دەیووت:

ژیانی ناو ئەو رەوەندانەم پێ خۆشە. بەلام! بەداخەوە کامیراکەم لەو سەفەرەدا پێ نەبوو. ئەگەرنا هەموو دیمەنەکانی ژیان و چاو و چەکەرەی دار و باڵی پەپوولەکان، باڵکێش و شیاوی وێنەگرتن و گرتەی هونەری نازدارن.

ژنەکەی هاملتۆن، مێردەکەی لە گوندەکانی لای گەلی عەلی بەگ بوو. ئەو بەیانییە نوێژی کلێساشی تەواو کردبوو. لەسەرخۆ. دەرگاکەی دادەخات و دەگەڕێتەوە ماڵەوە. بەر لەوەی ئەو بێتە دەرەوە، دوو پیر، ژنێک و پیاوێک، لە کلێساکە دەهاتنە دەرەوە، دیارە ئەوانە یان میوانن، یان تازە لە موسڵ و ناو بەرواریيەکانەوە هاتوون. میوانی (پۆلیسی دەرمانفرۆش)ن. یان (مامۆستاکەی ئینگلیزی مەتی دەرمان)، ئەویش خزمی زۆرە. ئاسوورییەکان. لە هەموو ناحیە و قەزاکان دەژین. هەردووکیان دەچنە کۆلانی ماڵە دیانەکان. ئەوانەی لە بازاڕیش لە تەنیشت یەک، دووکانی زێڕینگرییان هەیە. هێلانا وتبووی:

ئەو هەفتەیە هاملتۆن ناگەڕێتەوە، ئاغاکانی سوورچییان بردویانەتە کوێستان، رێگاکەش بەرەو کۆتایی دەچێت. خەمی گەورەی ئەو بڕینەکەی گەلی عەلی بەگ بوو، ئەویشیان تەواو کردووە. ئینجا هەر سەفەر دەکات. سەفەر و قسە و سەربردەی خەڵکی ناوچەکە دەنووسێتەوە. لەگەڵ خەڵکی گوندەکان، پاسەوانەکانی، ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکە قسە و دانوستان دەکات. دەیەوێ هاوشانی ئیشەکەی، نەخشەکەی، رێگاکەش هەموو زیندەوەر و گیاوگۆڵی ناوچەکە بەناو و بە خەسڵەتەوە

دەنووسێتەوە. ئینجا، پاش چەند ساڵێک دەفتەرەکەی بەر باخەڵی، دەبێتە کتێبێکی گەورە. کتێبەکەش بازاڕەکانی بریتانیا پڕ دەکات. چەند دانەیەکی دەگاتە بەیروتیش. ژنەکە بە رۆزا پێی دەڵێت:

رۆزا. لە بیرت نەچێت. ئەگەر خاتوون. من لەو کۆڵانە تەنگەبەرە، بەو ژنە دڵم دەکرێتەوە. ئەدی دوو کیژەکەی گەورەکەی گچکەشی، بسکیان، چاویان چەند شیرینە!

_ هێلانا، چاو شیرین دەبێت!؟

_ چاوی شیرین و چاوی تاڵیش هەیە. کێشە نییە، هەر خاتوون، ژانی گەورەی هاتێ، منیش بانگ بکە. من دەستی بەسەر سکی دادەهێنم. ئەو بڕوای بە من هەیە. ژنێکی کراوەیە. ئەو یەکەم کیژ بووە بۆ خوێندن چوویتە بەغدا، خاتوون...

هێلانا، نەیدەهێشت خاچە زێڕە ورد و گچکەکەی ملی، کە بە دیاریی لە هاملتۆنی هاوژینی، پاش ئەوەی بۆ جێبەجێکردنی رێگاکەی هەولێر حاجی ئۆمەران و مەرزی ئیران بەرێدەکەوێت، هێشتا لە ناوچەکانی دیوانییە بوون، لەناو دارخورما و زەوییە تەختەکان بوون بۆی دەکڕێت. بە دەرەوە بێت. زۆریش بە رۆزای دەوت:

تۆ نەک خاچەکەت ناشاریتەوە! بەردەوام سینگ و قۆڵت رووتە، لە دوورەوە دیارە موسڵمان نیت، وا باشترە کەمێک لە خەڵکەکە نزیک ببیتەوە. ئەو پێی دەڵێت:

هێلانا، کە ژنەکە ژانی هاتێ و تۆیان بانگ کرد، منیش دێم. ئەو ژنەم خۆشدەوێت. چەند جار منی لە پەنجەرەکەوە دیوە، تەقەیەکی لە شووشەکە کردووە و بانگی کردووم. بانگی کردووم و وتویەتی:

_ وەرە خانم، هێلانا، وەرە. کەسمان لە ماڵ نییە. دەوامیش تەواو بووە. وەرە ژوورەوە قاوەیەکت بۆ دەکەم. هەرگیز لە لەندەنیش ئەو قاوەیەت نەخواردبێتەوە. (لەبیری دەچوو، هەر لە ماڵەکەی ئەوان، من چەند جار ئەو قاوەیەم خواردیتەوە)، وەرە، حەز دەکەم زمانە ئینگلیزییەکەشم باش دەبێت. تۆش کوردییەکەت باشتر دەبێت، وەرە. دیمەنی سەر و چاو و روومەت و ئاکاری خاتوون، لەناو پەنجەرەکە، لە دوورەوە بە تابلۆیەکی ناو چوارچێوە دەچوو، وێنەی کیژی کافرۆش بوو.

....

خاتوون، مامۆستاکەی زمانی ئینگلیزی. تەمەنی دوو ساڵان بوو، کە ئەوان ماڵیان لە قەڵات هاتووتە خوارەوە. لە گەڕەکی سەرای قەڵات لەدایکبووە. سەرەتاییەکەی لە قەڵات تەواو دەکات. ئەودەمانە قوتابی دەرچووی سەرەتایی لە خانەی مامۆستایان وەردەگیرا، هەر ئەو ساڵە، بۆ خوێندنی مامۆستایەتی دەچێتە بەغدا. لەگەڵ دەستە خوشکەکانی، کیژە پوورەکانی، هەموو بەغدای پشکنی بوو، دەیووت:

ساڵی یەکەمم بوو، کیژە پلکەکانم دەستە خوشکی خوشکەکانی مەلیک بوون. ئەو چەند ساڵەی لە بەغدا بووم، بە سەردان، ساڵانە دوو جار دەگەڕامەوە هەولێر. دەستە کیژێکی کورد بووین، سلێمانی و کۆیی و رواندزییمان لەناودا بوو، بەیەکەوە دەچووینە و دەگەڕاینەوە. کە من دەگەیشتمەوە ناوشار، شوفێرەکان منیان دەناسی، بە جانتاوە هەتا بەر دەرگای ماڵەوەشیان دەبردمەوە. منیش کە لە پەنجەرەکەوە سەیری شەقام و بەرچایەخانە و منارەی مزگەوتەکان دەکرد، هەر ئەوانەشم لێوە دیاربوو، دڵم بەخۆمان دەسووتا، ئێمە لە کوێ و بەغدا و دیجلە و شوریجە لە کوێ**!؟**

خاتوون. دەرگا دارەکەی بۆ هێلانا دەکردەوە. دەرگای دەرەوەیان پەردەی پێوە نەبوو، ئەوان و چەند ماڵێکی تر، دەرگاکەی دەرەوەیان پەردەی قوماشی پێوە نەبوو. (ماڵە دیانەکانیش، زۆربەیان پەردەیان بە دەرگاکانیان هەڵنەدەواسی، بەتایبەتی ئەوانەی منداڵی زۆریان هەبوایە، ماڵە دەوڵەمەندەکان پەردەی داریان هەبوو، پیرەکان بۆ گاڵتە و سەردان و پرسیاریش، بە نووکی گۆپاڵەکانیان، پەردەکانیان هەڵدەدایەوە، تا دەنگیان بگاتە ژووری بنەبانێ ماڵە ناسیارەکانیان، بگاتە بەر سەماوەر و ژوورەکەی سەرەوە).

خاتوون دەرگاکەی بۆ هێلانا دەکردەوە. یەکسەر حەوشەکە. بە چوارگۆشەییەوە دەکرایەوە. حەوشەیەکی پاک و شووراو. بۆنی رەشەرێحان و گوڵە نێرگز و ئاوی فێنک و کەباب و قەیسی و گۆرانی رەسووڵ گەردی لێ دەکات. لە حەوشەکە. دوو ریز قەنەفەی داپۆشراو بە چەرچەفی گوڵداری قەزمەنووشتی سیمدار دانرابوو. قەنەفەکان. پشتیان لە قەنەفەی چایەخانەکان بەرزتر بوو. رەنگی دارەکەیان سوورتر دیار بوون، پێچکەکانیان ئەستوور و نەخشین. وەک پاژنەی ژنە لووس و چەور و تەڕەکانی نە خۆریان بەردەکەوت، نە دەیانهێشت لە دوو سەعات زۆرتر غوسلی شەویان پێوە بمینێت، لووس و سپی و شەوقدار بوون. خاتوون دەیووت:

بابی شەونم، چەند جار دەچێتە موسڵ، هەتا بەو قەنەفانە رازی دەبێت و دەیانکڕێت. شەونم و شەوبۆش، زۆر خۆش لەسەر ئەو قەنەفەیە نیوەڕۆیان خەویان لێ دەکەوێت. بەردەوام کتێب، کۆنە کتێبی زۆریش، لەسەر قەنەفەکە وەک نەخشەکان دەبینران. نەخشەکان. بە پەنجە و چاو و هزری کیژێکی عاشق نەخشابوون.

....

ژانی ژنەکە توندتر دەبێت. شەونم و شەوبۆ وەک بروسکە، وەک تۆپی لاستیکی سێ درهەمی کوڕێکی لاسار. بە راکردن، خێرا و توند. دەگەنە بەر دەرگای ماڵی رۆزا و هاواری دایکیان دەگەیێنێن. ئەوان هیچ ناڵێن، دوو کیژەکە، بسکیان وەک هەردوو دەستیان شۆڕببوونەوە و حەپەساو دەوەستن. ژنەکە تێدەگات و پێویست بەوە ناکات ئەوان هیچ بڵێن، بوار نادات، کیژەکان لە خەمی دایکیان و ژانە گەورەکەی دەمیان بکەنەوە، بەس سەیری چاویان دەکات. دوو کیژەکە. لەودەمانە رەنگە لە بوونی خۆیان بێزار و تووڕەش دەبن و بڵێن دایکم بەستەزمانە، بۆ ئێمەش ئەو ژانەی لێ بووە. بڵێن ناسکی ئێمە، نازی ئێمە بەو ژانەوە پەیدا بووە! بۆ ئێمەش وا پەرۆش و سەخڵەت بووە، ئاگایان لە رەونەقی بسکیان نەبوو، کە دەڵێن:

باجی وەرە دایکم، دایکم وا دەمرێت، قیژەی دەگاتە ئاسمان.

پێویست بەوە ناکات، ئەوان قسە بکەن. رۆزا لە ماڵەوە دەردەچێت، لزگین دەڕوات و پێویستی بە عەبا و سەرپۆش نییە. ئەو ژنە دیانە و ناوگەڵی ژنانی هەموو گەڕەکەکە و سێ گەڕەکەکەی قەڵاتیشی دیوە. شەرم لە کێ بکات، لەو دەرچوونە و لەو منداڵبوونە رۆزا دەزانێت، لەدایکبوونی کوڕێک لەو ماڵەوە، بەو بەیانییە، موژدەیەکی باشە و مامانییەکەی بێجگە لە دینارێک، پاش ناوک بڕینی کوڕێک، لەگەڵ دینارەکە، دیاری زۆریش وەردەگرێت.

ژنەکە، (دەبێ لەگەڵ دینارەکەی خاتوون، ئەفەندی، ئەگەرچی لە هەولێریش نییە، چ دیارییەکم بداتێ)، کوڕیان دەبێت، ئەگەر بەختیار بم!

مامانەکە بەر لەوەی بچێتە دەرەوە، لەبەر دەرگاکە، هەردوو دەستی هەتا ئەنیشکی جوان بە سابوونەکە دەشوات. دەزانێت پارەیەکی باش وەردەگرێت، ئەگەر ناوکی برایەک بۆ سێ خوشکەکە و مامۆستا و ئەفەندییەکە ببڕێت. ژنەکە خۆی مامۆستایە و

یەکەم ژنە لە بەغدا خوێندنی تەواو کردووە، یەکەم مامۆستا بووە زمانی ئینگلیزی بە کچانی ئەو شارە داوە. مێردەکەشی، لەوەتی لە قەلآت هاتوونەتە خوارەوە، لە لیوا باش کاتب بووە. لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانیش، هەتا دەگاتە بەدرە و مەندەلییش، مائموری مالی کردووە. کە یانەی فەرمانبەران، لە گۆشەیەکی گۆڕستانەکەی چراخ، بەرامبەر قوتابخانەکە و باخەکەی خەلیلە فەندی دەکرێتەوە. شەوانە ئەگەر لە هەولێر بێت لەگەڵ هاوڕێیەکانی کۆدەبێتەوە. لەوێ و لەو بۆنەیە سوێند دەخوات بگەڕێتەوە هەولێر. چیتر، قەزا و ناحیەی دوور و نزیکەکانیش نەکات، نەچێتە (گوێر)یش. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکە، هاتنی فائیق بێکەس و مۆڵەت و هاتنەوەی ئەو لە مەندەلی، ئاهەنگی کردنەوەی یانەکە چەند رۆژێک بە پێش دەخەن.

رۆزا بە بوونی کیژەکە زۆرتر لە دایکی، دڵتەنگ دەبێت، بەلآم هێلانا پێدەکەنێت، رووی سوور دەبێت، کیژەکە وەردەگرێت، ئەو منداڵی نەببوو، هاملتۆن پێی وتبوو:

هێلانا، هەتا تۆ واز لە خزمەتکردنی کلێسا نەهێنێت. منیش رێگاکەی هەولێر حاجی ئۆمەران تەواو نەکەم. منداڵمان ناوێت، ئەرکی پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ زەحمەتە، ئیشەکانمان تەواو دەکەین، ئینجا منداڵێک دروست دەکەین. (دەبێ ئەو منداڵە بزانێت، باوکی لەو وڵاتە و دایکی لەو کۆڵانە ژیاون و ئیشیان کردووە. پاش شێست ساڵ، زۆرتر یان کەمتر، نازانم! پیاوێکی لاوازی بە تەمەن، بەلآم چوست و وریا، چەند وشەی کوردی دەزانی، بۆنی هەولێری پێوە بوو، رەنگی شارەکەی گرتبوو، بە جل و پێڵاوەکەیەوە دیار بوو، کەسێکی ئەوروپییە. بێگومان بەر لەوەی بە ئینگلیزی قسە بکات، پێش ئەوەی بەڕێوەبەرەکەی پشت مێزەکە. پاش ئەوەی دوو سێ تەلەفۆن وەلآم دەداتەوە، ژووانی ئێوارەش دادەنێت، بە ژنەکەشی دەڵێت، تۆ برۆ ( لینا) ببە بۆ قوتابخانە، من میوانم هەیە). میوانەکە. مەبەستی من و کوڕزاکەی هاملتۆن بوو.

ئەو بۆیە پەرۆشی کیژێک بوو، شەوانە کتێبی بۆ بخوێنێتەوە، باسی رۆژانەی خزمەتکردنی کلێساکانی ئەفریقیا و میسر و حەلەب و هەولێریشی بۆ بکات. هێلانا پەرۆش بوو، ئاوس بێت و دەست بە کۆرپەکەی دابهێنێت، سوێندشی خواردبوو، ناو لە کیژەکەی بنێت هەنار. وشەی هەناری لە زمانی کوردی، لە هەموو وشەکان، پێ شیرینتر بوو، ئەگەر هەنارەکان ترشیش بن!

....

کیژەکە دەبێت و دایکەکە بە تەوسەوە، بەبێ ئەوەی لە خودا بترسێت، دەگرێت. بەڵام ڕۆزا، قیژەیەک دەکات، هێشتا سەری لەناو لینگی ژنەکەیە، دەستی لەناو خوێنەکەیە، لە پاداشتەکەی دەگەڕێت، هەست بە ژیانێکی تریش دەکات، بۆنی کردووە، بۆیە هاوارێک دەکات:

خاتوون خەمت نەبێت، یەکێکی تر ماوە، ئەوەیان کوڕە. بە مەسیح من دەڵێم ئەوەیان کوڕە. تۆ نەدەووت:

دوو جۆرە ژانم هەیە. ژانی تیژ و ژانی سووک. ژانە تیژەکە کیژەکە بوو. وا ژانە نەرمەکە، نەرم نەرم دێتە دەرەوە.

خاتوون سوێند بە مەسیح کوڕێکت دەبێت! قسەکەی تۆ دەبێت بە ئەزموونێکی باش بۆ من. دوو جۆرە ژانت هەبووە، واتە دووانەت لە سک بووە. ئەو جارە ئەفەندی زۆری پاڵداوە، (لە خۆشیان پێدەکەنێت، ددانە زێڕەکەی بە جوانی دەردەکەوێت، دەستێک بۆ پشتەوەی درێژ دەکات و بسک و قژە ئاڵۆزە چڕەکە توند دەکاتەوە). مامانەکە دڵی خۆش بوو، لە ژنەکە زۆرتر کامەران بوو. بەپێکەنینەوە دەیووت:

هەر بژی ئەفەندی! بەکارە ئەفەندی! دوو دووی دروستکردووە!

هێلانا، بە پەنجەکانی، نەرم نەرم ئاوێکی فێنک، بەسەر سک و دەموچاو و پشتی کیژەکە دادەکات. حەز دەکات، کیژەکە بە ناوی ئەو بکەن. ناوی لێ بنێن هێلانا. ئەوان ناڵێن، ناوەکەی تۆ کوردییە. من حەقم لەسەر خەڵکی ئەو گەڕەکە هەیە. ڕۆژانێک منداڵەکانی ئەو گەڕەکە، کیژ و کوڕەکانیان. هەندێکیان لە مەکتەبیش بوون، دەکەوتنە دوای قەشەکەمان و دەیانووت:

قەشە قەشە، قوونی ڕەشە.

لەو ڕۆژەوە، کە زانیم منداڵەکان، واز ناهێنن، گەمەکانیان بە قوونی قەشەکەمان گەرم دەکەن. قوونی قەشەکەیان لە تەنی و خوم وەرداوە. دوایی، من دەزانم، کە گەورە دەبن، لەکن ئەو کچ و کوڕانە، ئەو گەمەیە دەبێتە رق و توندکاری. باش نییە، منداڵ دەبێ خۆشەویستی فێر بکرێت، نەک جنێو و گاڵتەکردن. من منداڵەکانم بە شیرینی و بە

حەلوا، بە قسەی خۆش و دەستی گەرم و نەرم، بردە ناو کڵێساکە و قوونی قەشەکەم بۆیان رووتکردەوە و نیشانم دان، قوونی رەش نییە، سمتی سپی بوو، وەک پیاز.

بە منداڵەکانی کۆڵانەکەم وت:

قەشە قوونی رەش نییە، بەڵام بڵێن قوونی سپییە باشە!

ئیتر منداڵان لەو رۆژەوە گاڵتەیان بە کەس نەکرد، لەو رۆژەوە منداڵەکان منیان خۆشویست، منیش زۆرتر ئەوانم خۆشویست.

....

منداڵی دووەمی خاتوون، ئەو منداڵەی پاش بوونی کیژەکە دەبێت. ئەو کیژەی دایکی بەڕاستی، لە دڵەوە و لە بەردەم ژنە کریستیانێکی ئیمانداری خزمەتکاری کڵێسای کۆڵانەکەیان گریاند، کوڕێکی چاو گەورەی نازدار بوو. کوڕێکی سپی و جوان، وەک سێو و پەمۆ. کە هێلانا کوڕەکە لە رۆزا وەردەگرێت، ماچی دەکات. ئەویش دەشوات، جوان جوان بۆ دایکی دەپێچێتەوە و دەڵێت:

با ئەو کوڕە شوانی خوشکەکانی بێت. دواییش ناویان لێنا شوان. کیژەکەشیان بە ناوی ژنەکەی هاملتۆن کرد، ناوی دەبێت بە هێلانا.

رۆزا دەستی جوان دەشوات، سابوونەکەی ماڵی ئەفەندی بۆنخۆش و لۆکسێکی تایبەتی بوو. دوو قەد دەستەکانی دەشوات. هەتا گۆزینگیش پێیەکانی هەر بە کەفی سابوونەکە دەشوات. بەڵام دڵی خۆش نەبوو، کەسیان لە ماڵەوە نەبوو. هەر ئەودەمە و لە گەرمەی خۆشی کوڕەکە و شوانی کیژەکان، مامانییەکەی ئەو بدەن. دەبوایە چاوەڕوانیش بێت، ئەفەندی بگەڕێتەوە و دیارییەکەش لەو وەربگرێت. لەسەر سینییەکە پارچەیەک شووتی هەڵدەگرێت و گەزێکی گەورەی لێ دەدات. کوزە شووتییەکە بەشی دوو گەزی ئەوی دەکرد. بە پەلە لە ماڵەکە دەچێتە دەرەوە. دەیەوێ زوو بگاتەوە، نەوەک ژنێکی تر، ماڵێکی تر مامانیان پێویست بێت.

لەسەری کۆڵانەکە دەسوڕێتەوە. ماڵەکەی ئەوان. لە کۆڵانی دووەم، سەرەکۆڵان بوو. خانووەکەیان گەورە بوو، خێزانەکەیان چەند ساڵێک بوو لە بەروارى هاتبوون. ژمارەیان زۆر بوو. خەسووەکەی، دەمراست و چاو و بڕیاردەری هەموویان بوو. سێ

کوڕەکەی لەلای خۆی مابونەوە. ئیشی دووکانیشیان دەهێنایەوەماڵەوە. ماڵەکەیان، بۆنی تیزاب و میتاڵی لێ دەهات. تاقیگەیەک بوو، زێڕی سپی و زەرد و مس و تیزاب دەست و پەنجەی ڕەشکردبوون. ئەوەندە لەبەر دەزگا و بەر جامخانەکە دانیشتبوون، ورگیان گەورە ببوو، سمتیان زل، مل ئەستوور، ئیشیان دەکرد و بازاڕیان گەرم بوو.

ڕۆژێکیان، خەڵکی گەڕەکەکە. هەموویان بە مردنی دایکیان، خەسووەکەی ڕۆزا. بە گریان و فیغانی پیاوەکانیان، منداڵەکانیان، ژنەکانیان بەئاگاهاتن. هەموو بەپیر ماڵەکە چوون، وایانزانی ئاگر لە ماڵیان بەر بووە، تیزابیان پێوە ڕژاوە. کە چوون. تازە دادە غەندۆ مردبوو. زۆریشیان نەیاندەزانی ئەو ژنە تەمەن نۆهەد ساڵەی، بەو بەیانییە زووە مرد، بۆ ناوی غەندۆیە. کەسیان زووتر ئەو ناوەیان نەبیستبوو.

پیرەژنە بە تەمەنەکە، سوور و سپییە بسک سوورەکە مرد. ناردیان دارەمەیتیان لە ئەلقوش بۆ هات. دارەمەیت نەبوو، سەندوقێکی سووری بە بریقە بوو. دوو دەسکی زەردی گەورەی لە تەنیشتەکانییەوە هەبوو. دارەمەیتەکەی لە ئەلقوش، یان بەرتلە هێنابوویان سوور بوو. لە داری گوێز دروستکرابوو. خەڵکی گەڕەکەکە، بۆ بەرێکردنی تەرمەکە، بۆ دڵنەوایی سێ کوڕەکە. سێ زێڕینگرەکەی ناو قەیسەری لەوێ و لەبەر دەرگاکەیان کۆدەبنەوە. هەندێکیان، وتیان ئێمەش لەگەڵ جەنازەکەی دێین. هەندێک لەوانە، نەیاندەزانی گوندەکە و گۆڕستانەکەیان چەند دوورە، دەیانووت:

عەیبە تازە ئەنگۆ بوونە کەس و هاوشارییمان، ناکرێ ئێوەی خەمبار و بێکەس بنێرینەوە. ماڵە نانەواکان، نانیان، بۆ میوانەکان و بۆ کاروانی ناردنەوەی تەرمەکە کرد. ماڵە کەبابچییەکان، دوو ماڵ بوون، خزمیش بوون. بەڵام گۆشت و کورە و ڕەژوو و دووکان و مەعمیل و نانکەرەکانیشیان جیاواز بوو. هەردووکیان لەگەڵ دوو شیش کەبابەکە، یان گۆشت و جەرگ و دڵەکە، توورشی سووری ماڵەوەیان لەناو چاوە جامی سپی زیوین پێشکەش دەکرد. ئەوان کەبابیان بە سینی بۆ ئامادەبووان و ماڵی مردووەکە ناردبوو. جوولەکەی قوماشفرۆشەکان دەیانووت: ئەگەر موسڵمان بووایە، ئیمڕۆ چەند گەزمان لە کفن دەفرۆشت. بەڵام مەسیحییەکان، مردوویان بە جلی خۆی، بە پۆشتەیی دەنێژن. نەجاڕێکی ناو قەیسەری، هیشتا قەڵەمە باریکە دارەکەی لەبن گوێچکەییەوە بوو، ئەو لە دڵی خۆییەوە دەیووت:

داوایان لە ئێمە کردبوایە، ئێمە دارەمەیتێکی وامان بۆ دورست دەکردن، بۆ دەچنە شاران. کە ئێمە بتوانین لانک و لەیلوک دروست بکەین، بتوانین لانەی خەو و خەون دروست بکەین، دەتوانین دارەمەیتی خەوی درێژ و کۆتاییش دروست بکەین. ئەو دارەی دارەمەیتەکەی لێ دروستکراوە، لەکن ئێمە کڕاوە. دار گوێزەکە، هەر بە دەستی ئیمەش شەقار شەقار کراوە، سەد حەیف، نەدەبوایە ئەوانە بچنە شاران.

غەندۆش مرد. بسکە درێژە لوولەکەی، هەتا چەند ساڵیش لەو کۆڵانە بۆنی دەهات. مێزەر و کەوا و تەبەقە زیوەکەی سەری و ناوقەدی، لەو کۆڵانە هەر دەزرنگایەوە.

....

خەڵکی گەڕەکەکە، ژن و پیاوەکان، موسڵمان و دیانەکان، هەتا ماڵە جوولەکەکانیش هاتنە دیار تەرمەکەی داپیرەکە. ئەو ژنەی دەیووت: دەنگی حەسەن جەزراوی، گۆرانییەکانی کەڤۆکێ و سوسنێ و عەیشانێ منی دەژیاند، من بەو لاوکانە دەژیم. گۆرانی و ستران مردن راناگرێت، بەڵام ژیان خۆش دەکات. ژیان پڕ هیوا دەکات. چاوەڕوانییەکان پیرۆز دەکات. داپیرە غەندۆ، کە مێردەکەی دەمرێت، هەر سێ کوڕەکەی، دوو کیژەکەی تەنگاو دەکات، دەیانپێچێتەوە، پێیان دەڵێت:

کوڕەکانم با بچینە شارێکی گەورە، با بڕۆین. بەڵام کە مردم، لەبەر پیرۆزی سینگ و چاوی باوکتان تەرمەکەم بهێنەوە ئێرە. با لەبن ئەو سێبەرە بخەوم، لە باوکتان دوورم مەخەنەوە. ژیانی ئێوە و کاسبی ئێوەم لە شاری گەورە و ئاوەدان دەوێت، بەڵام مردنم لەکن باوکتان دەوێ!

ژنەکان و دوایی پیاوەکان، هەموویان سەیری مردووەکەی ناو تابووتەکەیان دەکرد. مردووەکە، دەستە جلێکی کوردەواری خاوێنی لەبەرکرابوو. خەوتبوو، نەمردبوو. ئەو جوانترین مردوو بوو. بۆیە هەموو حەزیان دەکرد بژێتەوە و بەو دەستە جلە رەنگینە، بەو هەموو تیلتیلە و دەسترۆک و خەزێم و کەمەربەند و دەستماڵ و بازن و ملوانکەوە، پیاسەیەکی تر لەناو کۆڵانەکەیان بکاتەوە. جارێکی تریش، لەگەڵ ژنەکان بێتەوە حەمام و بە دەست و پەنجە وردەکەییەوە دەرمانێکیان بۆ بگرێتەوە. سەیریان دەکرد، ژنەکە بەو دەستە جلە جوانە خاوێنە نەمردووە. ئەگەر مردن وا خاوێن و رازاوە بێت. ترسی ناوێت، مردووەکەیان لە جوانترین بووک رازندبووە. تابووتەکەیان کردبووە کەژاوە. مردنەکەیان کردبووە ئاهەنگ و زەماوەند، پرسەکەش داوەتێکی مەزن بوو.

....

رۆزا، هیشتا بۆنی خەناوەکەی دادە غەندۆی لە دیوار و بەرپەنجەرەکەی ماڵەکەیان دەکرد. کە بەرەو ماڵەوە دەگەڕایەوە، بەر لەوەی بچێتە ژوورەوە بۆ یەکەمجار، زۆری بیستبوو، پۆلیسەکە. ئەوەی خەتێکیشی هەبوو. پیاوەکە رۆژانە، ژنەکەی. وەک دەڵێن بۆنی شیری خاوی لە دەمی دەهات. یان پیاوەکە زۆری خۆشدەویست و دڵی نەدەهات، یان لە ژنەکەی دەترسا. رۆژانە. پیاوە پۆلیسەکەی خەتێکی رەشیشی بە شانییەوە بوو. ژنەکەی لەگەڵ خۆی بە پاسکیل دەبردە دەوام. پۆلیسەکە فێری کردبوو، ژنەکە لەسەر پشتەوەی پاسکیلەکە دادەنیشت. هەردوو لینگە بە دەرپێیە درێژەکەییەوە شۆردەکردەوە. ئەو ژنەکەی زۆر خۆشدەویست، ژنەکەش زۆر لە سواربوونی پشتەوەی پاسکیلەکەش دەترسا، بۆیە لەسەر بورغی هەردوولای ویلەکە، دوو سەرە ئاسنی بە قەد بەستێک درێژ، بۆ دانانی پێیەکانی ژنەکەی بەستابوو. پشتی خۆی، بۆ هەردوو دەستی قیت رادەگرت. پشتی بۆ سەری، ناوقەدی بۆ دەست و باسکی، قیت رادەگرت. ئەو رۆژانە ژنەکەی بە پشتی پاسکیلەکە دەبرد، هەر بە پاسکیلەکە ژنەکەی دەهێنایەوە. رۆزا، نەیویست پۆلیسەکە رابگرێت، نەوەک لەو راگرتنەدا، ژنەکە سەروسەر بەربێتەوە، خۆ ئەگەر سکیشی هەبێت، ئەو سکێک و دینارێکی مامانی لە کیس دەچێت. بەڵام! لەبەر خۆییەوە بە پۆلیسەکەی:

(توند بە هەردوو دەستی سوکانەکەی راگرتبوو، بە هەشتاوییەوە، پەیدانی لێ دەدا و دەیویست ئامیری حەرەسییەکەی لێ تێکنەچێت، هەر چوار پۆلیسەکە، بۆ بەردەم ئامیر مەخفەرەکە، معاونە عەرەبەکە، بۆ گۆڕین و پشکنین ساز بکات). رۆزا رووبەڕوو نا، بەڵام! لە دڵەوە بە پۆلیسە یەک خەتەکەی سەر پاسکیلەکەی دەووت:

رۆژێک دێ، ژنی تۆش، لە یەکەم وردە ژان و لە ژانە گەورەکەی منداڵبوون، بۆم رووت دەبێتەوە. هەردوو لینگی فش دەکەمەوە. هەر بیشارەوە و رۆژانە بیبە دەوام و دڵت بە کەس ئاو نەخواتەوە جێیبهێڵێت. من هەر رووتی دەکەمەوە و دەستم لەناو وەردەدەم. توند بیگرە، دەیخۆن! ئەگەر منداڵ بوو، یەک ساڵیش بەرگەت بگرتبایە، سووتابوویت، ئاگرتان تێبەربێت پیاو! سووتاون، سووتاو! پۆلیسەکە دەگاتەوە بەر دەرگای حەسارەکە. رۆزا، لەبەر دەرگای خۆیان رادەوەستێت، تا پۆلیسەکە ژنە منداڵەکەی پشت پاسکیلەکە، دێنێتە خوارەوە، ئینجا پاسکیلەکە دەباتە ژوورەوە. دەنگی پیاوێکی درێژ چەرخێکی

بەستراو بە سێپێکێکی داری شڕی، لەسەرشانە بوو. بەڵام ژنەکە، لە چوونە ژوورەوە و دەرگا داخستنەوەکە دواناکەوێت، چونکە چەقۆ و مقەسیان بۆ تیژکردن نەبوو. پیاوەکەش لە گەڵ هاوارکردنەکە، دەستی راستەی بادەدا و دەیووت:

بە عانەیەک، بە چوار فلس، چەقۆ تیژ دەکەین، مقەس تیژ دەکەین!

....

لەو کۆڵانە گەرمە بەسۆزە، کاکە سوور چاوەڕوانی مەلا مەجیدی دەکرد، ئەندازیارە ئینگلیزەکەی هێڵی ئاسن گفتەکەی بهێنێتەدی، ئەو دامەزرێنێت. چونکە کاکە سوور نەدەکرا بگەڕێتەوە گوندەکەیان. حەزیشی نەدەکرد، چیتر لەکن کەبابچییەکان شاگردی بکات. ئەو دەیووت:

بەیانییان زوو، من دەنێرنە قەسابخانە. ئەگەرچی دووریش نەبوو، بەڵام رێگاکە ناخۆش بوو، لە سەرمانا هەر دەلەرزیم. لەوێش قەسابەکان، بە کێرد و چەقۆکانیان سەری سەدان مەڕ و بزن و گا و گوڵک و گامێش و بەرخیان دەبڕی.

گۆشتی گامێش و پیرە مەڕەکان، لە بەرخ و گۆڵکەکان جیادەکرانەوە. مۆر دەکران. زەمبیل زەمبیل، لەسەری شاگردەکانیان دادەنا، لە شانیان دەکردن، بە عارەبانەی گچکە گچکە بەرەو بازاڕیان دەبردن. پێش ئەوەی قەسابخانەکە و چاودێرەکەی خەستەخانە و شارەوانی و قەساب و چەقۆکارەکان، بگەنە قەسابخانەکە. شوانەکان، جەلبەکان ئاژەڵەکانیان دەهێنا. وەک ئەوەی لە دوورەوە بۆنی خوێن و هەڵزرانی ورگ و شکانی چوارپەل و گەردەن و مل بکەن. مەڕە پیرەکان، مانگایە مل ئەستوورەکان قاچیان، لە سەکۆی دەرگای قەسابخانەکە ئاودیو نەدەکرد، دەترسان، بەڵام دەسەڵاتیان نەبوو، بەزەبر و بەتوندییەوە دەکرانە ژوورەوە.

کاکە سوور لەگەڵ شاگردێکی تر. ئەو شارەزا بوو، گۆشتەکەیان هەڵدەبژارد. سوور و نەرم و چەورەکانیان جیادەکردەوە. لەگەڵ قەسابەکە رێکدەکەون، بارە گرانەکەی لە شان و پشتی کاکە سوور بار بکەن. گۆشتە بە خوێنەکە، زامە نوێیەکە، دەمارە خنکاوەکە، پشتە شکاوەکە، جەرگە سووتاوەکە، دڵە کونکراوەکە، (بۆ ئاژەڵیش جەرگ و دڵی هەیە، حەز دەکات و شەیدای ژیان و هاوژینییە)، هەموویان دەگەیاندە دووکانەکە. لە کەبابخانەکەش، بۆ سووتان و برژاندنی گۆشتە سوورەکە، دڵە شکاوەکە، پشتە بە

تواناکە، دڵە بە سۆزەکە و باڵە بەرزەکە، ئاگری گەورەیان دەکردەوە. ئای نەوس و پارە و خواردن و شار و میوان، چەند قایم و جەرگە رەشە. داری سەوزی شاخی سەرکەش، داری سێبەر و هێلانە دەسوتێنن، بۆ برژاندنی گۆشتی ئاژەڵی گوند و دەشت و مێرگەکان.

شار، چەند دەستدرێژی دەکاتە سەر شاخی سەرکەش. دووکانێکی تەنگەبەری ناو کۆڵانێکی تاریک، مەقەڵەیەکی بەر دووکان و ئاگردانەکە، ئازایانە و بێ ترس، بەرخی ناسکی گوندەکان سەردەبڕێت و دەیکاتە کەباب. شار، شارەکان، کۆڵان بە کۆڵان و سەکۆی دووکانەکان و حەوشەی خانەکان، بە کۆچی گوندەکان گەورە دەبێت. بە زاد و چاو و هەناسە و چەوری گوندەکانیش دەژیت و هەناسە وەردەگرێت!

....

کاکە سوور، لەو ساڵانە و لەو چەند رۆژەی لەو کەبابخانەیە شاگردی دەکات، (ژینگە دۆست نەبووە، ئەندامی حزبێکی سەوزی ئەوروپی نەبوو)، نەک ئەو، کەسیش لەو شارە، و لە حزبەکانیش، ئەوانەیان نەزانیوە. ئەو ژینگە دۆست نەبووە، تا بزانێت سرووشت لە مەترسییە دایە، نەمانی دارستان و گیانەوەرەکان، گەردوون، بەرەو شلەژان و کارەسات دەبات. ئەوانە نەبوو، بەڵام! حەزی بە گۆشت و خوێن و دەمار و دەست و چەقۆی کەبابچییەکان نەبوو. بۆیە هەموو ئێوارەیەک، کە دووکانەکەیان دادەخست، دەرگا گەورە دارەکەیان، لەسەر یەک دادەیەوە و رۆژانەکەیان وەردەگرت. کە مەلا مەجید لە خوێندنەوەی رۆژنامە و سەردانەکانی تەواو دەبێت، رادیۆیەکەی دەکوژاندەوە. (رادیۆیەکەی لەسەر لەبادەکە بوو، لەبن دەستی دوور نەبوو. ئەوان رادیۆکەیان بڵند دانەدەنا، چونکە منداڵیان نەبوو، دەست لە دووگمە و پاتری و پشتەوەی بدات). کاکە سوور، بەردەوام یەک قسەی دەکرد، حەپەساو و دوودڵ، تەنها یەک قسەی دەکرد، بە مەراقەوە پێی دەڵێت:

_ کاکە ئینگلیزەکە چییان بۆمان نەکرد!؟

....

چەند رۆژێک بوو کاکە سوور دامەزرابوو، ئەویش چاوەڕوان بوو، قەتارەکە بگاتە هەولێر. فارگۆنەکان بەسەر ئەو سکە و رێلەدا بڕۆات. کە ئەوان خۆڵەکەیان داناوە و

دارەکانیان ریز کردووە و ڕێڵەکانیان بەستاوە. بە حەسرەتەوە چاوەڕوان بوون، وەک ئەوەی بڕوا نەکەن، یان خەڵکەکە گاڵتەیان بە پڕۆژەکە هاتبێت، ئەوان بشکێنەوە، بە درۆیان بخەنەوە و بڵێن نەمانووت:

ڕێڵەکان بۆ قەتارە، نەمانووت ئینگلیزەکان درۆ ناکەن.

کاکە سوور چەند مانگ بوو ئیشی کردبوو. لەوێ مووچەشی وەرگرتبوو. ناوی لەناو لیستی کارمەندەکان هەبوو. لەگەڵ زۆریان ئاشنایەتی پەیداکردبوو. چەند جارێکیش هەتا گوندەکانی (حەسار و گۆڵدەرە)ش ڕۆیشتبوو. بەڵام هێشتا ئەو قسە و رامانەی لەکن مەلا مەجید نەکردبوو:

ئەو چەند ڕۆژەی من لە کەبابخانەکە شاگردییم دەکرد، بەیانییان حاجی نادر من و وەستاکەی، بۆ گۆشت هێنان دەنارد. منی دەنارده قەسابخانەکە. لەوێ بەیانییان چەند سەرە مەڕ و ڕەشەوڵاخ و بەرخ و گامێش کەوڵ دەکران، سەری گەورەی زۆر سەردەبڕان، خوێنی زۆر گەش دەرژا، گۆشتی سوور و بەزی سپی و دونگی هەزران و سەروپێی و ورگی گەورە گەورە، لەسەر یەک کەلەکە دەکران. کەلەشم بە هەڵواسراو بە قەنارە و پەتەکانەوە بینی. دیمەنی زۆرم بینی. ئەو بەرخ و مەڕ و بزنانەی خۆشمدەویستن، دەکوژرانەوە. ئەو نازی ئێمە پێمان دەدان، دەمردن،. چاوی باوکم، دەست و بازنەی دایکم، مێخەندکی کیژەکانمان، بۆنی بێرییەکانمان. لەوێ، دەبوونە خوێن و ڕێخۆڵە و ورگی هەڵدڕاو. بەرەو کەندەکەی نزیک قەسابخانەکە بە پیسی و بە ناشیرینییەوە شۆردەبوونەوە. ڕۆژانە من، وەک قوربانییەکان، وەک مەڕ و بزنەکان، سەردەبڕام، ئەو شیشە کەبابەی نیوەڕۆیان وەستا نادر بۆی دادەنام، بەبێزەوە و لە برسانا دەمخوارد، بۆم نەدەبووە پاروو، نەمدەتوانی بیجووم، ئاودیویش نەدەبوو، حەزرەتی کەبابخواردنم نەمابوو.

ئەو چەند ڕۆژەی بەنیاز بووم ببمە کەبابچی. پارە و ڕۆژانەم وەردەگرت. لەو ڕۆژانە دڵم ببووە کەباب، چاوەکانم سوور دەبونەوە، هەناوم بۆ خوێنەکان دەسووتا. کەس لەناو قەسابخانەکە بە قەد من، خەمی کار و بەرخ و گا و مەڕەکانی نەبوو. ئێمە لە ماڵەکانمان، شەوانە، شەوە ساردەکان، کە باران و تەوژمی سەرمان پەریشانی دەکردین. ئێمە بە هەناسەی ئاژەڵەکان گەرم دەبوینەوە، بە پاشەڕۆی ئەوانە سوتەمەنییمان پەیدا دەکرد، هیچمان نەبوو بیسوتێنین، ئەگەر پاشماوەی ئەوان

نەبووایە. ڕەق دەبوینەوە، ئەگەر دووکەڵ و هەڵمی هەناسەی ئەوان نەبوایە. لەسەر لانک و لەبن جاجمە شڕەکانمان ڕەق دەبوینەوە و دەمرین.

مەلا مەجید دەیزانی وەڵامی ڕازەکانی ئەو بداتەوە. دەیزانی قسەکانی دروستن. بەڵام نەدەکرا، قسەی گەورەتری بۆ بکات، نەدەکرا پێی بڵێت:

زۆر نەماوە، بە وزە و سوتەمەنی خۆمان گەرم دەبینەوە!

کاکە سوور، شەوانە بۆ مەلا مەجیدی دەگێڕایەوە، ئەزموونە کورتەکەی، بەشی گێڕانەوەی زۆری دەکرد، بۆیە دەیووت:

من لەو چەند هەفتەی لەوێ لە کەبابخانەکە ئیشم دەکرد. ئاگرم دەکردەوە بۆ سووتانی دارستان. دارکۆتەرەی بناخە و گوند و بناری شاخەکانمان دەسوتاند، من زۆر ناڕەحەت دەبووم. بەڵام! چ بکەم قسەی تۆم نەشکاند، نەگەڕامەوە و لەو شارە گیرسامەوە. وا بەزەقی چاوەکانم گوندەکانمان دەسوتێنن. سامان و جوانی ئاژەڵەکانمان، دەکەنە کەباب، بەسۆز و بەشەیداییەوە، شاری پێ تێر دەکەن!

....

ئەویش دەیووت:

هەموو کرێکارەکانی لای ئێمە، خەڵکی گوندەکانی ناو سنوور و بوارەکانی هێڵەکەن، هەر ماڵە و یەک کەسی لێ دامەزراوە. ناکرێ لەوەیان پەلە بکەیت. تۆ لە گوندێک هاتوویت، دووری هێڵەکەیە. ئێوە دوورن، بەڵام ئاساییە بەیانییان بە کزی گوێتان لە سافیرەی قەتارەکە ببێت، ئاساییە. بەڵام ئێواران نا، بایەکە دەنگەکەتان بۆ ناهێنێت، ئێوە دوورن. بەڵام من دەڵێم لەوێ دادەمەزرێت و تەواو.

قسەکان و سۆز و سووتانەکان، دڵی مەلا مەجیدی دەسووتاند. ئەگەرچی دەربڕین و دەستەواژەکان، وەک کەسێکی سیاسی و وردبین نەدەکران، بەڵام قسەی گەورە و سیاسەتێکی ورد و باڵکێش بوون. بۆیە، سەری بۆ بادەدا و لە ناخەوە بۆ قسەکان دەکوڵا و دەسووتا، خۆزگەشی دەخواست، ئەفەندییەکانی ئەو ڕۆژانە، لە چایەخانەکان، لە دیوەخانەکان دەیانبینێت، ئەو جۆرە قسە و ڕامانە بزانن.

....

ئەو لە هەموو رۆژەکانی مانەوەی لەو کەبابخانەیە، ئارام و کامەران نەبوو. وەستا نادر بە تێری کەبابی لەبەردەم دادەنا. سەوزە و رێحان و توور و بیبەری لە پێش دادەنا. نانی گەرمی بە کونجی، تورشی نوێی سووری سەر بە قەزوانی لەناو جامە فافۆنە گچکەکان لەبەردەم دادەنا. ئێوارانیش، کە کورسی و مێزە شڕە دارە پێچکە شلۆقەکانیان رێکدەخستەوە، ئاوێکیان بە ئاگرەکەیان دادەکرد، فەردە رەژووەکەیان دەهێنایەوە ژوورەوە، ئەو رۆژانەی وەردەگرت. حاجی پەندێکی نوێی فێر دەکردبوو:

کوڕم، ئەو شارە چاکە و خراپەی زۆرە! کوڕم ئەگەر شەوانە دەچیتە مەکتەب و دەتەوێ لەبن دەستی (عیزەدەینە فەندی) و (عەبە هەولێری) بخوێنێت، من زووتر بەڕێت دەکەم. ئەو شارە قەرەباڵغە، رۆژانە سەدان کەسی نوێ رووی تێدەکات. هەموو شتیک لەو شارەدا هەیە. ئەو دەیویست بڵێت:

پێشهاتە سیاسییەکان و سەرکەوتنی بەرەی ئینگلیز و شکانی ئەڵمانەکان، نەخشەی ناوچەکەی گۆڕیوە. ئەوانەی سەر بە ئینگلیزەکان بوون، کۆنە دۆستە عوسمانییەکان، پشتیوانی ئەڵمانیان دەکرد دەشکێن. دەڕۆن و سەرکەوتووەکان دینە پێشەوە. دەیویست بڵێت:

لەو ناوچانەی ناوێرین پشتیوانی سەرکەوتنی ئینگلیز بکەن، روو لەو رووبەرە دەکەن، تێدا سەرکەوتنی ئینگلیزەکانی تێدایە. ئەوانەی هەست بە شکانی خەونی ئەڵمانەکان دەکەن دەڕۆن! هاتن و چوونە. شارەکە بوویتە مەیدانی ئەو سەرکەوتن و شکستانە. ئەوەی سەردەکەوێت، دەیەوێ هەتا دوا خاڵی سەرکەوتنەکە بگرێت. رێگاکان هەتا ئەوێندەرێ پیادە بکات. شەمەندەفەرەکان هەتا ئەوێندەرێ ببات. هێڵی شەمەندەفەرەکان، بڕینی رێگاکان، دەگاتە دواخاڵی، سەرکەوتنە سیاسی و سەربازی و قەڵەمڕەوییەکان!

کەبابچییەکە دوایی دەبێتە حاجی. حەزی دەکرد، لەو دەستەیەی بۆ کردنەوەی لقێکی کەبابخانەکەیان لە مەیدانی بەغدا، کاکە سووری لەکن مابوایە، رەوانەی بەغدای کردبوایە. لەوێ سەندوق و دەخیلی رادەستی دەکرد. حەزی دەکرد کاکە سوور بە قسەی مەلا مەجید نەدەچووە مەحەتە. لەوێ دانەدەمەزرا. هەر لەکن ئەو دەمایەوە، کە دووکانەکەیان گەورە دەکەن، کە رەژووی زۆرتر سەرف دەکەن، کە بەردەوام نیوەڕۆیان کەباب بە سینی فافوونی گەورە گەورە، کەباب و جەرگ و توورشی رەوانە دووکان و

ماڵ و گەراج و ناوفیتەران دەکەن. کاکە سوور لەوێ دەمایەوە. ئەو کوڕەکەی خۆشدەوێت چونکە:

بۆنی دەشت و پەرێزی پێوە بوو. بۆیەش حەزی لەو بۆنە دەکرد چونکە:

ئەو بۆنەی لە دایکی وەرگرتبوو. دایکی سی ساڵ و زۆرتریش لە قەڵات ژیابوو، لە کۆڵانێکی تەسکی قەڵات و لەناو حەوشەیەکی داخراو ژیابوو. بەڵام بۆنی گوند و دەشتی هەر پێوە مابوو، تورکییەکی جوان قسەی دەکرد، بەڵام دەیانزانی کوردییەکەی شیرینترە.

نادر، کوڕەکەی خۆشدەویست چونکە دەیزانی، ڕەنگە ڕۆژێک کاکە سوور ببێتە شیوعی و کادرێکی باشی حزبەکەیان و بگەڕێتەوە گوندەکەیان، لەوێ بە کوێخاکەیان، بە مەلاکەیان بڵێت:

دوارۆژ هەر بۆ ئێمەیە. پاشەرۆژی حوکم و شارەکە دەکەوێتە بەر دەستی حزبەکەمان. بە مەلاکە بڵێت:

شیوعییەکانی دونیا، هەموو کڵێسا کۆنەکانیان ئاگر تێبەردا، قەشەکانیان ریسوا کرد، ئێوە بەنیازن چ بکەن!؟ وەستا نادر مەبەستی ئەوە بوو، بۆیە کاکە سووری خۆشدەویست، بەڵام دوایی خۆی دەبێتە حاجی!

....

کاکە سوور، ئەو چەند مانگەی چاوەڕوانی دامەزراندنەکە دەکات، لەکن کاک نادری کەبابچی، ئەوەی باوکی و مامی و خزمەکانی هەموو کەبابچی بوون. هەموویان ڕوویان وەک کەباب سوور بوو. چاویان وەک وەک ئاگری بن گۆشتە برژاوەکە سوور و گەش بوو. مانگانە و هەفتانەی باشی وەردەگرت، بەیانییان دوو شاگردی بە گۆشت بار دەکرد، زەمبیلی لە ملیان دەکردن، سەبەتی لەسەر سەریان دادەنا، بەرەو بازاڕ بەڕێی دەکردنەوە. ئەو بەوانە نیگەران و سەخڵەت و ماندوو نەدەبوو.

ماندوو دەبوو، کە دەیبینی خوێن زۆر دەڕژێت. گۆشت زۆر دەخورێت. دار زۆر دەسووتێت. بەز زۆر هەڵدەقرچێت. دونگ زۆر دەخوسێتەوە. بەڵام ئەوەی نەدەزانی بۆ بەیانییان، هەر لە کۆڵانەکەی ئەوان، نزیک ماڵەکەی مەلا مەجید، بڵێن ژوورەکەی مەلا مەجید. لە

کۆڵانە باریکە خاوێنەکە، (مالم)ە جوولەکەکە، پیاوە نەرم و چاویلکە لە چاوەکە، ئەویش بەیانییان زوو، بەگەڵیان دەکەوێت. ئەو نە شاگردە کەبابچییە، نە شوان و نە گاوانە. ئەو (حاخام)ە جوولەکەیە، نە گۆشتفرۆشە و نە قوربانییش دەکات. بۆ بەیانییان، هەموو بەیانییەکیان، تەنها رۆژی شەممە نەبێت، لەگەڵ ئەوان، بە ناو کەند و چڵپاو و جۆگەکانی پشت قەبرستانەکان، پشت دیوارەکان، دەگاتە ناو قەسابخانەکە. ئەو بە جلی مالمی خۆییەوە، بە ئارەزووی خۆییەوە، بە زەوق و بە شەوقەوە دەهات:

کوڕە کەبابچییەکان پەلە مەکەن، منیش دێم، چاوەکانم کزبوون، هێشتا دونیا تاریکە، راوەستن جێم مەهێڵن!

کاکە سوور و وەستا کەبابچییەکە، لەسەر مالمەکە دەوەستان. کەبابچییەکە قسەکانی مالمە جوولەکەکەی لە قسەکانی کاکە سوور پێ خۆشتر بوو. ئەویش دەیزانی وەستا کەبابچییەکە قسەکانی ئەوی پێ خۆشتر بوو:

هەموو شیوعییەکان، ئەڵمانەکانی هزری سەرمایەداریان دارشتووە، بە نەژاد جوولەکەن. دەزانم تۆش شیوعی، کەبابچییەکی شیوعی، بەڵام گۆشت دەبرژێنیت و بەردەوام ئاژەڵ سەردەبڕیت.

کاکە سوور کە دەزانێت، مالمە جوولەکەکە کەسێکی ئاساییە. کوردی قسە دەکات، قسەی خۆشە و حەز بە دانوستان دەکات، بەڵام بە قسەی ئەودەمانە (قسە وەردەگرێت) دەپرسێت:

جوولەکە پیرەکە، تۆ نە قەسابی، نە کەبابچی. بۆچی بەیانییان، خەو لە خۆت حەرام دەکەیت، شەوانە بە ناو ئەو چڵپاو و کەندە دەکەویت و دێیتە قەسابخانە!؟

مالمەکە، ئەگەرچی چەند رۆژێکیش ئەوی دیبوو، بەڵام قسەی لەگەڵ نەکردبوو، نەیدەزانی کێیە و مەبەستی لەو پرسیارەش چییە، وەڵامی دەداتەوە، بە رووێکی خۆش و لەسەرخۆ، پێی دەڵێت:

من مالمی جوولەکەکانم. لەو شارە جوولەکە زۆرە. لە منیش پایەدارتریان هەیە. هەموومان بەیەکەوە ئیش دەکەین، جوولەکەکان خۆش و جوان بژین. من بەیانییان بەو سەرمایە، بەناو قووڕ و چڵپاوە، لەگەڵ ئێوە و قەساب و گۆشتفرۆش و جەلەبچییەکان و

شوان و گاوانەکان، لەگەڵ ئەوانەی گۆشت بۆ نەخۆشخانەکە، گۆشت بۆ ئۆردی، بۆ پۆلیسەکان، بۆ جەژن و شایی و پرسەدارەکان دەکڕن. لەگەڵ ئەوانە، دێمە قەسابخانەکە. ئێمە قەسابی خۆمان هەیە، گۆشتفرۆشی خۆمان هەیە. کە ئەوان گۆشت دەکڕن، کە کەلەشێک دەکڕن. کە حەیوانەکە دەکوژرێتەوە، قەسابە جوولەکە دەڵێت:

گەورەم، ئەوەم کڕیوە، وەرە لە دیار کوشتنەوەکە راوەستە. لە دیار کەوڵکردن و پارچەکردنەکە بوەستە. سەیری بەز و گۆشت و سەروپێیەکەی بکە. با ورگ و رێخۆڵەکانیان دەربهێنن، ورگیان هەڵدڕین، رێخۆڵەکان پاک دەکەینەوە، هەمووش لە بەرچاوی تۆ، سەیری بکە.

....

کوڕەکە بە سەرسامییەوە، لەوەتی لەو شارەیە. لەو چەند هەفتەیەی لە کەبابخانەکە شاگردی کردووە. رۆژانە پێشهاتی نوێ دەبینێت. جوان و شیرین و ترش و تاڵیش دەبینێت. بەڵام هێشتا پیاوە نەخۆشەکە و کیژەکەی دەستی گرتووە و هێناویەتی شار، لە دەرمان و چاکبوونەوەی باوکی دەگەڕێت، نەدیبوو. بەڵام دوایی زۆریان دەبینێت، چونکە نەدەکرا، چاوی کیژەکەی لێ ون بێت. نەدەکرا، بێ هەناسەی ئەو بژێت، هەر ئەویش بوو، گوند و رابردووەکەی دەسڕێتەوە. خەمی گەورە و خۆشی شیرینی پێ نیشان دەدات. خەمەکە سەرقاڵی دەکات و شادی و خۆشییەکان هەر مەست و پەریشانی دەکات. لەو شارە، زۆر شت دەبینێت و سەرسامی دەکات. بەڵام ورگی حەیوانی کوژراوە و رێخۆڵی مەڕی سەربڕاو و گای کەوڵکراو، بۆ لە بەردەم مالمە جوولەکەکە نمایش دەکەن!؟ ئەوەی نەدەزانی، هەتا مالمەکە دوایی بۆی راڤە دەکات:

کوڕم، تۆ منداڵی، نازانیت، ئێمە گۆشتی خراپ نادەینە میللەتەکەمان. جوولەکە کەم دەخۆن، بەڵام خاوێن دەخۆن. کەم سەرف دەکەن، بەڵام زۆر وریای خواردنەکانیان دەبن. من، سەیری ورگ و پاشماوە و سکی حەیوانە کوژراوەکان بکەم، دەزانم، ئەو حەیوانە نەخۆش بووە، پیر بووە، یان ساوا بووە! دەزانم چی خواردووە، بەو خواردنە ئەو حەیوانە چوارپەلی قەڵەو بووە، بە لەوەڕەکەی گەورە بووە، چی خواردووە، بەو خواردنە پێگەیووە. قەسابەکانمان حەیوانێک ناکڕن، خواردن و ئالیکی پیس و ناوازە بێت. ئێمەش قبووڵ ناکەین. وەک چۆن رێنمایی ئاینییان دەکەین، رێنمایی خواردن و خواردنەوەکانی جوولەکەکانیشمان دەکەین. من رۆژانە، بەیانییان زوو بەر لەوەی

قەسابەکانمان گۆشتەکە بۆ دووکانەکانیان بهێنەوە، سەیری ورگی حەیوانەکان دەکەم، تەماشای گۆشت و بەز و ئالیکەکانیان دەکەم. هەتا من فەرمان نەدەم، هیچ گۆشتێک لەو قەسابخانە ناچێتە کن قەسابە جوولەکەکان. تا من نەڵێم، گۆشتەکان بە قەنارە وەناکرێن. تا من قسەی تێدا نەکەم، گۆشتەکان ناچنە ناو مەنجەڵ و سەرئاگرەکان.

بۆیەش، من دەزانم، زۆر لە ئەفەندییە خاوێنەکان، کابانە وریاکان، هەتا گۆشتی ئێمە مابێت، لە کەسی تر گۆشت ناکڕن. دۆڵمە خۆشەکان، کەبابە جوانەکان، قیمە سوورەکان، کفتە هەڵنەوەشاوەی ناو مەنجەڵەکان، شفتەی سووری چەوری ناو مەقلّییەکان، گۆشتی قەسابەکانی ئێمەیە و لەبەر رێنمایی من دەرچووە.

....

هێشتا کاکە سوور شارەزای هەموو ماڵەکانی گەڕەکەکە نەببوو، تەنها رەنگی دەرگا و رووبەر و ئاوێنەبەندی پەنجەرە و کۆتری سەربانەکانی ئەوانی دەناسی. نەیدەزانی، ژن هەیە، کابان و پیرەدایکی بەرئاگردان هەیە، بە نەرمی و لەسەرخۆ بە بووکەکەی، یان بە کیژەکەی دەڵێت:

کیژم، با کەس نەزانێت. گۆشتە خێری ماڵە دیانەکە، ماڵە جوولەکەکەش، بپێچنەوە. کەس نەزانێت، ناخۆین، نایکەینە چێشت و شیوو. کەس دیار نەبێت، گۆشتەکە فڕێ بدە، ورد وردی بکە و بیدە پشیلەکانی کۆلانێ. بەڵام پشیلەکەی خۆمان نەیخوات، گۆشتی ئەوان حەرامە و نایخۆین. بەڵام ماڵی باشن، ناکری رووبەروو لێیان وەرنەگرین و روویان بشکێنین.

رۆژانە و بەیانییان، کاکە سوور کە دەچووە قەسابخانەکە، چاوەڕێی دەکرد، یان مالمەکە چاوەڕوانی ئەوی دەکرد و بەیەکەوە دەڕۆیشتن. نەرم نەرم بەو بەیانییە زووە، مالمەکە قسەی بۆ دەکرد، بە ئارەزووەوە دەپەیڤی. ئەویش بە هێمنی و بەرێزەوە گوێی لێ رادەگرت، مالمەکە دەیووت:

ئێمە چەند مالمێکین. ماوە ماوە دەگۆڕین. مالمێکمان هەیە، لەناو بازاڕ سەرپەرشتی دووکانە جوولەکەکان دەکات. قبووڵمان نییە، لە سیستەمەکە و لە رەوشتی بازاڕ دەربچن. بازاڕ گران بکەن، شمەک بشارنەوە، کەلوپەل بگۆڕن، قبووڵمان نییە. ئێمەی جوولەکە یەکێکمان هەیە، شەوانە دەچێتە قوتابخانەکانەی شەوانە. ئێمەی جوولەکەی

ئەو شارە، یەکێکمان نۆرەی ئەوەیە بزانێت، ئەندامە جوولەکەکانی شارەوانی، دەستەی پارێزگاری لە سیل و نەخۆشییەکان، چۆن دەوام دەکەن. چەند کاریگەرییان لەسەر ئیش و کارەکانیان هەیە. کێ لەو ئەندامانە ئامادە نابێت، دوادەکەوێت، کەمتەرخەمە. بڕواش ناکەم کەسمان هەبێت، کەمتەرخەم و خەمسارد و دواکەوتوو بێت. بەڵام! هەر چاودێرییان دەکەین. ئێمە، لەبەر ئەوەی بەشێکی حکومەت نین، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنمان بە دەستەوە نییە، بۆیە خۆمان سەرپەرشتی ناوخۆمان دەکەین. (دەگەنە بەر پەنجەرەیەک، پەنجەرەکە دەرزێکی تێدا بوو، کرابووە. لەو درزە باریکە، لەو نێوانەی رووناکی لێوە دەچووە ژوورە. دەنگی گۆرانییەکی ناسکی (سەلیمە موراد پاشا) دەهات. ئەو گۆرانی (گلبک سەخر جەلمود)ی دەوتەوە. مالمەکە هەڵوەستەیەک دەکات، بەڵام چاو لە پەنجەرەکە ناکات. گوێ لە گۆرانییەکە رادەگرێت. کاکە سوور زۆر ئەو گۆرانی بیستبوو. بەڵام! بە هیچ جۆریک زانیاری لەسەر گۆرانییەکە و ژنە گۆرانیبێژەکە نەبوو. ئەو دوو برگە گوێ لە گۆرانییەکە رادەگرێت و دەڵێت:

ئەوە جوولەکەیە، وەستای مقاماتە. حکومەت، دوا کەس نازناوی پاشای سەردەمی عوسمانییەکان لەو وەردەگرێتەوە. بەراستی پاشایە. کاکە سوور دەڵێ:

گۆرانی کوردی ناڵێت:

ئەویش دەڵێت:

نەخێر. بەڵام ژنە جوولەکەی تر هەیە، ئەوان گۆرانی کوردییان هەیە. ژنە گۆرانیبێژەکان، کوردی و عەرەبییەکان، زۆربەیان یان جوولەکەن، یان مەسیحین. (دوو کیژی جوولەکەی ئاکرێ دەچنە بەغدا، لەوێ گۆرانی کوردی دەڵێن. بەرپرسە کوردەکان ناوی (ئەسمەر) و (نازدار)یان بۆ هەڵدەبژێرن). من بەیانییان، بێجگە لە رۆژانی شەمموان، ئەو رۆژەی جوولەکە گۆشت نافرۆشرن، قەسابەکان حەیوان سەر نابڕن، قەسابەکان ناکەنەوە، رۆژەکانی تر، دەبینیت، چۆن دێم و لەوێش بەوریاییەوە چاودێری سەربڕین و کەوڵکردن و گۆشتەکان دەکەم.

....

لەگەڵ قیژەقیژی ئەو دوو ژنەی لەسەر بیرەکە بوون. منداڵەکە، دەکەوێتە ناو بیرەکە. دوو ژن، کیژ و دایکەکە، لەسەر بیرەکە و لە نزیک ئاوەکە بوون. بەڵام! یەکێکیان بە

زەنگی بازنەی شووشە و باریکی دەستەی، بە تیرۆژی رووانگەی چاوی، بە ئاوازی (یالە)ی دەنگی، تەڕبوونی بەرسینگ و مل و مەچەک و بەرکراسەکەی! کوڕێکی گەنج، فەقێیەکی بالآبەرزی رەشتاڵە، هاتبوو تێنویەتی لەوێ بشکێنێت. هاتبوو، حەرفەکانی ناو جزوەکە، ئایەتەکانی سەرکۆشی، بداتەوە پیرۆزی ئاوی بیرەکە. بەڵام! رێکەوت و چاوەڕان و دڵی، بە توندی لە بازنە و نزیک بیرەکە سندم کردبوو.

کوڕەکە. دوورنەدەکەوتەوە، نەدەڕۆیشت! دەیویست ئاوی بیرەکە و ئاوی هەناوی، بە یالە سازەکەی کیژەکە رابکێشێت. فەقێ لە نەوە پەڕەسێلکەیە، یان پەڕەسێلکەش فەقێیەکی سپی و ناسک بووە، ئەو ناسک دەبێت و نەرم دەبێتەوە، چەند شیعرەکان ئاوێتەی ئایەت و ئیمانداری دەکات، چەند زۆرتر دەخوێنێتەوە و دەنگە بە سۆزەکەی دەگاتە بەرزی هەورەکان، بەرز و ناسک و نیان دەبێتەوە، دەبێتە پەڕەسێلکەیەکی باڵ ناسک. یان پەڕەسێلکەکان، دەگەنە هەناسە و نیگا و تاوانەوەی فەقێیەک، بۆیە فەقێیەک دەچێتە ئاسمان، دەفتەر و شیعر و خوداپەرستییەکانی دەبێتە باڵ، سەری دەبێتە قیبلەنامە، هەوارەکان دەناسێتەوە. ئاسمان و ناو هەور و خەتەکانی سەرزەمین پارچە پارچە دەناسێتەوە. ناوەکانیان یاڵ بە یاڵ دەزانێت، تەڕ و وشکاییەکان، سواندەی هێلانەکان دەستنیشان دەکات. ناو بە ناو و بۆن بە بۆن و رەنگ بە رەنگ دەناسێتەوە. سالآنە دەڕوات، بەڵام دەگەڕێتەوە، ماسولکەکانی فێری هەڵگرتنی باڵ و سینگ و حەزەکان دەبێت. ئەوە فەقێیەکە شەیدای شیعر و ناسکییە، بویتە پەڕەسێلکەیەک، ئاسمان دووریدەخاتەوە. بەڵام هێلانە و کاریتەکانی بەژنی تەمەن و مان، لە ماڵەکان پیرۆزیان دەکات.

....

منداڵەکە، لەگەڵ هەڵدانەوەی دەوڵکەکە. تەپەی دێت و دەگاتە بنەوەی بیرەکە، تا ببێتە ماسی و قرژاڵ و وردە بەردێکی خاڵخاڵ، بەنادڵییەوە ببێتە قەوزەیەکی کەسک و شل. منداڵەکە دەگاتە ناو بیرەکە، تا ببێتە یەکەم نیگای نزیک و گەرمی نێوان کیژەکەی سەر بیرەکە و فەقێیە پەڕەسێلکەکە. منداڵەکە بەردەبێتەوە و پەنجەی پێیە گچکەکان، لە زاری بیرەکە نەدەبونەوە. دەستی بە توندی و بە مەیلەوە، بە سروە فێنکەکە گرتبوو. منداڵەکە چاوی، بە نیگایەک، بۆ پشتەوە و بۆ سەرەوە و بۆ راست و چەپیش، چاوەکانی دەگێڕا.

منداڵێکی تەمەن سەرووی شەش ساڵان. لەسەر بیرەکە و لە پەنا خشتە خووساوەکانی هەردوو دیوی بیرەکە. سێبەری (قاتانە)کەی، ئەوەی لە بەژنی کیژەکە بەرزتر نەبوون، ئەو دوو لادیوارەی بەکرە و گوریسەکەیان ڕاگرتووە. ئازایانە بەرگەی ڕاکێشانەکە و گەڕانەوەکە دەکات. منداڵەکە، قاچی چەپی دەڕوا! بەڵام قاچی ڕاستی، دەیەوێ خۆی بە دەرەوە بگرێتەوە، نەگاتە ناو بیرە قووڵەکە. لە دوو بەکرە و گوریس و کندڕ و ئاو و تەڕبوون، نیگای نێوان فەقێیەکە و سینگی تەڕی کیژەکە جیانەبێتەوە. ئاگای لەو بەزمە بێت، لەناو سۆزەکە گەرم و بەناز و شاناز دیار بکەوێت.

ئەو دەیزانی دوو دڵ و دوو هەناسە، لە دوورەوە بەیەکەوە لێ دەدەن. بۆ یەکتری ئاخ هەڵدەکێشن. عیشقێک زۆر دڵسۆزانە و بەگەرمییەوە لەوێ بەستراوەتەوە. دڵێک، یان دوو دڵ ڕادەتەورێن. تەوران دەکەن، ناتوانن سندمەکەیان بشکێنن و دوور بڕۆن.

دەمی منداڵە لار و پاڵدراو و هەژاوەکە دەڕوا، بەڵام! هاواری زار و قوورگ و هەناسەی ناڕوات. دەکەوێتە ناو ئەو بیرەی، ئاوەکەی شیرین بوو. ئەو بیرەی، پاش چەند بیری ئاو تاڵ و قووڵ و چەقێن، خەڵکی گوندەکە لەناو ئەو بیرە قووڵە، دەگەنە ئاوێکی شیرین، زۆر شیرین و پاک و زیوین. ئاوە شیرینەکە، بیرەکە، دەکاتە سەڵاوات و سەرە ڕێگا و مەنزڵی هەموویان. دەستی پیر و شانی بەژان و چاوی ڕەش و هەنگاوی شل، لەو بیرە بۆ ئاو کۆدەبنەوە. بیرەکە بە ئاوە شیرینەکە، گوندەکە و جۆخینەکە و ژووانەکان و گەرمی حەیران، نەمر دەکات. ئاوەکە، ئەوانە نەمر دەکات، هەر ئاوەکە و بەس، ژیانی بەوانە بەخشیوە.

منداڵەکە بەردەبێتەوە، لە هەناو و دەم و چاوی ژنانی سەربیرەکە، هاوارێک هەڵدەستێت و دەڵێن:

کاکە سوور کەوتە ناو بیرەکە، تەپەی هات. هات و سەراوسەر کەوتە ناو بیرەکە، کەسمان هۆشمان لە خۆمان نەبوو! هەتا ترپەی نەهات نەمانزانی! کۆرە بم، بە هانامان وەرن، کیژەکە ترسی نامێنێت و ناوی فەقێیەکەش، یەک بە دەنگی خۆی دەردەبڕێت، هاوار دەکات، منداڵەکە لەبن دەستم لەگەڵ هەڵدانەوە و شۆڕکردنەوەی دەوڵکەکە کەوتە خوارەوە.

کیژەکە دەڵێت:

فەقێ مەجید، مەجید وەرە. منداڵێک کەوتە ناو بیرەکە، لەبن دەست و پێیەکانم کەوتە خوارەوە، وا لە بنەوەیە، لەناو بیرەکەیە!

فەقێیەکە بە جوانی گوێی لە ناوی خۆی دەبێت. دەزانێت کیژەکە ناوی پرسیوە، ناوەکەی دەزانێت، بەپەلە غار دەدات، نوزەیەکی لێوە دەردەچێت:

هاتم، گوڵستان هاتم، هاتم گوڵستان، هەر ئێستا.

کیژەکە دەزانێت، بە کەوتنی منداڵەکە، فەقێیەکە ناوی دەزانێت:

پەلە بکە، دەمرێت، زۆر خراپ کەوتنە ناو بیرەکە!

منداڵەکە بەر لەوەی ببێتە ماسییەکی پوولەکە زێڕین و چاو گەش. بەر لەوەی منداڵەکە، ببێتە پرسەیەکی حەوت رۆژەوە. رۆحەکە ببێتە فرمێسکی گریانێکی درێژ و گەرم. منداڵەکە بەر لەوەی ببێتە دوو کێڵی لار، گۆڕێکی گچکەی لاڕێی کاروان و شوانەکان. ببێتە خۆڵێکی سووری سەر سینگ و دوو دەست و پێی راکێشاو. فەقێیەکە دەچێتە ناو بیرەکە، بەپەلەش، بۆ دیتنەوەی چاوی کیژەکە، هێنانەوەی ژیان و هەناسە سەردەکەوێتەوە و دێتە دەرەوە!

....

ئاو، رەنگی رەش و سپی و کات و سەردانی مردن و ژیان و مان و بەهاری کەسک و خۆرئاوابوونی زەرد، لەیەک جیادەکاتەوە. رەشەکان، بە بۆرییەوە دەباتەوە کن سپییە پەمۆییەکان. هەر پشتی نەرمی ئاوە، سپییەکان، دەباتە کن هۆزە رووتەکانی ئەودیوی دەریا زۆر دوورەکان. بە ئاوە گەورە بەرینەکان، هەموو رەنگ و سیما و ئاینزا، رووت و پۆشتەکان بە فستانی زەرد و سوور و نەخشەی بەرسینگ و بەرمەمک رووتەکان و کەوا ئاوریشمەکان، لەیەک نزیک دەکاتەوە. واتە دوو کیشوەر، دوو رامان و سەد ئاینیش لەیەک نزیک دەکاتەوە. بەڵام ئاوی بیرەکان، وشکبوونی گوند و ژووان و دیوەخانی لەچاوە، خەرمانیش چۆڵ دەکات.

منداڵەکە، نەدەیزانی سێ بەشی رووی زەوییە خڕەکە ئاوە. لە بەختی خۆیان، لەو رووبەر و ئاسۆیە بەرینەدا، ئەوان، گوندەکە، باڵندەکانیش چاوێکی قووڵیان لەو ئاوە زۆرە بەرکەوتووە. ئەوان تەنها ئاوێنەیەکی شکاو و ژەنگاوی ناو بیریکێیان بەرکەوتووە.

هەر ئەوەندە ئاوە، بەر هۆز و نەوەکانی ئەو گوندە کەوتووە! بە هەموو ژن و پیاوەکان، بۆ خاوێنبوونەوەی بەزمی شەوانە. بۆ نوێژی هەر پێنج فەرزەکان ئەو ئاوە هەیە. لە سێ بەشی ئاوە زۆرە قووڵەکەی سەر پشتی گا و ماسییەکە. ئەو جامە ئاوەی ناو بیرەکە، کە بە بیرە تاڵەش دەناسرێت، بەر ئەوان کەوتووە!

ئەو مستە ئاوەی بن زەوی، بە قەد چاوی قرژاڵێکە، بەقەد بێژنیگێکی شڕی دەستی داپیرەکانە، کە پیر دەبن. دەستێکیان بێژینگە و دەستێکیان تەشی و خوورییە. ئینجا لە بەدبەختی ئەو (منداڵەکە)، ئەو ئاوە تەنکە شێلووە کەمە، دەیەوێ بیخنکێنێت و بیکوژێت. منداڵەکە، لە دیتنی یەکەم شەمەندەفەری سەر سکە ئاسنەکە بێبەشی بکات. هەر زوو و بەر لە هاتنی ئەو ترێنە، لەو ئاوە، لەو مستە ئاوە بخنکێت. منداڵەکە نەزانێت رۆژێک دێ، ئینگلیزەکان بۆ هەولێر، ترێن و بۆ ئاوەکەی شێخی باڵەکان رێگا دەبەن. ئەو گەورە دەبێت و بورغییەکانی سەر سکە ئاسنەکان دەکوتێت. ئاوە وشکە مەییووە کەمە بەستووەکەی سەر نەینۆکەکەی بن بیرەکەیان، دەیویست بیکوژێت و ملی بگرێت و هەناسەی تەنگ بکات و بیکوژێت. بە گەنجی، گەڕەکی تەعجیل و هەولێر نەبینێت. لەو شارەدا، ئەو منداڵە کە گەورە دەبێت، ماوەیەک کەبابچییەتی بکات، چەند مانگێک لەناو دووکانێکی قەرەباڵغی جەنجاڵ نەجاڕی بکات. لەو شارە بمینێتەوە و چاوی بۆ گەڕانەوە و دیتنەوەی باوکی هەڵنەێت و نەتروکێنێت، لەو ئاوە بخنکێت.

یەکێک لە کاپتنەکانی پورتگاڵ. لە چواردەوری زەوی سووڕاوەتەوە و جیهانە نوێیەکەی بە هیندی نوێ زانیوە. دونیا لە ناو ئاو دەدۆزێتەوە، بەناو ئاوەکانەوە، دەگاتە کانزاکان، رەشەکان، زێڕ و تەماتە و جۆرەها میوە و ئاواز و سەما. ئەویش، منداڵەکە، پاش چەندین سەدە، ئەو لەو ئاوە، لەو ئاوێنە ئاوەدا، لەو مەنجەڵە ئاوە بخنکێت. دەخنکا و گوێی لە فیتەی سافیرەی ترێنەکەش نەدەبوو. ئەوەی لەناو ئاقاری گوندەکەیان دوایی رێلیان تێدا رادەکێشا، دەخنکا. ئەگەر فەقێیەکە، بە فێڵی دەور و دەرسەکانی سەیری کیژەکەی سەر قاتانەکەی نەکردبوایە، دەنگی یالە و بادانەوەکەی ئەو نەبووایە، لەو مستە ئاوە دەخنکا، نەدەگەیشتە هەولێر. ناوی نەدەبووە سەعید و نەوەکەی نەدەگەیشتە ئەوروپا، لە تواناسازی خوێندنی بیناسازی تەواو نەدەکرد. پڕۆژەی بۆ نوێکردنەوە دانانەوەی کۆنە دەرگاکەی تەعجیل پێشکەش نەدەکرد. یالەی

کیژەکەی سەر قاتانی بیرەکە، پەرۆشی فەقێیەکە نەبوایە، هەرگیز نەدەهاتە تەعجیل و گوێی لە پیاوە دارفرۆشەکان نەدەبوو، هاوار بکەن، کڕیاری بارە دارەکی.

ژنان. بە دیار بیرەکە خۆیان هەڵدەکرد، چووست ناو قەدیان توند دەکرد، بە تەوسەوە ئاویان بۆ ژیان و جوانی و خاوێنبوونەوە، لەو بیرە قووڵە راکێشا. چەند مستە ئاوی سێ بەشەکەی ئەو زەمینەیان، لەناو بیرە قووڵەکە بە زەحمەتی رادەکێشا. بە تووڕەییەوە ئاوەکەیان رادەکێشا و دەیانزانی ماندوو دەبن، دەیانزانی ئاوەکە لەوان دوورە و ئاوی زۆریان دەوێ، تاکە سەرچاوەی ژیانیش ئاوە، بەشە ئاوەکەی ئەوانیش، کەوتووتە ئەو کونە باریکە، نۆرەی بۆ دەگرن، بە دەست و شان و چاو و وڵاخەکانیان، بۆ ئاوەکە شەکەت و سەخڵەت دەبن.

لێرە ئاوهێنان بە گۆزە نییە. لێرە ئاو، نەرم نەرم لەنجە ناکات و دیار نییە. ئاوەدانییەک ساز ناکات، ئاوەدانییەکان، بە نەمانی ئاو هەڵدەتەکێت. ئاویان کەوتووتە ناو ئەو بیرە قووڵە. ئینجا لەوێ دەیەوێ، منداڵێک بۆ دیتنی چاوی ئاو، سەر نەوی دەکات، کیژەکە لە تاوی عیشق بێ ئاگایە، منداڵەکە دەکەوێتە ناو بیرەکە، ئاوەکە دەیەوێ، ئەو منداڵە ترێن و شار و تواناسازی نەبینێت.

کاکە سوور دەکەوێتە ناو بیرەکە. کوڕە فەقێیەک، باریک و رەشتاڵە و قۆڵ و باسک درێژ، دەگاتە ناو بیرەکە. دەستی بۆ منداڵەکە درێژ دەکات، منداڵەکە کەوتبووە سەر دەوڵکەکە. چاوەکانی لەناو تاریکی وەک چاوی بیرەکە و پیرۆزیی ئاوەکە دەبریسکایەوە، هەست دەکات پێیەکەی گەیشتووە بەردەڵان و خاکێکی تیژ و رەق، پێی دووەمیشی دادەنێت و لەناو بیرەکە رادەوەستێت، منداڵەکان لە باوەش دەکات، ئەو ناوی کیژەکەی دەزانی، دەیویست بە ناوی خۆی بانگی بکات و پێی بڵێت:

منداڵەکە لەناو دەوڵکەکە دەپەستم، تۆش پێیان بڵێ نەرم نەرم رایبکێشن!

ئاوی ناو بیرەکە، هەتا سینگی کوڕە فەقێیەکە هاتبوو. منداڵەکە لەناو دەوڵکەکە دەپەستێت، دوودڵ نابێت و ناترسێت بە ناوی خۆی بانگی کیژەکە دەکات.

دەی گوڵستان وا هات! رابکێشە.

کیژەکە دەستێکی بە رۆخی قاتانەکەوە توند گرتبوو، سەیری ناو بیرەکەی دەکرد، باش گوێی لە دەنگەکە دەبوو، دەڵێت:

فەقێ باشە، بە قوربانت بم!

منداڵەکە لە ئاوەکە نەرمتر و شلتر ببوو، چاوەکانی دوو گۆمە ئاوی ترساو و شین بوون، هەناوی کوندەیەک ئاوی شیرین. منداڵەکە وەک ئاو، بەشێکی دەستی، پەنجەکانی، کەرتێک لە جەستەی دەرژایەوە ناو بیرەکە، پێیەکانی جیانەدەبونەوە. کوڕەکە هاتبوو بزانێت دەستەکانی، چاوەکانی، ئەو نەرمترە یان ئاو. ئەویش هاتبوو بزانێت، دەستی دەگاتە ئاوی بیرەکە. ئاوەکە بۆ ئەوەندە بە زەحمەتی، دەگاتە، دەست و چاو و قورگی خۆیان، ئاژەڵ و مریشک و قامیش، ناو مەسینە و مەنجەڵەکانیان، ئاو بۆ ئەوەندە زەحمەت ڕێ دەکات.

....

# شێخی چۆڵی

پاش ئەوەی فەقێیە لاوازەکەی هەولێر. لە رووناکی حەزرەتی شێخ، لە حوجرە و کتێبخانە پیرۆزەکەی خوێندن تەواو دەکات. دەست بە ئیجازە و چاو کراوە و هزر ئاوەدان، بەرەو هەولێر و شارەکەی بەڕێدەکرێت. پێی لە دوا سەکۆی تەکیەکە ئاودیوو نەببوو، پێی دەڵێن:

سەر چەما و رێگاتان نزیک و ئاسان بێت.

ئەویش وەک مامۆستاکەی بە هەورامی دەڵێت:

سەر چەما!

دەڕوات و شادومانە، ئەو شێخە شادومانە. ئەوەی لە هەورامان، گوێز و ئاوی سارد و بەفر و (مەولەوی) دەناسێت. بە شان و بە دڵ و بە کتێب، هەورامان دەباتە هەولێر. پێش هەورامان، زۆر دەڤەر و چیا و دەشت و زمان و چاوی نوێ هاتونەتە ئەو شارە.

مەلایە گەنجەکە، (دەستە جلێکی سۆفیانەی سادەی لەبەردا بوو، هەناوێکی گەرم و پەرۆش بۆ گەیشتن، زۆرجار لەناو کتێبەکان، کە سەرما دەستوپەنجەی دەتەزاند. کە ئاگردانی شەوەکان خامۆش دەبوو، سۆزی بۆ قەڵات و هەولێر هەڵساوە)، دوایی دەبێتە شێخە گەورەکە. چۆڵەوانی ئەو شارە ئاوەدان دەکاتەوە. لە جیاتی شاباش و پیرۆزیی ئاوەدانکردنەوەکە، نازناو و موتفەرکی چۆڵی پێ دەبەخشن. کەسیش، نازانێت کێ ئەو ناوەی لەو مزگەوت و قوتابخانەیە و حوجرەیە ناوە! مەلاکە، تەنگاوە و دەیەوێ زوو،

گەڕەکەکانی هەولێر رابکێشێت. نێوان کۆنە منارەکە و شوێنەواری کۆنە مزگەوتەکەی سەردەمی سوڵتان موزەفەر و ئەتابکییەکان، بە ئاوەدانی و سێبەر و زەخیرە پڕ بکاتەوە.

کاکە سوور، کە کێشکەی لە باخەڵ دەبێت. ئەو سەربردەیە نازانێت، ناوەکەی وەرگرتووە و بەرەو مزگەوتەکەی دەڕوات و باوکی پێی دەڵێت:

کوڕم هەتا حەسەنە کۆر، کایەکەی دەفرۆشێت، ئیشەکانی لەناو قەیسەری تەواو دەکات، سەرێک لە (ئەحمەد تەبیب)یش دەدات، ئەو وتی:

پێیان گوتم، لەکن ئەحمەد تەبیب، دەرمانێکی (چاوکولی)یمان بۆ بێنە. پێیان وتووە بە تەبیبەکە بڵێت:

دەرمانەکە بۆ چاوی کیژێکە، (بۆ کانی چاوێکە، بۆ جوانییەکە) بهێنە.

بۆیە حەسەن، ئەوە لەبیر ناکات و دوا ناکەوێت. مەرهەمەکە بۆ چاوە و بۆ کیژێکە، کیژەکە لە گوندەکەی خۆیانە. رەنگە بیریش لەوە دەکاتەوە، ئەگەر ئەو دەرمان و مەرهەمیان بۆ ئەو هێنابوایە، ئێستا دەیزانی، بۆنی رۆژەکەی، ئەو مەست و عاشق دەکات، لە کام گەڕەک بووە،ماڵیان لە کوێیە. بۆنەکە بۆنی گەردەن بوو، یان مێخەبەندکی مل و عەتری قژ و خەنەی سەرە، یان بۆنی ژنە و بەس. ژنیش بۆنی تایبەتی هەیە. کچ بۆنی جیاوازە. ژنێک منداڵی بووبێت، ژنێک چاوەڕوانی منداڵبوون بکات، قەیرە کچ بۆنیان جیاوازە. شارەزاکانی ژن، ئەوانەی ژیان بە بوونی ژن دەزانن، شارەزان. بۆنێک لە رەگەوە وەرگیرابێت، دەچێتە ناو رەگی دەمارەکان. بۆنێک لە گوڵ و خونچەوە گیرابێتەوە، چاو و چەشە دەکاتەوە. بۆنی گەڵاش، رِوومەت و گەردەن دەکاتەوە.

باوکەکە بە کوڕەکەی دەڵێت:

هەتا ئەو ئیشەکانی تەواو دەکات، تۆ دەچیتە خزمەتی شێخ و دەستی ماچ دەکەیت. شێخی چۆڵی، زانایەکی گەورە و موتفەرکە. دوعا و نزاکانی دروستە و دەروێشی شێخەکانی تەوێڵە و بیارەیە. ئەو لە دوورەوە دەزانی، تۆ لە کوێ هاتوویت. بۆچی هاتوویت! برۆ و دەستی ماچ بکە، کەوای ماچ بکە!

....

ئەو، مەلا گەنجەکە، کە خوێندن و تەریقەت وەردەگرێت. بە یەک شەو، لە هەورامانەوە دەگاتەوە هەولێر. بە داوا و ویستی شێخە گەورەکەی ناو شاخەکە و حوجرە نوورانییەکە، مەلاکە، هەموو چیاکان، کەندولەند و دەشتاییەکان و وڵاتی شارەزوو و کۆیە و شلێر و سەرگەڵوو و بنگەڵوو، ئاو و چەم و جۆگەکان، بە یەک شەو دەبڕێت و دەگاتەوە هەولێر. لەو شەوە، هەتا پەڵە هەورەکان، چاو و روومەتی ئاسمانیان نەگرتبوو، سەیری ئەستێرەکان دەکات، بەو شەیدابوونە رێگایەکی باش دەبڕێت. لەگەڵ سەمای رووبارێکی باریک. لەگەڵ خەونی کانییەک. دوور بەدووری گوندێکی پەرۆشی باران، رێگاکە دەبڕێت.

شێخ، لەبەر دەرگای حوجرەکەی پێیان دەڵێت:

من زۆر ئێوەم بەدڵ بوو، گەنج و مەلای ئاینخواز و زانست بوون، دوعاتان بۆ دەکەم، فەرموون بگەڕێنەوە. دەپرسم، ئێوە کە هاتن چەند رۆژ بە رێگاوە بوون؟ کاروانەکەت دوور و سەخت بوو، گوند و هەواری زۆرتان بڕی!

مەلا چاو گەورەکەیان، لەسەرخۆ، باشیش بوخچەکەی لە کۆڵی گرتبوو، ئەوەی دوایی ناوی دەبێتە (شێخەلا) وەڵامی دەداتەوە:

جەنابی شێخ، هەفتەیەک بە رێگاوە بووین. بەڵام شەوەکان، پاش نوێژی عیشاکان لە نزیکترین مزگەوت و تەکیە دەماینەوە. گونددەمان دەبینی خەوتبوون، جۆگەمان دەبینی لەسەر یەک پێ دەرۆیشت و دەیووت درەنگە و چاوەڕوانمان دەکەن. دڵۆپەکانی خزم و گۆمەکانی باپیرانم، مێرگەکانی دایکم دەیانووت:

دوا نەکەون، وەرەن، پەلە بکەن بەرد و بەربەستەکان پاڵ بدەن و وەرن!

مەلا ئەسمەرەکە، ئەوەی دوایی ناوی دەبێتە (شێخی چۆڵی)یش دەڵێت:

لە هەر گوندێک، لەبەر کەپری هەر جووتیارێک، لەسەر خەرمان و جۆخینەکانیان، لە دیوەخانی ئاغاکان. شەوانە لە حوجرەکان، کە دەمانووت دەچینە خزمەت شێخی هەورامان، رێزیان دەگرتین، نان و ئاویان لەبەر دادەنایین، دووگردیان بۆ رادەخستین، ئێمەیان دەکردە پێشنوێژ و قسەکەر. بە حەق وابوو. هەموو لەبەر نوور و ناوی تۆ بوو،

جەنابی شێخ. بەڵێ راستی فەرموو، مەلا نزیکەی یەک هەفتە لەو رێگایە ماینەوە، بەڵام! چونکە بۆ خزمەتی جەنابتان دەهاتین، ماندوو نەبووین، ئازارمان نەکێشا.

مەلا چاوە گەورەکە، بەو قسەیە دڵی خۆش دەبێت و رەنگی جوانتر دەردەکەوێت، لە ترسی رێگا دوورەکە، کۆڵە گرانەکە، نیگەران و سەخڵەت ببوو.

شێخ بە رووێکی شیرینەوە پێیان دەڵێت:

بە شەو برۆن، بەیانییەکەی دەگەنەوە هەولێر. ئەو شەو کە دەردەچن، بەیانییەکەی لەوێن. کە گەیشتنەوە شارەکەتان. چوونەوەماڵەوە و سەردان و میوانداریيەکان تەوا بکەن. زوو دەستوبرد بن، یەکێکتان برۆن لە باکووری شارەکە. دیارە دەزانم هەولێر گەورەیە، (قەڵاتێکی کۆن و بازاڕی گەورە و گەڕەکی زۆرە، وەک تەوێلە و بیارە نییە)، لەوێ حوجرەیەکی سادە، بەر سێبەرێکی جوانی تووێکی گەورە، بکە بە حوجرە و مزگەوت. لەوێ لەگەڵ زیکر و نوێژ و دەرس و خوێندنی کتێب و جزوەکان، چاوت لە ئاژەڵ و پەلەوەرەکانیش بێت، بەتایبەتی ئاسکەکان ( مەلاکە، لەو ماوەیەی لەو حوجرە بووە فێربووە ئاسک، مامزە)، ئەوانە لە گەرمێن، لەناو گیا و پووشەکانی ساڤاناوە هاتوون، شیر بە بێچووەکانیان دەدەن و غار دەدەن، بۆ ژیان و سێبەر پەرۆشن.

مەلایە هاوڕێییەکەی، بەپەلە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی فەرموودەکەی شێخ بکات، دەڵێت:

جەناب، ئەدی ئەمن، من چ بکەم!؟

شێخ سەری بەرز دەکاتەوە، دڵۆڤانانە دەڵێت:

پەلە مەکە، دەزانم رەوانەی کام شوێنی شارەکەت دەکەم. تۆش، دەبێ قوتابخانە و هەوارێکی رووناک ئاوا بکەیتەوە. تۆ لە باشوورەکەی، لەسەر کەندەکە، نزیک سەرچاوەی کارێزەکان. لە پشتەوەی ماڵە جوولەکەکان و باخچەکان (شێخ هەرگیز شاری هەولێری نەدیبوو، بازنەی قەڵاتەکەی وەک کەسکێک لە مەچەک نەکردبوو، بەڵام دەیزانی، شارەزا بوو)، حوجرەیەک و هەوارێک ساز بکە، چۆڵەوانییەکە ئاوەدان بکە، بەرامبەر مەرقەدەکەی عوزێڕ پێغمبەر، نزیک بەردە گەورە پیرۆزەکەی. ئەو بەردە گەورەیییەی، بە شان و بە دەست و پەنجەکانی، هەڵیگرتبوو، لە شوێنی بەردەکە، لەگەڵ تاقەتی هەڵگرتنی بەردەکە، مەزار و مردن و نووستنەکەی دیار دەکات. بەرامبەر ئەو مەرقەدە، حوجرە و مزگەوت و خێر و بەرەکەت دابنێ. بڕۆن! بەنیازی

خودا و هیمەتی بابوباپیرەکانم، بە نووری ئەو ئاسمانە، بەیانی زوو دەگەنەوە شارەکەتان.

هەردووکیان، بە سەلامەتی دەگەنەوە هەولێر. هێشتا تیرۆژی خۆرەکە، لە شار و قەڵات و کۆنە منارەکە و گردی قاڵینج ئاغای نەدابوو. سێ چوار رێبواری ماندوو، لەو رێگایەکی دوورەوە، لە هەورامانەوە دەگەنە سەر باخچەکان. بۆنی دووکەڵی کورەکانی خشتبڕین دەگاتە کونە کەپوویان. لە دوورەوە کاروانی دەشتەکییەکان دەبینن. کە لە شاربەزرەوە دەردەکەوتن. هەردووکیان، لەگەڵ یاوەرەکانیان، دەگەنە سنوور و شوورەکەی شار. لەوێ قۆڵچییەکان، پارەی بار و هاتن و سەرانەیان لێ دەستێنن.

....

لەبەر دەرگای شوورەکەی خۆرهەڵاتی شار. ژەندرمەکە، بەر لەوەی بە زمانی تورکی قسەیان لەگەڵ بکات. دەست بۆ بوخچە و هەگبەکانی دوو مەلاکە و دوو یاوەرەکەی دەبەن. دەیانەوێ بزانن، ئەو چوار کەسە، کە ماندووبون و برسیەتییان پێوە دیار نەبوو، دەڵێن لە هەورامانەوە هاتووین:

یەکێکیان پێیان دەڵێت:

**هەورامان... دوورە، نزیکە، لە کێندەرێیە!؟**

نەدەکرا بڵێن دوورە، بەڵام بۆ ئێمە زۆر نزیک بوو. نەدەکرا، بڵێن رێگاکە سەختە. بەڵام لەبەر پێی ئێمە تەخت و لووس و ئاوەدان بوو. بڕوایان نەدەکرد، ئەگەر بیانگوتبوایە دوورە، بەڵام بە ویستی شێخە مەزنەکە و داوایە پیرۆزەکە نزیک بووە.

یەکێک لە مەلاکان پێی دەڵێت:

ئێمە مەلا و زانای ئاینی ئیسلامین، بە دوای زانست و قورئان، رێگا دوورەکانیش بە نزیک دەزانین. لە مزگەوتەکانی خودا، دەرسمان دەخوێند و فێربووین و دەگەڕێینەوە شارەکەمان.

نەدەکرا، بڵێن هەورامان، بەفر و گوڵ و ئاین و زستانی سەخت و بەهاری جوانە. بەڵام زۆر دوورە. ئێمە لە گەڕانەوەمان وەک باڵندەکان بەرز فڕیوین، باڵمان نەبوو، بەڵام لە بەرزاییەکانەوە هاتووین. دەمانەوێ بزانین کێمان ماوە و شارەکەمان چەند ئاوەدانە.

نەخۆشی و برسیەتی و زوڵمی عوسمانییەکان هیلاکیان کردووە! بەپەلە دەمانەوێ بچینەوە سەر قەلات، بزانین پیرە دایک و باوکمان ماون. بزانین کێشکە و کلۆ، گەنم و جۆ، سالانە تەبارەی جووتیارەکانیان قڕکردووە. چەند وەرز گرانییان لە ناوچەکەیان پەیداکردووە. کێشکە و کلۆ بەزەیی و رەحمیان بەو تەبارانە نەکردووە. نازانن جووتیارەکان، سەپانەکان چەند ماندوو دەبن، چەند چاوەڕوان دەبن. ئاسمانی شین و بەرین، بە باران بەشداری جووتیارەکانیان دەکات، شەوانە خوناو، رۆژانە هەتاو، گوڵەکانیان بە عیشق و ماچی دوو دڵدار، شیلەی زادیان تێ دەکات. هاتوونەتەوە قسە لەگەڵ نەخۆشییەکان و ئافاتەکان بکەن، کێشکەکان بەڕەوێنەوە، زیکر و خوداپەرستی گەرم بکەن. والی و ژەندرمەکانی دەستیان لە باج و زوڵم و شەڕەکانیان لەسەر ئەو میللەتە سووک بکەن.

....

دوو ژەندرمەکە، بوخچەکانیان دەپشکنن. بەر باخەڵ و ناو پشدێنیان دادەوەشێنن. چەند کتێب و دەستنووس و دەستنووسی شیعری مەولەوی و بێسارانی و حافیزی شیرازی، شووشەیەک بۆن و گلۆڵەیەک داوی کەسک و دوو شووشە مەرەکەب و چەند نووکە قەڵەم دەدۆزنەوە. دووگردەکانیش دادەوەشێنن. بەلام! ناتوانن گوڵەکانی نەخشەکان بگەچرێنن، بۆنەکان سارد بکەنەوە. دووگردەکان هێشتا لەناو دەستی ئەوان بوو، بەپەلە خۆیان دەپێچایەوە. هێڵەکان راست بوونەوە. گۆشەکان بوونەوە بە سێبەر. دووگردەکان، لەناو دەستی ژەندرمەکان بوو، دەقی خۆیان وەردەگرنەوە و بەبێ خشە و پاڵدان و دانان دەچنەوە ناو بوخچەکانیان.

ژەندرمەکان، (کە قەدبوون و پێچانەوەی دووگردەکان دەبینن، کە رەنگیان تیشک دەدەن، کە سەنگیان قۆڵیان گران و دەستیان دەلەرزێنن)، بەبێ ئەوەی لەو کاروانە دەستکەوتیان هەبێت، دوو مەلاکە ئازاد دەکەن، بەلام:

دوو کاروانچی، سێ سواری تر، بە بارەوە لە بەردەم ژەندرمەکە قیت دەبنەوە، دەبنە کۆمەڵەیەک. یەکێکیان بە هەڕەشەوە قسە دەکات، دەست و پەنجە لاوازە شووشەیەکەی هەڵدەشەقێنێت. ئازایانە، مل باریکەکەی دەهەژێنێت، بەتووڕەییەوە، بە ژەندرمەکانی سەر دەرگای شوورەی شارەکە، دەڵێت:

بەس نییە، سەرانە و کەرانە و پارە، بەس نییە! چیمان پێیە، دارە و لەو شاخانە، لەسەر سینگی خۆمان، دەستی تەڕ و درێژ و پیرۆزی خۆمانە، وەک دەستی خۆمان خۆشمان دەوێت، بۆ فرۆشتن و کڕینی روون و خورما و خوێ و پۆشاک بڕیومانە. چاوی کەسک و گەشی خۆمانە و دەرمانهێناوە، کردومە بە سووتەک و رەژوو. ڕوومەتی منداڵەکانمانە ئەو ترێیە شیرینە، مەمکی کیژەکانمانە ئەو هەنارە سوورە، ئەو بەهێیە، هەنجیرمان بۆ شار هێناوە. دۆشاومان بۆ شیرینکردنی ئەو شارە هێناوە. بۆچی سەرانە بدەین... بەسە، مامۆستا، تۆ مەلایە رەشتاڵەکە، تۆ ... (دەست بۆ شێخەڵا درێژ دەکات و بە چاویش روو لە شێخی چۆڵی دەکات)، کۆڵێک جزو و ئایەتت لەکۆڵ دایە. قسەیەکمان بۆ بکە. ئەوانە بەس دەزانن باج وەربگرن. ئێمەیان رووتاندیتەوە. خەلیفە و حوکمی ئیسلام وا نابێت، کەی رەوایە، من داری سینگی خۆم دەبڕمەوە بۆ پێویستییەکانم، ئەوان نیوەی پارەکەیان دەوێت. کەی ئیسلام ئەوە قبووڵ دەکات؟! من هەنگوین دەهێنم، ئەوان شیرینی هەنگوینەکەیان دەوێت. من دڵم هێناوە، ئەوان دەرمار و خوێن و خۆشەویستییەکەیان دەوێت. یەک رووپیە نادەم، یەک عانەم پێ نییە. پارە لەناو شارەکان هەیە، ئێمە لە گوند و لە ناو باخچە و رەزەکانەوە هاتووین. پارەمان لە کوێ بوو. لە ناو گوند و رەوەزە شاخەکانمان کانی و سێبەر هەیە، کۆتەرە و هێلانەی هەڵۆ هەیە، پارەی مس و زیو لەناو ئەو گوندانە چ دەکات. راستە کانییەکان ئاوی زیوە، هەتاوەکە دەست و چاوی زێڕە. بەڵام! ئەوانە لە شارەکان دەبنە پارە. وەرەنە ناو رەزەکانمان، هەتا ئارەزوو دەکەن. هەنار بخۆن تا ببنەوە ئادەمیزاد. سەر لەسەر ئاوەکانمان بنێن، تا ببنەوە بنیادەم. وەک رۆحی ئاو زەڵاڵ بن و بەسە بەرۆکمان بەربدەن!

ژەندرمەکەش کە دەزانێت، کۆمەڵەکە ئەستوور دەبێت. دوو مەلا و دوو یاوەرەکەی گوێیان بۆ رادەگرن. مەلاکە بەگومانەوە سەیری دەکات، بانگی ژەندرمەیەکی تر دەکات و پشتی توندتر بکات. بە زمانی تورکی دەڵێت:

....

وەرە ئەو خۆشناوانە تووڕەن! ئەوی داری پێیە و قسەکانی وەک دار تیژ و رەقە! ئەوەی هەنگوینی هێناوە، بە شیرینی دەیەوێ بمخنکێنت. ئەو هەناری هێناوە لووتم دەشکێنێت. بارە بەفرەکەش هێشتا نەتواوەتەوە و سڕم دەکات. وڵاخەکانیان هەستیان

بە تووڕەیی کردووە. سەگەکانیان سەر و لمووزیان بڵند کردووە و کلکیان بادەدەن، هەڕەشە دەکەن.

ژەندرمەکەی دووەم، دواییش سێیەمیش. لەکن ئاپوورەکە ئامادە دەبن. مەلاکەش نێوانیان دەکات و دانوستان دەکەن:

سەرانە و دارانە هەر وەردەگرن، زۆر نەبێت، بۆ ئەوەندە زۆرە زۆر، وا بکەن، یەک بارە دار، یەک قەرتاڵە ترێ، یەک مستە دۆشاو، دو بار گوێز و کاریتە و ... ناهێنین، بەسە ئێمە دەڕووتێنەوە، لە ئاومان دەکەن!

ژەندرمەکە، کیسە تووتنەکەی بەر پشدێنی یەکێک لە کاروانچییەکان دەردەهێنێت و دەیکاتەوە، بە بۆنی تووتنەکە حەیران دەبێت، بە تورکی دەڵێت:

واڵی سەرم بپەڕێنێت، ئەو دوو مەلایە، نوورانییە. مەبەستی هەردوو مەلاکە، نەفرەتیشم بکەم. ئەو تووتنە هەر دەبەم، بۆنی خۆشە. رەنگە بە یەکەم قوومی جگەرەی ئەو تووتنە ببمە واڵی. منیش لە سوڵتان نزیک ببمەوە. کیژە دیلەکانی سربیا و ئەرمەن و تەتەرەکانم بەر بکەوێت. مەست دەبم، لەو ژیانە کۆڵەمەرگییە، لەو شارە وشک و بە ئازارە رزگارم بێت. دەچمە ئەو وڵاتەی کەس قسە لەسەر بژارەکانمان ناکەن، چەکدار لێمان ناچنە ناو شاخ و ئەشکەوتەکان. بەو تووتنە دەپەڕم، رەنگم خۆش و سوور دەبێت، خەوم خۆش و ئارەزوو بە جۆش دەبێت. (کیسەکەی لەناو دەستی بوو، توندی گرتبوو) ئەو تووتنە هەر دەبەم.

....

دوو مەلاکەی بەو بەیانییە دەگەنە دەروازەی شارەکە. بەڵام بەو دیمەنە، بەو راگرتنە نارەحەت دەبن، لەبیریان دەچێتەوە بە درێژایی شەوەکە نەوەستاون و هەر هاتوون، لەو کاروانەدا کەند و نشێو و دارستان، بۆیان رووناک و ئارام دەبوو. بە شەو دەڕۆن، لەو رێگایە دوورە برسییان نەبووە. دەڕۆن و لەو هەورازەوە سەردەکەون و دادەبەزن و ماندوو نەبوون. پێیەکانیان، لەناو کلاشە هەورامییەکەیان ئازار دەخۆن، هەستی پێ ناکەن. شان بە بارە کتێبە قورس و گەورەکان، کتێبەکانی تەفسیر و دەستنووسەکانی زمان و ئەدەبی فارسی و شیعرەکانی بێسارانی شەکەت نابن. ئارەقە دەرنادەن. تا لاپەڕەکان و مەرەکەب، کاغەز و ئارەقەی دەست و پەنجەکان تەڕ نەبن.

ئەوان لەو کاروانەدا. لە گەڕانەوەیان بۆ هەولێر، بە یەک شەو و بەپەلە و زوو دەگەنەوە ناو شاری هەولێر. تا نوور و چراکانی شێخەکانی هەورامان، بۆنی هەورامان بگەیێنە هەولێر. بەر لە کازیوە و بانگدان، شێخ و مەلایە نازدارەکە چۆڵەوانییەکی ئەو شارە ئاوەدان بکاتەوە، لەوێ یەکێکیان بانگ بدات و تەعجیل بەگابێنێت. بەیەکەوە نوێژێک دادەبەستن، کورەچییەکان و باخچییەکان و سەفارەکان، دەستی ئەوانەی پێستەکان چاک دەکەن، کارگەچییەکان بەر لەوەی بگەنە سەر لەباد و لواکانیان نوێژی خۆیان بکەن. هەموو، بزانن مەڵایەکی زانا لە هەورامانەوە هاتووتەوە و پرشنگی نووری لێ دەبارێت.

لە گەڕەکێکی تر، لەناو چەند خێزان و کۆڵانی تری شارەکە:

مەلایەکی تر، لە سەر فەرمانی شێخی گەورە. بڕیارە لە باکووری شارەکە، لە نزیک جۆگەکانی ئاوە سارد و سازگار و باخچەکان. هەوارێک و مەزارێک و حوجرەیەک ئاوا بکاتەوە. هاتووتەوە بە زیکر و تەکبیرەکانی، هەردوو رەگەز، مێ و نێرەکان، دڕ و نەرمەکان، سپی و ئەسمەرەکان، برسی و تینووەکان تێکەڵ دەکات. هاتووە ئاژەڵ و زیندەوەرەکان بە قسە دەهێنێت. شەوانە لە حوجرەکەی مامز و ئەسپە شێیەکە و بزنە گێ گەورەکە و پشیلە کلک باریکەکە، سەگە مل درێژە بە خاڵەکە، مار و دووپشک و قالۆنچە و جاڵجاڵۆکە و مشک و رشک و ئەسپێش دەحەوێنێتەوە. هەموویان، نان و ئاو و ئارامیان بۆ دابین دەکات!

....

شەوەکەی دوو مەلاکە، دەستی شێخەکەی هەورامان ماچ دەکەن. دەیانەوێ بڕۆن و بگەڕێنەوە هەولێر. شێخ، چرایە رووناکەکە، هەورە سپییەکە، کانییەکە ساردەکە پێیان دەڵێت:

کوڕەکانم، ئەودەمانەی هەردووکتان لە حوجرە و قوتابخانەکەی من بوون، من زۆر دڵم خۆش بوو. رۆژانە حەمەد و گەورەییم بۆ خودا دووپات دەکردەوە. هاتنی ئێوە و هزر و تێگەیشتنی هەردووکتان زۆرتر منی کامەرانتر دەکرد. ئێوە یەکەم دەستەی هەولێرن

هاتوونەتە هەورامان. بۆیەش، دەزانم پەرۆشیتان بۆ خوداپەرستی و زانستە، بۆیە ئەو دەشت و شارانەتان بڕیوە.

شێخە هەورامییەکە دەڵێت:

من هەولێرم نەدیوە! بەڵام، باش دەزانم چەند دوورە و دەزانم شارێکی چۆنە. ناوی مەلا و زاناکانی ئەو شارەم بیستووە. بەیاز و دەستنووسەکانی ئەوانم دیوە. زۆریشیان سوودیان هەبووە. دەڵێن شارەکەتان چەند کۆڵانی باریکی تێدایە، قەیسەرییەکانی چەند گوزەری تێدایە. دەزانم بن زەوییەکەی ئەوەندە دەمارە کارێز و ئاوی لەبنە. خاکەکەی چەند بەپیتە. گەنم و جۆی چەند زۆرە. بن زەوییەکەی ئەوەندە کوپە زێڕ و شوێنەواری تێدایە. من نابینم، رەنگە ئێوەش نەیبینن، بەڵام! من خەونم بەو شارەوە دیوە، رۆژێک دێ هەورامییەکانی هەردوو تەوێڵە و تەختیش، روو لەو شارە دەکەن و خزمەتی دەکەن. ئەو شارە، دەبێتە مەڵبەندێکی ئارام و حەسارێکی گەورە بۆ میللەتەکەمان. هەموو عەشیرەت و بنەماڵەکان، لەوێ جێگایان دەبێتەوە. شارەکەتان گەورە دەبێت. ئەوەی دەسەڵاتی ئەو شارەی لەبن دەستی بێت، دەبێتە گەورە و پاشای میللەتەکە!

من خەڵکی زۆرم، ناردوتەوە سنە و پاوە و سەقز و موکریان. مەلا و زانای گەورەم بۆ شنۆ و باڵەکایەتی بەڕێکردوە. لە گەڕانەوەیان، کە دەستیان داوەتە بوخچە و کتێب و حوبر و قەڵەمەکانیان، رێگای کەسم کورت نەکردتەوە، نەپاڕاومەتەوە رێگایان تەنها یەک شەو بێت، نەمووتوە لە گەڕانەوەتان ماندوو و برسی نەبن. من هەمووم خۆشدەویستن، کە دەگەڕانەوە، خەمم دەخوارد و دڵشادیش دەبووم. بەڵام! بۆ ئەو دوو مەلایە، ئەو زانایە تەنگاوم زوو بگەنەوە شارەکەیان، زوو زانیارییەکانیان لە شارە گەورەکەیان بڵاوبکەنەوە. دژی عوسمانییەکان و لە بەرژەوەندی خەڵکەکە نوێژ و دوعا بکەن. من بەپەرۆشییەوە بۆ ئێوە داوا دەکەم رێگاکەتان کورت بێت. حەز دەکەم زوو و بەیەک شەو بگەنەوە هەولێر. ئەستێرەیەک، چرای رووناکی ئەستێرەیەک بەرزتان بکاتەوە. جۆلانەتان پێ بکات. ئەستێرەکە بەرزتان بکاتەوە، لەنزیک شوورەی شارەکەیان دایانبگرێت، هەستیش بە هیچ نەکەن. لە رێگادا قاچتان ژان بکات، تا وا بزانن خۆیان رۆیشتوون! ئارەقە بکەن، برسی بن، هەموو گوند و رووبار و سەربان و سەگوەڕیشتان

گوێ لێ بێت. تا هەست نەکەن، لەسەر پشتی تیرۆژی ئەستێرەیەکن، منیش بەپەلەم زوو بگەنەوە شارەکەتان.

من ئێوەم خۆشویست، بۆیە ئەو دوعایە بۆ ئێوە دەکەم، دەزانم رێگاکەتان دوورە، کۆڵتان گرانە، ئەو ماوەیەی لەکن من بوون، پشووتان نەداوە، بەردەوام سەرتان بەسەر چامە و دەستنووس و کتێبەوە بووە، زۆر ماندوو بوون، زۆر فێربوون! بڕۆنەوە بۆ هەولێر و رێگاکەتان نزیک ببێتەوە، هەر ئەو شەو بگەنەوە و بەیانییەکەی نوێژی بەیانی لە مزگەوتەکەی خانەقا بکەن، دوایی یەکێکتان بچنە باکوور، یەکێکتان بچنە باشووری شارەکە، هەولێر دوو مزگەوت و حوجرە و پیاوچاکی تری دەوێت:

دوو کەسی دەوێت، لەگەڵ نوێژ و خوێندن و کاسبی، عاشقی باڵندە و ئاژەڵ و مەڕوماڵات و پەلەوەریش بن. سرووشت بێ گیانەوەری زۆر، کەلاوە و ترسناک دەبێت. شەوانە مرۆڤ دەخەون و وەچان دەدەن. بەڵام سرووشت، بە دەنگ و سۆز و هەناسە بزێوەکانی باڵندە و ئاژەڵەکان دەپارێزرێت.

....

بگەڕێنەوە و بەپەلە هەولێر، ئێوەی دەوێت. ژەندرمەکان شارەکەیان رووتکردیتەوە، لە برسانا و لە حەژمەتی زۆردارییەکانە کێشکە و کلۆ، تەبارەکان دەبڕنەوە.

شێخ دڵی بەو دوو گەنجەکەوە بوو، ئەوەش، لە چاوە کەسک و نوورانییەکەیەوە دەبینرا، بۆ چەندین جار پێیان دەڵێت:

یەکێکتان بڕۆنە باشووری شارەکە. ئەوی ترتان لە باکوورەکەی شارەکە. حوجرە و مزگەوت و سارداو و خێرات و سێبەرێک دروست بکەن. هەموو خەڵکەکە کۆمەکتان دەکەن، کورەچییەکان خشتیان بۆ دەبڕن، خۆشناوەکان دارتان بۆ دەبڕنەوە، دەستەکان دیوارتان بۆ رادەگرن، چاوەکان رووناکی دەکەن، چەشە و ئارەزووەکان خاوێن و جوانی دەکەن. بڕۆنەوە، یەک میللەت چاوەڕوانی ئێوەیە، قەڵایەک پشتیوانیتان دەکات!

....

کاکە سوور، ئەو بەیانییەی کوڕەکەی لە خەونە شیرینەکەی بەئاگادێنێت، ئەویش جاجمەکە دوو تەختە سوور و کەسکەکەی لەناو کۆشی توند دەگرێت. بە دەستی

چاوەکانی هەڵدەپشێوێت. بڕوا ناکات، جارێکی تر خەونی وا جوان و خۆش ببینێتەوە. خەونێک بوو، تێدا پەرییەک، بەخۆشی خۆییەوە و نەرم نەرم و جوان، هاتە ناو باوەشی. ژنێکی تەڕ و خومار هاتبووە بن جاجمەکەی. خەونێک بوو، زۆر لە گەنجەکان بۆیان گێڕابوە، بۆیە ئەویش زۆر بەحەسرەتی ئەو ژنە شەوانە چوویتە بن جاجمەکە. بەڵام! باوکی وەحشیانە، خەونەکە و تامەکەی لێ دەفڕێنێت، بەو بەیانییە زووە پیاوەکە، باوکەکە بە کوڕەکەی، کە هێشتا دەستی لە ملی و بەژن و دەم و لێوەی خەونەکەی بوو، دەڵێت:

کوڕم سوورە، لەگەڵ ئەو پیاوە نابینایە دەڕۆیت، دەچیتە هەولێر. لە ڕێگای چوون و گەڕانەوەت، بەتایبەتی کە دەگەڕێیتەوە، ئەو پیاوە تووڕە نەکەیت، فیتە لێ نەدەیت، ئەو بە فیتە لێدان تووڕە دەبێت.! نەکەی بپرسیت، ڕێگاکە تەواوە، ئەوەیان کورتتر و قەدبڕترین ڕێگایە بەرەو هەولێر. ئەو پیاوە شارەزایە، نەکەی تووڕەی بکەیت، دوایی بەڕەڵات دەکات، کێشکەکەش لە باخەڵت دەمرێت، شێخیش لێمان تووڕە دەبیت. ئەو دەزانێت من تۆم ناردووە، ئەو دەزانێت و هەستی کردووە، شێخ بەر لەوەی بانگ بدات، یەکەم ناوی خودای لە دەم دەربچێت، قسە لەگەڵ ئاسمان دەکات. پیاوێکی نازدارە ئێمە لەو دەردە، دووردەکاتەوە!

پیاوەکە لەسەر سەری کوڕەکە دەوەستێت. ئەو هێشتا خەو و خەونەکەش بەری نەداوە. ئەویش لەسەر فەرمان و قسەکانی بەردەوام دەبێت:

ئێمە هەموومان دەروێشی ئەو شێخەین، لەو چۆڵەوانییەوە ئاگای لە گوزەرانی هەموو دەروێشەکانیەتی، دەزانێت، هەموومان، یەکە یەکە، دوور و نزیکەکان ئاریشە و کێشەی چیمان هەیە، تووڕە دەبێت، ئەگەر تۆ دوا بکەویت و کێشکەکە، یان کلۆیەکی لەناو دەستی نەنێت و نەیبەیتە ناو حوجرەکە. ئەو بانگی داوە، داوای کردووە، بەر لە چوونی تۆ، گومبەتەکەی بە باڵندە داخراوە. سەربانەکان بە باڵ و پەڕەمووچەکانیان داپۆشراوە. هەموو باڵ و دەندووک و سینگ و پەڕ و ڕەنگەکان، روو لەو گومبەتە دەکەن. دەزانن شێخ داوایەکی هەیە، دەزانن شێخ لەو چۆڵەوانییە، خەم لە گوندەکان و تەبارە کەسک و تەڕەکان دەخوات!

....

کوڕەکە لەناو بوخچە شڕەکەی سەر دارهەرزاڵەکە، بن بالیفەکە، پشدێنەکە دەردەهێنێت، ئاوڕێک لە باوکی دەداتەوە و دەڵێت:

باوکە، دەزانم ئەو زۆر دەچێتە هەولێر، کایەکە دەفرۆشێت و پێویستییەکان دەکڕێت، داوای چەند کابان و سەپانیش جێبەجێ دەکات. ئێوارانەش دەگەڕێتەوە، ئەو چۆن وا شارەزا بووە، چۆن دەگاتە شار!؟

پیاوەکە خۆی سەری کۆت بوو، پشدێنەکەشی نەبەستابوو، لەگەڵ پێچی سووڕانەوەی پشدێن و جەمەدانییەکەی کوڕەکە، دەسوڕایەوە، تەنگاو بوو، بەو تەنگاوییە، بەو بەیانییە قسەکانی بۆ تەواو دەکات و دەڵێت:

بەڵێ کوڕم ئەو شارەزایە! کوێری شارەزا و لێزان زۆرن، پیاوی کوێرم دیوە، جووتیاری کوێرم دیوە تۆی دەدا، خەت خەت، چارۆگەی لە مل کردووە و تۆی داوە، جوانیش تۆکەی پەخشان کردووە. پیاوێکی کوێریشمان دەناسی دوو ژنی هەبوو، دەیزانی شەوانە کامیان جوانتر خۆی رازندوتەوە، تا بچێتە ژوورەکەی ئەو. بە هەست و بە بۆن و جوولە و جریوەی دەنگیان، پیاوە کوێرە دوو ژنەکە، دەیزانی کامیان زۆرتر ئەو شەوە حەزیان لێیە مێردەکەی بێتە لای. کوێرەکە دەیزانی، هەر لە پاش نوێژی عەسرەوە دەیزانی، کە دەگەڕایەوە ماڵەوە، دەیزانی کامیان خۆی سازداوە، بە دەنگی ژنەکە، بە بۆنی ژنەکە، بە نەستی ژنەکە، دەیزانی شەوەکەی خۆشتر دەبێت.

کوڕەکە گوێی لە هەموو قسەکانی باوکی رادەگرێت. ئەگەر دەیزانی، دەڕوات و ناگەڕێتەوە، سەیرێکی حەوشە گەورەکەیانی دەکرد. سەرێکی لە ژوورەکان دەدا، لەسەر ئاگردانەکە نانێکی گەرمی دەخوارد، بەڵام... بە باوکی دەڵێت:

باشە دەزانم، بەڵام چۆن شارەزا بووە، ئەگەر من ئەمڕۆ بچم دەتوانم جارێکی تر بەتەنیا بچمەوە؟!

دەستی لە ناو چۆڕکە باریکە درێژەکە رادەکات، پیاوەکە، چەند وردە عانە و قروشێکی لێ دەردەهێنێت، لەناو مستی کوڕەکەی دەنێت و دەڵێت:

کوڕم چوونە شار خۆ چوونە سەرئاو نییە! ئەو جارە بڕۆ و وەرەوە!

بەو قسەیە، پیاوەکە، هەست دەکات کوڕەکەی ئاوەدان و زۆرزانە، کە دەڵێت:

باوکە، ئێوە دیبگەتان پێ ئاوەدانییە، دەیانووت سێ دوکان دووردەکەوتەوە و دەگەڕانەوە نەوەک ون بن!

پیاوەکە گومانی لەوە دەبێت، ئەو کوڕە ئەو قسانە بزانێت و بچێتە شار و بگەڕێتەوە. بەڵام! ئەو رامانە رازێکی چرکەسات و لەناکاو بووە، هیچ ناڵێت. ئەویش، پەلە دەکات، تا بگاتە حەسەنە کۆر و کەر و بارەکەی، پەلە دەکات.

....

پیاوێکی کوێر و گەنجێکی داماو، بۆ پشوودان و هەناسەیەکی کورت، (بەڵام دوایی زۆر درێژ دەبێت، هەزارەها هەناسەی کورت و درێژ و قووڵ و حەسرەتیشی تێدەکەوێت، کاروان وایە، بەتایبەتی کە لە شارێکی گەورە، لە خانێکی جەنجاڵ و بە ژاوەژاو بکەوێت)، لەکن دوو کرێکاری چاودێری هێڵی شەمەندەفەرەکە دەوەستن:

حەسەن، لەگەڵ چرپە و خڕەخڕی توندکردنەوەی بورغییەکان، دەزانێت گەیشتووتە نزیک کرێکارەکان، بە ناو و بە دەنگ و بە هەناسەکانیان، هەموویانی دەناسی، یەک یەک کرێکارەکانی دەناسێتەوە، دەیزانی هێڵەکە گەیشتووتە کام ئاقار، نزیک کام هەورازە، لە کوێ پردی بۆ هەڵدەبەستن، کێندەرێی بۆ هەڵدەکۆڵن، هێڵێکی دوورودرێژ و ئاوەدانە، ئیشی زۆری دەوێت، حەسەن دەیزانی ئینگلیزەکان کێ دادەمەزرێن و چۆن هەڵیاندەبژێرن تا:

هیچ شوانێکی ساویلکە، هەر بە ئارەزوو و بە هەوەس، قوچەک و سینگەکان هەڵنەتەکێنێت و بوارەکان شپرزە نەکات! ئەندازیارەکەیان دەیووت:

هەر سینگ و قوچەکێک بجوڵێت، من دەزانم!

چاودێرەکە دەیووت:

من هەموو شوانەکانی ئەو ناوچەیە دەناسم، دەزانم، کامیان لاسارە و دەست دەوەشێنێت. بەڵام شوانەکان نازانن، ئەو هێڵە ئاسنە، ئەو قەتارە لەمێژە لە وڵاتانا هەبووە!

کرێکارەکان، خەڵکی ناوچە و گوندەکان بوون. تا خەڵکی گوندەکان، یان کەسێکی لاسار و ڕەنجبەرێکی ماندوو، کێشەیان بۆ نەنێتەوە، بە دارەکانیان، ئەو دارانەی لە هیندستانەوە هێناویانە، ئاگرێک نەکەنەوە.

دەیانزانی کێ دادەمەزرێنن و بۆچی وا دەکەن. داوا دەکەن لە هەر گوندێک و لە نزیک هەر تەبارە گەنمێک، ڕەوسەی جۆیەک، سێبەری مزگەوتێک داوا دەکەن، لە ڕدێن سپییەکان، موختارەکان، ئاغاکانیش، داوا دەکەن:

هەر ماڵە و پیاوێک، هەر پیاوێک دوو دەستی گەورە و هەر دەستە دە پەنجەی ئەستوور و بەکار، (پیاومان ناوێت دڵدار بێت و بیری لەکن یارەکەی بێت، حەیران بزانێت و کەی چەشەی جوولا دەست لەبن گوێی بنێت و حەیرانمان بۆ بڵێت، ئیشمان سارد و شپرزە بکات، نامەوێ شمشاڵ بزانن، بە ژەنین و فووتێکردن، دەستەکان لە توندکردن و هەڵگرتن و دانانەوە و بادان و چەورکردن سارد بکاتەوە)، داوا دەکەن:

هەموو خەڵکی ناوچەکە، گوندییەکان، بەشداریی باشیان لە گەیاندنی قەتارەکە بکەن. هێڵەکە بە بەرهەمی خۆیان بزانن، بورغییەکان بە دەست و ئارەقەی خۆیان توند کرابێت، پردەکان لەسەر پشتی ئەوان ڕاگیرابێت، دارەکان بە شان و دەستی ئەوان داگیرابێت و دانرابێت، خۆڵی سووری لەبن کرابێت و پەسترابێتەوە، تا:

هێڵەکە و قەتارەکە و فارگۆنەکانیشیان خۆشبوێت. بە سافیرەکەی بێزار نەبن. بە دووکەڵەکەی هەناسەسوار نەبن. بەو قەتارە، بگەنە شارەکان و بارەکان بەو فارگۆنانە ڕەوانە بکەن. خۆشییەکانیان، بەو قەتارە بگاتە ناو ماڵ و بازاڕ و دەزگاکانیان، نەک:

شیوعییەکان، بگرن و بەو قەتارە نەفییان بکەن. نەک کوردپەوەر و پارتییەکان پێ ڕەوانەی زیندانەکانی بەغدا و شارەکانی تری عیراق بکەن. نەک فەوج فەوج سەربازی چەکداری دڵڕەق بەو فارگۆنانە بنێرن. چەک و تەقەمەنی پێ بگوازنەوە.

ئینگلیزەکان، ئەوانەی بە سوپای لیڤییەوە هاتن، لە باشوور، بە توندی دژایەتی ئەو قەتارەیان کرد، وتیان قەتارەکە بۆ داگیرکردنەوە، نەک بۆ بار و سوار. ناخوازن لێرە، ئەو ڕامان و بەرهەڵستییە ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

تا پشتیوانی تەواو دەستەبەر بکەن، ئینگلیزەکان لە هەموو گوندێک، لە کەسانی نزیک لە مەلای گوندی، کوێخاکەی سەرکار و ئاغاکەی، خەڵکیان دامەزراندووە. دەیانویست

کێ سەرنانی گەرمە و بەرباخەڵی پاکە و ریش و لمووزی باش تاشیوە، ئەوانەیان دەویست، ڕێزیان دەگرتن و مانگانەیان زۆرتر دەکردن.

....

حەسەن ڕۆژانە دەچووە شار و دەگەڕایەوە، کە دەگەڕایەوە، بۆ یەکێکیان ڕۆژنامەیەکی لە هەولێر دەهێنا. بۆ یەکێکیان جامە ماست و گۆشتی خێر و کەنگر و پیفۆکی بە دیاری دەبرد. هەموویانی باش دەناسی. کە قەتارەکە دەهات لە تەقەی سکەکەی دەیزانی کامیان ئێشکگر بووە. بە دەست و شانی کێ بورغییەکان چەورکراون، کێ چەقچەقە و شەیتانۆکە بۆ نیکۆڵای شوفێرەکە دەگرێت، ئەویش کە دەزانێت شوانەکان و خەڵکی گوندەکە ئەو زیندەورانەیان بۆ گرتووە، قەتارەکە سەبر دەکات، سکەکە نەرم و شل دەکات، تا لەناو دەستەسڕەکە چەند پیفۆک و شەیتانۆکە و کرمەگیایی دەدایە کاپتنەکە، ئەویش دووکەڵ و سوپاس و ئارەقەی ماندووبوونی نیشان دەدا.

....

مەلا مەجید بە حەسەنە کۆر دەڵێت:

ئەو کوڕە لەکن من جێبهێڵە، لێیگەڕێ من دایدەمەزرێنم. بڕۆ لە بۆنەکەی خۆت بگەڕێ. بڕۆ شارەکە، کۆڵان و دووکان و گەڕەکانی چاوەڕوانی تۆ دەکەن. بڕۆ کەی بۆنەکەت کردەوە، یەکەم کەس بە من بڵێ، ئەو بۆنە بە قەد چاوەکانت بۆ ژیانت گرینگە، واز مەهێنە، منیش ئەو کوڕە لەلای خۆم دادەمەزرێنم.

مەلا مەجید، فەقێیەکەی گوندەکەیان، پاش ئەوەی واز لە فەقێیەتی دەهێنێت، لە شار و لە گەڕەکەکەیان و لە هەموو ماڵەکانی کۆڵانەکەیان و کارمەندەکانی هێڵەکە و ئینگلیز و هیندییەکانیش فەقێیەکە، فەقێیەکە دەبێتە مەلا. ئەو ڕۆژەی کاکە سوور لە حەسەنە کۆر دادەبڕێت، بە کاکە سوور دەڵێت:

من تۆم لەناو بیرەکە دەرهێنابوو. من بۆ دڵ و هەناسەی تۆ، خۆم خستە ناو بیرەکە. پێیەکانم لە پشت و بڕبڕەی بیرەکە توند کرد، بەپەلە چوومە خوارەوە. هەستم دەکرد، هەناسەت دەهات، بانگت دەکرد، بۆیە چوومە خوارەوە. لە سەرەوەش هانیان دەدام، بە قوربانم دەبوون. بەپەلە و بە هەشتاوی چومە خوارەوە، تۆم لەناو مست و چڕنۆکی ئاوی مەرگ و مردن دەرهێنا. تۆم رادەکێشا، ئاو و تاریکی و مردن تۆی رادەکێشا، بەڵام

توانیم رزگارت بکەم. ئیمڕۆش، من هەموو بوارەکانت بۆ ساز دەکەم، لەو شارە و لە ژیانێکی نوێ، کارێک بدۆزیتەوە.

کاکە سوور، خەریکی چەورکردنی بورغییەکانی سکەکە بوو. فارگۆنەکان، نەک بورغی، تەوژمی بارەکان، پشتی رەق و بەردەلانی زەوییش دەهەژێنێت و دەیجولێنێت. فارگۆنەکان، خەم و ئەسرین و دیل و بەند و کتێبی حیساب و رۆمانی لانەوازانی ڤیگتور هیگۆ و دایکی میکسم گۆرگی و ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ و باری تەموین و خورمای دەهێنایە ئەو شارە، (دواییش و پاش سەرکەوتنی شۆرشەکەی چواردەی گەلاوێژ، بارزانییەکانیش، پاش ئاوارەبوون و دەربەدەرییەکی زۆر بەحەسرەت، بەلام مەردانە دەهێنێتەوە. لەو رۆژەدا، گەورەترین کەرنەڤال و ئامادەبوونی جەماورەی لەبەردەم هاتن و گەیشتنی ترێنەکە ساز دەکرێت. خەڵکی شارێک، لەو رۆژەدا هەژارەکانی ئەو شارە، ئاغاکان، ئاغاکانی ناوشار و ئەوانەی لە گوندە دوورەکانیش هاتبوو، لەو رۆژە چاوەڕوانی هاتنی قەتارەکە دەکەن، هەرگیز، هیچ رۆژ و بۆنەیەکی تر، قەتارەکە ئەوەندە کەسە، شارێک، گچکە و گەورەکان چاوەڕوانیان نەکردبوو)، مەلا سپانە گەورە درێژەکەی سەرشانی دادەنێت و هەڵدەستێتەوە. سلاو لە حەسەنە کۆر و کاکە سوور وەردەگرێتەوە، دەستەسڕەکەی ناو گیرفانە قووڵەکەی دەردەهێنێت. دەستە گەورە و پەنجە گەورەکانی پێ دەسڕێتەوە، لە حەسەنە کۆر دەپرسێت:

حەسەن وابزانم دوێنێ نەهاتی و نەمدیبووی**!؟**

حەسەن سەری بۆ رادەوەشێنێت و دەڵێت:

راست دەکەیت، دوێنێ... هێشتا قسەکەی تەواو ناکات، ئەو دەڵێت:

رۆژێک تۆ نەچیتە هەولێر، چەند ماڵێک، بێ کا و دووکەڵ و گەرمایی دەبن، چەند ناندینێک، بێ هێلکە و ماست و پەنیر دەبن**!**

حەسەنە کۆر، نەیویست زۆرتر ئەوانیش سەرقاڵ بکات و زۆرتر قسەیان لەگەڵدا بکات، ئەو تەنگاو بوو، دەیویست زۆر دوانەکەوێت.

بەلام کرێکارەکان، دەیانزانی وەلامەکەی ئەو چییە، زووتر ئەو پرسیارەیان لێ کردبوو، بەتایبەتی کە دەگەڕایەوە. گەڕانەوەکەی، وەک رۆیشتنەکەی نەبوو. بەیانییەکانی

وەک ئێوارەکانی نەبوو. بەیانییان بۆ گەیشتن بە شار پەرۆش و لزگین بوو. بەڵام بۆ گەڕانەوەی گوند پەریشان نەبوو، ئەو دەیووت:

من لەوێ بۆنی ژن دەکەم. دەزانم بۆنی خۆش چییە، بۆنم کردووە و دەچمەوە دوای بۆنەکە!

ئەو بە بۆنی ژنێک شەیدای ئەو شارە بووە. ژنێک هەناسەی بۆنی بۆ کردیتەوە، بۆیە وا حەیران بووە. ژنەکە زانیویەتی ئەو پیاوە دەست بە مووە، ئەو پیاوە نابینایە ژنی نییە. شەوی ژنانی هەرگیز نەدیوە. شەو لەگەڵ ژنێک وەک بنیشت و هەویر تێکەڵ نەبووە. زانیویەتی حەسەنە کوێر، شارەزای هەموو رێگا و تخووبی چەندین گوندە. ئەو دەزانێت، کام ماڵ کای نەماوە. کامیان ئاگردانیان سارد و سڕە. کامیان ئاوی ناو جامەکەیان شیرینە، سێبەرەکەیان فێنکترە. ژنەکە بیر لەوە دەکاتەوە، دەبێ ئەو پیاوە کوێرە بزانێت، کێندەرێ ژنان بە ئاوە. کێندەرێیان زۆرتر چاوەڕوانە. کوێرەیە، بەڵام هەست دەکات، بۆن چۆن دەست و پێی و گەرمایی گونەکانی جۆشدارتر دەکات!

ژنەکە، بە سۆزەوە بۆنەکە لەو نزیک دەکاتەوە، رووی بۆنەکە، جەستە بە بۆنەکەی لەو دەکات، خێری پێ دەکات، دەستی دەگرێت، رۆژووی پێ دەشکێنێت. ژنەکە، بەو بۆنە، وا لەو پیاوە کوێرە دەکات، شاری خۆشبوێت، کۆڵانەکانی بناسێتەوە، دەرگاکان نیشان بکات، ماڵەکان ون نەکات، بۆیە بۆنەکە لە هەناسە و دڵ و هەوەسی نزیک دەکاتەوە. فریشتەیەک لە ئاسمانەوە پێی دەڵێت:

تۆ، ژنەکە، ژنەکەی بەر سێبەر و ناو کەف و سابوون. ژنەکە، بۆ ئەو پیاوە کوێرەت شەیدا کردووە، رۆژی قیامەت وەڵامت چییە! بۆ واتکردووە!؟

ئەویش خۆی وشک دەکاتەوە، قژە درێژەکەی بسکە نەرمەکەی وشک دەکاتەوە. لەبەر خۆرەکە، لەناو حەوشە گچکەکەیان، زەمبیڵەکە لە کوڕە کڵاو لە سەرەکە وەردەگرێت. جامێکی ئاوی ساردی دەداتێ، بواریش دەدات، کوڕەکە لەبەر سێبەری دارمێوەکەیان فێنک ببێتەوە.

شەوانە فریشتەیەکی ئاسمان، چەند گەز و فەرسخ نزیک دەبێتەوە. نەوی دەبێتەوە تا قسەیەک لەو ژنە وەربگرێت. ژنەکەش چاوەکانی دوو ئەستێرە بوون. شەوێکیان بۆ

زووتر گەیشتن بە سەربانەکان، دیتنی هەناسە و رازی شەوی نێر و مێیەکان، بۆ تێگەیشتن لە چرپە و تاوانەوەی وشەکان، نزیک دەبێتەوە، ژنەکە بە فریشتەکە دەڵێت:

من لە ئێوە باشترم، ئێوە پاش مردنیان، پیاوەکان ئارام و خۆش دەکەن. ئێوە لەسەر دونیا، لەناو ئارەقە و ماندووبوون و ریسواکردنی پیاوان، دەخەون. خۆتان بۆ بەهەشت ئامادە دەکەن. خۆتان لووس و سپی دەکەن. پەرۆشن زووتر بەهەشت دادگاکەی دامەزرێنێت و بگەنە پیاوەکان. کە پیاوەکان دەمردن، ئینجا خۆیان بۆ رووت دەکەنەوە. کە تاقەتیان نامینێت، کە دەمارەکان چوورچ و سیس دەبن، کە دەخەسێن، ئینجا بەرووی جوان، بە هەموو بۆن و بەرامەکانی دونیا و ئاسمان و ئەستێرەکان دەگەنە پیاوەکان!

ژنەکەی سەرشانی چەپی حەسەنە کۆر، بۆنی دەکات، بەر لە مردنی دێتە خوارەوە و بۆنی دەکات. تا شارەکەی خۆش بوێت و بەردەوام لەو رێگایە هاتوچۆ بکات. ئەو بە ژنە مەلائیکەتەکەی سەرشانی پیاوەکانی وتووە:

من دەزانم ئەو پیاوە نابینایە چەند پەرۆشە، بۆن، هەموو بۆنەکانم بۆ کردیتەوە. بەو بۆنە، شارەکەم حەیران کردووە. ئەویش، بۆ شارەکە و بۆ من و بۆنەکە، حەیران و پەریشانە! من پیاوە کوێرەکەم خەنی کردووە، بۆندارم کردووە. ئێوەش فریشتەکان، کە پیاوەکان لەو دونیایە چاویان دەدورنەوە، پشتیان دەپێچنەوە، هەوەسیان گرێ دەدەن، کە دەمرن، نازیان دەکێشن، خۆیان بۆ بەناز دەکەن. من بەر لە کردنەوەی چاوی، بەر لە دیتنی شارەکە، بۆنم لەو پیاوە کوێرە کردووە!

فریشتەکان، ئاسمانیش بەو وەڵامە شەرمەزار دەبێت، لەگەڵ دەرگا داخستنی ژنەکە و چاوەڕوانی پیاوە کوێرەکە خۆی ساز دەکاتەوە.

....

سەرما نییە، بەڵام کە دەچمە دەرەوە، هەرگیز بەتەنیا نیم. خۆم بە تەنیایی نەدیوە، بەردەوام من یەکێکم لەگەڵە. یەکێکی سووکم لەناو دەستە، شانێکی گەورە و کەتەم لەسەرشان و ملە. تەنیا نیم و تەنیاییم لێ ناوەشێتەوە. یەکێک دووان، سێ کەس، بڕۆ هەتا مەفرەزەیەک، مەیدانێک لە کرێکار، دانیشتنێک لە عەرەقخۆر و بەزمی سەرخۆشی و پاکی مەستیبوونم هاوشانە. دەڕۆم و کەسەکان و کۆڵانەکانی تەعجیل و ماڵە موسڵمان

و جوولەکەکان دەبەمە دەرەوە، سەرما نییە و باران نابارێت. مانگی یەکەمی سەری ساڵیش بەهارە. بەڵام بەهارێکی بێ گوڵ و خوناو و حاجیلە و هەموو خزم و کەس و ئەندامانی شانازی بەهاریش بوونیان نییە. ناوەکەی بەهار بەرووتی و بەس ناوەکەی ماوەتەوە.!

بەهارە و سەرما نییە، بۆیە کەمتر لەگەڵ کەسەکانی ناو ئەو نووسینە، لە پەنایەک، لەسەر بالیفێکی تووک نەرم و شل و گەورە و بۆن بەخۆڵ، بەر لەوەی بخەوین سەیری نەخشی بەرگە بالیفەکە دەکەین. هەر چەند گوڵەکان، دەندووکی باڵندەکانی ناو نەخش و وێنەکان باریک و ورد و ناسک و قنج و نەرم بن، دەستەکە، زەینەکە، ژنەکە، کیژەکە، هەیوانەکە، سێبەرەکە شانازتر دەکات.

....

ژنەکە لە سەربانەکە، بە کۆنە کەوچکێکی دار، کەوچکەکە هەر لەو خانووەدا دوو پشتی بەرێکردبوو، کابانی زۆری دیبوو. ژنەکە روو لە کوڕەکەی دەکات، ئەوەی تازە لە دووکان گەڕاوەتەوە، دەیەوێ بچێتە مەکتەب، پێی دەڵێت:

ها کوڕم، نازدارەی دایە، زوو پارووە نانێک بخۆ و درەنگە، (ئەیبوبیە)ش دوورە، چەند ساڵە دەڵێم بچینە خوارێ، کەس لەسەر ئەو قەڵاتە نەما، لەناو ئەو کۆنە خانووە نەوییە تاریکانە، سیل و وەرم دەمانکوژێت!

کوڕەکە منداڵە، زۆریش منداڵ نییە، بەڵام نازانێت، بڵێت:

دایە، باوکم دەڵێ یادگارییمان لەو خانووە هەیە، هەتا من لەو خانووەدا بژیم، منداڵ و گەنجم و کەسوکارم ماون! کۆڵانەکان باریکن، سەربانەکان بەیەکەوەن، ئەوەندە لەیەک نزیکین، بەیەکەوە هەناسەش وەردەگرین.

کوڕەکە، بەرەو ژوورەکە دەچێت. پێویست ناکات خۆی بگۆڕێت. هەر بەو شەڕواڵەوە، دانێک، لەکن وەستا بیلالی خەیات شاگردی دەکات. دانێکیش، هەر بەو شەڕواڵە دەچێتە قوتابخانەش. بۆ خۆگۆڕین ناچێتە ژوورە تاریکەکە، دەچێت دوو کتێب و دەفتەرێک بێنێتە دەرەوە و خۆی ئامادە بکات. ئەویش دەزانێت، درەنگە و قوتابخانەکەیان دوورە، دەستە باریک و ناولەپە وردەکەی، بەرگەی داری ئەستووری تووڕەیی بەرێوەبەرەکەیان ناگرێت. نیو سەعات بەر لە دەنگی لێدانی ئەو شێلمانەی

بە سینگێکی ژەنگاوی بە دیوارەکە هەڵواسراوە، درێژ وەک دارەکەی دەستی، تووڕە وەک تووڕەیی. ئەو قیت لەبەر دەرگاکەی دەرەوە وەستاوە. ئەوی زوو دەگەیشت، نووکە دارێک و سەرە دارێکی بە نەرمی یان بە توندی هەر پێ دەکەوت. ئەدی ئەگەر ئەو دوا بکەوێت، شەش دار، سێیان لە ناولەپی دەستی راستی و سێ داریش بە توندی لە دەستی چەپی دەدەن. چونکە بەڕێوەبەرەکان، وادەزانن، هەموو هەڵە و دواکەوتن و نەزانین و لاسارییەکان، بە دەستی چەپ دەکرێن، (بەڵام دەستی چەپ زۆرتر باری گرانی هەڵگرتووە و زۆرتر خۆی دەداتە بەر ژانی گەورە)، یان لێدان و بەرزکردنەوە و هاوکێشەکە وا گونجاوە، زەبری دووەم، لێدانی لای چەپ توندترە!

_ بەڵێ دایە گیان، دەزانم درەنگە، بەڵام بەغار دەچم. (کوڕەکە دەڵێت)، هیچ ناخۆم!

_ باشە نازدارەکەم، (دایکەکە هێشتا بەرەو نانەدین و سەر مەنجەڵەکە نەچووبوو، بەڵام دوو سێ نانی لەسەر سەبەتەکە بە تەڕکراوی ساز کردبوو)، ئیمڕۆ وەستاکەت تۆ ناردە کێندەرێ؟

_ دایە درەنگە، بەڵام دیسان وەستا بیلال، بوخچەیەک جلی پێ ناردبومە ماڵە جوولەکەکە، بوخچەیەک جلی دووراو. (بەو قسەیە، ژنەکە خوورپەیەک لە هەناوی بەردەبێت، رەنگی دەژاکێت. بەڵام کوڕەکە بەوە راناگات، وەڵامی دایکی بداتەوە، یان زۆرتر ئاخاوتن بکەن. پەردە تەنکەکە بەردەرگاکە هەڵدەداتەوە و بەراکردن دەڕوات، چەند هەنگاوێکیش ترپەی پێی دەگەیشتە گوێی دایکی)، کوڕەکە دەڕوات، بەڵام دایکی دەڵێت:

کۆرە بم، زەلیل بم، چەند لەو ماڵانە دەترسێم.!

ژنەکە دەهاتودەچوو، شەش بازنە زێڕەکەی دەستی دەزرنگایەوە. دڵی ئەوەندە گەرم بوو، ئەگەرنا لەو خانووە تەڕە بەر سێبەرەکە تەسکە بەو جلە رووتانە، سەرمای دەبوو، هیچی لەبەر نەبوو. زۆریش بە مێردەکەی وتبوو، پیاوەکە لە خوارەوە ئەرز هەرزانە، ئاغاکان، هەموویان خۆیان داوایان کردووە، باشترین پارچە زەوییمان پێ دەفرۆشن و هەرزانیش، بەسە ئەو قەڵاتە کۆنە. ئەو خانووەی کەس نازانێت، چەند ساڵە دروستکراوە. تۆبە خودای گەورە، شەوانە هەموو مردووەکانی ئەو خانووەم بەبیر دەێتەوە لێیان دەترسم. مردووەکان زۆرن لەناو خانووە دەرچوون. زیندووەکانیش زۆرن لەو خانووە دەرچوون! بەسە با ئێمەش حەوشە و باخچەیەکمان هەبێت، پەنجەرە و

شووشەبەندێک بە دیوارەکانمانەوە بێت، بەسە. دەست لە نیوچەوانی کەرپووچەکانەوە بدە، بزانە گیانی تێدایە، رەونەقی هەیە، لەگەڵ پەنجەکانمان هەڵدەوەرێ. ژنەکە دوو مست ئاوی حەوزەکەی ناو حەوشەکەیان بە دەموچاوی دادەکات. روومەتە سوورەکەی وشک دەکاتەوە. رووی وەک دوو لیمۆی ترش دەردەکەون. ئەو دەچێتە بەر ئاوێنە بە پەروازە رەنگینەکە، کە چوارچێوەکەی بستێک پان دەبوو، تابلۆیەک بوو لە رەنگ و ئاماژە و کلک و پەڕ و دەندووک و باڵ و وردە ماسی، جیهانێکی گەورەی تێدا بوو، سەیری دەموچاوی دەکات:

ئەگەرچی پارچەیەک لە تریفەی مانگیش بوو، بەڵام گەشاوەیی تێدا بەدی نەدەکرد!

کوڕەکە، (کە لە مەکتەب دەگەڕێتەوە، نووسینەکانی دەکات و بە مووسەکە، نووکی قەڵەمەکە تیژتر دەکاتەوە. دووبارە دەرسەکەی دەنووسێتەوە، مامۆستاکەی دوای کردبوو، سێ جار بینووسینەوە، ئینجا وەڵامەکەی دایکی دەداتەوە، بەڵام هێشتا شەرواڵە شینە نەرمەکەی لەبەردابوو)، ئەو چاوگەش و نیوچەوان مانگ و بە دایکی دەڵێت:

....

دایە وەستا بیلال، مامم منی ناردە ماڵە جوولەکەکان، بوخچەیەک جلی لەسەر سەرم، یەکێکی گچکە تری لەبن هەنگڵم دانا و وتی:

کوڕم، کوڕم لە یەکەم کۆڵان، بەرامبەر قەبرەکە. کۆڵانەکەی کووپەیەکی ئاوی خواردنەوەی لێ دانراوە. بەرامبەر مزگەوتەکەی بازاڕ، ئاوڕمەدەرەوە، لە پەنا کووپەکە، (ئەوەی دەشتاییەکان بێنی پێوە دەنێن، نیوەی ئاوەکەی دەخۆنەوە، هەناسەبڕکێ دەبن و تێرناخۆنەوە. ئەوان بەر لە قەڵات و منارە و گومبەتی مزگەوت و کەوای شێخیش، تیشکی رۆژیان بەردەکەوێت. بۆیە، هەموو ئاوی جەستەیان وشک دەکات. ئاوی چاو و ئاوی قووڕگ و ئاوی ماسولکەکانیان وشک دەکات. هەر دەگەنە شار، کووپەکان، شەربەکان، گۆزەکان، سێبەرە فێنکەکان، سێبەرەکان ئەگەر ئەوانە نەبێت گۆمی وەستاوی بارانیش دەخۆنەوە. خۆیان و وڵاخەکانیان، رەنگی جەمەدانی، قەفی پشدێنەکانیان تینوون، حەقیانە ماندوون، رێگا و کاروانەکانیان سەختە)، لەکن کووپەکە و لەو کۆڵانە برۆ ژوورەوە.

وەستا بیلالی خەیات، خەیات بوو. جلی بۆ خەڵکی چەند گوندێک دەدووری. ئەو وەک ئاسمان و هەور پۆشتەی دەکردن. گیرفانی بۆ دەدورین و یەخەی بۆ نەخشین دەکردن. بە قەرز و بە هیوای چاوی باران و گوڵەگەنم بۆی دەدوورین. دەیپرسی تەمەنی چەندە، بەقەد ئەو کوڕە دەبێت (ئاماژەی بە یەکێک دەدا، ئەگەر دووریش بوایە کێشە نەبوو). گوندییەکان وەستا بیلالیان خۆشدەویست، (دەیانووت پاش کەباب خواردنەکە، هەر ماستەکەی خۆمانە کراوەتەوە بە ماستاو دەخۆینەوە، لەوێ بەتامترە). لەوێ و لە دووکانەکەی ئەودا، لە دیار مەکینە (سونگەر)ەکەی، خۆی نا، براکەشی نا، باوکی مەکینەکەی کڕیبوو. دەزگاکەی لەسەر زەوق و دەستی باوکی دانرابوو. مقەس و دەستە دەرزی و زۆر لە بەکرە و پەنجەوانەکانیش ئارەزووی براکەی بوو. بەڵام ئەویان، پاش ئەوەی خوێندن تەواو دەکات و دەبێتە کاتبی نەفووس. بەر دووکان و دانیشتنەکانی بەر مەکینەی دوورمانەکەیان، لادێیەکان دەگوازرێتەوە سەرمێزەکەی ئەو. ئەوەی ناوی نەبوو، ئەو گەورە نووسرابوو، ئەوەی بە کیژ ناوقەید کرابوو، ئەوەی مردبوو، ئەوەی لەدایک دەبوو. بۆ هەمووان، ناوی دەدووری. خەیاتەکە نەفووسە دەفتەرە گەورە شەشە لاپەڕەییەکەی بۆ دەدوورین. پاش ئیشکردنی لە زۆرتر لە سیساڵ، لە یەک دەزگا و لەسەر یەک کورسی و مێز و بەرامبەر چەند سجلێکی کۆن. کە دەرگاکانی قەیسەری دەکرانەوە، لەوێ ئیشیان تەواو دەکرد، میوانی ئەو دەبوون. پرسەکانیان بەو دەکرد (تەنها ئەوانەی جلیان لەکن دەدوری و ناسیار بوون). لەوەدەمانە دوو پیاو و ژنێکی باریکی چاوڕەشیش لەوێ دانیشتبوون، ئەو بە کوڕە شاگردەکەی دەڵێت:

لە کووپەکە جامێک ئاو بخۆرەوە، هەتا دەشتەکی و ماستفرۆش و کافرۆش و ترێفرۆش و دارفرۆش و خۆشناوە دۆشاوفرۆشەکان، نەهاتوون تێر ئاو بخۆرەوە. ئینجا لە کۆڵانەکە بچۆرە ژوورە. لەو کۆڵانە، ئاگات لە وایەری کارەباکە و شێرەی ئاو و گاڵۆنی زەبڵی بەردەرگاکان بیت. لە دیار کیژە عەزییە کورتەکان مەوەستە، (ئەوانەی مەمک و کتێب و بسک و حەز و شەیدایی، ئامێزی گران و گەرم و خاوێن کردون. سەیریان مەکە! سەیریان مەکە، نەوەک یەکەم نیگا، پەنجەی سەر بەرگی کتێبەکان، بۆنی گەردەن و ئاسمانی چاو و هەوری نیگا و ساماڵی هەناسەیان، بەو گچکەییە حەیرانت بکەن. نیگاکە، ببێتە چیرۆکێکی تاڵ، سەربردەیەک ژیانت بگۆڕێت و هەتا پیریش دەبیت بیگێڕیتەوە)، راست برۆ و ئاوڕ مەدەرەوە، سەر بەرز مەکەوە. دەرگای یەکەم نا، ئەوان موسڵمانن. ئەوان نا. دەرگای دووەم و سێیەمیش نا. جوان بژمێرە، لە چوارەم دەرگا بدە.

ژنەکان دەزانن، چاوەڕوانت دەکەن، (پیاوەکانیان لەناو بازاڕ ئیش دەکەن، سەریان لەسەر کتێبە و دەستیان لەگەڵ قەڵەم شەڕیانە، ئەوان لە ماڵەوە نین)، لەو ماڵە بوخچەکە دابنێ، بوخچەی هەفتەی پێشوومان بهێنەوە، زوو وەرەوە لەو کۆڵانە نەخافڵێیت. باشە.

ئەو هەموو کۆڵانەکان شارەزا بوو، دەیزانی کۆڵانەکان کامیان درێژترە. ئەو مەزندەی وا بوو، ئەگەرنا کۆڵانەکانی ئەو گەڕەکە، ئەوانەی دەیانڕوانییە کەندەکە، بەژنیان وەک یەک بوو. بەژنی یەک ساڵ و یەک وەستا و یەک کەرەستە بوون. بەڵام هەندێکیان لە هەندێک بەرینتر بوون. کۆڵانەکان، وڵاخیان بە بارەوە پێوە دەچێت. عارەبانەکان، باش ئەو سەرو و ئەو سەری تێدا دەکەن. ئەگەر رووبەرەکانیان بە گۆپاڵ و بە گوریسیش پیورابن، رووبەرەکانیان وەک یەکە. بەڵام دروست وەک یەک نییە. خانووەکان بە دەرگایەکی دار، بەڵام! دارێکی سوور، کۆن، دوودەری، یەکێکیان دەکرێتەوە و یەکێکیان داخراوە. بەڵام بۆ شانی گەورە، بۆ ئامێزی بەرین و هێنانەوەی شمەکی زۆر، لای دووەمیش دەکرێتەوە. سەردەرگاکەش بە بستە جامێکی رەنگکراو، بە شووشەیەکی نەخشاو داپۆشراو بوون. دەرگاکانی کۆڵانەکە، هەموو بەیەکدەچوون، رەنگیان، سەکۆ و بەردەرگاکانیان، دەسک و خەزێمەکانیان، بە رەنگ و بە شێوە و بە تەمەنیش لەیەک نزیک بوون. بەڵام! هەموو کەسێک ماڵی خۆی دەناسیەوە. خانووەکانی ئەو گەڕەکە دوو نهۆم و یەک نهۆمیش بوون. حەوشەیان هەبوو، نافوورەیەکی بۆ ئاوپرژێن و کۆڵکەزێڕینە و چاوی منداڵ و ئاوخواردنەوەی چۆلەکە و جوانکردنی هەنار، تێدا بوو.

منداڵە شاگردەکە، بوخچەیەکی لەبن هەنگڵە، یەکێکی لەسەر سەری پان بوویتەوە. زیت و وریا دەڕوات. دەستی لە دیوارەکە دەخشێنێت، هەڵبەزودابەزین بە پێیەکانی دەکات، بە ئارەزووەوە دەڕوات. دەگاتە دیوارە درێژە لووسەکە، (بە پەنجە باریکەکەی ناوی خۆی لەسەر دیوارەکە دەنووسێت. ئەو جوان نووسینەکەی دەبینێت، هەتا دەگەڕێتەوەش نووسینەکە، ناوەکەی خۆی شوێنەواری هەر دیار دەبێت. پیتەکان، لە شووشەی پەنجەرەکان، لە چاوی نیگای پەنجەرە بڵندەکەی نهۆمی دووەمی خانووەکەی بەرامبەریشی دەخوێندرایەوە، تەنها لەو پەنجەرەیەی سەرەکەی تا باران ماندووی ناکات، تا سێبەرەکەی تەمەنی زۆرتر بێت، پێچەیەکی بۆ دانرابوو، زەڵاڵ و روون لەبەرچاوان دیار نەبوو. پێچی سێبەرەکە، چۆلەکە و جاڵجاڵۆکەش سەرەوە و بنەوەشیان بەکاردەهێنا. پیتی ناوی منداڵەکە، بە دیوارەکەوە دیار بوو. بەڵام کەسی

تری ناو کۆڵان و ڕێبوارەکان، ناوەکەیان نەبینی. ئەوان نابینن. منداڵە شاگردەکە، هەندێ جاریش، لە ڕێگای گەڕانەوەی بەرەو دووکانەکەیان، تا چاوێک، دووزمانێک، قوتابییەکی ناو پۆلەکەی، یەکێکی ریزی پشتەوەی نەیناسێتەوە. منداڵەکە ناوەکەی بە ناو لەپی دەستی دەسڕێتەوە. بە پەنجەکان ناوەکەی دەنووسێت. بە ناو لەپە سپییە ناسکەکەی ناوەکەی خۆی دەسڕێتەوە)، کوڕەکە، دیسان لە ڕۆیشتنەکەی پەلە دەکاتەوە و دەڕوات، ئەگەر لە ناسینەوەی ماڵەکە دڵنیا نەبووایە، دەیپرسی:

کاکە زەحمەت نەبێت، (پرسیارەکەی بە زمانی تورکی نەدەکرد)، چونکە دڵنیابوو، پیاوەکە، ئەوەی چەند ڕۆژێک بوو هاتبووە ئەو گەڕەکە، میوانی ماڵی مەلا مەجید بوو، لە جلوبەرگ و ڕوو و دەموچاوی دیار بوو، تورکی نازانێت. بۆیە، کوڕەکە بۆ دڵنیابوون لە ماڵەکە لەو ناپرسێت. ئەویش دوودڵ بوو، سەرێک لە کۆڵانەکە دەردەهێنێت، وەک بێچووە چۆلەکەیەک سەر لەناو هێلانە دەربهێنێت، شەرم دەکات و نەشارەزایە. بە باڵە گچکە و ناسکەکەی بفڕێت و بەرنابێتەوە، ئەگەر بەرببێتەوە دەکەوێتە ناو دەستی منداڵان و باڵی هەڵناکێشن!

بەڵام کوڕەکە هەر دەپرسێت:

_ کاکە چوارەم دەرگا، ماڵی ئەو ژنەیە، ئیش بۆ وەستاکەم دەکات. نەخش و سیم و قۆچپە و پەروازەمان بۆ دەکات؟! جوولەکەن!

_ نازانم! (من لێرە دووربکەومەوە ماڵەکەی مەلا مەجیدیش بزر دەکەم)، نازانم!

....

ئەو تازە هاتووە و یەک کۆڵان و یەک ماڵ و خێزان دەناسێت. یەکەم ئیشی لەو شار و بازاڕە دەست پێکردووە. چۆن بزانێت، ئەو ماڵە چۆن بناسێت ئەو شارە ڕۆژانە غەریبێک، گەریدەیەک، میوانێک ڕووی تێدەکات. کەس نەهاتووە و گەڕابێتەوە.

ئەوەی لەگەڵ خێزانێک، ژن و مێردێک لە شەوێکی سارد هاتوون، دوو کەس و دوو سەری سەرمابردوو هاتوون، بوون بە بنەماڵەیەکی گەورە و گەرم، لە گەڕەکەکانی ئەو شارە پەخشان بوون.

ئەوەی دەست بە بوخچەیەک هاتبێت، لەو شارە ماوەتەوە وماڵی داناوە. لە بەقاڵ و دەستفرۆشییەوە بووە بە کوتاڵفرۆش. گوڵ و خەنە و سیم و خەناوکە و کوتاڵ و دەستماڵ و پشدێنی فرۆشتووە، ناویان بووە بە بەزاز.

ئەوەی دەست بە گۆپاڵ هاتووە، بووە بە دارفرۆش. لە مەیدانی دارفرۆشان مەزادی دارفرۆشی گەرمکردووە، داری بە بار و بە ئاو و بە رووبار ناردووە، داری بردوتە بەغدا، هەتا بەسراش بە ئاوی دیجلە داری ناردووە. داریان گەیشتووتە حەلەبیش و لەو گوندانەی سەرەوە پارچە ئەسپینداریان بووە و دارهەولێریان بڕیوەتەوە، ناویان بووە بە دارتاش.

ئەوەی بە بێکەسی هاتووە، کەسی باشی دۆزیوەتەوە. خەڵکی کۆکردیتەوە، دروشمی سیاسی بۆ مێزگردی گەورە داوە و بووە بە سەرکردە.

فەقێیەکان بوون بە مەلا، مەلا هەبوون بە دووکاندار، مەلا هەبوون، چاکێت و پانتۆڵ و بۆینباخیان بەستا، سەریان کۆتکرد و قژیان شانە کرد، بوون بە مامۆستای سەرەتایی و ناوەندییەکان.

کرێکاری ماندوو، بوون بە کادیری پێشەنگی وڵاتپارێزی.

ماڵە دیانەکان، وەک چرای دیار، برایانە لەو گەڕەکە ژیاون.

جوولەکەکان، ئەگەرچی تاکوتەرا، خانووەکانیان دەفرۆشت، شەوێکیان ون دەبوون، دووکانەکانیان هەراج دەکرد و بەڕێی ئیران ئاودیو دەبوون، بەڵام بازاڕ و خوێندن و تیمار و پیشەسازییەکان، هەر لە دەستی ئەوان بوو.

ئەوەی باوکی کێشکەیەکی لەناو باخەڵی دەپەستێت، ڕەوانەی شاری دەکات، لەو شارە دەمینێتەوە. دەبێتە خاوەن ژن و ماڵ و منداڵیش، چەند گەڕەکێکیش دەکات. چەند پیشە و کاریش تاقیدەکاتەوە. تەمەنێکی دوورودرێژیش لەناو مەحەتە و سەر هێڵی ئاسنی نێوان هەولێر کەرکووک بەڕێدەکات. هەتا پیریش دەبێت، چاوی لە کێشکەیە، بیری لەناو مەنجەڵەکانی کێشکەی کولاوی کۆڵان، چایەخانە، سەرشەقامەکان دەبێت، وا دەزانێت، هەموو کێشکەکانی شەوانە، لەسەر مێزەکانی عەرەقخواردنەوە دەیخۆن، ئێسکەکەشی دەکرۆژن کێشکەکەی ئەوە!

ئەو شارە، هەزار دەرگای هاتنە ژوورەوە هەبووە، یەک دەرگاشی بۆ دەرچوون، ئەویش دەرگای مردن و شاردنەوە، لە یەکێک لەو گۆڕستانانە تێدا بووە.

....

کاکە سووری باوک. بەر لە بانگدانی کەڵەبابەکان و کەمبوونەی سووی سەرمای شەو. هێشتا هەر سەرما بوو. خۆپێچانەوە و گەرمبوونەوەی دەویست. دیارە زووتر و باشتر لە هەموویان تێرخەو دەبێت و رادەبێت. ئەو ساتێکیش ناکۆخێت، پرتەپرتیش ناکات. خۆی توند دەکاتەوە. بە هەنگاو و هەناسە و نیگاکانی، دیوار و قاندرمە و کادین و بەرقەمتەر و (سەگ)ەکەیان بەسەردەکاتەوە. ئەو سەگە بەستەزمانەی، لەوەتی ئەندامێکی ئەو خێزانەیە. لەوەتی سێ ژەم، بە شەو و رۆژ و لە جەژنەکانیش. بەر لە مردنی باوکی، ساڵی کاریتە گۆڕینەکە، کاتی ونبوونی بەرانە رەشەکە، پێش گۆڕینی دەرگای قەمتەرەکە، کە دوو لە منداڵەکانی خێزانە خوریکە دەگرن... (سەگ)ەکە لەو ماڵە و لەو حەوشە ژیاوە.

بەڵێ، (سەگ)ەکە، هەموویان دەناسێت. هەموویانی لە دڵەوە خۆشدەوێت. (سەگ)ەکە پەرۆشە، بەیانییان بچێتە باوەشیان. شەوان یەکێکیان، یەکێک لە پیرەکان، منداڵەکان، مێینەکانی ئەو ماڵە، گوێیە پان و نەرمەکەی بخورێنێت. لەناو هەردوو دەستیان، لەگەڵ جریوە و هەڵپەڕینی پەنجەکان، گوێیەکانی ببێتە ئاو و رووناکی، لەو بۆشایی و نێوانەدا بنووشتێتەوە و مەلە بکات.

ئەو (سەگ)ە لەودەمانەوە، کەسیان دەستیان لێی نەداوە. ئەگەر بە دوو مست خۆڵی سوور ئاوەگریان نەکردبێت. کەسیان، ئاوێکی بە پشتی و بە بن سکی دانەکردووە. جەستەیە ئارەقە دەکات، جەستەیە و خۆی پیس دەکات، درێژ دەبێت و چیرِ دەبێتەوە، ئینجا هەتا ئەو تەمەنە، (سەگ)ەکە، بە ئاوێکی خاوێنی فێنک، بە دەست و بە نیگایەکی بەسۆز باش و جوان نەشۆراوە! جەستە و چاو و هەناسە و ژیانی نەشۆراوە. دەستی نازی بەسەردا نەهێنراوە! بەس لەبەر ئەوەی سەگە، کەسیش نازانێت، بۆ سەگ لە چاو هەموو ئاژەڵەکانی تر، ئاوەگر و پیسکراوە. ئینجا ئەوان و پێش ئەوانیش، باوکیان و میوانەکان و سەپان و جووتیارەکانی ئەو ماڵە و ماڵەکەی تەنیشتیان، لەو دەشتە بەرینە، لەگەڵ مێگەڵ و لەگەڵ بارانی بەلێزمە و لە گەرمە و نازی خەوی شەوانەش، هەموویان سەرووەت و سامانە زۆرەکەیانی بەسەردا جێدەهێڵێن:

ماڵەکە، بە ژن و بە پیاو و پیر و نەخۆشەکانیشیان. شەوانە جوانە دەنوون، (دێر)ە سەگەکە لە چاوەڕوانی (گۆر)ە، سەگە نێرینەکە بەئاگایە!

ڕۆژانە، هەموویان بۆ پشوودان و ئاوڕدانەوە و چێژوەرگرتن دەوەستن. ئەو هەر بەپێوەیە و دەڕوا!

ئەوان، هەموو تام و گەرمییەک دەخۆن و بەرماوەکانیان، بۆ ئەو، دادەنێن!

ئەوان، لە هەموو دەفر و جامێک، حەقیان هەیە ئاو بخۆنەوە. شەربەتی مێووژ و ماستاو و دۆ و ترشاو و قاوە و شۆربا و نیسکاو و دۆشاو بخۆنەوە. بەڵام! سەگەکە ئاو لە جامێکی شکاو، جۆگەیەکی رووخاو، کۆنە بیرێکی تەپیوو،گۆمێکی وەستاو، چاوێکی گریاو، خەونێکی زیز، تینوویەتی دەشکێنێت!

ئەوان، بە دزی سێکس دەکەن. بەڵام ئەو، ناچارە و پەرۆشە و بەئاشکرا سواری گەماڵێکی ناسک و ڕێبواری نەناسراو ببێت. ئینجا لە گەرمەی هەوەس و رەحەتبوون و سوپاس و هیوای گەڕانەوە و لادانی (گەماڵ)ەکە، بەردەبارانی دەکەن. ناڕەحەتی دەکەن. شەرمەزاری دەکەن و زۆرتر ریسوا و رووتی دەکەنەوە! پیاوەکە، ئەو بەیانییە، بۆ بەڕێکردنی کوڕەکەی و ناردنی کێشکەکە، ئەو (سەگ)ەش لە خەو و پاڵدانەوە و خەونەکانی بەئاگادێنێت!

ئەوان، هەموو کە باران دەبارێت، دەچنە بن دیوارەکان، ناو ژوورە و بەر هەیوانەکان. هەموویان کە گەرما دەبێت، سینگیان دەدەنە بەر کولانکەی دیوەخانەکان. بەڵام! سەگەکە، لە پەنا دیوارێک پاسەوانی نووستن و شەوچەرە و سامان و پارە و کا و کیژ و کوڕ و گەنم و جۆ و وەڵسات و بەز و روونیان دەکات. بەڵام! کەس نایشوات و کەس نازی ناکێشێت، پۆشتە و هەتوان ناکرێت!

من سەگێکی گورگ خنکێنم... دێرە بەبا، دێری بە بام لە دووری دوو گوند، نێوان چەند جۆگەلە و کەندولەند هەست پێ دەکەم. بۆنی دەکەم.، بۆیە بە پەت و گوریس و کۆت و سینگ دەبەسترامەوە و دووردەخرامەوە. من نەشۆراوم، بەردەوام دەبەسترامەوە.

من سەگێکی پیرۆز و ئازا و نەفرەتیشم، من جوان و خاوێن و گلاویشم، بەڕەڵا و بێکەس و برسییشم، شەڕیشم لەسەر دەکەن. من گلاوم، بەڵام هەندێکیان (گوجیلە)م بە نەفام دەزانن و دەڵێن:

گوجیلە گڵاو نییە، ساوەر و کەشک و پیس ناکات! بەڵام گەماڵ و پیرە سەگەکانیش، بە حەپین و نوزانەوە و تووڕەییەوە دەڵێن:

ئێمە دەریا پیس ناکەین! سەرچاوەی ئاویش، بەژنی باران و باڵای رووبار و چاوی کانی و سینگی مێرگ و گۆمەکانیش، لە دەریاوە سەرچاوە دەگرن!

....

سەیرێکی ئاسمان دەکاتەوە (باوکەکە)، دەیەوێ بڵێت:

دەمێکی تر رەوە کێشکە و کلۆ، ئاسمانمان لێ سوور و شین دەکەن، وەک غوباری شەڕەکەی کەربەلا چاومان کوێرە دەکەن!

کوڕەکەش، دەزانێت بوار نەماوە خۆی بگەوزێنێت و دوابکەوێت. حەسەنە کۆر چاوەڕوانی دەکات، باوکی کێشکەیەکی بن سگ زەردی بۆ گرتووە، دەبێ بیباتە هەولێرێ و زوو بچیت و زووش بگەڕێتەوە!

هەڵسە کوڕم هەڵسە، دەزانی دەچیتە خزمەت کێ!؟

منگەیەکی دەکات و جاجمەکە لەناو کۆشی لوول دەدات، بە هەردوو پێیەکانی رووبەر و قوورساییەکەی دوورخاتەوە، وەک ئەوەی ئاسمان هەڵبداتەوە و پەڵە هەورێک رابماڵێت، سەرێک لە باوکی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:

دەزانم بابە دەزانم! دەچمە خزمەت ئەو شێخەی لە خۆرئاوای شارەکە پاسەوان و زانیارە.

....

سەگەکەش، دەزانێت ئەو دەرچوونەی کاکە سوور لەو دەرگایە دواجارە. دەچێتە دەرەوە و ناگەڕێتەوە. دەڕوات و چۆلەکەکەش دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو ناگەڕێتەوە! چونکە یەکەمجار بوو، سەگەکە، لێی دەچێتەوە پێش، دەیەوێ بچێتە باوەشی، نەرم نەرم دەستی بەسەر و مل و پشتە درێژە رەقەکەی دابهێنێت. بە پەنجەکانی بیشێلێت، نەرم نەرم هەر پەنجەیەک سووک و بەناز دەمارێکی بگرێت. هەر پەنجەیەک، ئێسکێکی ورد و باریکی پەراسووەکانی بپیوێت. ئێسقانەکانی بژمێرێت، بزانێت ژمارەیان تەواوە.

سەگەکە بە پەرۆشەوە دەچێتە بەر سێبەرەکەی، دەگەیشتە بن پێیەکانی، زمانی بە کڵاشەکەی دادەهێنێت. کاکە سووریش دڵی نەرمە و دلۆڤانە، لەودەمانە بە سۆزەوە و سەرە سمێک لە لموزی سەگەکە نادات.

ئەو بەیانییە، سەگەکەش هاتبووە نزیک سەرنانەکە. ئامادەی بەرێکردنی کوڕەکە بوو، هەتا دووری گوندیش لەدوای حەسەن کۆر و کاکە سوور دەڕوات، دوور دەڕوات. بەڵام کەس نەیووت، دیسان بۆرە بەباهاتووە و رۆیشت. ئەو کە بەبا دەهات، کە بۆنی دەکرد دەرۆیشت، لە ئەرک و پاسەوانی و وەفاکەی بۆ حەوشە و رانەمەڕ و بەرسێبەر و قاپە دەمشکاو و چڵپاوەکە دوا دەکەوت، لەبیری دەکرد، بای هەوەس هەمووی لەبیر دەبردەوە.

بۆرە، بەر لەوەێ بڕیار بدات، کە بەبا نەهاتووە و بۆ دێرەیەک ناڕوات. بۆ هەوسی گەماڵێک بەو دەشتەودەرە ناکەوێت. بۆنی کردووە و دەزانێت، وا کاکە سوور دەڕوات و نایبنێتەوە. وا کوڕەکەیان دەڕوات و باوکی، دایکی نازانێت، کوڕەکە ناگەڕێتەوە. دەچێتە شار و لەوێ (مەلایەک لە شێخی دادەبڕێت) و ناگەڕێتەوە.

....

باوکەکە، جاجمەکەی سەر دەموچاوی کاکە سووری کوڕی هەڵدەداتەوە. ئەو جاجمێکی دووبەری بە بەرەواژی بەخۆی دادابوو. ریشە وردە باریکەکانی پەروازەکەی، لەسەر دەموچاوی پەخشان ببوو. جاجمەکە سەربردە و خەون و نووستنی چەندین کەسی دیبوو:

ژن و مێردێک، شەوانە هەتا هەموو ماسولکەکانیان ئارام نەدەبوون. هەتا هەست و نەستیان وشیار نەدەبوو! ئەو جاجمە، کەپر و سێبەر و چراکوژانەوەی زۆر شەو و متبوون و خشپەی نەرم و جوولەی شەرم و هەڵسانەوەی نەوی و درێژبوونەوەی کورت و کورتبوونەی درێژ و ئاوی وشک و وشکایی تینووی دیوە. دەزانی، کام شەو رەنگەکەی کەسکتر بووە! کەی  بە سووربونەوەی ژن و پیاوەکە سوور بووە! جاجمەکە، هەر سەرما و جەستە و شان و ملی دانەپۆشیوە، جاجمەکە حەز و توانەوەی زۆر کەس و حەسرەتی میوان و رێبوارەکانیشی کپ کردووە!

پیاوە خۆشناوەکەی ترێ و مێووژی دەهێنا. کورەچییەکان بۆ کۆکردنەوەی زەبڵ و سەرگوفەکان. وەستایە جوولەکەکەی ساڵانە دەهات و هەموو وردەواڵەی گوندەکەی چاک

دەکردەوە. ئەوانیش خەونیان لەبن ئەو جاجمە دیوە. ئەو جاجمە، بۆ میوانی زۆر و پرسەی گەورە، زەماوەندی حەوت شەو و رۆژی بووک گواستنەوە و بەزاوابوون، داواکراوە! ماڵ و ماڵی زۆری گوندی کردووە.

...

ئەو دەچێتە خزمەتی شێخی چۆڵی، دەگاتە بەر سێبەری کەوا پاکەکەی، باوکی رەوانەی مزگەوت و سێبەرە و بەردووگردەکەی دەکات.

ئەو دەچێتە خزمەتی ئەو شێخە، ئەو بۆ دەست ماچکردن و بۆ خوێندن و نوێژکردن ناچێتە بەر خزمەتی شێخە نازدارەکە. بۆ دیتنی نوور و گوێزی هەورامی و شەونوێژ و توبەکردن، ناچیتە خزمەتی ئەو شێخەی لەو چۆڵەوانییە، گەنجینەیەکی دامەزراندووە، لە بەرامبەر کەندەکۆخ بووە، بە مامۆستایەک و قوتابخانەیەکی کردوتەوە. ئەو باوکی کێشکەیەکی دیلکراو و کلۆیەکی ئەژنۆ بەستراوی پێ دەنێرێت. ئەو کێشکە باڵبەستراوەکە، یان کلۆیە قاچ درێژ و دەم مشارەکە، لەسەر تەبارەکانەوە بۆ بەر منارە و میحرابەکەی شێخ دەنێرێت. ئەو لە بەر جۆگەڵەی ئاوی بیرەکە، لەگەڵ رەوە ماندووەکە، کێشکەکە بە فاق و بە دەست و بە فێڵی دان و ئاو و گەرمایی و دەستی نەرم دەگرێت. بێ ئەوەی پەڕەکانی دابماڵێت و بیروتێنێتەوە باڵی دەکات، دەندووکی دەبەستێت و هەڕەشەی لێ دەکات و بە چۆلەکەکە دەڵێت:

کێشکەی بن باڵ زەرد، پاسارییە حەرامزادەکە، دزە وردە باڵدارەکە، دەندووکە دڕک و گوێزانەکە. قۆڵبەستت دەکەم، توند لەناو لەپم حەپست دەکەم. رەوانەی کن حەزرەتی شێخت دەکەم. ئەو قسەی خۆت لەگەڵ دەکات، حەق لەکن ئەوە، هەی حەرامزادە!

کاکە سوور، هێشتا جاجمەکە لەناو کۆشی لوولداوە، بەشێکی جاجمەکەی لەناو کۆشی پەستاوە، نایەوێ بەو رەوشە و بەرزبوونەوە هەوەسی هەڵبستێتەوە، باوکی بواری نەدا خەونەکەی تەواو بکات، ماچەکە تەواو بکات، دواقسە و گفتەکەش بە ژنەکە بدات. هەر لەو خەوەدا، سەرەتا پەرییەکە، کیژێکی زۆر ناسک بوو، کە زۆرتر دەمینێتەوە، دەبێتە پەمۆ و نان و سێبەر و ژیان. کیژەکە هێشتا دەمی لەناودەمی بوو، بسکی دەگاتە ناو دەستی. کە نزیک دەبێتەوە، بۆنی دەگۆڕێت، دەبێتە ژنێکی سپیتر، نەرمتر، سمتی بە دەستی نەدەگیرا، رانەکانی درێژتر بوون، پەنجەکانی بەشی پەستانەوە و کپکردنی دەرمارەکانی نەدەکرد. دەبوایە هەر دەستێکی دە پەنجەی تری پێوە بوایە، ئینجا

لافاوی هەڵچوونی ڕانەکەی ڕادەگرت. بەشی دووەمی خەونەکەی ژنێک بوو، چاوی نەدەکردەوە، نەیدەویست بیناسیت، وەک ئەوەی ژنی پیاوێکی زۆردار بێت، چاوەکانی نەدەکردەوە، بەڵام هەموو دەمارەکانی دەجولا و هەموو جەستەی دەم و کانی ئاو بوو. لەودەمانە ژنەکە زیرەک بوو، دەیزانی و داوای دەکرد پەلە بکات، زوو ئاوەکە بکاتەوە، گەرماییەکە لەناو بەفراوی جەستەی بکات. بەڵام باوکی بەئاگای دەهێنێت و دەیەوێ بینێرێتە شار. بۆیەش جاجمەکەی لەناو کۆشی دەپەستێت و لە دڵی خۆییەوە دەڵێت:

دەڵێم لە رقی ئەوە ساتەی نەمتوانی حەزەکەم تەواو بکەم، لە هەولێر نەگەڕێمەوە، هەر لەوێ بم! ئەوە باوکە، هەزار بەیانی و نیوەشەوان، لەو خەونانە بێدارم دەکاتەوە. سەگە بۆرەش دەزانێت، بۆنی ژن لە کوڕەکەی داوە، دەیزانی کوڕەکە دڵی ژنەکەی تێر نەکردووە، دەیزانی ئاوی تێ نەکردووە! بۆیە دەڕوات و ناگەڕێتەوە، ئەویش هەتا سەر بەرزاییەکان، هەتا سەرووی قوچەکەکان، بەدوای دەڕوات و بۆنی دەکات و دەلورێنێت.

هەزار شەویش تریش هەنگوین و ترێ بخوات، گاڤێکی تر ئەو ژنە بە خەون نادۆزێتەوە. ژنێک بوو زۆر برسی، پەریشان هاتبوو، پەرۆش بوو، ئۆقرەی لەبەر بڕابوو، ڕۆیشت، سەد ساڵیش لەو شارە بێت، ماڵەکەی لە کۆڵانێکی تەعجیلیش بێت، جارێکی تر ژنێکی وا تەڕ و شۆخ، بە ئاسانی ناگەتە سەر باڵ و بالیفەکەی. باوکی سۆزی پروکاندەوە، هەستی ژاکاند. بۆیەش لە هەموو کۆڵانەکانی ئەو شارە گەورەیە بۆ دۆزینەوەی ژنێک چاو دەگێڕێت.

خەونی بن جاجمەکە دووبارە نابێتەوە. ئەگەر دەیزانی دەڕوات و ناگەڕێتەوە، جاجمە شڕەکەی وەک سۆفییەکی گەریدە، لەسەر شان دادەنا، شەوانە، یان هەردەمێک چەشەی دەجولا، ئارەزووی دۆزینەوەی ژنەکەی دەکرد، دەچووە بن جاجمەکە و چاوەکانی کلیل دەدا، گوێیەکان دادەخست، سینگ و هەوەسی بۆ گەڕانەوە و دەرکەوتنی ژنەکەی ناو خەونەکە ڕادەخست. تا ژنەکە بکەوێتەوە ناو داوە گەرمەکەی، ژنە گەرمەکە ساردی بکاتەوە. جاجمەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد. ئەگەر جاجمەکەی هەبووایە، جاجمەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوایە، شەوەکەی پیاوە پیرە نەخۆشەکەی ناو دەستی کیژەکەی، بەو جاجمەکە گەرم دەکردەوە. چونکە چاوی کیژەکە و سەرە پەنجەی کە بە سینگ و بەرۆکی دەکەوێت، بە قەد خەون و گەرمایی هەموو جاجمەکان خۆش بوو.

....

هەفتەی یەکەمیش، مانگی جۆزەردانیش تەواو بوو. هێشتا کاکە سوور، لە مانەوەی لە هەولێر دوودڵ بوو. سەیری چواردەورە و دارودیوارەکانی دەکرد، ئاکاری خەڵکەکە، باڵای منارەی مزگەوتەکان، حەوزی ئاوەکان، دووکانەکان، ئەفەندییە خاوێنەکان، کیژەکانی دەچوونە قوتابخانە، سەربازە عەرەبەکان، دارودەستی پۆلیسە ئینزیباتەکان، بۆنی پاچەی بەیانییان، نەیدەزانی بمینێتەوە، یان نا! دوودڵ و ترساو بوو! بەڵام شار و گەڕەکەکە گۆشەیەکی گەرمی بۆ دانابوو.

ئەو لەوێ لەو گەڕەکە، لەناو حەسارەکە، لە نزیک ماڵی مەلا مەجید. ڕۆژانە کەرەستە و ئامان و کەوچک و قاپێکی، بۆ ماڵ و گۆشەکەی دەکڕی. ڕۆژانە پیاوێکی جوان و باشی دەناسی. وەستایەک و کارێکی نوێی دەدۆزیەوە. ئیشی ڕۆژانەی بۆ ئاسانتر دەبوو. بەڵام کوڕەکە هەر دوودڵ بوو، دوودڵ بوو، هەتا ئەو ڕۆژەی، ئێوارەیەکیان، بەر لەوەی دەرگای حەسارەکە دابخەن، مام سابیر سابوونفرۆشیش بگەڕێتەوە. ئەوەی بەیانییان، زەمبیلێکی دەبرد و ساخی دەکردەوە و دەیفرۆشت. نیوەڕۆیانیش، زەمبیلێکی تری لە گوشەکەی ژوورەکەی پڕ دەکرد، هەتا تەواوی نەدەکرد، تا سابوونی تەڕی بۆنداری بەو زۆرترین ماڵی ئەو شارە، بڵاونەدەکردوە، هەتا بۆنی زەیتوونی نەدەبردە سەرشۆرک و ناو لیفکەکان نەدەگەڕایەوە.

ئەو ئێوارەیە، هێشتا دەرگا دارە سەر بە تاقەکە دانەخرابوو. هەموو دەیانزانی حەمە دێو نەهاتووتەوە، چونکە ئەو شەوانە، دوا کەس بوو لەو گەڕەکە دەخەوت، هەموو دەنووستن، ئەو بەئاگا بوو. (حەمە دێو) دەنگی فیت فیتەکەی دەگەیشتە ناو نوێن و بن لێفەکان. دەگەیشتە ژوورە تاریکەکان. هەموو دەخەوتن، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی شەو و نووستنیان دەکرد، چونکە تەنها شەوان ئەستێرەکان، شەوان چاوەکان، شەوانیش ژنەکان، وەک ئاسمان رووت دەبوونەوە. هەر بە شەو، بە تاریکی بوار هەبوو، دوو جەستە، دوو حەز، ببنە دڵۆپەیەکی سپی و ئاوێکی گەرم، هەناوی یەکتری گەرم بکەنەوە، جوان لەناو یەکتری بشاردرێنەوە. چاوەروانییەکی تاڵ و شانێکی ماندوو بەو شەوانە، یەکتریان دەشێلا و ئارام دەبوون، سەریان لەناو دەستی یەکتری دەنواند.

ئەو ئێوارەیە درەنگە، بەڵام لەوەیان بەختیار بوو. ڕۆژەکە، ئێوارەکە و بەردەم حەسارەکە سارد و شەختەبەند نەبوو. هەموو لێقەوماو و دەربەدەرەکان، کە ئاو دەبێتە شەختە. کە شەو دەیەوێ جوولەی ئاو رابگرێت، چاو ئەستێرەکان بکاتەوە و کۆڵانەکان

جوان بشوات و غەدرەکان کە زۆر بە رۆژ دەکرێن، پاک بکاتەوە. پیاوێکی بە تەمەنی نەخۆش، تەمەن و جەستەیەکی نەخۆش، نەخۆشێکی کوشندە. دەستی گوڵەگەنمێک، رێواسێکی تەڕ دەگرێت. ئێوارەیەکی درەنگ، دەگاتە بەر دەرگا بەرین و گەورەی حەسارەکەیان. پریسکەکەی دەستی، شانی ماندووی، چاوی کزی، لەگەڵ هەرمێ و کانی چاوی کیژەکە دەگەنە بەر دەرگاکە. نە ناوێک و نە ئاوێک ئەوانەی بەرەو ئەو دەرگایە هێنابوو. نە خزمێک و نە کەسیش! رێنمایی نەکردبوون. لەو شارە گەورەیە، لەو هەموو کوچە و بازاڕ و میللەتانە، کەسیان نەدەناسی. هاتبوون و نەخۆشی و بوارێک، بۆ چارەسەری دەستیان دەگرێت. پیاوەکە. نەخۆشە و کیژەکەش سێوێکی ترش و شیرین و سوور و تەڕە. هاتوون لەو شارە گەورەیەدا، لەو دەشتە سەوزەیەدا، لەناو باخچە و کارێزەکان، لەگەڵ میللەتە سادە دڵۆڤانەکە بژین و بمرن. پیاوەکە دەمرێت، بەڵام کیژەکە دەبێتە دارسێوێک، هەموو لقەکانی، هێلانە و سێبەری کەسک و ئەرخەوانی نەرم دەگرێت.

....

ئەو ئێوارەیە، کاکە سوور بۆنی دووکەڵی لێ دەهات. ئێوارەیە و چاوەڕوانە مەلا مەجید هەواڵی دامەزراندنی لە هێڵی ئاسنی پێ رابگەیێنێت. ئێوارەیە، ماندووە و لە بەیانییەوە لە دیار کورە و رەژوو دەبرژێت. چەند کەبابیان برژاندووە، ئەوەندەش هەناوی ئەویان برژاندووە. لەگەڵ کەبابەکان ئەو سووردەبێتەوە و دەتاوێتەوە.

کاکە سوور دەگاتە کن دەرگاکە، شارەزا ببوو، دڵنیابوو، بەر دەرگای حەسارەکەی خۆیانە. بەڵام دیمەنەکەی بەردەگا و بەرچاوانی، چرپە و سەرەداوی حیکایەتێک بوو، زۆری بیستبوو. پیاوەکە تاقەتی نەبوو پاڵێک بە دەرگا گەورە بەرینە گرانەکەوە وەبنێت، کیژەکەش نازانێت دەرگاکە چۆن دەکرێتەوە. ئەگەر دەرگاکەی کردەوە، کێ پێشوازی لێ دەکات! چ دەبین، لەپشت دەرگاکە چ هەیە، جیرەی دەرگاکە کێیان لێ هوشیار دەکاتەوە! بۆیە لەنێوان پەشیمانی و دڵنیابوون، کشانەوە و هەڵپەبوونا، سەرسام دیاربوون. ئەوان دوو دەست و دوو هەناسەی ماندوو، نەخۆش و ترساو لە دوورەوە هاتبوون. لەو کاروانەدا رێگایان هەڵگرتووتەوە و هاتوون. بەڵام! هیچ دەرگایەکیان نەکردیتەوە. کیژەکە دوودڵ و ترساوە، بەڵام ترسی ئەو وەک ترسی کاکە سوور نەبوو، ئەو دەستی باوکی گرتووە و باوکی نەخۆشی هەڵگرتووە. کۆخە و تا و

ڕەشانەوە و سیسبوونی ناوقەدی باوکی لە دوورەوە هەڵگرتووە. تا چارەسەری بکات و شارەکە دەرمانێکی بۆ بگرێتەوە. ئەو وەک کاکەسوور باوکی هەڵنەخەڵەتاندووە، لە هاتنی بۆ ئەو شاە کەمتەرخەمی و خەمساردی لە داواکەی نەکردووە !

....

کاکە سوور، چۆلەکەیەکی زیندووی لەبەر باوکی هێنابووە ئەو شارە. ئەو کیژەش، باوکێکی نەخۆشی هێناوەتەوە ئەو شارە. نەخۆشییەکە، تا و ڕەشانەوە و کۆخەکەی، سییەکانی کون کردبوو. هەناسەی بڕیبوو. نەخۆشە و هاتووە، لەبەردەم حەسارەکە نازانیت، چۆن بچێتە ژوورەوە. نازانێت، لەپشت ئەو دەرگایە، نەک ئەو دوو داماوە و خەڵکێکی زۆر نازانن چ هەیە، ژوورەوەی حەسارەکە چۆنە، ئەو دەرگایە بۆ وا گەورە و توند و بڵندە، دەرگایەکی سامناک، ژان و خەمی کیژەکە مەزنتر و کوشندەتر دەکات. هەردووکیان بیردەکەنەوە، دەبێ ژوورەوەی و پشتەوەی ئەو دەرگایە گەورەیە چی تێدا بێت:

(دەرگای گەورە سامی هەیە. بۆ ئەوەندە گەورەیە. چوونە ژوورەوە، دەرگای وا گەورەی بە بزماری پتەوی بۆ چییە!؟ ئەوانەی لە پشتەوەی ئەو دەرگایە دەشاردرێنەوە، کێن!؟ کێ دەتوانێت گاڵی بدات و بیکاتەوە!؟ بەڵام هەردووکیان نەیاندەزانی دەرگا گەورەکە، چەند نەخۆش و شانی ماندوو و منداڵی کەچەڵ و دوو ئەفەندی نێرەمووک و چەند خێزانێکی لایدە، دوو ئامۆزا ژنەکانیان خوشک بوون، حەسارەکە، پۆلیسێکی ناوچەی باڵەکایەتی و کرێکارێکی ئاسووری نەخۆشخانەکە و ... تازەش کاکەسووری تێدا دەژیت. دەرگاکەش بەئاسانی دەکرێتەوە و دادەخرێت، دەرگایەکی پتەو نییە، دەرگای حەرام و سامناک نییە)، هەردووکیان نەیاندەزانی دەرگاکە دەرگای حەسارێکە.

کیژەکە تاقەتی نەمابوو شەرم بکات، یان دوودڵ و ترساو بێت. بۆیە ئازایانە پرسیارێک دەکات، بە کوڕە بۆن بە دووکەڵەکە دەڵێت:

کاکە ئێرە خەستەخانەیە!؟

کیژەکە ماندووە و شەرم ناکات. باوکی بە درێژایی کاروانەکەیان کۆخیوە و هەراسان بووە، ناترسێت. پرسیارەکان فێر بووە، دەپرسێت:

کاکە لێرە باوکم چاک دەبێتەوە!؟

کیژەکە، نایەوێ بڵێت باوکم لێرە نامرێت، بە قسە وەناڵێت، بەڵام زۆر لەوە دەترسێت، باوکی لەو کۆڵانە و لە کۆتایی کاروانەکەیان بمرێت.

کاکە سوور، دەیەوێ لە پیاوەکە نزیک بێتەوە. دەستی بگرێت و بەرزی بکاتەوە، شان و باری کیژەکە سووکتر بکاتەوە. بەڵام! کیژەکە دەستێک بە سینگی کوڕەکە وەدەنێت و لە باوکی دووری دەکاتەوە. نایەوێ هەناسەی ئەو، میکرۆبی پژمینەکەی، تێکەڵ بە دووکەڵە بۆنخۆشەکەی سەر مل و گەردەنی و بەرسینگی ببێت، دووری دەخاتەوە! سەرە پەنجەکانی کیژەکە، مووە رەشەکەی سەرسینگی پان دەکاتەوە. بەڵام! داوە مووەکان، نەک پان نابنەوە، بەرزتر دەبنەوە، هەموو سەرە مووەکان هەڵدەستنەوە، زوو هەڵدەستنەوە. سەریان خوناو دەکات، بەرزدەبنەوە. ئەوە یەکەمجارە، سەرە پەنجەی کیژێک، بەر دڵی بکەوێت، لە لێدانی دڵی ئاگادار بێت. سەرە پەنجەش، لەسەر کورتەکە ئەستوورەکە بە بۆنەکەش، هەست بە لێدانی دڵی دەکات. دڵ هوشیارە و زوو و لەناکاویش، هەست دەکات و دەجولێتەوە.

کوڕەکە، هەست بە توندی و چەقینی سەرپەنجەکانی کیژەکە دەکات. هەست دەکات جەرگی کون دەکات، دڵی دەبڕێت. یەکەمجارە سەرە پەنجەیەک، دەستی کیژێکی لە سینگی نزیک ببێتەوە. بۆیە، سوور هەڵدەگەڕێت، رەنگی دەگۆڕێت، دووکەڵەکەی بەر یەخەی، دووکەڵی رۆژە درێژەکە بەر ئاگردان و باوەشێنکردنەکە، دەبێتە بۆن و بخوور و هەڵمی شەونم و خوناوێکی پەمبە، نەک سپی!

_ نەخۆشە! (کاکە سوور دەڵێت) نەخۆشە، بۆ نەخۆش نابێ دەستی بگریت!؟

_ دەستی مەگرە، باش نییە، بەڵام دەرگاکەمان بۆ بکەرەوە، (لەو وشانە کیژەکە دەنگی کز و سەبر دەکاتەوە، تا پیاوە نەخۆشەکە، لە کیژەکەی، لە کەسە نزیکەکەی گوێی لێ نەبێت، بڵێت نەخۆشە)، بزانین لە ژوورەوە، لە پشت ئەو دەرگایە هەوارێکمان دەست دەکەوێت!؟

....

دەرگا کردنەوەکە، چوونە ناو حەسارەکە ئاسانە، لە شارەکان دەکرێ دەرگاکان بکرێنەوە، بەڵام پەیداکردنی ژوورێک و کرێی مانگانە و ژیان و ئاگرکردنەوە و ئاو خواردنەوە و گەرمبوونەوە، هەتا فێنکبوونەوەش، لەو شارە گەورەیە، (بۆ ئەوان زۆر

گەورە و فراوان بوو) ئاسان نییە. یان لەو شارە دەرگا کردنەوە زەحمەتە، چوونە ناو حەسارەکە زەحمەتە، ئەگەرنا هەموو شتەکانی تر ئاسانە! چونکە شار، ماڵ و هەوار و حەوشەی بێنەوا و داماوانە. کۆچبارەکان، شار، بە وار و سێبەر و نانی خۆیان دەزانن، بۆیەش، پیاوە پیرە نەخۆشەکە و کیژە ڕوومەت تەڕەکە، ڕوویان لەو شارە کردووە.

کیژەکە، چاوی بڕیوەتە چاوی کاکە سوور، بە ئارامییەوە بۆنی دووکەڵەکەی بەرباخەڵ و سەر و سمێڵی دەکات، بۆنی پیاو و کارکردن و شارەکەش دەکات، دەڵێت:

کە هاتین، کە لە باخچەکان نزیکبوونەوە، نەمانزانی ئەو هەوارە ئەوەندە گەورەیە. ئێمە نەماندەزانی شار چییە. زۆرمان لا سەیرە. هەر دەسووڕێینەوە و شار تەواو نابێت. لە بەیانییەوە بەسەر سەکۆکان دەکەوین، لەبن پاردە و دیوارەکان دەخەوین. گوێ رادەگرین، دەپرسین. باوکم دەکوخێت، من ناز دەکەم و چاوەکانم دەکەمە ئەستێرە و فرمێسکم بە جۆگەیەکی شیرین و بێگەرد دەشۆمەوە. شارەکە هەر تەواو نەبوو. دەرگایەکی شارەکە نەکرایەوە. شار، لە پەنا پەنجەرەیەکدا جوولە و هەستێکمان نەبینی. چەند قسەی نوێمان گوێ لێ بوو، سەرسام و حەپەساین، نەمانزانی شار وایە، شارمان دۆزیەوە.

کوڕەکە (هەست دەکات، بۆنی دووکەڵی ڕەژووی کەبابخانەکەی بەرداوە. بۆنەکە سووکتر بوو. بەشێکی هەورە دووکەڵەکە، باران و تەمە دووکەڵەکە. بەر هەناسە و چاوی کیژەکە کەوتووە. زۆری هەڵمژیوە، کەمی بەر سینگ و بەرۆکی ماوە)، دەڵێت:

....

یەکەم فاکتەری مانەوە و گیرسانەوەی کاکە سوور، لەو شارە. دامەزراندنی لە مەحەتەی هێڵی ئاسنی هەولێر و گەیشتنی شەمەندەفەر بۆ شارەکە بوو! دیسان یەکەم فاکتەری مانەوەی ئەو کوڕە، لەو شارە ترسان بوو لە باوکی. چونکە، ئەو بەیانییەی لە خەونە خۆشەکەی لەگەڵ ژنەکە بەئاگای دێنێت، پارووە نانێک بە ماست دەخوات، باوکی چۆلەکەیەک، کلۆیەکی گەورە وەک ئەسپ، باڵ تیژ وەک دەبان و تیغی لەناو باخەڵی دەپەستێت. تا بیباتە بەر خزمەتی شێخی چۆڵی، دەشتەکە و زادەکە لە فەوتان رزگار بکات. بەڵام! یەکەم فاکتەر بۆ مانەوە و شەیدابوون و عاشقبوونەکەی بەو شارە، بەو حەسارە، دەستی گەرمی کیژەکە بوو. بۆ باوکە نەخۆشەکەی، بەو

پەیوەندییە، بەو هیوایەی کیژەکە، باوکی بۆ خەستەخانە هێنابوو، لەو شارە دەگیرسێتەوە.

کاکە سوور، دەرگای گەورە دارەکەی حەسارەکە بۆ کیژە جوانەکە و باوکە نەخۆشەکەی دەکاتەوە. سەرکەشانە وادەزانێت، حەسارەکە، هەموو ژوورەکانی، دیوارە بەرزەکەی، حەوشە گەورەکەی ناوەڕاستی، هەمووی موڵکی باوکیەتی، موڵکی خۆیەتی. ئەو یەک هەفتە نییە هاتووە، با بڵێین یەک مانگە، بەر لە دروستبوونی حەسارەکە و گەورەبوونی گەڕەکەکەش لەوێ بووە. دەرگای ژوورەکەی، کە هێشتا یەکەم کرێی مانگانەی نەداوە، هێشتا دوو ماڵ و دوو پیاوی تێدا ناناسێت، دەرگاکە دەکاتەوە. ژوورەکەی کە تەنها دوو جلی شڕ و لەبادێکی کۆن و کۆنە جاجمێک (جاجمی خەونە خۆشەکە نەبوو) و دوو قاپ و مەنجەڵێکی رەش و ئاگردانێکی ساردی تێدابوو. فەرموو لە نەخۆشی و جوانی کیژەکە و هەر دە پەنجەکەی دەکات. دەرگا بۆ میکرۆبێک، لەمێژە ئەلمانەکان دەیدۆزنەوە و دەیناسن، ناوی لێ دەنێن و دەریدەکەن و دەرمانی بۆ دەدۆزنەوە، دەکاتەوە. ئەوان لەوێ تاقیگەیان هەبوو، لەوێ زانایەک، تەمەن و چاو و بەژن و هەردوو دەست و قاچ و چاویلکەکەی لەسەر دادەنێت، دەیناسێت، هەتوانی بۆ دەدۆزێتەوە، هەپروون بە هەپروونی دەکات، فەرموو لە نازی چاو و سەرە پەنجەی نەرمی کیژۆڵەیەکیش دەکات! کوڕەکە، فەرموو لە دوو پێشهات دەکات: ژیان دوو رووی هەیە: ئەگەر یەکەم هات، دووەمیش هەر دێت. بەڵام دیار نییە و کەسیش نەیزانیوە، بۆ و کەی دووەمیش دێت! یان بۆ هەندێ جار دووەم پێش یەکەم دەکەوێت، بواریش نادات تام لە یەکەمیش وەربگریت و هەر بیناسێت!

....

ئیتر لەو رۆژەوە، بەردەوام و رۆژانە کاکە سوور، کە دوایی ناوی لە قەید و لە نەفووس دەبێتە سەعید. دوو شیش جەرگ و پرتەقاڵێک بۆ پیاوە نەخۆشەکە، دەباتە ناو ژوورەکە. کیژەکەش، کە پرتەقاڵەکانی بۆ سپی دەکات، پەنجەکانی ناسکتر دەبوون، کوز بە کوز، وەک شیفا و دەرمان دەرخواردی باوکە نەخۆشەکەی دەدا. منداڵ و کیژۆڵەکانیش، پەلکە پرتەقاڵەکە هەڵدەگرنەوە، کۆیان دەکەنەوە و ورد وردی دەکەن، دەیکەنە خەوناکە. خەوناکە پرتەقاڵە زەردە بۆندارەکەش، لە ملی خۆیان، لەسەر لانک و دەسترازە و بەر ئاوێنە و ناو تووکی بالیف و سەرینەکانیان دەکەن. بۆنی

پرتەقاڵەکە، هەوای کۆخەی نەخۆشەکە بەیەکەوە بڵاودەبنەوە. پرتەقاڵەکان دەخورێن و نەخۆشەکە چاک نابێتەوە. بەڵام پرتەقاڵی کیژەکە دەژیت، دەبێتە هاوژینی سەعید. پیاوەکە دەمرێت، بەر لە مردنی دەست و گەردەن و بۆنی کیژەکە، پێشکەشی کاکە سوور دەکات.

ئەو دەمرێت، چەند ساڵ دوای مردنەکەی، تابلێتی پرۆتومایسین و کەپسولەی ئایسوبنزوسین و ریڤادین، لە نەخۆشخانەکان بەخۆڕایی دابەش دەکرێن. هەر نەخۆشە و بە دەرمانی ساڵێک کەمتر و زۆرتر لە شەش مانگ، هەڵدەستێتەوە. بەڵام! ئەوەی سییەکانی کون کون ببوو، یەک گالۆن حەبیشیان دەخوارد، زۆرتر لاواز دەبوون، سیستر دەبوون و دەمردن.

....

کیژەکە بە باوکی دەڵێت:

بابە، هۆباب، ئێرە خەستەخانە و دەرمانە! ماڵی ئەو کوڕە ئاوەدان و شارەکەش دوورە کارەسات بێت!

باوکەکە، چەند ساتێک بوو نەدەکۆخی، باش هەناسەشی دەهات، چاوی سوور هەڵنەگەڕابوو، بە دەنگێکی کراوە و گەرمەوە دەڵێت:

کیژم، نەمووت شار نەخۆشخانەی تێدایە.

کوڕەکە، ئەگەرچی لە کردنەوەی دەرگای ژوورەکەی دوودڵ و پەشیمانیش بوو. بەڵام! نەدەکرا و نابێت، دەرگای شار بەسەر خەڵک و کۆچ و نەخۆش و جوانی دابخات. شارە و رووبەرێکی گەورەی و نزیک لە سەنتەرەکەی، گۆڕستانە. شارە و لە نزیک ئەو گۆڕستانە، سەرچاوەی ئاو و کانیاوی هەیە. نەخشە و دروستبوونی شار وایە، دەرگای ژوورەکەی دەکاتەوە، نەخۆشەکە و دەرمانەکە، لە ژوورەکەی بە میوانی قبووڵ دەکات.

لەو رۆژەی کاکە سوور، میوان قبووڵ دەکات، دەبێتە خاوەن ماڵ. نیوەی حەسارەکە، سەربانەکانی، کلیل و قوفڵی دەرگا سەرەکییەکەی، دەبێتە موڵکی ئەو. کیژ و باوکە نەخۆشەکە، لەناو ژوورە سارد و تاریک و برسییەکەی جێدەهێڵێت، دەرگایان لەسەر دادەخات، جەمەدانییەکەشیان بۆ رادەخات. شەوەکەی دەچێتە ماڵی مەلا مەجید،

بەیانی کە دەگەڕێتەوە. ژوورەکەی ئەو، دەرگاکەی ئەو، بووە بە شانەی هەنگوین، بووە بە سەری گەورە و چاوی زەیتون و بەژنی ئەسپیندارێکی بالأبەرز.

...

بەر لەوەی نەجارەکە ناو بازاڕی گەورە. ئەو نەجاڕەی بە دار و بزمار، بەر لە بزماریش لانکی بۆ هەموو ماڵێک دروست دەکرد. جەنجەڕ و کەرەستەکانی جووت و دوورنە و کێشان و جۆخینەکانی ساز دەکرد. ئەو نەجاڕەی دەرگای قەیسەرەکانی شار و حەسارەکان، پەنجەرەی بۆ رووناکی و خەونی ماڵەکان لە ئاسن دەگرت. نەجاڕەکە، تەماشای پارچە زەوییەکی نزیک ئاوێک و بەر رووبارێکی کردبوایە، دەیزانی ئەگەر کۆزە ئەسپیندارێکی لێ بدەن، دارەکەی چەند باڵا دەکات، دارهەولێرەکە و سەرەکەی چەند گەز دەبێت، داری بی و داری گوێزیش بەکاردەهێنێت. کارەکانی زۆر دەبن، ئەو نەجاڕەی بە دروستی و بە خاوێنی ئیشی دەکرد، دووکانەکەی دەبێتە دوو، سێ شاگردی دەکاتە شەش، مەخزەنێکی گەورە و کارگەیەکی دەرگا گەورە دەکاتەوە، بە مەئمورانی پەروەردەی هەولێر دەڵێت:

چیتر قبووڵم نییە، رەحلە و تەختەی رەش و مێز و کەرەستە و دۆڵابی مەکتەبەکان لە موسڵەوە بهێنن. من، لەوان پوختر و باشتر و توندتر، لەوان هەرزانتریش بۆتان دروست دەکەم. ساڵانێکی زۆر، وەرز لەدوای وەرز، تەختەکانی فێربوونی هەموو منداڵانی ئەو شارە، مەکتەبەکانی ئولا و فەیسەلییە و خالدییەی کوڕان و کچان، ناوەندییەکە، قەنەفەکانی ژووری بەڕێوەبەر و مامۆستاکان، لە کارگە و بە دەستی نەجاڕەکانی ئەو بنەماڵە دروست دەکرا. هەتا ئیدارەی خۆجێیەتی کارگەی خۆی لەسەر رێگای شەقڵاوە و بەرامبەر گەڕەکی کانی دروست دەکەن. کارگەکەی ئەو نەجاڕە، رەحلە و تەختە رەشەکانی لیواکە، بە هەموو قەزا و ناحیەکانەوە دروست دەکات.

...

کە زید ئەحمەد عوسمان و عەونی یوسف و شەمسەدین موفتی و سەید مەجید و ساڵح شێرە، بارەگای خەبات و پارتی لەبن قەڵات دەکەنەوە، لەو کارگەیە و بە دەستی نەجاڕەکانی ئەو بنەماڵەیە مێز و کورسییەکانیان بەخۆڕاییش بۆ دروست دەکات. نەجاڕەکان، بە جەلیل خەیات و بیلال خەیاتیش دەڵێن:

ئێمە مێزی دوورمانتان بۆ دروست دەکەین. ئەوەندە لووس دروست دەکەین، بە ئارەزووی خۆتان قاتی ئەفەندی و جلی کوردی لەسەر ببڕن. مێز لەسەر من، قات و کەوا و سەڵتە و سوخمە و شەڕواڵیش لە ئێوە.

ئەگەر دارت بەڕاستی گرتە دەست،. بە دروستی بەکارتهێنا. دارەکە، دەستت دەگرێت و سەردەکەویت و دەپەڕێتەوە و ساباتت بۆ ساز دەکات! ئەوە دروشمی بڕین و نەخشاندن و گونجاندنی دار بوو، لەلایەن ئەو نەجارانەوە پەیرەو دەکرا. هەر ئەو بنەماڵەیە بە نەجاری، بە دارفرۆشتن، بازرگانی دار و ناردنی دار، بازارپیان گەرم دەبێت. خاوەنی کارگەکە، مامە خورشید و کاکە رەشاد و برایەکانی، وەک چۆن لە گەڵ خۆشناوەکان دۆستایەتی گەرم دەکەن. دەستی کاکی هیران ماچ دەکەن. سەردانی کوێخاکانی بناری سەفین دەکەن. لەگەڵ عەرەبەکانی خوارووش بازارپیان خۆش دەکەن. داریان بۆ دەنێرن. دەگەنە بەسرا و لە بەنداوەکەی، باری داری ساج و فۆرمیکە و فایبەر و معاکس و جاوە و ساجیش دەهێنن.

دەرگای ماڵە هەژارەکان پێوە نەدەدرا و لە دیوار نەدەگیرا، ئەگەر دەستکردی ئەوان نەبوایە. نەخشی ماڵە دەوڵەمەندەکان، نەدەبوو گوڵ و نەخش و بۆنیان پەخشان نەدەبوو، ئەگەر بە سەلیقە و کارزانی ئەوان دروست نەکرابوایە. لە رۆژانی لایلایە هەتا پیر دەگرن، کە دەچنە بەرخوێندن، دادەنیشن و دەنووسن و گەرم دەبنەوە، منداڵ بە دار و وەستایەتی نەجارەکان خۆشگوزەران دەبن. کە کیژ شانی بە چوارچیوەی دەرگا وەنا، چاوی کردە تیری بە پەنجەرە، سەندوقی بوکینی و ئاوێنەی رازاندنەوەیان بۆ سازکرد... کە هەمووش پیر دەبن، داری ئەو بازارە هاورێیەتییان دەکات و بەرێیان دەکات!

نەجارەکان دەوڵەمەند دەبن، لە تەیراوە دوو خانوو دەکرن. لەناو تەعجیل و لە خانقا و پشت مزگەوتەکەی شێخەڵا زەوی زۆر دەکرن. موڵکەکان دووکان و خانوو و گەراجی لەسەر دروست دەکەن. لەسەر حیسابی خۆیان، بۆری ئاو و خەتی کارەباش لە چەلەبی وەردەگرن. مەکینەی گەورەتر لە دەرەوە دەهێنن. بە سەردان دەچنە دەرەوە. لەوێ کارگەکانی گەورەی دارتاشی دەبینن، مەراق دەخۆن بۆ هێنان و پەیدابوونی ئەو مشارە گەورانە، ئەو رەندە تیژانە، خەم لە پەیداکردنی گیرەی توند و ئاسان دەخۆن! دارتاشی دەکەنە نان و ئاو و قازانج. نوێژ دەکەن، دەچنە حەج و خێر و قوربانی دەکەن. تا دار

و دارتاشییەکەیان رزقی حەلال و چاکەیان بهێنێتە رێ، ماندوو دەبن. تا بتوانن دەرگاکەی قەیسەری، ئەوەی دروستیان کردبوو، هەرگیز نەشکێت. هەموو دائیرەکان، ماڵە دەوڵەمەندەکان، سەندوقی ناسکی بووکەکان، بە دەستی ئەوان دروست بکرێت، دڵسۆزنە دار دەبڕن و توند بزمارەکان دەکوتن.

....

وەستا رەشاد، دەست لەسەر پشتی شاگردەکەی دەدات و دەڵێت:

دەستخۆش، چوارچیوەکە پوختەیە. نامەوێ دارە راستەکان، بە پانی و بە درێژییەکە یەک میلمی جیاوازی تێدا بێت. زەمانی جاران نەما، باوکم بەرەحمەت بێت، شاگردەکەش لە دوای وەستاکەی دەڵێت:

هەزار رەحمەتی لێ بێت.

وەستا، نایەوێ رەحمەت بەر هەموو موسڵمانێک نەکەوێت، بۆیە دەڵێت:

رەحمەت لە دایک و باوکی تۆش، لە هەموو موسڵمانان!

باوکم، گۆپاڵەکەی گرێ بە گرێ دیار کرد.بوو گۆپاڵەکەی، بۆ پیوان بەکاردەهێنا. بەڵێ گۆپاڵەکەی باوکم، پێوەری هەموو وەستاکانی ئەو بازاڕە بوو. بۆ فرۆشتنی عەرد و دانانی بناخەش دەیانبرد. دەستاودەستی زۆری دەکرد. ئەوەش بڕواکردن و دڵنیایی و بوو بەو گۆپاڵە، (یەک گۆپاڵ، بۆ بازاڕێک، یەک گۆپاڵ بۆ هەموو پیوان و قەدەرەکان بەس بوو. ئەگەرنا دەکرا، هەموو گۆپاڵی دەستی پیاوەکان، بکرێتە پێوەر، دەبوایە یەک پێوەر هەبوایە، ئەگەر یەکێکی تریش هەبوایە، ئاڵۆزی و فێڵ و گەندەڵی و متمانەنەکردن دەکەوتە ناو پیوان و بازاڕەکە)، گۆچانی دەستی نەجاڕەکە هەموو گەڕەک و بازاڕ و دەزگای زۆری دەکرد. گۆپاڵەکە، قسەی دەکرد و سوێندی دەخوارد. پیوانەکانی تۆمار دەکرد و پارەی لەسەر دەژمێردرا. گۆپاڵە زەردە لووسەکە، کە دەگەڕایەوە ناو دووکانەکەیان. نەجاڕەکان پیاوێکی بە ئەزموون و زاگۆن بوو، گۆپاڵەکەی تێکەڵی شلکە دار و باریکە دار و داری نوێ و داری هاوردە و داری دەمشکاو و داری قەڵشتی و داری بزمارکراو نەدەکرد. نەوەک! شەقڵێکی حەسوود، نەوەک! گرێیەکی کرمدار. نەوەک! دارێکی خوار، نەوەک! لقێکی سەرشۆڕ! گرێی پیوانەی گۆپاڵەکەی، بە فێڵێکی سادە، یان بە لەنجەیەکی چەشەدار، بە گێڕانەوەی سۆزی

سەمای ئاوی جۆگەیەک. نەوەک! هەڕەشەی مشارێک، ددانی تیژی بزمارێک، چاوسوورکردنەوە و دەمچەورکردنێک لێ بگۆڕێن و ناو و پیشەکەی لەکەدار بکەن. گۆپاڵەکە، شەوانە دەگەڕایەوە ماڵەوە. پیاوەکە، پێش بەستانی (خەزێم)ەکە، بەناو لەپ و گرێیەکانی پەنجەی لە دەرگای دەرەوەی دەدا، گۆچانەکەی بەکارنەدەهێنا، ئەو لە هەردوو سەری چوون و هاتنەوەی جۆگەیەکی چڵکاوی پێ پاک نەدەکردەوە. پارچە شووشەی بوتڵە عەرەقێکی شکاوی پێ کۆنەدەکردەوە، نا... نا پیاوەکە دڵی نەدەهات! نەرم نەرم گۆچانەکەی دەبردە ژووری نووستنەکەی، پشت بالیفە بە نەخشەکەی سەر چوارپایە لوولەدارە مسەکەی خۆی و هاوسەرەکەی. بەیانییان، کە وەستاکە دەهاتە دەرەوە، گۆپاڵەکەی هەڵدەگرتەوە، وەک ناوی خۆی و وەک چاوی خۆی هەرگیز لەبیری نەدەکرد و بێنازی نەکرد. بۆیەش گۆپاڵەکە، هەتا قایش فووت پەیدا بوو، بە دروستی پیوانەکانی دەکرد.

دەیانووت، گۆپاڵ، بۆ رۆیشتن و پشتیوانییە. گۆپاڵ بۆ دیارکردنی بوارەکانە، گۆپاڵ بۆ سەگ دەرکردنە. گۆچان بۆ ترساندن و خۆپاراستنە. گۆپاڵ بۆ ... بەڵام وەستا خورشیدی نەجاڕ، گۆپاڵەکەی کردبووە پێوەر، دار و زەوی و کۆڵان و دیوار و جۆگەی پێ دەپیوا.

....

لەگەڵ سەلامکردن و هاتنی رەمزی ئەفەندی، (گۆپاڵەکەی دەستی دادەنێت، دەزانێت قسەکردن و ناوهێنانی گۆپاڵەکە تەواو بوو، هەموو بابەتەکان بە هاتنی ئەفەندی دەگۆڕێت، زۆریش دەگۆڕێت) و سەلامەکەی لێ وەردەگرێتەوە و پێی دەڵێت:

ئەفەندی پرسیم وتیان لە (بارزان)ە، کەی هاتیتەوە، چاومان روون، نەمزانی گەڕایتەوە؟

_ بەڵێ، هاتمەوە!

_ ئەفەندی ئای بۆ زەمانی قەڵاتێ، لەوێ زۆر ئاگامان لە یەکتری بوو، زۆرتر یەکترمان دەدیت، ئێمە کەوتینە تەیراوە، تاهیر ئاغا زۆر حەزی دەکرد لەوێ خانوو دروست بکەین، ئێوەش لە ئێمە دوورکەوتنەوە.

ئەفەندی چاوێک لەناو دووکانەکە دەگێڕێت، ملی بادەدات، لەسەر کورسییەکە دەسووڕێت، ناتوانێت قسەکەی ناو دڵی بە وەستا نەڵێت:

دووکانەکەت ساردوسڕ دیارە، ئیشتان کەمە، چییە!؟

وەستا خورشید، تا زۆر لەسەر مەسەلەکە نەڕۆن، بیبڕنەوە دەڵێت:

ئیشمان زۆر باشە. ئەو دووکانەمان بەس بۆ دانیشتنی خۆمانە. کارگەمان هەیە، مەخزەنمان هەیە. ئیشە زۆرەکانمان، لە پشت مزگەوتەکەی شێخەڵایە. لەوێ نەجاڕ و شاگردی زۆرمان هەیە. ئەفەندی توخوا پێم بڵێ لە کوێ بوویت کەی هاتیەوە؟!

_ چەند رۆژێکە هاتوومەتەوە!

_ کەواتە دەعوەتێک قەرزاری، بۆ دیار نەبوویت!

_ بۆ دەعوەتەکە، بە چاوان، دەعوەتەکە دەکەم. بەڵام! مەجلیسمان جیاوازە، تۆ خەریکی نوێژ و سەرقەبران و خوێندنی قورئانیت. منیش. حەز بە کاغەز و یاری و قۆریات و گۆرانییەکانی جەمیل بازرگان و حەیران و بەستە دەکەم.

_ ئێمەش، حەزمان بە گۆرانی و قۆریات هەیە، بەڵام مەجلیسمان جیاوازە!

ئەو چەند رۆژ، لە بارزان و مێرگەسۆر و زێباری خەریکی پشکنین و کاروباری خەزێنە دەبێت. لەوێ بوو، رۆژێکیان لە قەزا دەبێت، بروسکەیەکی بە دەست دەگات، مەئمور بەدالەکە، پیاوە رواندزییەکە بەپەلە بەرقیەکەی بۆ دەبات:

ئەفەندی، ئەو برقیەت لە ماڵەوە بۆ هاتووە. فەرموو ئەفەندی، هیوادارم هەر خێر بێت و قەڵاتەکەتان نەرووخابێت.

پێش ئەوەی بروسکەکە بخوێنێتەوە، بروسکە تەنکە هێڵدارەکە لەناو دەستی بوو، بە پیاوە رواندزییەکەی سەر بەدالەکە دەڵێت:

ئەو قەڵاتە، چەند هەزار ساڵە هەیە، نەڕووخاوە، بۆ ئێستا دەڕووخێت!

....

پیاوە لاوازەکە، مەئمور بەدالەکە، بەردەوام شاڵ و شەپکی لەبەر دەکرد. بەڵام !جەمەدانی نەدەبەستا، شەرمیشی بەسەرە رووتاو و قژە کەمەکەی نەدەهات. ئەو پیاوێکی لاواز بوو، دەمارەکانی مل و دەست و بەلەکی، یەک بەیەک دیار بوون. بە گەردەن و مل و دەستەکانی ئەو دیار بوو، جەستەی مرۆڤ چەندین باریکە رێی خوێنی

تێدایە. زۆر پێدەکەنی، کە پێیان دەووت، عەرەق سەری رووتاندیەوە، بەسە وازبێنە، تووڕە نەدەبوو، (دەیزانی رووتانەوەی قژ، پەیوەندی بە خواردنەوە نییە، برادەرەکانی، خۆشەویستییەکانی، هاوڕێی شەوانە و خواردنەوەکانی، ئەوانەی بەیەکەوە دەخۆنەوە و ئەو دەیانناسێت، کەسیان وەک ئەو سەری نەرووتابوە، باوکیشی هەر وا بووە)، بروسکەکەی لەناو دەستی دانابوو، کە وتی:

ئەفەندی ببوورە، تووڕە نەبوویت، منیش شانازی بەو قەڵاتە دەکەم! هیچ نییە بروسکەکە جێگای مەترسی نییە، مۆڵەتێک داوا بکە و بەیانی بگەڕێوە.

ئەفەندی، کە دەزانێت ژنەکەی نەخۆش بووە. هێلانا و دکتۆر سەبری ئەلقبانیش چاودێرییان کردووە، دڵنیا دەبێت. بە لەدایکبوونی کیژ و کوڕەکەش شادومان دەبێت. بەڵام هەر دەترسێت، بڕیار دەدات، مۆڵەتێکی یەکە هەفتەیی بۆ خۆی بنووسێت و بەیانی زوو، بەرەو دیانا بەڕێبکەوێت.

ئەفەندی، چ خزمەتێکت نەبوو، هەموو کارگە و دارتاشییەکەمان ئامادەیە، فەرموو بڵێ، ئێمە لە خزمەتی کوڕە قەڵاتییەکانین، سەردەمی قەڵات خۆش بوو، بڵێ! (وەستا نەجارەکە بە گەرمییەوە پێی دەڵێت)، بڵێ.

ئەفەندییەکە، دڵی بەوە پێشوازییە گەرمە خۆش بوو. کە دەزانێت، پورزاکانی لە دارتاشییەکەیان زۆر پێشکەوتوون. گەراج و کارگەی زۆریان هەیە، لە چەند گەڕەکێکی شارەکە خانوویان دروستکردووە. خانووەکانیش ئاو و کارەبایان بۆ راکێشاوە. هەموو فەرمانبەرە گەورەکان، موهەندەسەکەی ئیشغاڵ، دکتۆرە موسڵاوییەکە، دوو ژنە مامۆستایە هەڵەبجەییەکەش کرێچی ئەوانن.

کە ئەفەندی بە برووسکەکە بە پەلە و داوا خێراکەی ماڵەوە، دەگاتەوە هەولێر، وەک هەموو جارێک، دەست بە باولەوە ناچێتە قاوەخانەکە. ئەو لەو کاروانەدا زۆریش لە رێگا ماندوو ببوو، ماوەیەکی زۆریش بە وڵاخ هاتبوو. کە لە سەرکەوتنەکانا ماندووش دەبوو، هەستی رادەگرت. لۆرییەکەی محەمەد سەرسپی دیار نییە، زۆریش پێی سەیر بوو، دەنگی یەک لۆری و ئوتومبێلیش لەو رێگایە نەدەهات. ئەفەندی بە پیاوەکە دەڵێت:

وتت ناوم چییە؟!

ئەوەندە ماندوو و نیگەران بوو، دووەمجار بوو، ناوی خاوەن ولاخەکە دەپرسێت. ناوت چ بوو؟

ئەفەندی برای گچکەت حەسۆ، حەسۆی فەلامەرز.

باشە حەسۆ، ئەو رێگایە بۆ ئەوەندە چۆڵە، بۆنی خوێنی لێ دێت؟ ئەوە من چەند ساڵە هاتوچۆی بارزان دەکەم، هەرگیز رێگاکە وا چۆڵ و کپ نەبووە!؟

ئەفەندی ئەنگۆ خوێندەوارن، زمان دەزانن، ئەز چ بێژم!

ئەفەندی دەگاتەوە ماڵەوە. رەزامەندیش دەردەبڕێت، کیژەکە بە ناوی ژنەکەی هاملتۆن بکەن. ناو لە کیژی چوارەمیان بنێن، هێلانا. کوڕەکەش ناو بنێن، شوان. خاتوون، هەردوو مەلۆتکەکەی لەتەنیشت یەکتری دانابوو. سەری کیژەکەی بە پارچە هەورییەکی کەسک و شینی گوڵدار، سەری کوڕەکەشی بە پارچە شەدەیەکی زەردی سیمداری سپی بەستابوو. قورئانێکی ناو بەرگێکی کەسکی توند پێچراوی، لەنێوانیان دانابوو. لە سەرووی سەرەوەیان چەقۆیەک و پارچە نانێکی تیری ناسکی نەرمیشی دانابوو.

....

وەستا دارتاشەکە، لە بەردەم دووکانەکەی، لەبەردەم بۆشاییە سێگۆشە ڤالاکەی ناو نەجارەکان. بەرامبەر کەبابخانەکە، کورسییەکی گچکە بۆ ئەفەندی دادەنێت. داوای چایەکی شیرینی یەک رەنگیشی بۆ دەکات. لە دڵی خۆشییەوە دەڵێت، ئای ئەگەر ئەفەندی بە بۆن و دووکەڵە شینەکە حەزی دەچێتە کەباب، وای خۆش دەبوو، بەیەکەوە دوو نەفەر کەبابمان دەخوارد! تا دەرپێیە سپییەکەی باش داپۆشێت، هەردوولای کەواکەی بەیەکتری وەدەنوسێنێت. پشدێنەکەی توند دەکاتەوە، لە ئەفەندی دەچێتەوە پێش:

_ ئەفەندی نەتووت، بۆ دیار نەبوویت!؟ چەند رۆژە هاتویتەوە!؟

_ هەفتەی رابردوو بوو، هاتمەوە، بەڵام بریا هەر لەوێ دەبووم. سەرئێشەی زۆریان بۆ پەیداکردم. هاتوچۆیەکی زۆریان پێکردم! کەوتمە ناو گێژاوێک، دەرچوونم ئیشی زۆری بۆ کرا!

_ چۆن و بۆ!؟ چ بووه!

_ سەربردەکە درێژە، بەڵام حەز ناکەم خەڵکی زۆر ئەوە بزانێت! ئەو رۆژەی من لە ماڵەوە بروسکەم بۆ دەکەن، کە بروسکەکەم بۆ دێت. بەیانییەکەی، هەر بەپێیان بەڕێکەوتم، ئەو رۆژە ئوتومبێل نەبوو، ناچار ولاخێکم پەیدا کرد، هەتا دیانا هاتم. لە چایەخانەکانی پشووێکم دا. ماوەیەکی باش چاوەڕوانم کرد. ئوتومبێل نەبوو، هەستم دەکرد، رەوشەکە ئاساییە نییە.

_ چ بووە ئەفەندی بەڕاستی مەراقت دامێ، ئێمە ئەوە پیاوە نین، خەڵکی سەر بە گۆبەند و گێچەڵ نین، چ بووە! کێ ناوی بردووی، کێ بانگی کردی!

_ وەستا، پورزا، پاش من، رۆژی دوایی بارزانییەکان لەگەڵ حکومەت، دەبێتە شەڕیان. سوپا و عەشایر و پۆلیس هێرشیان دەکەنە سەر. بە تۆپ و تەیارە لێیان دەدەن. شەڕەکە گەرم دەبێت، لە ناوچەیەک، وادەزانم ناوی (مەیدان مۆریک)ە، شەڕێکی گەورە دەقەومێت. دەڵێن:

نزیکەی هەشتا سەرباز دیل دەکەن، زۆریان دەکوژن، فرۆکەکانیش ناتوانێت، ورەیان بەرز بکاتەوە. تۆپەکانیش سەنگەر بە بارزانییەکان چۆڵ ناکەن. هەر پاش دەرچوونی من، شەڕەکە دەقەومێت!

_ ئەدی ئەوان، هەردوو سێ مانگە گەڕاونەتەوە بارزان، چۆن وا کۆبونەوە، کێ یارمەتیان دەدات!؟

_ راست دەکەیت، لە باشووری عیراق نەفی بوون. دەگەڕێنەوە سولێمانی. لەوێ بە گەرمی پێشوازییان دەکەن. ئەندامانی حزبی هیوا، هەموو بەیەکەوە لەگەڵ مەلا مەستەفا و شێخەکان کۆدەبنەوە. بەئاشکرا و بەنهێنی دیمانە و گفتوکۆیان دەبێت. ئەوان لە نیازی بارزانییەکان تێدەگەن، ئیش دەکەن، لە شارەکە دەربازیان دەکەن. بە چەند شەو و رۆژێک دەگەڕێنەوە بارزان. لەوێ چەکدار و دڵسۆزانی زۆر کۆدەکەنەوە و لەشکر ساز دەکەنەوە. حکومەتیش بە هەموو هێز و جبەخانەیەکەوە هێرشیان بۆ دەبات، پاش من هێرشەکان دەست پێدەکات.

_ باشە، شەڕ بووە و دیلی سەرباز و پۆلیس زۆر بووە، خەڵک کوژراوە، چ پەیوەندی بە تۆی مەئمور مالی هەبووە!؟

ـ منیان دەهێنا و دەبرد و دەیانویست بزانن، دەنگوباسی ناوچەکە چییە. من بۆ هاتوومەتەوە. هاتووم هەواڵی ناوشاریان بۆ ببەمەوە! هاتووم دەرمان و راسپاردەکان بگەیێنم.

ـ چیت پێ وتن، چییان وت؟!

ـ هیچ، وتم، من ئاگاداری هیچ نیم و بروسکەکەی ماڵەوەم نیشاندان و پێم وتن:

ژنەکەم منداڵی بووە و داوایان کردبووم و گەڕامەوە. ئەوان هەر ئیقناع نەبوون، تا بروسکەکەم بۆ مەعروف جیاوک کرد، ئەگەرنا بەنیازبوون بۆ خوارەوەم بگوازنەوە، بمنێرنە مسەیەبی حیلە، نەفییم بکەم، وەک شیوعییەکان نەفییم بکەن. دەزانم لەبیرم چوو، دەزانی بۆچی هاتبووم!

...

ـ فەرموو ئەفەندی، بڵێ!

ـ ئەو ماوەیەی لێرە نەبووم، باوکم نەخۆش بووە. کە خاتوونیش جمکەکەی بووە، دکتۆر سەبری قوبانی، دکتۆرە لوبنانییەکە. زۆر بەکەڵکیان هاتووە، بۆیە هاتووم...

ـ فەرموو ئامادەین!

ـ دەمەوێ، بە دیاری کورسی و مێزێکی جوانی بە داری گوێز بۆ دروست بکەیت، چەکمەجەی باش و داری پتەو و سبوغی جوانی بۆ ...

ـ هەر ئەوەندە، مێز و کورسی وای بۆ دروست دەکەین لە لوبنانیش نەکرابێت، وتت لوبنانییە!

ـ بەڵێ، سورییە. بەڵام لە لوبنانیش ژیاوە. پیاوێکی باشە. زۆریش هاتوچۆی مەلا فەندییش دەکات. لەگەڵ عیزەدینیش برادەرە. شەوان دێتە نادی و بەیەکەوە یارییش دەکەین. ئەویش سەربردەی زۆری هەیە. دونیا گەڕاوە، عەقڵی ئەو شارەی ئێمەی گرتووە و هاتووە لێرە ئیش دەکات. چونکە منداڵە هەژار بووە، بە هەتیمی گەورە بووە، حەز دەکات، لە نزیک هەژارەکان، لە شارە دوورەکان، لەناو گەڕەکە برسییەکان ئیش بکات. زۆریش حەز بە پارە کۆکردنەوەش ناکات.

سەبری قوبانی (لە سوریا و  لوبنان، وڵاتی سێو و گۆرانی و کتێب و رۆشنبیری، لە بەیروتی دەریا و خوێندەواری، لەو شارە چ دەکات. ئەوە چەند ساڵە لێرەیە، خۆشە، کە لەگەڵ نەخۆشەکانیش بە کوردی و بە تورکی قسە دەکات. بێگومان تورکییەکەی باشە، خوێنی شیرینە. شەوانە لە نادی فەرمانبەران، سەربردەی خۆش بۆ فەرمانبەر و مەئمورەکان دەگێڕێتەوە. منداڵە هەژارێکی دیمشقی بووە. بە پلەی ئەفسەری دەگاتە عیراق، لەو هەولێرە دەژیت. کە دەگەڕێتەوە سوریا و دەچێتە لوبنان. خەریکی نووسین و رۆژنامەگەری دەبێت. رابەری رۆشنبیری تەندروستی و رۆشنبیری سیکسی ناوچەکەش بووە)، ئێستاش گۆڤارەکەی، بە هەمان رێبازی جاران لەلایەن منداڵەکانی دەردەچێت.

ئەوە دووەم جارە ئەو دێتە هەولێر. سەبری، کە لێرە دەژیت، بەزمی شەوانەی ئەگلەنجە و وەفای خەڵکی ئەو شارە دەبینێت، دووبارە دەگەرێتەوە، ئەو جارە بە دکتۆری مەدەنی دەگەڕێتەوە. ئەو ماوەیە لە بەیروتیش دەبێت، بەردەوام بە بەرید کتێب و گۆڤاری تەندروستی بۆ خوێندەوارەکان و برادەرەکانی دەنارد. خەڵکەکەش تامیان لە نووسین و کتێبەکانی ئەو دەبینی. گۆڤار و کتێبەکانی، شتی زۆر سەیری تێدا بوو. ناکرێ بگێڕدرێتەوە. وەک ئەوروپییەکان باسی ژن و ئەندامی زاوزێ و رەحەتبوون و هەوەس و باسی جووتبوونیشی کردووە.

....

رەشاد، بە گەنجییەوە، دەستی داوەتە مشار. داری بۆ جوانی و ئاوەدانی بڕیوە. دەست و پەنجەی بۆ بزمار و توندکردن گونجاو بووە، تا شەپکەدارەکان بکاتە دەروازە و سێبەر و سەندوق. ئەو کە گوێی لە ناوی دکتۆرە سورییەکە، کوڕە هەتیمە بێ باوکەکە، دکتۆرە خوێندەوارەکە دەبێت، نەخۆشی و دکتۆری و چارەسەری بێ پارەی دەکەوێتە مێشکی.

ئەوەندەی داریشی بڕیوە، دار و تەختە لووسکردووە، بیریش لە تەندروستی دەکاتەوە. زووتریش، کە داری قازمە و خاکەناس و پێمەڕە دەتاشێت، بە کرێکارەکانی وتووە:

ئەو دەسک و دارانە بۆ دەستی ئێوەیە، پێم بڵێن، دارەکان ماندووتان دەکەن**!؟** شان و دەست و ئەژنۆتان بەژان ناکەوێت، چەند درێژ بێت، باشترە**!** چەند ئەستوور و لووس بێت، جوانترە**؟!** دار و دارتاشییەکەی بە تەندروستی دەبەستێتەوە، ئیشکردن بە

نەخۆشییەوە، کەرەستەکانی بە تاقەت و ماندبوون و نەخۆشییەکانی دەست و ئەژنۆ و هەناسە و سینگ ...

بۆیە پاش تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەک، کە نەخۆشییەکانی سینگ و سیل، هەژارەکان، پیاو و ژنانی کۆڵانە تاریکە تەڕەکان، خەڵکە ماندوو و برسییەکان هەراسان دەکات. میکرۆبەکان، بە نەرمە کۆخەیەک. نەخۆشییەک، بە برسیەتی و بە سەرما. ژانەکان، بە بەدخۆراکی، مردنیش بە زۆری بە نەبوونی دەرمان و نەخۆشخانە بڵاودەبێتەوە. رەشاد نەجاڕ، بەر لە دروستکردنی مزگەوتەکەی، بەر لە رێزە دووکانەکەی نزیک بازاڕ، پێش چوونە حەج و عومرەکانی، لە دەرەوەی شار، دوور لە ئاوەدانی، دوور لە حەوشەی کۆبونەوەی ژنان، بۆ کولیچە و ناوسێری برژاندن و دەرهێنانی کەرەستەی دۆڵمە. لە شوێنێکی زۆر دوور، لە کۆبونەوەی دامە و بەزمی چایەخانە و شەوانی نادی و خواردنەوە. لەوێ دوور لە دووری شارەکە.

رەشاد نەجاڕ، پێش ئەوەی بچێتە ماڵی پیرۆزی خودا، بەر لە کڕینی پارچە زەوییە گەورەکەی، دوایی مزگەوتێکی گەورەی لێ دروست دەکات. نەخۆشخانەیەک بۆ نەخۆشەکانی سیل و وەرم دروست دەکات. بە پارەی دار و بزمارەکان، بە ماندووبونی نەخشی سەر سەندوقەکان. بە پارەی دارفرۆشتن و داربڕین و کاریتە و کۆتەرەکان، خەستەخانەیەکی گەورە دروست دەکات. قەرەوێڵە و مێز و ژوورەکان دەرزاێنێتەوە. حەوشەکەی بە داری مێو و توو و هەنارە دەچێنێت. دەرگەکەی بە زەنگ و زەنگوڵە، پەنجەرەکان بە وێنە و شووشە و پەپوولە، سەربانەکە بە کۆتر و هێلانە و جریوە، ژوورەکان وەک ژوور و شانەی هەنگ، خەستەخانەیەک دروست دەکات. دکتۆرەکان، سستەرە دیانەکان، فەراشە لادێیەکان، دکتۆرە منداڵە ئاغاکان، دکتۆرە موسڵاوییەکان خەنی دەکات. بەڵام پاش چەند ساڵێک شۆرش و حزب، لەسەر ئەو کارە. لەسەر دروستکردنی خەستەخانەکەی سیلی دەرەوەی هەولێر و نزیک گوندی بێرکۆت، کۆبونەوەیەک دەکەن:

ئەو پیاوە دەستی حکومەتی گرتووە!

نەخێر، ئەو پیاوە نەجارە ماندووە، دەستی هەژارەکانی گرتووە!

ئەو پیاوە، دەبێ چەندی لەو نەخۆشخانەیە سەرفکردووە، ئەوەندەش لە ئێمە سەرف بکات. ئەوەندە پارەیەش بداتە شۆرش و تفەنگ و زەخیرە، شۆرشەکەمان دەبوژێتەوە!

ئەگەر لە نەخۆشخانەکانمان سەرف بکات، لێی خۆش دەبین!

مەفرەزەیەک رەوانەی هەولێر بکەن، رەشادمان بۆ رەش بکەنەوە!

چۆن نەخۆشخانەیەک لەجیاتی حکومەت، لە دەرەوەی شار دروست دەکات!

ئەوەیان بۆ نەخۆشەکانی ئەو شارەیە!

ئەوە بۆ کوشتنی میکرۆنی سیلە!

بۆ دوورکەوتنەوەی نەخۆشەکانە!

تا چیتر نەکۆخن و منارەکە نەروخێنن، چیتر وشک نەبنەوە، چیتر نەمرن!

حکومەت بەسەر ئێمەی دەفرۆشێتەوە، دەڵێت:

چۆن چیمان نەکردووە، چۆن میللەتەکە، بە میللەتی خۆمان نازانین! ئەدی وا نەخۆشەکانمان لە بازاڕ و مزگەوت و ماڵ و گەڕەکەکان دوورنەخستوتەوە! لە دەرەوەی شار و زۆر دوور لە شار، پێش ئەوەی بگەیتە بێرکۆت نەخۆشخانەیەکمان دروستکردووە و نەخۆشەکانمان دوورخستوتەوە!

ناتوانێت، دیارە کە نەخۆشخانەکە لەلایەن کێ دروستکراوە! بە پارەی کێ دروستکراوە. پارەکە چۆن پەیدا کراوە. پارەی دار و بزمارە. پارەی کرێی خانوو و دووکانەکانە. پارەی چەمە ئەسپیندار و رەز و کۆزەکانە. پارەی بازرگانی و فرۆشتنی دار و قۆنتەراتەکانە.

ئێمە قبووڵمان نییە!

نەخێر کارێکی باشە، ئێمە خەڵکی هەولێرین، بۆ ئەو شارە هاتوینەتە شاخ و پێشمەرگایەتی دەکەین! ئەویش هەر بۆ ئەو شارە ئیشی کردووە، کێ لە ئێمە یەکێکی بە سیل نەمردووە.

میکرۆبی سیل، چەند ساڵ لەناو سی نەخۆشەکان خۆی داکوتاوە. ماڵی بووە، شانەی داناوە. سەبر سەبر هەناسەی گرتووە. نەخۆشەکەش، سەرما و لەرزی گرتووە، کۆخیوە، بەڵغەمی هەبووە، ئینجا سیس و نەخۆش بووە و تاقەتی نەماوە. چارەسەری ویستووە، دوورخستنەوەی ویستوە. بۆیەش ئەو نەجارە جوانە. پارەیەکی زۆری لەو پرۆژەیە

سەرفکردووە. بەناوی شۆڕشەوە، پێشمەرگەکان دەستخۆشییان لە کردنەوەی نەخۆشخانەکە دەکەن.

....

کاکە سوور لەناو کرێکارەکان، رووپێوە هیندییەکە، ئەندازیارە ئینگلیزەکە و سەگەکەشی. هەموو دەیانزانی ئەو نایەوێ بگەڕێتەوە گوندەکەیان، زۆرجار لەبەردەم هەموویان وتبووی:

ئاو لە گوێیەکانم بکەن ناچمەوە. ئاگر لەسەر پشتی رەق و وشکم بکەنەوە! ئاسان نییە، گوندەکەمان، تەبارە گەنمەکە، حەوشە و حەسارەکان نابینمەوە، تەواو.

لە سەرەتای کاروانەکە و بردنی کێشکەکە، کاکە سوور تەقەتەقی ئاسن و هەڵدانی خیوەت، بۆنی گریز و جوولە و چالاکی کاری کرێکارەکان، ئەو سەرسام دەکات! ئاگای لە پەیام و داواکەی باوکی نامینێت، دەچێتە ناو کارگەیەک دار و ئاسنی تێدایە. بەرد و خۆڵ بەیەکەوە بەکاردەهێن. چەندین ئاکاری هەمەرەنگ سەمای ئەو پرۆژەیە دەکەن. پارەیەکی ئەستووری (ئەو درکی بەوە نەکردبوو) بۆ تەرخانکراوە. ئاوەدانییەکی گەورەشی لە هەولێر، لە وێستگەکانی وەستان و چاودێرییەکانیش ژووری بچووکی بۆ دروست دەکەن. مەلا مەجید ئەو دەناسێتەوە، لەودەمانە دەیووت:

پیاوە کوێرەکە منی نەدیبوو. بە دیتن منی نەدیبوو، بەڵام هاوڕێم بوو. تازە ناتوانم ئەو ببینمەوە، لەگەڵ کەرە سپییەکەی بچمەوە بەردەم باوکم. ئەو لە رێگای رۆیشتنمان بۆ هەولێر، کە بەیەکەوە دەڕۆیشتین، من چاوساغ و ئەویش نابینا. بەیەکەوە دەڕۆیشتین، بەڵام ئەو رێبەرم بوو، چونکە ئەو بە بۆن و ئەزموون دەڕۆیشت. سەردەکەوت، لایدەدا، دەپەڕییەوە، هەستی بە شنە و کەروێشکەی تەبارە گەنم و جۆییەکان دەکرد. دەیزانی بەر لە دەرچوونی ئەوان، کێی تر بەو رێگایە رۆیشتووە. دەیزانی سامالە، یان هەورە، هەورەکەش دەبارێت، یان پەڵە هەورێکی میوان و رێبوارە و هاتووە سەرێک، سێبەرێک، نیگایەک بە بەیار و کەند و چەقێنەکان بدات. ئەو باسی خەونی چاو و جوانی دیمەن و خوناوی گوڵ و چەکەرەی گیای بۆ دەکردم...

من چۆن بچمەوە، قسەی بابم وەک شووشە و جامی ئاوێنەی بەر سەندوقەکەی بووکینی دایکم شکاندبێت! ناتوانم بچمەوە، باوکم، کێشکەیەکی ترساو و کلۆیەکی برسی قاچی درێژ و کەڵپە دڕی، لەناو باخەڵم نابوو، بە منی وتبوو:

کاکە بڕۆ، لەگەڵ حەسەنە کۆر بڕۆ، دەستی شێخ ماچ بکە و کلۆیەکە، کێشکە برسییەکەی لەناو دەستە نەرمەکانی دابنێ. هەڕوە شار، لەناو کۆڵانەکەی قەیسەرییش پیاسەیەک بکە. لەوێ بۆنی فەریکە گەنم و لوای مەڕ و مووی بزن و پێستی گا و گۆڵکەکانمان دەکەیت! بڕۆ، لە هەموو کۆڵانەکانی قەیسەری بۆنی ماست و کەباب دەکەیت. لەوێ دەزانیت گۆشتەکە، دووکەڵەکە، تەڕە پیازەکە، ماستاوەکە، بۆنی گوند و مەڕ و بزن و بێری و قشپڵ و پەرۆشەی گوندەکەی ئێمەی، لێ دێت!

بڕۆ، دەزانی ئەگەر ئێمە نەچینە شار، شار دەبێتە گوندێکی گەورەی برسی و پەریشان! بڕۆ، بە چاوانی خۆت ببینە. ئەگەر کەر و وڵاخ و کاروان و سادەیی ئێمە نەبێت. جوولەکەکان دەستیان ئیش ناگرێت. هەموو رۆژانی هەفتەیان لێ دەبێتە شەممە و ئیش ناکەن. ئەگەر سەرما و سکی رووتی ئێمە نەبێت. خومەکانیان سپی هەڵدەگەڕێت. قاپ و مەنجەڵ و تەشتەکان، بۆ کێ سپی بکەنەوە! لوا و خورییەکان بۆ کێ بکەنە لەباد! لەبادەکەش بە سێ رەنگ بنەخشێنن، بۆ ناو و ناوداری کێ، لوایە سوورەکە لەسەر لەبادەکە بنەخشێنن! هەڕوە شار، بزانە بۆنی من و جووتیار و سەپان و گیشەکەر و گوفەکانیشمان لەو شارە دەکەیت!؟ یان نا، کە گەڕایتەوە بۆم بگێڕەوە بزانە وایە یان نا!؟

....

خەڵکی هەولێر بەوەفان. مەردانە دان بەو راستییە دادەنێن. دەزانن تا جووتیارەکان گەنم و جۆ نەدورنەوە، تا جۆخینەکانیان هەڵنەگرن، تا جەنجەرەکانمان گیشەکان نەهاڕن و شەنەبای نەکەن، ئەوان زادیان نابێت! هەولێرییەکانی قەڵات و تەعجیل و خانەقا و سەعدوناوا و کەندەکۆخ، ئەوە دەزانن! بڕۆ، بە چاوی خۆت ئەوە ببینە، سەد جار ئەو قسەیەت لەناو قەیسەری گوێ لێ دەبێت! کوتاڵفرۆشەکان ئەو قسەیە بە کەبابچییەکان دەڵێن، کە رەژووی لوولەیی بە بار و بە فەردە لە خۆشناوەکان دەکڕن. وا دەڵێن، هەموو ئەفەندییەکان دۆست و خانەخوێیان لە گوندەکان، لەناو رەشماڵ و رەوەندەکانی کۆیستان هەیە. سۆفییەکان، دەروێشەکان سوێند بە سەری کاکی هیران و

شێخەکانی هەڵەجە دەخۆن. هەرو لەوێ، حەزت دەچێتەوە نان و ماستی خۆمان، لە دوورەوە کەنگر و پیفۆکی بەر دووکانەکان پێت پێدەکەنن. لەو شارە گەورەیە، لەو قەلاتە بڵند و سەرکەشە مەرێک، بزنێک نادۆزیتەوە، ئەگەر پشیلەیەکی پووت، یان مشکێکی ناو کەندوو و بن هەرزاڵە، بن فەردەیەک بدۆزیتەوە. ئەگەرنا باڵندە و گیانلەبەر و زیندەوەریشی تێدا نییە. تەڕ و وشک و زیندوو و خۆشەکان. لەو گوندانەی خۆمان بۆیان دەچیت... دەبڕۆ کوڕەکە هەرو و زوو بگەڕێیەوە، خەمت نەبێ حەسەنە کۆر باش شارەزایە.

ئەوەی گەیشتووتە ئەو شارە نەگەڕاوەتەوە. ئەوەی بۆنی پیستە و روونی هیزە و ملی ئەستووری بەقاڵ و دەنگی گەورەی پێکەنین و رووی شیرین و دەمارە پڕ خوێنەکانیان ببینێت. ناگەڕێتەوە، بەر تیشکی گەرمی هەتاو و دڕکی دوورنە، شکانی ددانی جەنجەر.

بڕۆ کورم، بەڵام، دەزانم تۆ لەگەڵ حەسەنە کوێر دەچیتە بەر خزمەتی کەوای شێخی چۆڵی و دەگەڕێیتەوە. دەزانم، شێخ و موتفەرکی کەوا و کڵاو و کەشیدە و تۆزی سۆلەکەی تۆ دەگێڕێتەوە. دەزانم، شێخی چۆڵی، قسە لەگەڵ چۆلەکەکە دەکات، چاو لە کلۆکە سوور دەکاتەوە و ئامۆژگارییان دەکات:

بە کلۆیە زەردە ددانە ئاسنییەکە، کەڵپە دڕەکە دەڵێت:

بەشی خۆت بخۆ و بڕۆ. ورگ و هەناوت یەک بە دوو گوڵە گەنم، بە دوو فڕە شیلەی چەوری گەنم تێر بکە. دوو دانی ناو گوڵە گەنم بەشی فڕینی شەش مانگ و هەناسەی دوو ساڵ و بینینی یەک سەدەت دەکات. ئێوە کردگار بۆ ئەوە دروستی نەکردوون گەنم بکەنە رەژوو، جۆ بکەنە دڕکەزەردە. شانی جووتیاران بشکێنن و پاشۆڵی ژنان هەڵتەکێنن! بە قسەم بکەن، چیتان پێ دەڵێم ئەوە بکەن. زێدەڕۆیی مەکەن، دوایی سزاتان دەدەم. ئاسمانی شینتان لێ رەش دەکەم. هەموو ئاوی جۆگە و کانییەکان وشک دەکەم، لەناو ئایەت و حەدیسەکان وشکیان دەکەم، بە گوێم بکەن. جووتیارە داماوەکان، لە ئاسمان دەپاڕێنەوە، باران بەسەر ماندووبوونی کێڵان و تۆدان و خەونەکانیان ببارێنێت. منیش دوعام بۆیان کردووە. منیش نوێژەبارانم بۆیان کردووە. رەنجیان بەفیڕۆ مەدەن، شەڕواڵ و دەرپێیە سپییەکانیان هەڵمەزرێنن. قژ و بسکی

ژنەکانیان مەبڕن. ئەوە من ئامۆژگارییەکانی خۆمم پێتان وت، لە قسەم دەربچن، منیش:

ئاسمانتان لێ دەگرم، هێڵانەتان رووت دەکەم، دانە دانە پووش و لقەکانی هەڵدەوەرێنم. دانتان دەکەمە وردە بەرد و زیخ. ئەگەر لە ئامۆژگارییەکانم دەربچن، قسەی خێر و دوعای جوانم بۆ هەردووکتان کردووە!

....

بڕۆ کوڕم، بەگەڵ حەسەنە کۆر بکەوە. کوێرەیە. بەڵام شار شارەزایە. رۆژانە دەچێتە شار، هەولێری هەندێ رووناکی چاوەکانی خۆشدەوێت. شارەزایە لەبەر حوجرەکەی شێخیت دادەنێت، لەوێ چاوی نابینێت. بەڵام! دەنگی هەموو مەلاکان دەناسێتەوە. بانگی هەموویان لەیەک دەکاتەوە، دەڵێ مەلاکەی مزگەوتی شێخەڵا بانگدانەکەی باڵندەی ئاسمان حەیران دەکات. مزگەوتەکەی خانەقا، ئاوەکەی شێخ ئەحمەد و زار مفتاح و ئاوی میری رووناک و خاوێن دەکاتەوە. کارێزەکان دەتەقێنێتەوە، بانگی مزگەوت و تەکییەکەی باوکی کاکە، شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما، دڵی پەنیرفرۆش و ماستفرۆش و نانەوا و کوورەچییەکان، نەرم و سەهل دەکات. کوێرە بەڵام دەزانێت، ئەشرەفییەی یەکێک لە منارەکان، چەند ریزێک بەرزتر بوایە، دروست و راست رووی دەکەوتە قیبلە. دەنگی بانگی مەلای مزگەوتەکە، باشتر پەخشان دەبوو، وەستاکە کەمتەرخەمی کردووە، نەیزانیوە!

ئەو دەیزانی، کام پۆلیس و قۆڵچی دەستیان گرانە. کام جوولەکە زۆر لە ژنی دەترسێت. نەخشەی بن دەستی کام کیژە جوولەکە وردتر و ناسکترە. کوێرەیە بەڵام دەتوانێت، تۆ بە سەلامەتی بباتە شار و پاش نوێژی عەسر بگەڕێتەوە.

باوکەکە، کوڕەکە رەوانەی شار دەکات. بەڵام! نەیدەزانی لەو شارە، کوڕەکەی ئەویش وەک گەنجانی تر، چایەخانە و بۆن و دووکەڵی شارەکە. سێبەر و شەوقی شووشەکان و شەوی درێژ و رۆژە پڕ هیواکانی، یەخەی سپی خوێندکارە باوەش پڕ مەمکەکان، کوڕەکەی لە شار سندم دەکات و ناگەڕێتەوە. نەیدەزانی، لە رێگا و هەر لە زوورگەکانی پشتەوەی گوندەکەیان کاکە سوور، مەلا مەجید دەبینێتەوە. ئەو فەقێیەی لەناو بیرەکەی دەرهێنابوو. لەگەڵ کرێکارەکانی هێڵی ئاسنی نێوان کەرکووک و هەولێر و لە

بەرامبەر جۆخینەکە ئیش دەکات. وازی لە خوێندن و فەقێیەتی هێناوە، ڕێگای کاکە سوور دەگرێت و دووبارە لەو بیرە قووڵە دەریدەهێنێتەوە.

....

باوکەکە ئاگری لە پووش و پەرێز بەردا. کاکە سوور دەنێرێتە شار، لە ڕێگا حەسەنە کۆر باسی بۆنێکی بۆ دەکات، بە قسەکانی مەستی دەکات، پێی دەڵێت:

کاکە سوور، دەزانی بۆ من بە بۆنێک مەست بووم!؟ کە هاتمە ئەو شارە، و یەکەم کاروانم هێنا. بارە کام بۆ ژنێک بەتاڵ دەکرد. فەردەیەک کا، دەمزانی ژنە و زۆر لێم نزیکە. کایەکەم، لەبەر ئاگردانەکەیان بۆ ژنەکە هەڵدەڕشت. لە کۆڵانێکی نزیک مەیدانەکە، دوور نەوکەوتبومەوە، پەرتەوازە نەببووم، نزیک بووم. کە کایەکەم هەڵڕشت، پێش ئەوەی بۆنی تۆزی کایەکە بکەم، بۆنی ژنەکە بەزۆری دەگەیشتە لووتم و زۆریش، بەو بۆنە ئاشنا بووم. بۆنی ترم نەکردبوو. لەو کاروانەدا، هەر ئەو بۆنەم لێ دەهات. بەڵام! ئەو جارە و لەودەمانە بۆنی ژنەکە، هەناوی گڕدام. بۆنەکە منی شەیدای ئەو شارە کردووە. بۆیەش بەردەوام هاتومەتەوە ئەو شارە. لەو بۆنە گەڕاوم، بە هەناسەوە، کۆڵان بە کۆڵان لەو بۆنە گەڕاوم. چاوم نییە، بەڵام دڵم گەشە. چاوم نییە، بەڵام هەموو نەستەکانم بزێو و زیندووە. دەزانم بۆنەکەم بۆ دەدۆزرێتەوە. دەمەوێ جارێکی تریش ئەو بۆنە بکەمەوە. جاری یەکەم بۆنەکە، چاوێکی ڕووناک کردومەتەوە، ئەگەر بۆنەکە بکەمەوە، چاوی دووەمیش ڕووناک دەبێتەوە.

وەرە، من بە دوای بۆنەکە دەچم، تۆش دەرگا و هەوار و بەردەگاکەم بۆ بناسەوە. سەیری ڕوومەت و نیگای ژنەکە بکە، من هەستم پێی کردووە. بزانە، ڕامانەکەم دروستە. ئەو نهێنییە مەزنە بە تۆ دەڵێم. کۆڵان بە کۆڵانی شارەکە دەکەین، دەرگا بە دەرگا دەچینە ژوورەوە!

بەو چاوەی ڕووناکە، بەو چاوەی بۆنی ژنەکە ڕووناکی کردوتەوە. شەوانە خەونی کەسکی پێوە دەبینم. هەناری دەنک سوورم دێتە خەون. یەکەیەک لە دەنکە سوورەکان، دێنە ناو لەپی دەستم و بۆنم دەکەن. بەو چاوەی شەوانە لە خەونەکانم دەیانبینم. بە چاوی دووەمم، ئەگەر بۆنەکە گەشی بکاتەوە. ئەگەر بۆنی سینگ و مەمک و ئارەقەکەی ڕووناکی بکاتەوە. ڕۆژانەش خەونەکان دەبینمەوە. هەموویان دەناسمەوە، من دەزانم لەو شارە نەبێت، چاوەکانم ڕووناکی نابینەوە. بۆیە هەموو ڕۆژێک، بارانیش بێت،

هەموو کاروانێک درەنگیش بێت. من لەو ڕێگایەم. کەس بەقەد من، بەرد و هەوراز و کەند و بەست و پێچەکانی ئەو کاروان و ڕێگایە. شارەزا نییە. کەس وەک من، نازانێت چ جۆرە دەرمانێک لەو کۆڵانانەدا هەیە، لە بەردەم دووکانەکاندا هەیە، بۆیە ڕۆژانە ڕێگاکە دەپیومەوە و بێزار نابم. ڕۆژانە بارم پێیە و ماندوو نابم. ڕۆژانە، چاوم نییە و ون نابم. چونکە شەیدای بۆنی ژنێکم، بۆنم گرتووە.

....

کاکە سوور، لە ناوەندی کۆڵانە باریکەکە بوو. تاقەتی نەبوو ئاوڕێکیش بداتەوە. دووبارە پشدێنەکەی توند دەکاتەوە. لە دیار دەرگا دارە بە نەخشەکە رادەوەستێت. زەنگوڵە مسەکە، مسە دەستەکە، دەستە مسەکەی سەردەرگاکە هەڵوەستەیەکی پێ دەکات.

کوڕە حەمباڵەکە، بە هەشتاوی دەڕوات. دەیەوێ پرسیارێک لە کاکە سوور بکات، لە دەرگای ئەو ماڵە بپرسێت. زەمبیلێک گۆشت و سەوزە و نان و میوەی بۆ هێناون. نیو حۆقە گۆشت بە بەزەوە، کیسەیەک ئاروو و تەماتە و پیاز و کەوەر و تەڕەتووڵە و دوو کیلۆ برنجی ئاکرێ و سماق و قەسپیان، بۆ لەناو زەمبیلەکە دانابوو. حەمباڵە ناوقەد باریکەکە، روو شیرینەکە، دەستێک لە کڵاوە بە سیمەکەی دەدات، هەنگاوێکیش لەو دوورکەوتبووە، ئینجا لێی دەپرسێت:

کاکە، کام لەو دوو دەرگایە، ماڵی مەئمور ئیستهلاکە، فەوزی فەندی**!؟**

هەموو وشەکان، یەک یەک وشەکانی ناو رستەکە، بۆ کاکە سوور، نوێ و سەیر و وروژێنەر بوون**!**

وشەی مەئمور:

کە مانای دەسەڵات و کورسی و مێز و سیدارە و سەعاتی بەرباخەڵ و ملپێچ و چاکێت و پانتۆڵی فش و پانی ئوتوکراو و قەڵەم پەندان و چاویلکەی سەر کەپوو و دەستەسڕی قاوەیی گوڵداری بەمەخمەڵ.

مەئمور، قامچی و دەنگی کەرخ و شەقاوی گەورە و چاوی رەش و برۆی ئەستووری رەشی بریقەدار بوو.

ئەو هەرگیز مەئمور، سوارێکی ئامادە و بە جەرەبووتی نەدەناسی. بڕواشی نەدەکرد، مەئمورێک بناسێت، یان سڵاوێکی لێ بکات. ڕۆژێک، ببێتە هاوسێی ماڵە مەئمورێک. یان یەکێک، دوو یان زۆرتریان، منداڵەکانی ببنە مەئمور، بۆ خوێندن و بڕوانامەی باڵاش بچنە دەرەوەش، مەئمورەکانیش گوێیان لێ رابگرن و بە قسەیان بکەن!

ئیستهلاک: ئەرزاق و لیست و چاوپۆشین و هاتن و دواکەوتن و فەردە و پاکێتی بەستراو بە تیلْ و پۆش، بۆ ئەو نوێ بوون. لە گوندەکەی ئەوان، دوو سێ گوندی سەرەوە و بنەوەیان، ئەوانەی دەستەوایی و زبارەیان بەیەکەوە دەکرد، ئەوانەی شایی و پرسەی یەکتریان دەکرد، ئەفەندییان بە میوانیش نەدیبوو. ئەفەندییان لەدوا نانووسینی سەرژمێرییەوە نەدیبوو.

ناوەکەش فەوزی: لەو گوندانە هەر نەبووە، ئەو ناوەی هەر نەبیستبوو!

وەڵامی کوڕە حەمباڵە زیتەکە دەداتەوە و پێی دەڵێت، من کەس ناناسم، تازە هاتووم.

وەڵامی دەداتەوە، بیریش لەوە دەکاتەوە، پرسیارەکە و ناوەکانیش بۆ گاڵتەپێکردنیش بێت. کوڕانی شار، بەزمی پێکەنین بە لادێیەکان دەنێنەوە. بەزمە شیرینەکان، ساتە قۆشمەکان تووڕەیان ناکات، چونکە هەست بە ئاوڕدانەوە و بوون و گیرسانەوەش لەو شارە، لە خانووێکی لاچەپی گەڕەکێک، لەناو دووکانێکی دەرگای دار، بنمیچ چاتی رووناک بە گلۆپێکی رووزەردی ئاوەدان، شەرم ناکەن و تووڕە نابن. چونکە دوایی بە شکۆوە دەچنە ناو ماڵەکانیان، دەبنە وەستای دیوارەکانیان، مێردی کیژە سپی و چاو گەورەکانیان. شەرم ناکەن و بە گاڵتە و بەزمەکان سەرگران نابن. چونکە سەدان ساڵە، زاد و گۆشت و ئاگریان لەکن ئەوانەوە بۆ هاتووە. شانازییش بە دۆستایەتی و خزمایەتی و خاڵ و خوارزایەتی یەکتری دەکەن. ئەو کیسە تووتنی پێ نەبوو، تا پێی بڵێن:

کیسە تووتنەکە لێ کەوت!

ئەو پشدێنی توند بەستابوو، بۆیە ناترسێت و پێی بڵێن:

پشدێنەکەت، شل بوویتەوە و هەڵیبگرەوە!

....

فەقێ مەجید، لە دیتنی تارماییەکی لەرزۆک، ڕەشاییەکی روون و بەگومان، بە نزیکبوونەوەی جووڵە و هاتنەکە هەڵوەستەیەک دەکات. دەستی لەسەر سووڕانی بورغییە سەر گەورەکە، رادەگرێت. بە وریاییەوە سەیری تارماییەکە دەکات. بەڵام پشتی بەرز ناکاتەوە، (ناکرێ ئیش دەکات، ئیشەکەش بۆ ئینگلیزەکانە، ئیشکردنەکە پیرۆز و پێویستە، لەو سەردەمە مانگانە، شەش دینار و هەموو مانگێک سامان و دەسکەوتێکی مەزنە، ناکرێ کەمتەرخەمییەک بکات)، بەڵام دەستی شل دەکات. سەیری دوو کەسەکەی لە گوندەکە دەهاتن دەکات. ئەو گوندەی ئەو ماوەیەکی باش تێدا فەقێ بووە، لەوێ جارێکیان منداڵێکی لەناو بیر دەرهێناوە. لە تاریکی و مردن و ساتە سامناکەی بەر مردن دەربازی کردووە.

ئەو جارە، چوویتە بن زەوی، دواجاریش کە دەمرێت دەچێتەوە بن زەوی و سینگی تاریکی. دەنگی کیژەکەی بەر قاتانی بیرەکە، ئەوی بەرەو تاریکی بیرەکەی نارد. بەڵام بۆ جاری دووەم، مردن شۆڕی دەکاتەوە، نەخۆشی و پیربوون و زەمەن. ئەو دەیووت:

من ڕۆژانە، هەموو چرکەساتێک ڕەچاوی ئەوە دەکەم. میوان و هەواڵ و گۆڕانێک ببینم، بڕوام بە دەرفەت و پێشهاتی لەناکاو زۆر هەیە. خوێندنەوەی دوو دێڕ، لە ڕۆژنامەیەک دەبێتە ئاماژە و نیشانەی گۆڕان و بەسەرهاتی زۆر باڵکێش. کە هیلتەر دەستی بەرز دەکاتەوە، سیمایەکی نوێ بۆ سەلامی سەربازی و پێشوازی جەماوەری دەدۆزێتەوە، هەموو بڕیار و بەرنامە و مێژووی ناوچەکە هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکات. لەو ڕۆژەی ئەو بڕیار دەدات، شاری نۆرنبێرگ بکاتە مەڵبەند و بارەگای سەرەکییان. لەو ڕۆژەوە، بە چرکەساتێک، ناخ و دیمەنەکانی بەرچاو و بەرنامەی ژیانی جیهان دەگۆڕێت.

....

ئەو لەناکاو، یان دەرئەنجامی چەند پێشهاتێکی لەناکاو، واز لە فەقێیەتی، ژیانی گوند و حوجرە، هاوڕێیەتی مەلا سەرسپییە پەنجە باریکە چاو دەرپەڕیوەکە دەهێنێت. بەیەکجاری، بۆ دیتن و زانین و دۆزینەوەی بابەتەکانی ناو ڕۆژنامەکان، کە ڕۆژانە ڕۆژنامەیەکی بۆ دەهات. روو لە شار دەکات.

ئەو، کە بڕیارەکە دەدات، پیرە دایک و هاوڕێیە فەقێیەکانی سەرسام دەبن، زۆریش سەربردە و ئامۆژگاری دەکەن، بەڵام رووبەڕوو پێیان دەڵێت:

من دەچمە شار، لەوێ ژن دەهێنم. لەوێ کرێکاری دەکەم. پێشنوێژ و یاسین خوێندن و کەوا و سەڵتە لەبیر خۆم دەبەمەوە. کتێبەکانی ئەو حوجرەیەش لەگەڵ خۆم نابم، دەڕۆم.

بەر لەوەی کاکە سوور، بگاتە ناو شار، هێشتا هەتاو گەرمی نەکردبوو. ئەو لەگەڵ پیاوە کوێرەکە، دەگاتە لای چەند کرێکارێکی هێڵی ئاسن. یەکێکیان لەگەڵ رووپێوە هیندییەکە لە دوورەوە فیتەی بۆ رادەکێشا. دیار بوو، ماوەیەکی باش بوو، دەستیان بە پیوان و ئیشکردن کردبوو. بەر لەوەی خۆر گەرم بکات، بەر لەوەی ئەندازیارە ئینگلیزەکە داوای خاڵی نوێ و ئاراستەکەیان لێ بکات. ئەوان، چەند قوچەکێکیان دانابوو. داری بۆیەکراویان لەبن قوچەکەکان کوتابوو. ژمارەیان بۆ سینگەکان دانابوو. لە دوورەوە، قوچەکەکان یەک ریز و یەک ئاست دیار بوون. رووپێوەکە سینگەکانی دادەنا و لەسەریان دەوەستا، هەتا توندیان دەکرد. بەڵام بۆ قوچەکەکان، سەرپەرشتی نەدەکردن. دەیزانی کرێکارەکانی لەوەیان شارەزان. ئەوان بە ناو وەرد و بەیار و چەقێنەکان دەکەوتن. دەڕۆیشتن و بایەکی فێنک، ئارەزووێکی خۆش، سینگ و چەشەی ئیشکردنی دەکردنەوە. بەپەلە بوون، دەیانویست، هەر بەو پێوانەوە، بەو راکێشانەی فیتەکە و قوچەک دانانەکە بگەنە هەولێریش، نەوەستن و هەر برۆن. بەڵام کە دەگەنە سەر کەندەکە، پێوانەکە دەوەستێت و ناگەنە هەولێر. راستە قەڵات و منارەیان لێوە دیارە، بەڵام لە شارەکە دوور بوون. دەگەنە سەر کەندەکە، لە دیار کەندەکە و لەسەر چۆمەکە دەوەستن.

یەکێکیان بە هیندییەکە دەڵێت:

**ـ بۆ..!؟**

دەیەوێ بڵێت، بۆ تا ناو شاری نەڕۆین!

ئەویش پێیان دەڵێت، بە دوو کرێکارەکەی هاوڕێی دەڵێت:

ـ فیتەکە باش هەڵبکەنەوە، ئاڵۆزی نەکەن، هەر ئەو قایش فیتەمان پێیە.

لەسەر کەندەکە رادەوەستن. دەزانن ئیشەکە هەر ئاراستەکردن نییە، رووپێوە هیندییەکە بە کوڕەکە و پیاوە بە تەمەنەکە دەڵێت:

_ ئەو کەندە بەس بەهاران ئاوی پێدا دێت.

کوڕە گەنجەکە سەیری پیاوەکە دەکات. ئەویش دەیزانی وەڵام بداتەوە، بەڵام رووی پرسیار لەو نەکرابوو.

پیاوە بە تەمەنەکە، بەڵێ پیاوەکە. ئەو و هەموو کەسێک شانازە پرسی پێ دەکرێت. پرسکردن و نزیکبوونەوە هەستی مرۆڤ دەورووژێنێت و گەرمی دەکات. بۆیە دەیەوێ زۆر راستگۆیانە و وردتر قسەیەکی لە مستی بنێت. ئەگەر پیاوە پیرەکە کەمێکی تر لە وەڵامدانەوەی رووپێوە هیندییەکە دوا دەکەوت، گەنجەکە چیتر خۆی پێ نەدەگیرا و قسەیەکی هەر دەکرد. ئەویش وەڵامەکەی دەزانی. بەڵام بڕیاری کۆتایی لەسەر پەڕینەوەی رێلەکە لەو کەندە، لەکن رووپێوەکە نەبوو. پاش راپۆرت و نیشاندانی لیڤلی هەردوو بەر و ناوەندەی کەندەکە. دوابڕیار، دەگەڕایەوە سەر ئەندازیارە ئینگلیزەکە. ئایا بە چ لەو کەندە بپەڕینەوە، پردەکە چ جۆرێک بێت.

_ بەڵێ، هەتا جۆش دەدوورێتەوە، ئاوی پێدا دەڕوات. پایزان کەم دەکات، زستان زۆر جار، بەڵێ زۆر جار، لانک و بوخچە و کاریتە و منداڵی ساواشی هێناوە. بەستە هارەیە، بەستە شێتەکەمان، زستانان ئامانی نییە. بەهاران ئاوی زۆرە، بەڵێ ئاوی تێدایە، هاوینانیش گۆمی زۆرە. گۆمی گەورە گەورە، شەوان قیڕەقیڕی بۆقی ناو گۆمەکان دەگەنە ناو گوندی، هەندێک دەڵێن:

شەوانە بەو دەنگە، بەو قیڕەقێڕە، دڵم دەکرێتەوە. منداڵان، لاسایی دەکەنەوە و دەبنە بۆق و دەقیرێنن. هەندێکیش دەسەڵاتیان هەبێت، بە رۆژ ئاوی گۆمەکان دەخۆنەوە، هەمووی دەخۆنەوە و وشکی دەکەن. تا بۆقەکان بخنکێنن، بیانکوژن. نازانن بۆ رقیان لە بۆقە، دوژمنی بۆقن. کەندەکە ئاوی زۆرە و لە زۆر پەنا و نشێوەکان ئاو رادەگرێت.

رووپێوە هیندییەکە و کرێکارەکە، دەیانەوێ بە پیاوەکە بڵێن:

باسی ئاومان پرسی، تۆ باسی بۆقمان بۆ دەکەیت!

کوڕە گەنجەکەش دەڵێت:

_ خاڵم راست دەکات، ئەو بەستە، لەو تەمەنەی خۆم، دیومە، سێ جارانم دیوە لێواولێو ئاوی پێدا هاتووە. هەموو جارێک، کە بەستەکە هەڵدەستێت و دەنیشێتەوە، بەشی

هەموو زستانەکە، ئاوماڵک و دار و پنچ و پووش و پەڵاشمان بۆ کۆدەکاتەوە. خاڵم راست دەفەرمووێت.

....

پیاوە پیرەکە و کوڕەکەش، خەڵکی گوندەکە بوون، شارەزا بوون. لەو پرۆژە گەورەیەدا ئینگلیزەکان، بۆیەش ناڵێم حکومەتی عیراقی. یان دەسەڵاتی پاشایەتی، چونکە پڕۆژەکانی ئەو ساڵانە، هەمووی بە بەرنامە و دەسکەوتی ئینگلیزەکان ئەژمارد دەکرێت. رەنگە پارەکەش لە داهاتی نیشتمان بووە، بەڵام وڵات و مەملەکەتە لە بن هەژموون و سێبەری ئینگلیزەکاندا بووە. داهات و گرێبەستییەکان بە رێنماییەکان ئەوانەوە بووە. ئەو چوار سەد ساڵەی بریتانییەکان، هەژموونیان لەسەر هیند هەبووە. کاریان زۆریان کردووە، رێگا و پەیوەندییەکان هیند و جیهانە نوێیەکەیان نۆژەن و ساز کردووە. چونکە تێدەگەن سەردەمی بەهارات و دار کۆتایی هاتووە. بۆنی پترۆل دەگەیشتە کونی لووتیان. بە شکانی عوسمانییەکان و هەڵسانی شێخە عەرەبەکان، کەشەکەیان بۆ ساز دەبێت. زوو بگەنە، هەموو گۆشەیەکی باشوور و ناوەڕاست و باکوورەکەی، ئەو ناوچەیەی لە سەردەمی بابلییەکان بە ئوروک، دواییش بە عیراق دەناسرا.

....

لە گوندەکان، هەر ماڵێک حەقی دامەزراندنی یەک کرێکاری هەبوو. هەر گوندە خەڵکەکە و ناوچەکەی بەرامبەریان ئیشیان تێدا دەکرد. شەش دینار مووچەمان بوو. پاش ئەوەی نەخشەسازی راکێشانی هێڵی شەمەندەفەری نێوان کەرکووک هەولێر تەواو دەبێت. دەستەیەک شارەزا، کەسانی سەرناس، دەگەنە ئەو گوندانەی هێڵە ئاسنەکە. فیتەی سافیرەی ترێنەکە گوندەکە، یان ئاقارەکە، مێگەڵە مەڕ و بزنەکانیان دەبڕێت. داوایان لێ دەکەن، ئەو پڕۆژەیە لەو چەند مانگە دەست بەکار دەبێت، هەمووتان بەشداری دەکەن. هەمووتان سوودمەند دەبن و دواییش هەموو هاوڵاتیانی ناوچەکە بەتایبەتی شاری هەولێر. بۆیە پێشنیار دەکەین، ئەوەشمان لە بەسراوە هەتا بەغدا و لە بەغداوەش هەتا باقوبە و کەرکووکیش کردووە. هەر خێزانێکی ئەو گوندانە، ئەوەی دەیەوێ، ئەوەی پیاوی ئیشکەری هەیە. ئەوەی دەیەوێ کوڕەکانیان بەپێی رێنماییەکانی کار و یاساکانی ئێمە کار بکەن. هەر خێزانێک یەکێکیان لەو پڕۆژەیە بۆ

دادەمەزرێنن. مانگانەش، لە شەش دینار کەمتر نییە. دوایی تەواو بوونی پڕۆژەکەش، هەندێک لەوانە بە رەسمی لەو دەزگایە دادەمەزرێنن.

خاڵ و مەڵبەندە سەرەکییەکانی هێڵەکە، بەو شێوەیە دیار دەکەن. هەولێر گردەرەشە، موورتکەی شەهاب، هەمزە کۆر، ئۆمەراوە، پردێ، قەرەبەگ، گەرۆزی، زەردک، حەسار و گۆڵدەرە، یاروەلی کەرکوک. لەو شوێنانە بەیانییان قەتارەکە دەوەستێت، دەتوانن خەڵکەکەش سوار بن، لەوێش بێنە خوارەوە.

....

کە لەساڵی ١٩٤٤ دەستکرابوو بە دروستکردنی خانووەکانی مەحەتە و دائیرەکە و رێستهاوس و مەخفەر و باخچەکانی، شارێکی نوێ، گەرەکێکی گەورە بۆ کارمەندەکانی دروست دەکەن. باخچەکانی دەبنە سەیرانگە. ئێواران بەتایبەتی رۆژانی چوارشەممە و هەینییان، بە ئاوەدانی و کۆبونەوە زۆرەکەی ئەوێندەرێ، باخچەکانی مەحەتە، دەزانرا، جەژنە. جەژن لەوێ دەستی پێ دەکرد و لەوێ تەواو دەبوو. بەهار لەوێ گوڵی دەردەکرد، لەوێش گوڵەکان هەڵدەوەرین. رەنگی سوور و زەرد، ئاوەدانی و سەیران و دیمانەکان گەرم دەبوو. دەستە دەستە خێزانەکانی ئەو شارە، دەهاتە بەر سێبەری دارەکان. ژنان خۆیان لەسەر گۆڕە درێژە بەردینەکەی باباگوڕگوڕ بۆ کوڕ، غلۆر دەکردەوە. ژنان دەچنە سەر مەزارەکەی (ستی ئیمام)، ئەو چێورمەی، ئەو مەرقەدەی لە هەموو چاک و مەزارگاکانی هەموو جیهان بەختیارتر بوو. بەختیار بوو، چونکە تاکە ژن بوو، ژنێک بوو، ئیماندارەکانی هەموو شارەکە، موسڵمان و جوولەکە و دیانەکانیش خۆشیان دەویست. هەموویان چوارشەموان، شەموان، رۆژان هەینییش سەردانیان دەکرد:

ژنەکان، دەچوونە سەر گۆڕەکە. دیار پەڕۆکە کەسکەکەی بە دارە باریکەکە بەسترابووە و با و باران هەڵیزڕاندبوو. شەو و تەنیایی ریسوا و ترساندبووی. هەموو مەزارەکەیان خۆشدەویست، کەسیان نەیاندەزانی ناوی راستی ئەو ژنە چییە. هەموو لێی دەپاڕانەوە و نەیاندەزانی ئەو ئیمامی، کام ئاین و تیرە و میللەت بووە.

منداڵەکان، بە پووش و لقی سەوزی موورتکی شوورەکان. باڵیان بۆ خۆیان دەکرد و لاسایی باڵندەکانیان دەکردەوە. دەیانویست لەوێیەوە بە فڕین بگەنە سەر قەڵات. بفڕن و بزانن چۆن ئەو منارەیە بە دوو قادرمە بەرز و بڵند راگیراوە. لەوێیەوە، کیژەکانیش لە دوورەوە، ئاخی سووتانی کوڕانی کۆڵانیان، بە دەست و باوەشینەی پەنجەکانیان،

نامە و سڵاوی دووری ترساو و شەرمنی دوور دووریان وەردەگرت و دەناسیەوە. لەوێیەوە، هێشتا دوو وێستگە مابوو شەمەندەفەرەکە بگاتە ناوشار. هۆڕنی سافیرەکەی دەبیسترا. لە زۆر دوورەوە، لەبەر سافی و ساماڵی ئاسمانە شینە خاوێنەکە، دووکەڵە سپییەکەی دیار بوو.

دە خانووە گەورەکەی ماڵە فەرمانبەرە کاربەدەستەکان، دیار بوو. دارە بەرزەکانیش، موورتک و چاوی گوڵە مێخەك و دەست و بازنەی روومەتە هێرۆیەکان، لاولاوە پشیلەییە ناسکەکانیش، ناتوانن هەیبەتی خانووەکان ون بکەن. پازدە خانووە ناوەندییەکان و شێست خانووە بچووکەکانیش، شیرازە و شێوازێکی نوێیان بە نەخشە و دیوار و کراوەیی خانوو و دروستکردنی خانوو بەو شارە بەخشیبوو.

دە خێزان و بیست خێزان زۆرتریش، لەسەر چیمەنەکە. لە دیار قەبرە درێژەکەی بابەگوڕگوڕ. بەرامبەر ماڵە گەورەکەی شەنتەرەکە. دوو دوو و سێ سێ ژنان، پیاوان منداڵەکان لەو ناوە گەمە و سەیرانیان دەکرد. بەر لەوەی کیژە پارچەڵەکە بگاتەوە کن دایکی، خۆی بە پشتی دایکی وەدەنێت، چەپکە گوڵەکەی ناو دەستی بە کەپووی دایکی وەدەنێت:

_ دایە بۆن بکە، بزانە چ بۆنێکی خۆشی هەیە، بۆ ئێمەش باخچە و گوڵزارمان نییە.

ژنەکە، دەستە بە گوڵەکەی کیژەکە دەگرێت، لە لووتی نزیکی دەکاتەوە. بۆنی گوڵە سوورەکانی ناو دەستە گچکەکەی کیژەکە دەکات و پێی دەڵێت:

_ بۆنێکی خۆشە، کیژم ئێمە چ حەوشەمان هەیە، هەتا گوڵ و گوڵزارمان هەبێت. چەند ساڵە ئەو هەنارەم پاراستووە، دار هەنارەکەمان بەسە. ئەو چەپکە گوڵت لە کوێ هێنا؟!

....

گوڵی هەناری ماڵەکە جوان بوو. ساڵانە بەو گوڵانە دڵی خێزانەکە دەکرایەوە. چاوەڕوانیان دەکرد، گوڵەکە، گوڵە هەنارە چاو گەشەکانی ناو لقە باریکەکان. ببێتە هەنارێکی شیرین، هەنارێکی زۆر شیرین. چونکە پیرەژنە زۆرزانەکەی، چەندین ساڵ لەناو ماڵەکەی ئەوان ژیابوو. پیرەژنەکە لەناو ماڵەکە ژیابوو. هەمووشیان گچکە و گەورەکانیش باش نەیاندەزانی ژنەکە، بە پشت، یان کوڕێکی ئەو ژنە، دایکی خۆی، یەکێک لە بنەماڵەکەی، یان چاوێکی وەفا، دڵێکی زۆر باش، دەستێکی گەرم ببووە

پەیوەندی و مانەوەی ئەو لەناو خێزانەکە. ئەوان دەیانزانی، ئەو ژنە بە میوانی هاتوتە ئەو ماڵە. بە مردوویی لێوەی دەردەچێت. ژنەکە ببووە سێبەر و دەمڕاست و ئەفسانەی گەرمی حەوشە و سەرینە ئارمووش و نەرمەکەیان. هەندێکیان پێیان وتبوو، باجی. ژنەکەیان ناویان نابوو، دادە. کوڕەکان ناویان نابوو، پلە. میوانەکانیان، ئەوانەی هەفتە هەفتە دەمانەوە، پێیان دەووت، دادە رەحان. بەراستی ناوی زۆری هەبوو. نازناوی زۆریان بۆ بەکاردەهێنا. ماڵەکە و خێزانەکە گەورە دەبن، خۆشی نەیدەزانی ناوی چی بوو.

شەڕ و گرانی، باران و کۆچەری و دڵداری و وەفا و سادەیی، بەرخی دابڕاو، کۆتری باڵشکاو، پیرەژنی ماندوو، پیری قسەخۆش، شانی گەنج و مەکری کیژ و خەوناکەی سووتان و بۆنی حەز، لە دەرگای ماڵەکانی شارەکەیان دەدا و دەمانەوە. ئەو پیرەژنە بە دایکی کیژەکەی وتبوو:

پێش ئەویش بە خەسووی وتبوو، ئەوانیش بە منداڵەکانیان دەڵێن:

هەناری شیرین، خێر و بەرەکەتە. ترشەکەی قسەی ناخۆشە. هەنار دەوڵەت و کۆشک و سەرمایە. سوورەکەی کیژی روومەت سووری نازدارە. سپییەکەی کوڕی کاسب و جوامێری چاو نەترسە. هەنار دەبێتە سومبڵی ئەو ماڵە، لەناو حەوشە گچکەکەیان، بۆ گوڵە سوورەکەی، بۆ پیرۆزی لە خەون، بۆ سێبەری سەر کووپە ئاوەکە و گۆزە تورشیات و سرکە و گۆشت و قاورمەکەیان، دار هەنارێکیان چاندبوو. هەنارەکە گەیشتبووە، بەر هەیوانی نهۆمی سەرەوەی ماڵەکە، منداڵیش بە ئاسانی دەستیان دەگەیشتێ. ژنان بەردەوام لە خەونی شەوانەی هەنارەکە، چارەنووسی خۆیان دەزانی. ژنەکانی ئەو حەوشە و ماڵە گەورەیە، ئەوەی چەند کیژیان تێدا بەڕێکردبوو. کوڕەکانیان زۆر تێدا بەزاوا ببوون. بە شەو ژنەکانیان دەبونەوە فانووس، دەبوونە ماستی مەییوو، پیاوە ماندووەکانیان دەشێلا، ماسولکە رەقەکانیان خاو دەکردەوە. ترش و شیرین و چەورییان لە دەم دەکردن. لەو حەوشە گەورەیە، بۆ زانینی رازەکانیان هەنارێکیان دەشکاند. دەستی رازیان دەگەیاند ناو لقەکانی دارەکە. چەند مانگ بۆ ناسینی راز و هیواکانیان، چاوەڕوانی پێگەیشتنی هەناریان دەکرد.

لەو گەڕەکە هەر هەنار نەبوو، لەناو حەوشە گەورەکان هەر میوان نەبوو، خەونەکان بنووسێتەوە و بگێڕێتەوە. ئاسمانێکی بەرینی بەرز، هێلانەیەک، دووان، سێبەر دەهات و

دەڕۆیشتن. میوانێک لە ناو ڕەز و یەکێک لەبەر هەتاو، پیرەمێردێکی زۆرزان، لۆبیافرۆشێکی ئامادە، شارە خەون و لێکدانەوەی خەونی زۆر بوو. هەنار خەونی لێکدەدایەوە. حیکایەتی شەوانە، ماندووبوونی بازاڕی پیاوەکان، سەفەرەکان، شانی بە ئارەقە، دەست پەرۆش بۆ هەڵگرتنەوە و وەستان و نەسرەوتن، خەونەکانیان دەگێڕایەوە.

....

کیژەکە، لەبەر سێبەر و شنەی دار و باخچەکانی مەحەتە. لەبەر ئارامی ماڵە سادە جوانی کرێکاران. ئەو کرێکارانەی نەدەبوونە شیوعی. ئەو کرێکارانەی باخچەی ماڵەکانیان، ببووە سەیران و ژووان و مێرگی خەون گێڕانەوە. بەر لەوەی وەڵامی دایکی بداتەوە، سەیرێکی گوڵە ناسکە وردەکانی کراسەکەی بەری و کەواکەی دایکی دەکات. پێی سەیر دەبێت، بۆ جلی هەردووکیان و پشدێنەکەی کاکی، گوڵی وەک ئەو چەپکە گوڵەی ناو دەستی تێدایە. بەخۆشییەوە، دەست بە چەپکەکە، ئاماژەیەک بۆ خانووە گەورەکەی بەرامبەریان پشت ڕێستهاوسەکە دەدات، دەڵێت:

_ دایە تەماشا بکە، لەو پەرژینەم لێکردنەوە. گوڵیان زۆرە، ئەوە دەبێ منداڵیان نەبێت، گوڵەکانیان لێ بکەنەوە، بە کەپووی دایکیان وەبنێن و بۆنی بکەن**!؟**

_ چۆن کیژم، کیژان زۆرە، کوڕیان هەیە، ماڵ بە منداڵ و حەوشە و بەردەرگاش بە گوڵ جوان دەبێت.

_ دایە، ئەوە ماڵی کێیە**؟!**

_ دەزانم ماڵی خزمێکی، دادە وەنەوشەیە، ئەو دەیووت:

ئەوانە یەکەم کەس بوون، هاتوونەتە ناو ئەو خانووانە. زووتر کرێچی بوون، هێشتا کارەباکەشی تەواو نەکرابوو، دەگوازنەوە ناو خانووەکە.

خاوەن ماڵەکە، خانووەکەی ئاکاری بە بەردی نەقاڕی نەخشابوو. دووەم خانوو بوو لە خانووی فەرمانبەرەکان. حەوشەیەکی گەورەی لە بەردەم بوو. بە دوو ساڵ، بە خزمەتی دارەکان و بە هەوا بێگەردەکەی ئەو گەڕەکەکە. دیوارەکان، سەربانەکان، بەر پەنجەرەکان، بەر حەوشەکە دەبنە ڕەز و باخچە. دەبنە تابلۆیەک لە ڕەنگ و بۆیە.

لقەکان دەستی گەڵاکان دەگرن. شەوان، کە خەڵک دەخەون. ڕۆژەکان، کە بازاڕەکان گەرمە، لەودەمانە عاشقەکان مەستن، سەما دەکەن. ئەو باخچە و دار و گوڵانە گەورە دەبن، سەوز دەبن. گەڵا و لق و سێبەرەکەیان دەست بەسەر ڕوومەتی منارە و کۆڵانە تەڕ و کۆن و تەسکەکان دادەهێنن. زوو دار و دیواری ئەو گەڕەکە دەبێتە باخچە. گەڕەکەکە دەبێتە دارستان، ماڵەکان، ژوورەکان هێلانە بۆ کوڕ و کیژەکان، بۆ پیاوە ماندووەکانی ناو مەحەتە دادەمەزرێنن.

ئەوانەی لەبەر دەرگاکەیان، موورتک و داریان چاندبوو. ئەوانەی دارهەنارەکەی حەوشەکەیان، لق و هەنارە ڕوومەت سوورەکە و بەرهەمەکەی هاتبووە دەرەوە. پیاوەکە، خاوەن ماڵەکەی، خانووەکە بە کرێی مانگانە وەردەگرێت. مانگانە دینارێک و چەند درهەمێک، لە مانگانەکەی دەبڕنەوە، خانووەکە، وەردەگرێت.

....

ئەو، لەگەڵ یەکەم دەستەی کرێکارەکانی ئەو هێڵە دادەمەزرێت. لەگەڵ ڕووپێوە هیندییەکە ئیشی کردووە. دوایی سەرپەرشتی بەستانی دار و ئاسنی پردەکان دەکات. هەموو پردەکانی سەر ئەو هێڵە، هەر لە کەرکووکەوە هەتا موورتکە و هەولێر. پاش ئەندازیارەکە ئەو چاودێر بووە. کە قەتارەکە دەگات و تەواو دەبێت، ئەو دەبێتە (مەئمور تەرەزێنە) فارگۆنی پشکنین، ڕۆژانە لە هەولێرەوە هەتا حەسار و گۆڵدەرە، لەسەر ئەو تەرەزێنە بووە. بە پاڵدان و بە دەستی لەسەر سکەکە دەڕۆن و هێڵەکە دەپشکنن. هەموو بوارەکانی ڕۆیشتن و خاوێنکردنی ڕێلەکە دەکەن. ئەوان چوار کەس بوون، ئەو دەبێتە بەرپرسیان، بە دەستی پاڵیان دەدا.

لە بەرزاییەکان، زۆریان نەمابوو، دووبارە سواری ناو تەرەزێنەکە ببنەوە، بە سێ هاوڕێیە کرێکارەکانی دەڵێت:

_ زۆرمان نەماوە، دەی تۆزێکی تر...

یەکێکیان جیرەی ددانەکانی دەهات، ماندوو ببوو، ئەو دەڵێت:

_ ئەوەندەمان هێناوە، ئەوەندەش تەواو دەکەین، ئاسن پاڵدان بە گەرمی و بە ساردیش هەر زەحمەتە!

_ دەی دەی دوو پاڵی بەهێزی ماوە و دەگەینە شێراوە، وا گردەکەمان لێوە دیارە!

_ گردەکە لەمێژە دیارە!

_ لەوێ خۆشە شۆڕدەبینەوە.

هەتا شێراوە ڕێگاکەیان هەوراز بوو، ماندوو دەبوون. بەڵام دوایی خۆش دەبوو. چوار کرێکارەکەی ناو عارەبانەکەی پشکنین، شەو لە گوند و حەوانەوەکەی حەسار دەمانەوە. مانەوەی شەویش بە سەعاتی ئیشکردنیان بۆ دەژماردن. بارگە و کەلوپەلیان لەوێ هەبوو، هەفتانە دوو سێ شەو، دەمانەوە و لەگەڵ دوو سێ کرێکار ئەوەیان دەکرد.

....

پاڵدانی عارەبانە ئاسنەکەی سەر سکەکە. لەناو قسەکانی پیاوە سپیلکە لاوازەکە دەنگی دەهات. زیکە زیکی عارەبە ژەنگاوییەکە، لەناو رستەکانی دەهات. لەناو چاوی پێچە باریکە گچکەکانی ڕێگاکەم دەبینی. هەست دەکرا، ئارەقەیەکی زۆر بە شان و بنهەنگڵییەوە دەردەکات. پیاوەکە قسە دەکرد، بەڵام عارەبانەی پاڵ دەدا، بەرەو نشێوەکە دەچوو، هەر لە قسەکانی ئیسراحەتی دەکرد. چونکە ماوەیەک مەئمور بووە، لەناو عارەبانەکە کەم هاتووتە خوارەوە. بەڵام تەلەفۆنەکەی، مۆبایلە کۆنەکەی، (نۆکیا)کەی، بەر لە لێدان و زەنگەکە، لەبەر کۆنی واتدەزانی گەمەی منداڵان و کوژاوەتەوە. بەو زەنگە و وەڵامدانەوەکەی ئارەقەی پاڵدان و دابەزین و سەرکەوتنیان بەرەو گوندی شێراوە سارد دەکاتەوە. کە تەلەفۆنەکەش تەواو دەکات، بە کڕیارێکی گەنجی سمێڵ تاشراوی چاو گەورە، (دەستێکی بە دەرگا ئەلەمنیۆمەکە گرتبوو. دەستی دووەمیشی کەوتبووە لا تەنیشتی. بەڵام دیار نەبوو، دەستی لەناو گیرفانی پانتۆڵەکەی بوو، یان تەزبێحێکی درێژی پێوەیە. چونکە بەرامبەر دووکانەکە و لەسەری کۆڵانەکە، بە قەد سەرژمێری خەڵکی شارەکە، وڵاتەکەش. قەزوان چاکراوە و سوورکراوە و لە خەنە نراوە و کراوە بە تەزبێح)، دەڵێت:

_ ناوەلا کاکە گرنتی نییە، (بەبێ ئەوەی زۆریش روو لە کوڕەکە بکات)، ئێمە وامان لە وڵاتی چین کڕیوە، پارەکەی کەمە، بۆیەش گرنتی و شتی وای نییە.

_ دەباشە مامە سوپاس. ئەویش تەلەفۆنەکەی دەنگی دێت (بەڵام دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەی ئەو زۆر جیاواز بوو)، دەستی بۆ دەرهێنانی تەلەفۆنەکەی دەباتە ناو

گیرفانی پانتۆڵەکەی. تەلەفۆنە پانە باریکەکەی بە دوو پەنجە دەردەهێنێت. لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆنەکە، وێنەیەکیش لەسەر شاشەکە دیار بوو. بەدەم قسەکردنەوە لەبەردەم دووکانەکە دووردەکەوێتەوە.

....

پیاوەکە، لەناو دووکانە بچووکەکەی ناو بازاڕی مێرگەسۆر. ئەوەی باش حاجی لەقلەقەکانی سەر منارەی مزگەوتەکەی خانەقای دەناسی. لەو ساڵەی لە مەحەتە خانەنشین دەبێت و خانووەکەیان دەداتەوە. ئیشی دارفرۆشی و حەسیر فرۆشی و کۆزە ئەسپینداری ناو خۆشناوان دەکات. لەو گوزەرە بووە، بەڵام، ئێستا، وا دووبارە عارەبانەکەی سەر سکەکەم بۆ پاڵدەداتەوە. بە تەمەنێکی زۆر و سەرێکی سپی و دەست و پلێکی ناسک، بەڵام بە هزر و بیرەوەری و هۆشێکی وریاوە، کالا و دووکانەکەی، لەجیاتی دار و کاریتەی خۆشناوەتی، کردووە بە کەرەستەی کارەبایی چینی، دارەکان بوون سیستەمی وایەری کارەبا، ئەو دووبارە دەگەرێتەوە عارەبانەکەی سەر سکە ئاسنەکە پاڵدەداتەوە و دەڵێت:

_ بەخێر بچیت، (بەو کوڕەی وت: کە گرنتی لە کالا هەرزانە چینییەکە داوا کردبوو)، کوڕی خۆم!

پێش هاتنی ئەو، (عارەبانە کورت و باریک و تایە ئاسنەکە، شوێنی دانیشتنی، بەڵام بە تەسکی چوار کەس دەبوو. ئەوەی پێشەوەیان بەرپرسەکەیان بوو، ماوەماوە یەکێکیان دەهاتە خوارەوە و عارەبانەکە پاڵ دەدا. لە هەورازەکانیش، دەست و قۆڵ و شان و هەوستی هەر چواریان، ئینجا دەرەقەتی باری قوورس و سکەی ئاسنەکە دەهاتن)، ئەوان، زووتر بە پێیان و کاروان بە کاروان، بەیانییان، بەر لە گەیشتنی قەتارەکە، سەر سکەکە و خۆڵی بن دار و رێڵەکەیان دەپشکنی. پاش ئیشکردنی چەند ساڵ لەو کاروانە، دەگەڕێتەوە ناو مەحەتە. لەوێ زۆر حەزی دەکرد ببێتە (شەنتەر)، ئەو کارمەندەی فارگۆنەکانی بۆ کاپتنەکە ساز دەکرد.

کاپتنەکە، کە بە دەستی هەڵمی راگرتنەکەی رادەکێشا. چەند مەترێک تایە ئاسنەکانی لەسەر سکەکە دەخشی و رادەوەسێت. ئەویش، وەک نانی برژاوی ناو تەندوور، لەناو فارگۆنەکە خۆی دەهاویشتە سەر شۆستەکە. چاوە کەسکەکانی، بەدلە شینەکەی، سەر و قژ و کاسکێتەکەی لەناو ئارەقە و دووکەڵ شێواو بوون. بۆ فێنکبوونەوە و هەناسەیەک و

ئاوێکی سارد و نیگایەکی ناسک، بەپەلە لە فارگۆنەکە و مەکینە گەرمەکە دوور دەکەوێتەوە.

کاپتنەکە، پیاوە ماندووەکەی ناو قەتار و فارگۆنەکان. ئەرمەنییەکی دیانی گەڕەکی بتاوین بوو. دوو ساڵ لە سوپاکەی لیڤی سەربازی کردبوو. ئەو بە سەربازی لە دەشت و زەڵکاوەکانی خواروو خزمەت دەکات. کەم لەناو بەغدا گەنجایەتی کردبوو. دوو سێ کیژی چاو گەورەی قژی کورتی حەزیە بە کەرکەشە دەناسێت. لەناو کلێساکەیان سەیری سمتیان دەکات. کە دەچنە دەرەوە بە هەر بیانوویێک بێت، سڵاو و قسەیان لەگەڵ دەکات. بەڵام! لە دۆستایەتی یەکێکیان سەرناکەوێت، ئەگەرچی دڵی وەک زەنگی سەرەوەش بۆیان ترپە ترپی بوو، بۆ سمت و باسکی رووتیان دەلەریەوە. کە لە شاری باقوبەش، لە مەحەتەکە دادەمەزرێت. دواییش دەبێتە کاپتن و شەوانە لەناو قەتارەکە، لەگەڵ نیگای سەر سکەکە دەباتە سەر. دیسان ناتوانێت، دۆستێک، دەسگیرانێک پەیدا بکات، یەکێکیان پێی وتبوو:

من پیاوم بۆ چییە، ئێواران نەگەرێتەوە، دەستە بێجامایەکی شینی خەتداری سپی، ئەو دوو رەنگەم بۆ پیاوان پێ جوانە، لەبەر نەکات. شەوانەش مەزەی بۆ نەکەم و نیوە شەوانیش ئەو مەزەم بۆ نەکاتەوە.

کیژەکە پیاوێک، مێردێکی ناو فارگۆن و سەر سکەی ئاسنی ناوێت. دووکەڵ قووڕگی گرتبێت، چاوی وەک سکە یەک ئاراستە ببینێت. هەر سەعاتێک لە شارێک و لە گوندێک بێت ئەو پیاوەی ناوێت. ئەو دەیویست ئێواران، کە دەوامی تەواو دەبێت، قەتارەکە بهێنێتەوە پێش دەرگایماڵەکەیان. بە یەکەوە بە چەند سەتڵە ئاوێک و دەست و پەنجە نەرمەکانیان بیشۆن. بە پەردەیەکی ناسکی پەمبەیی شەوانە دایپۆشن. قەتارەکە کۆڵانەکە تەسک نەکاتەوە، بواری هاتوچۆی ماڵی خاڵی و دوو پوورەکەی و دەستەخوشکەکانی نەگرێت. ئەرزی کۆڵانەکە، بەر دەرگاکە بە گریز و روون چەور نەکات. ئەگەر نیوەی شەویش، حەزی لە خواردنی پرتەقاڵ و دوو پارچە پاقلاوە و لەوزینەیەک بێت. هەر بە بێجاما خەت خەتە شینەکەییەوە، سواری قەتارەکەی بێت و بچێتە بەردەم دووکانەکە. هەمووش بزانن، ژنە نەوسنەکەی مەکر و نازی کردووە و مێردەکەی بە قەتار بۆ کڕینی دوو پرتەقاڵ و پاقلاوە ناردووە. بەپەلە کیسەیەک بکڕێت

و بگەڕێتەوە و دووبارە قەتارەکە بە پەردە ئارمووشە تەنکەکە داپۆشێتەوە. بگەڕێتەوە بن جێگەکە و بەیەکەوە مرچ مرچ بیخوێن. قەتار بە من چی:

من نە بازرگانم بار و شمەکی هیندییم بۆ بگوازیتەوە.ماڵەکەمان ئۆردی نییە سەرباز و جبەخانەم بۆ بهێنیت. زانکۆم لە ماڵەوە نییە، بە هەرزانتر قوتابییەکان ببەیت و بگێڕیتەوە، من...

بۆیە کوڕەکە، لە هاوسەرگیری دڵگران و دوودڵ دەبێت. ئەگەر شەوێکیان، کاری نەبوایە، مەست دەبوو، زۆرتری دەخواردەوە، ژنی بەبیردەهاتەوە. کە دەچووە سینەما و فیلمێکی میسری دەبینی. ژن و نووستن و رۆبی سووری تەنکی ژنانە و قژی پەخشانی سەر سەرینی ژنێکی بەبیر دەهاتەوە. ئەگەر نا، ئەو لە فارگۆنەکە ژووری نووستنی ساز کردبوو. دەستی بە پەنجەی کیژێک، ژنیک نەکەوتبوو. لە سینەما و کاتی سەیرکردنی فیلمێک نەبیت، هیچی نەکردبوو هیچی نەدیبوو. تا دەگاتە هەولێر، لەگەڵ یەکەم سافیرەی قەتارەکە. دەگاتە ناو باخچە و ئاوەدانییەکە، لەوێ لەناو گوڵ و گوڵزارەکە، لەگەڵ بۆنی ئاوەکەی زار موفتاح، دەرگایەکی لێ دەکرێتەوە. چەند هەنگاوێک لە رێستهاوسەکە دووردەکەوێتەوە. لە کەندەکە دەپەڕێتەوە. یەکەمجاری زەحمەت بوو، دوایی بە ئاسانی دەگاتە ماڵی پوورەکەی. لەوێ پشووێک دەدات، هەر لەو ماڵەش. لەو گەڕەکە کۆنە، لەناو ماڵە موسڵمانەکان. لەناو ماڵە جوولەکەکان، چەند ماڵباتێکی کریستیان دەژیان. ژن و پیاوەکانیان، لەو شارە و لەو گەڕەکە ئیشیان دەکرد. لەوێ کاپتنەکە، لەبەر فنجانەی دەرگایەکی دار، گوڵێک بۆن دەکات. بەو دەرگایە وەدەنووسێت، لەو دەرگایە نابێتەوە. لەو دەرگایەش دەچێتە ژوورەوە، هیوا دەخوازێت، بتوانێت، قەتارەکە هەتا ئەو بەردەگایە بهێنێت. ئەو دەرگا کۆنەی کۆڵانێکی گەڕەکی تەعجیل، کاپتنەکە، شەرمیش ناکات، لە بەغدا بە بەڕێوبەرەکەیان دەڵێت:

ئەگەر زووتر ئەو کۆڵانە و ئەو ماڵەم دەناسی. داوام دەکرد، هێڵەکەی هەولێر و قەتارەکە، هەتا بەردەم کۆڵانەکە ببەن، بەردەم دەرگاکەی ئەوانی ببەن.

....

بۆیەش ئەو دەرگایە، وێنەکەی، بە پۆست لە شارێکی نادیارەوە، لە ئەمریکاوە، دەگاتە سویسرا. لەوێش کیژەکە، وێنەکە لە بەردەم ئەو خوێندکارە دادەنێت. کە بە تواناسازی بۆ تەواوکردنی خوێندنی بیناسازی بۆ یەکەمجار دەگاتە ئەوروپا. باپیری ئەویش، مەلا

مەجید ئیقناعی دەکات، نەگەڕێتەوە گوندەکەیان، لە پڕۆژەی هێنانی هێڵی شەمەندەفەرە دایدەمەزرێنێت. لەوماڵە باوکی لەدایک دەبێت. ئێستاش کوڕەکە وێنەی دەرگاکەی هێناوەتەوە، تا پێشنیار بکات، کۆڵانەکە نۆژەن بکرێتەوە و دەرگای خانووەکان، بەو شێوازە دروست بکرێنەوە. بەڵام دارەکەی بە رەندە و مشار و قازمەی دارکونکردن بتاشن و سازی بکەن. وەستایەکی لێزان و بە زبانە، تەنیشتی رۆخی دەرگاکە رابگرێت، وەک وەستاکانی ناو قەیسەری. نەجارەکانی ئەو گوزەرەی بەر دووکانەکانیان بەرین تر و فراوانتر هەڵکەوتبوو. لەوێ بە دار و بە مشار، دەوڵەمەند دەبوون. پارەیان زۆر دەبوو و بازرگانییان دەگەیشتە حەلەب و شامیش. ئەوانە رووی دارەکە بە دەبڵ لووس بکەن، نەخشەکانی بە مەکینەی تیژکردنی بنەخشێنن.

شەنتەرەکە بە کاپتنەکەی دەووت:

دەزانم، دەموچاوت دەشۆیت و دەچیتە ماڵی پلکت. لەوێ یەکێک هەیە، بە بۆن و بە دووکەڵ و بە روون و گریزەوە تۆی دەوێت!

کاپتنەکە، هێشتا بەرەو ژوورەکان نەرۆیشتبوو، دەستی بۆ کردنەوەی قەمیسە شینەکەی بەری دەبرد، لەبیری نەدەچوو، پێی بڵێت:

وریابە، بپرسە بزانە بارمان چەندە، ئەوەندە فارگۆنەم بۆ ببەستە! باشە. بزانە چەند نەفەر تکیتی شەش درهەمیان بڕیوە، چەند قوتابی و سەربازمان هەیە. هەمووم بۆ وەربگرە و فارگۆنەکان ببەستە.

_ ئیمرۆ (کاریچ)ەکەشمان نەهاتووە! دەبێ بە خۆم، ئاو و روونی مەکینەکەی تەماشا بکەم، فەحسەکەش لەسەر منە!

کاپتنە ئەرمەنییە عاشقەکە، سەرێک لە ژوورەکە دەدات. دەزانێت کەسیان لەوێ نییە، (چەرس)ەکە ماڵی لە مەحەتەیە، گەڕاوەتەوە ماڵەوە. ئەو لە کەرکووکەوە لەگەڵی سوار ببوو، پیاوێکی نەرم و ئاسان بوو، نەیدەزانی لە کەس تووڕە بێت، کە یەکێکی دەبینی تکیتی نەبڕیوە، دڵی توند دەبوو، پیاوێکی دڵۆڤان بوو، بەکەڵک چەرسی قەتار و سزادانی ئەو خەڵکە نەدەهات. بۆیەش زۆر کەم و بەدەگمەن سزای خەڵکەکەی دەدا. ئەوانەی پارەیان نەدابوو، ئەگەر سزای یەکێکی بدابوایە، بە توندی سزای خۆی دەدا. لە دڵی دەرنەدەچوو، هەفتەیەک نەیدەبڕیوە، هەر باسی دەکرد. ئەو زوو دەگاتەوە

ماڵەوە. تیتییەکەشیان، ماڵی لە ناو خانووی فەرمانبەرەکان بوو. خوێندەوارێکی باشی هەبوو، ئەو دەیووت:

من لەگەڵ مەلا مەجید، بەیەک رۆژ و بەیەکەوە لە سکە دامەزرێن. هێشتا ئیشەکە، نەگەیشتبوە ئاقار و ناو پەرێز و نزیک گوندەکەیان، مەلا مەجید زوو خۆی دەگەێنێتە کەرکووک. وریایی و دەستخەت و دەست و قامکی دەبینن، رازی دەبن دایمەزرێنن و پێی دەڵێن:

_ ئەگەرچی دەموچاو و زار و دەمت بە ئەندامێکی حزبی شیوعیش دەچیت، بەڵام پێویستمان بە تۆ دەبیت. دەست و نووسینیت باشە.

مەلا مەجید، پێش ئەویش زۆر پێیان وتبوو، بە ئەندامێکی شیوعییەکان دەچیت. بەڵام ئەو لەو رێبازە دوور بوو. بە رووێکی خۆشەوە، لە کەرکووک بە بەرپرسەکەی هێڵی ئاسنی عیراقی دەڵێت:

_ من کوردم و تەواو، زۆریش کتێبەکانیان دەخوێنمەوە، بەڵام شیوعی نیم!

....

# شێخەلا و فەرمانی عوسمانی

فەرمانێک لە سوڵتانی عوسمانییەوە دەردەچێت. فەرمانەکە بە مۆری عوسمانی، بە زمانی تورکی، لەناو لوولەیەکی مسی بریقەداری درێژی باریک، دەگاتە والی بەغدا. یەکێکیش دەگاتە والی موسڵ. رەنگە بەڵگەنامەی زۆرتریش هەبووبێت، بەڵام هەر ئەو دوو دانەیە دۆزراونەتەوە. دروست ئەوەش زانراوە، قسەی زۆریان لەسەر کراوە، لە چەندین ئەرشێف و مۆزەش ئەو بەڵگەنامانە پارێزراوە، (بەڵام بەداخەوە، لەودەمانەی کە ئەرشێف و گەنجینەکان مابوون، ئێمە دەسەڵات و هەژموونمان نەبوو، دەستمان بگاتە ئەو گەنجینانە، بچینە ژوور و ساڵۆنە هەستیارەکان)، رەنگە نامە و فەرمانەکە چەند دانەی تری بۆ والییەکان، فەرماندەی ئینکشارییەکان، جێنشین و شازادەکانیش نووسرابێت. فەرمانەکە، کورت و سەخت و تیژ و گران بوو. بۆیە هەردوو والییەکە، پەریشان و سەخڵەت دەکات. فەرمانە و دەبێ کارسازی بۆ بکرێت، سوار و سوپا و تەتەری بۆ بەڕێبکەوێت.

سوڵتان، بە تووڕەییەوە، فەرمان بە والییەکان دەدات. زۆر بە پەلە، دەست بە شیر و بە خەنجەری دەمامکداری شانگەورەی، سەر زڵ و برۆ رەش و چاو رەش، بچن چوارپەلی (شێخەلا) ببەستن. سوارەکان، لەسەر ئەسپەکانیان دانەبەزن، دەنگیان بگۆڕن، رەنگیان بشۆرن، لەسەر زینەکانیان قیت ببنەوە، لەناو خەڵکەکەی لەبەردەم مزگەوت و حوجرەکەی، ریسوا و شەرمەزاری بکەن. ئەو پیاوە، شێخەکە بەر لەوەی بیهێنن، ئاگر لەسەر و کەشیدە و پشدێن و سمێڵی سووری بەر بدەن. ئەو پیاوە، ئەگەر کەزی زەردی

لەسەرشان، بەردابێتەوە، کەزییەکان وەک مار و کلکی ئەستێرە و بەژنی جۆگەش بێت، کەزییەکانی بە مقەسێکی تیژی دەم ئاگر نا، کەزییەکانی بە کێردێکی کۆر ببڕن.

سوڵتان ئەوەی دەویست، روحمی پێ نەکەن، بەزەیی لە دڵیان ئەگەر تۆزقاڵیش هەبێت دەربهێنن. دوو موو غیرەت، دوو تروسکایی بەزەیی، یەک مووش رەحم لە دڵ و لە چاو و لە هەناویان هەبێت دەربهێنن. ئەو پیاوانەی دەبنە سواری راسپاردەی سوڵتان، ئەو سوارەی فەرمانەکە جێبەجێ دەکەن، غیرەتیان نەبێت، شەرەف و ناmووس نەزانن، درۆزن و کەلەکەباز و ساختەچی و دڵرەق و هەناوبەتاڵ و دۆخین شل و پاشەڵ پیس و گەمبۆز بن. لە گەوادی ختوول و قۆچدار بن. ئەوانەی دەچن کورد نەبن، زاوای هەرکی و خۆشناو و جافیش نەبن. بە ژن و بە موڵک و سامان لەگەڵ بەروارییەکان، لەگەڵ مزورییەکان ئاشنا و دۆست و یار نەبن. ئەوانەی دەچنە سەر شێخەڵا، تەڵاق و سوێند و بەڵێن و گفت و وەفا، وەک بای شەرم و بای ئاودەست لە خۆیان دەربکەن.

ئەگەر شێخەڵا، کەوای درێژ و بەرینی لەبەر بێت، ئەگەر نەخش و پەروازەی پێوە بێت، ئەگەر کەواکەی حەریری گرانبەهای سەمەرقەند و هیندیش بێت، پارچە پارچەی بکەن. دەمەوێ ئەو پیاوە ریسوا بکەن. بەپەلە ئەو شێخەی ژنان، لەناو حوجرەکە رووت دەکاتەوە. سینگیان دەخوێنێتەوە. دەنگی ژنانی کردۆتە بانگدان و خوتبەدان. ئەو شێخەی لە خودا و لە سوڵتان ناترسێت، لە پەنای سێبەری حەدیسەکان، لەناو بۆن و شەونم و خوناوی ئایەتەکان، ژنان رووتدەکاتەوە، قژیان پێ دەکاتەوە، بسکی هۆنراوەیان شی دەکاتەوە، چاوی رەشیان پڕ تەلسیم و جادوو دەکات. ئەو شێخەی لە ئەستانە و والییەکان، بوویتە دوژمن و کافری فاسیق، ئەوەی حوجرەکەی پڕ کردەوە لە مەڕ و بزن و ئەسپ و مامز و باڵندە، بیگرن و رەوانەی ئەستانەی بکەن! ئەو لە ئیسلام لەدەرە، ئەو کافرە کوردە، چاوحیزە رووقایمە سواری ئەسپی مەکەن. لە ئاو لە سەر دەست و لەسەر شان و بە بەلەم و کەلەک مەیپەڕێننەوە. لەسەر شاخ و هەورازە رکەکان دەستی مەگرن. با چۆکی بشکێت. با هەناوی بپسێت. با سۆمای چاوەکانی بڕژێت!

....

مەهێڵن یەک پارچە کاغەز و چەرمی وشک و حوبر و شووشە و پەڕەمووچ، لەگەڵ خۆی بهێنێت. ئەگەر وتی دەستنوێژ دەشۆم بڕوای پێ مەکەن! ئەگەر وتی:

چەند ئایەتێکم ماوە، (یاسین)ێک بۆ گیانی بابم دەخوێنم بڕوای پێ مەکەن. راپێچی بکەن و بەڕەڵای نەکەن!

ئەگەر وتی:

کیژ و کوڕێک عاشق مارە دەکەم، دەستیان لەناو دەستی بوو، بڕوای پێ مەکەن!

راپێچی بکەن و لەسەر دەموچاو رابیکێشن. ئێمە، شێخ و مێخ نازانین. ئێمە، سوڵتان و گەورەی دونیاین، لە کەس قبووڵ ناکەین. ئەسپە کوێرەکەی سەرببڕن. مامزەکانی کەوڵ بکەن و نازناوی (قوتب ئەلمەدار)ی لێ وەربگرنەوە. ئەوە شێخ نییە، ئەو بوویتە مێخ! ئەو شارەی کردیتە فەساد و تیاترۆخانە. بڕۆن ئەو شێخەم بە مێخزنجیر بۆ ببەستنەوە. دەروێشەکانی یەکە بە یەک، ژن و پیاو و ئاغا و دەڵەمەند و دۆغرمەچی و چەلەبییەکان ئەتک بکەن. ژنەکانی ناو مزگەوتەکە لە خۆتان مارە بکەن. هەر لەودەمانە تەڵاقیان لە پیاوەکان دەکەوێت. بنپشکەکان، کیژە بەدەسگیرانەکان مارەییەکانیان هەڵدەوەشێتەوە. حەرامەکان لە ئێوە حەلالە، ناسکەکان بخۆن، چەورەکان بمژن، دۆخین شلەکان بکەنەوە، پشدێن گەورەکان شل بکەنەوە و سواریان بن. بڕۆن کەسیان دەرباز نەکەن، ئاوسیان بکەن. بە یەک هەفتە لە نووری ئێوە، بە ئاوی پیرۆزی ئێوە سکیان بەرزدەبێتەوە. منداڵ لە سکیان دەجوڵێت، بە یەک شەو، بە یەک تاوانەوە و جووتبوون عاشقتان دەبن، بۆتان دەمرن و زیندوو دەبنەوە. دەست بە کلکی ئەسپەکانیان دەگرن و لە دواتان دەگرێن و دەنوزێنەوە و دەپاڕێنەوە. پێڵاوتان ماچ دەکەن، بەزەییەتان بەو ژنە کوردانە نەهێتەوە. دڵتان وەک شاخەکانیان رەق و توند بێت، چاوتان حیز و دۆخینتان شل بێت!

....

والی بەغدا نەوێرا بە تەتەرەکەی سوڵتان بڵێت:

پیاوی چاک بن، ئەو شێخە وەلییە. ئەو پیاوە شارێک نوێژی لە پشتی دەکات. هەزارەها دروێش و تۆبەکاری هەیە. چۆن لە بەردەم خەڵکەکە، لەسەر شوورەی شارەکە، رووبەڕووی دەرگای قەڵاتەکە قۆڵبەستی بکەین!

تەتەرەکە، نامەکە دەباتە موسڵ و بەغدا. بە باری شیرینی و بە دیاریی زێڕ و زیوەوە، بە کڕینی دوو کەنیزەی نازداری ئەرمەنی دەگەڕێتەوە. سوڵتان بانگی دەکات نامەکەتان گەیاند. تووڕەییەکەی منتان بە والییەکان نیشاندا.

سەرکردەکەیان، تازە لە ناوە باوەشی کیژە ئەرمەنەکە هەڵسابوو. تازە دەفرێک ماست و هەنگوینی خواردبوو. شان و پیلی بە دەستی نازی کیژە کۆسۆڤۆییەکە شێلدرا بوو. بە ئارەزووەوە، بە سوڵتان دەڵێت:

بەڵێ گەورەم، نامەکەمان گەیاند. بەڵام! ئەو ناوچەیە، خێراتیان زۆرە، رەز و باخچەیان زۆرە، شانەی هەنگوین و رووباری شیر و کوپەی زێڕیان هەیە. بەڵام! دیارە باج و خەراجی کەم دەدەن. بۆیە داوا دەکەین فەرمان بدەن، باجەکان بکەنە چوار قات، پێنج قاتیش. گەورەمان رووناکی هەموو ئەو دونیایە، باجەکانیان بکەنە دە قاتیش، ناکرێ ئەوان بە شیرینی و بە خاوێنی بژین! ناکرێ ئەوان کەنیزە و ژنە جوانە ئەرمەنییەکان، ناسکە رێواسەکانی ئەو شاخانە بمژن و جەنابتان لەبەر شەڕ و غەزاکان ناتوانن ئەوانە تام بکەن. قوربان بانگیان بکە، گوێیان رابکێشە، سەری گەورەکانیان بپەڕێنە، ژنەکانیان، سامانەکانیان بۆ خۆت، قەیرەکانیان بۆ ئێمە، تەڕەکان بۆ تۆ و وشکەکانیش با بۆ ئێمە بێت. گەورەم وڵاتەکە ئارامە، جوانە، فێنکە، هەواکەی سازگارە، بەڵام قەڵاتەکەیان سەختە، توند و بەرزە، شوورەکەی پۆلاینە. بەڵام بۆ ئێمە، بە زەبری ئێمە و تیشکی رووناکی چاوەکانت، بە پشتیوانی خەلیفە و ئایەتەکان، ملیان کەچ دەکەین. فەرمانی تۆمان گەیاند، چاوەڕوانین سوپا و نمایندە تووڕە و ئازاکانمان بگەنە هەولێر و شێخەکەیان قۆڵبەست بکەن. ئینجا قەڵات و هاوڵاتی و ژن و باخچە و ئاو و کارێزەکانیان تاپۆ دەکەین، زەفتی دەکەین!

....

والییەکی موسڵ، گەنجە سەرکەشە مەستەکە، ئەلبانییە چاو شینەکە. دڵی بە داوا و فەرمانەکە خۆش بوو. دەیویست ئەو سامە بشکێنێت، ئەو قسەیە هەڵوەشێنیتەوە، شارێک قەڵاتی هەبێت، دەرگا و تۆپخانەی هەبێت. شارێک قەیسەری و خان و حوجرەی تێدا بێت. شارێک پشتی چیا و کارێزی زۆر بێت. بەئاسانی و بە سوپاکەی ئێمە و بێگانەکان ناگیرێت. شارێک قەڵاتەکەی سێبەری بە سەر بازاڕ و دەشتەکەی بکات،

خەڵکەکەی رووقایم و جەربەزەن. ئەوانەی بەیانییان لەگەڵ کازیوە دێتە خوارەوە و ئاو لە کارێزەکان دەخۆنەوە، مێ نەبن و بێ غیرەت نەبن!

دەستە سوارەکە، لە دەرگای باشووری شوورەکە دەچنە ناو هەولێر. لە دوورەوە منارەکە ئاراستەیان راست دەکاتەوە. بەژن و قەد و بەرزی قەڵاتەکە روویان راست دەکات. لەبەر ساباتەکان، لەسەر جۆگەکان پشوو دەدەن. هاوین بوو، تەبارەی گەنم و جۆییەکان دەلەرینەوە، گوڵە گەنمەکان لە ترسی کێشکە و کلۆی کەلپ تیژ حەپەساو بوون. گوڵە گەنمەکان هێشتا فەریک و تەڕ بوون، دەستیان پێ نەکەوتبوو.

سوارەکان، لە دیار کارێزەکان دەوەستن. گوێیان بۆ دەنگە دەنگی وەستا و سەقاکان قوڵاخ دەکەن. لە دوورەوە، بەژنی شلک و لەرزۆکی منارەکە مەستیان دەکات، دەیانەوێ لە دوورەوە، قەڵاتەکە لەناو مستی خۆیان توند و قایم بکەن. دەیانەوێ تەونی جاڵجاڵۆکەی مس و گوریسبەند لەسەر گەڕەکەکانی شار هەڵبدەن. دەیانەوێ شارەکە بترسێنن و چیتر شانازی بە قەڵاتەکەیان نەکەن، سامی قەڵاتەکەش بشکێنن.

هاتبوون و پەلامارەکە بەس لەبەر شکانی شووشەی ریشی شێخەڵا نەبوو. شکانی بەژنی گۆپاڵی دەستی شێخەڵا نەبوو. هاتبوون، قەڵاتەکە نەوی بکەن، کارێزەکان بتەپێنن، گەنم و جۆ و باخچەکانیان وەک کلۆ و کێشکە زەردە لووس بکەن.

ئەوان سوێندیان بە مەرقەدی سوڵتان سولێمان قانوونی و سوڵتان موراد خواردبوو، دەبێ ئەو قەڵاتە بە تۆز و گەردەلوولی ئەسپەکانمان تاریک دابێت!؟

دەتوانین، بەر لەوەی بچینە ناو شارەکە، ئاگر لە پەرێز و پووش و دڕکە زەردەکان بەربدەین و رێگا و کۆڵانەکان شێلوو بکەین...

سوارەکان، دەیانەوێ بەر لەوەی بگەنە ئاوەدانی. بەر لەوەی مێش و مەگەز و کێشکە و پەڕەسێلکەکان هەستیان پێ بکەن. بگەنە سەر بەستەکەی کەندەکۆخ و لەوێیەوە بچنە نزیک بەستی گەورە. لەبن دیوارەکەی گۆڕستانی چراخ بسوڕێنەوە، نەهێڵین جوولەکە بۆ سەر کارگە و دووکانەکانیان دەربچن. بەر لەوەی سەقاکە ئاو بە کوندە و گۆزەکان بەسەر قەڵات بخەن. پێش ئەوەی سەوزە و شینایییەکان باڵا بکەن و ببریسکێنەوە. بگەنە بەر حوجرەکەی شێخەڵا.

....

هەندێک دەگێڕنەوە دەڵێن:

سوارەکان، تیمە ئینکشارییەکەی هاتبوو شێخ عەبدوڵای قوتب ئەلمەدار لە هەولێر قۆڵبەست بکات، ژمارەیان چل کەس دەبوو.

هەندێکیش دەڵێن:

سوارەکان، تیمە ئینکشارییەکەی هاتبوو شێخ عەبدوڵای قوتب ئەلمەدار لە هەولێر قۆڵبەست بکات، نا ژمارەیان کەم بوو. چونکە دەیانزانی کوردەکانی نزیک ئەو شارە ئەمارەت و سوپا و لەشکریان نییە، نەدەترسان. بەڵام! ترسی گەورەیان لە دەروێشەکانی شێخەڵا بوو. بۆیە دوور نییە ژمارەیان زۆرتر بووبێت، چەکیان قوورس و دڵیان رەق و ئەسپیان چەمووش و قەڵغانیان ئەستوور و دەستیان گەورە بێت.

سوپاکە، دەگاتە جووتیارێکی لاوازی لەڕ، شەڕواڵە سپییەکەی لەبەر تیشکی خۆرەکە دەبریسکایەوە. لە دیار جۆگە ئاوەکە وەستاو بوو. چاوەڕوان بوو، خاک و رەگ و تینوویەتی بڵێن بەسە. ئاوەکە بگرێتەوە. یەکێکیان بە زمانی خۆیان، (عەرەبی، فارسی، تورکی، ئەلبانی، کۆسۆڤی، ئازەری، یان قوبتی) بوو بە جووتیارەکە دەڵێت:

ئێرە ئەربیلە!؟

جووتیارەکە، سەری لەسەر رۆیشتنی ئاوەکە هەڵناگرێت، وەڵامی ناداتەوە، چونکە نازانێت چ بڵێت.

سەردارەکەیان لە نزیک شوورەکە. دەستی بەرز دەکاتەوە، توند رێشمەی ئەسپەکەی رادەکێشێت. خۆی لەسەر پشتی ئەسپە عەرەبییەکە فڕێ دەداتە خوارەوە. نایەوێ شڕواڵە ئەلبانییەکەی دەقی بشکێت. دەستێک بەسەر سوخمە تورکییەکەی و کڵاوە عوسمانییەکەی دادەهێنێت. تۆز و گەردی رێگا دوورەکەی لێ دەتکێنێت. لەگەڵ سەر جولان و شان هەڵتەکان و دەست راوەشان و تەپەی چەکمەکەی، ژەندرمەکان پەرت دەبن. ئەوان زۆر تینوو و برسی دەبن،. بەڵام! ناچنە سەر کووپە ئاوەکان، ناچنە سەر ناوسێر و ناسکەنان و نانەتیرییەکان.

سەرتیمەکە، بە زاراوەی ئەو زەمانە، سەردەستە و سەرلقەکە پێیان دەڵێت:

پەلە مەکە، جارێ با شێخ بگرین، چوارپەلی مێخبەند بکەین، ردێنی گڕ بدەین، کەشیدەی بە میز و بە گوو بکەین. ئینجا هەموو شتەکان دەبیتە موڵکی ئێمە. بە ئارەزووی خۆتان بخۆن و بخۆنەوە. سکتان پڕ نان و ساوەر و گۆشت و ناسکەنان و برێشکە و لەتکە هەنجیر و بەهێ و هەنار بکەن.

یەکێکیان، بە چاوی شین و سمێڵە زەرد و نەرمەکەی دیار بوو، بە منداڵی لە دوورگەکانی ماسی و زەیتونی یۆنانەوە هاتبوو، دەڵێ:

بەڵێ وا دەکەین، شێخی وا، پیاوی وا لادەر و خوانەناس، ساردوای پڕ میوە و قاورمەیە. کوپە گۆشت و بەز و چەوری هەیە. شێخی وا ئێستا بۆمان دەردەکەوێت بە کوپە و بە گۆزە پەنیر و گۆشتی هەیە. بخوور و بۆن و مسکی هیندی و کەشمیری هەیە. با بچینە ژوورەوە، با مزگەوتەکە پاک بکەینەوە، هەموو سەندوق و هیزە و کەندووەکان دەکەوتە بن دەستی ئێمە. هەتا تێر دەخۆین، هەتا ڕەپ دەبن، ئینجا دەستمان دەوەشێنین.

سەرکردەکەیان، کڵاوە مسە بە ئاوریشمە سوورەکەی دەلەریەوە. چەکمەی بریقەدارەکەی لەسەر ئەسپەکەی کەلکی ئەوەی نەبوو، دابەزێتە خوارەوە و لەناو خۆڵ و شەونمە تەڕەکە چەند هەنگاوێکیش بڕوات. هەر لە سەر ئەسپە شێیەکەیەوە هاوار دەکاتە سەر ژەندرمەکان و پێیان دەڵێت:

_ گۆزەکان مەشکێنن، شیر مەڕێژن، هەنگوین لە شانەکان دەرمەهێنن، سەری گۆزەی قاورمەکە مەکەنەوە، گەزە و قەپاڵ لە پەنیر و ژاژییەکە مەگرن، ئەوانە هەمووی دەکەینە دیاری والی موسڵ و حەلەب و بەغدا و دیاربکر.

ژەندرمەکە دەڵێت:

_ باشە سەردار و گەورەمان وا دەکەین، بەڵام برسیمانە، تینوومانە و پەرۆشی شیرینی و چەوری هەراسانی کردوین، (ئەویش بە قیتی لەسەر ئەسپەکەی پشتییەوە وەستابوو. دەستی ڕاستی بەسەر کەمای شیرەکەی توند گیر بوو. چاوە شینەکانی دەبریسکانەوە. دیار بوو، پەلە و هەڵپەی بوو، زوو بگاتە ناو حوجرە و مزگەوتەکە. نیوچەوان و کۆش و چاوەکانی شێخ ببینێت. بزانێت بە چ روو و چاوێکەوە سەیریان دەکات. چۆن چاو هەڵدەهێنێت، چۆکی قیت دەبێتەوە. ئەژنۆی چۆن دەشکێت، دەستی چۆن دەلەرزێت.

ڕەنگە شێخ بەوانە ڕاناگەن و یەکسەر ڕۆحی دەربچێت و بمرێت) برسیمانە، ڕێگامان دوور بوو.

_ بەشی هەموومان دەکات، تێر دەخوێن، هەتا دەپەڕین، هەتا دەرشێینەوە، هەتا سکمان فیچقە دەکات، (دەنگەکە لە ناوەندەی ریزە سوارەکان، بە قەبەیی و زەقی و تووڕەییەوە دەهات) هەتا ئەبلەق دەبین!

_ فەرمانتانە گەورەمان، (چەند سوارێکیان، ئەگەرچی دەنگیان کز بوو، ماندووبوونیان پێوە دیار بوو، بەڵام دەنگەکە، بەیەکەوە سەدایەکی هەژانی هەبووە)، وا دەکەین! سەردارەکەیان، هاوار دەکاتە سوارێکی لای چەپی خۆی و پێی دەڵێت:

_ شان و شیری دەستت چاک بکە، شەرمەزارمان بکە.

ژەندرمەکە سەیرێکی هاوڕێیەکی تەنیشتی دەکات، خۆی ڕێکدەخاتەوە. بە بزەیەکی شیرین سەیری سەرۆکەکەی دەکاتەوە، دڵنیا دەبێت شان و بەرپشدێنەکەی چووست و توندە و دەڵێت:

_ سوپاس بەگم، تۆمان نەبێت، شپرزە و ناڕێک و پیس و برسین!

....

سوارەکان لەبن سێبەری دارتووەکە وەستابوون. بەژنی لەڤەند و قامیشەکان دەگەیشتە ناو قەدیان. یەکێکیان ئەوەندە تینوو بوو، خۆی پێ ڕانەدەگیرا، چاوی لە ریزە کوپەکەی بەر سێبەرەکەی بەردەرگاکە دەگێڕا. سەیری جۆگە باریکەکەی ئاوە ڕژاوەکەی سەر کوپەکە و خوناوەکە دەکات. خۆی شل دەکات بێتە خوارەوە و بگاتە سەر کوپەیەک و جامە فافۆنەکە لە کوپەیەک هەڵبهێنێت، دوو سێ جامی ئاوی فێنک بخواتەوە. بەڵام چاوی سووری سەرۆکەکەیان و قامچی درێژی دەستی بوو، یان ترس و ئاگری سۆزی پاکی و سۆفیەتی شێخەڵا دەبێت، کابرای سوار بەردەبێتەوە، دەکەوێتە سەرپشت و گیانی دەردەچێت. ڕێگا دوورەکە، یان قامچیە توندەکە، یان نووری شێخەڵا هەوکی گرت و خنکاندی.

لەگەڵ جیرەجیرِی کاریتەکان، لەگەڵ سەڵاواتە و زیکری ژن و پیاوەکان، ژوورەکە، ببووە کورەیەک لە ئاگر. ببووە مەنجەڵێک لە جیوەی زیوین. ژوورەکە، بۆ ئەوان بەهەشت و

ئاسمان و فڕین بوو. بەرەو ئەستێرە و ناو هەور. ژوورەکە، بۆ ئەوانی دەرەوەش دۆزەخ و زەمهەریر و کونەبایەکی دڕ و ترسناکی بە ژاوەژاو و گڤەگڤی قایم. شێخەڵا ئاگای لە ڕووداوەکانی دەرەوە و ئەسپ بەستانەوەکانی بەر سێبەری دارتووەکە نەبوو. نەیدەزانی گوندییەکان، ماست و کا و سەرتوو و تۆڵکەیان فرۆشتوە و ناچنەوە. هەتاو گەرم بووە و شیرینی و کەلوپەل و دیارییەکان کڕیوە و ناچنەوە. مەنجەڵ و فافۆن و قاپەکانیان بە داو و پەڕۆکەوە بۆ هاتووتەوە. بەڵام سوار نابن و ناڕۆن. نایانەوێ بگەڕێنەوە. هەموو ڕۆژەکان، بلەز دەیانەوێ بگەڕێنەوە. بەڵام ئیمڕۆ لەبەر سێبەر و نووری حوجرە و دارقامیشەکانی مزگەوتەکە. لە نزیک کەپر و سابات و دارتووەکەی حوجرەکەی ئەو چەقیوون، ناچنەوە:

هەموو دەیانپرسی، پەرۆش بوون و بە سامەوە، دەیانووت:

ئەو سوارانە، ئەو چەکدارە نەناسراوانە بۆ غەزریون، بۆ ئەوەندە تووڕە و دەرگای حوجرەکەیان گرتووە، نەدەچنە ژوورەوە و نە دەڕەونەوە، نازانن ئەوانە:

چییان لە شێخەڵا دەوێت!

هەموو کۆبونەتەوە و پشتیان یەکتریان گرتووە و دەرگا پیرۆزەکەی مزگەوتی شێخەڵا بەرنادەن، ناچنەوە و وەستاون. ئێمە قبووڵمان نییە کەوای پیس بکەن، ناهێڵین پشدێنە سپییەکەی ڕەش و چڵکن بکەن. ئەوانە و کارگەچییەکان، سەفارەکان، هەندێک لە مسگر و زێڕنگرە جوولەکانیش هاتبوون، دەیانەوێ بزانن و بە چاوی خۆیان ببینن سوارەکان، ژەندرمەکان چییان لە شێخەڵا دەوێت. بۆ چواردەورەی مزگەوتەکەیان گرتووە. بۆ دەست بە شیر وەستاون، چاوتان بۆ وا سوورە.

ئامادەبووان بەنیازن پێیان بڵێن بگەڕێنەوە، شێخەڵا ئاگرێکی سوورە. دووربکەونەوە، حەشاماتەکە، بە دەنگ و ناڕەزایی و جووڵەوە لە سوارەکان نزیک دەبنەوە. دەستیان بەرز دەکەنەوە، شان لەیەک دەخشێنن، دەچنە پێشەوە. بەڵام مەلایەکە، ئەوەی لە دووەم کۆڵانی ناو قەیسەرییەکە دووکانی شیعر و خوێندنەوەی مێژووی ڕووناکی و خوداپەرستی و وردەواڵەکانی داناوە، بە شەپۆڵی تووڕەییەکە، ژن و پیاوە چڕە بەسۆزەکە دەڵێت:

لێیان گەڕێن، شێخەڵا خۆی لەناو حوجرەکەیەتی تۆڵەی خۆی دەکاتەوە. ئەو لەسەر حەقە و دەستی خۆی دەوەشێنێت. ئەو کتێبی خۆی پێیە. پیاوێکیان بە زمانی تورکی و بەڕەوانییەوە لە پیاوە سەر سوورە کەڵەگەتەکەی پێشەوەیان، دەچێتە پێشەوە و پێی دەڵێت:

فەرموون، چیتان دەوێ، بۆ دەرگای حوجرەی ئەو پەپوولە ناسکە، ئەو مەلا جوانەتان گرتووە. ئەو چاوی ئەو دەشت و ئەو شاخانەیە. ئەو نوورە و شەوانە پارێزگاریمان دەکات. لەبەر گەورەیی ئەوەیە، باران دەبارێت. گەرمی ئەوەیە لە شەوانەی شەختەبەندی زستانان رەق نابینەوە، چیتان لەو پیاوە دەوێت؟ بڕۆن و پلان و تەماحیەکانتان لە دڵ و لە بن ددانتان دەربهێنن. ئەو زاتە خواردنی ئێوە نییە، ئەو پیاوە ئێسکی لەناو لەشی نییە. ئەو پیاوە دەمار و رێخۆڵەی نییە. مستێکە لە نوور، چاوێکە لە رووناکی و هزرێکە لە خوێندن و دەنگ و ئاواز. یاوەری ئاسمان و ئاژەڵ و قورئانە. کەس ناناسێت، غەدری نەکردووە، دەستی نەوەشاندووە، پاکە وەک دڵی ئێمە، بەستەزمانە وەک سووری خاک و بێگەردی ئاو، بڕۆن و ...

ئەویش. سەردارەکەیان بیر لەوە ناکاتەوە لە ئەسپەکەی بێتە خوارەوە، بەڵام نایەوێت زۆر تووڕە خۆی نیشان بدات، بە گەرمی و بە فیزەوە دەڵێت:

فەرمانی سوڵتانمان پێیە، سوڵتانی شەرق و غەرب، سوڵتانی وڵاتانی رۆم و عەجەم، سوڵتانی مەکە و مەدینە و سربیا و ئەلبانیا. هاتووین ئەو لادەرە بگرین و بۆ بەردەم مەقامی سوڵتانی پایەدارمان راپێچی بکەین! تێگەیشتن، دووربکەونەوە و خۆتان گوناهبار و کافر مەکەن!

هەموو بەیەکەوە دەڵێن:

فەرمانی سوڵتان سەر سەرمان، بەڵام ئەو شێخە چی کردووە، ئەو پەپوولەیە گوناحی نییە. منداڵی ناو سکی ژنەکانمان گوناحیان هەبێت، ئەو زاتە موقەدەسە گوناحی نییە. سێبەر و چاکە و فەرموودی جوانی هەیە، ئاسمان شاهیدە!

ژەندرمە سەر سوورەکەی سەر ئەسپەکە، کە گوێی لەوە دەبێت. دەڵێن فەرمانی سوڵتان لەسەر سەرمان، دەنگی زەلامتر و شانی ئەستوورتر و چاوی سوورتر دەردەکەوێت، بەشانازییەوە دەڵێت:

ئەو پیاوەی لەناو ئەو حوجرەیە، ئەوەی ئێوە بە وەلی و پیاوچاکی دەزانن. کافرە. لە دین وەرگەڕاوە. کاری ناشەرعی لەناو ئەو حوجرە و لەناو ئەو مزگەوتە دەکات. لە پەنای لاپەڕە پیرۆزەکانی قورئان و فەرمانەکانی سوڵتان گوناحکاریی دەکات. ژنان دەباتە ناو حەلقەی زیکر. ژنان لەگەڵ پیاوان سەروقژیان دەکەنەوە. سینگیان دەکەنەوە. سوخمەیان دەکەنەوە و چاویان دەکەنەوە و رووت دەبنەوە. زیکر دەکەن و لە خودا دووردەکەونەوە. ئەوەش حەرامە! ناکرێ چۆن دەبێ ژن و پیاو بەیەکەوە زیکر بکەن، ژنە سۆفی حەرامە، ژن و زیکرکردن نەبووە!

....

پیاوە شان گەورەکەی سەر ئەسپەکە قسەکانی تەواو دەکات. نایەوێت گوێی لە قسەی تر ببێت. فەرمانی بە دوو ژەندرمەی پشتەوەی خۆی دەدات. بچنە ژوورەوە، بچنە ناو حوجرەکە. دەنگی زیکر و دەف و سەلاوات و ئەلاهو ئەکبرەکە، مقامە بە سۆزەکە کپ بکەنەوە. شێخیش دەمچەفت بکەن و بیهێنە دەرەوە.

دوو ژەندرمەکە بەپەلەپەل، وەحشیانە بەرەو دەنگ و سەدا و زیکرەکە دەچن. بە تەنگاوییەوە سەکۆی مزگەوتەکە، بەردەرگای حوجرەکە دەبڕن. دەگەنە ژوورەوە و وەک تارماییەک، وەک سێبەری ئاوێکی سارد ون دەبن. لەگەڵ چوونە ژوورەوەیان سام و دووکەڵ و هەناسەیەک لە پشتەوەیان دەردەکەوێت،. ئەوان لە ژوورەوە ون دەبن، دەنگە دەنگەکە، سەدا و دەف و ماشاڵا و تەکبیرەکان گەرمتر دەبێت. دەنگەکە دەگاتە دوورترین ماڵی شارەکە، تەکبیرەکە بە سۆزتر دەبیت. دەفەکان. ئەگەر دە دانە دەنگیان دەهات، ئەگەر بیست دەست لێدەدا، دەنگیان بە قەد گرمەگرمی هەورێکی بەهارانە و تریشقەیەکی لێهاتبوو. دەستی هەموو ژن و پیاوەکانی شارەکان بۆ دەف لێدان هاتبوونە جۆش و گەرمبوون. ژوورەکە، ببووە سەحەنێکی گەورە و حەوشێکی پان و سەربانێکی تەکیە. کە ئەوان دەچنە ژوورەوە، ژوورەکە دەبێتە کورخان و مەنجەڵی کوڵاوی رۆژی حەشر.

کە فەرماندە سەرگەورەکەی دەرەوە، دوو لە پیاوەکانی رەوانەی حوجرەکەی شێخەڵا دەکات. گەرمی زیکر و تەکبیرەکە گەرمتر دەبێت. وشەکانی دەمیان، داوی قژیان، نزا و پاڕانەوەی ژن و پیاوەکان، وەک رەوە پەپوولە، وەک شانە هەنگ و شارای گەنم و چاوی گوڵەبەرۆژە و رەنگی سەر پشتی ماسی جۆگەکان دەردەچن. دەفڕن. تاقگە دەکەن و

بەرزدەبنەوە. دوو کەسەکە دەرناکەون، دوو ژەندرمەکە چوونیان ئاسان و لزگین دەبێت، هاتنە دەرەوەیان درەنگ و شپرزە دەبێت. هەردووکیان کە دەچنە ژوورەوە دوو پیاوی چوارشانەی سمێڵ گەورەی دەست بە مووی، چاو وردیلەی ڕوومەت بەلۆچ بوون. بەڵام کە دێنە دەرەوە دەبنە دوو ژنی ناسکی سپی نەرمۆڵە. دوو مەمکی هەنارییان لێ دەڕوێت. کە سەر بە حوجرەکە دادەگرن، هەموو پیاوەکان بە ژن دەبینن. هەموو ژنەکان سمێڵیان ڕەش دەبریسکایەوە. بەیەکەوە زیکر دەکەن، بەیەکەوە دەست بە قورئان سەریان لە ئاسمانە. چاویان داخراوە، هەناسەیان گیراوە و دڵیان مەند و دەمیان قەندە.

هەردوو ژەندرەمەکە، لەناو زیکرەکە مەست دەبن. دەفڕن. هەست بە پیاوەتی خۆیان ناکەن. تورکیبوونی خۆیان لەبیردەچێتەوە. نازانن خەڵکی کام وڵاتن. لە کام کێڵگەوە گیراون ئەنکشارییین. یان پیاوی ئاغا و بەگ و خەزنەدارێکن... خۆیان لەبیردەچێتەوە بینە دەرەوە. لەبیریان دەچێتەوە لەگەڵ فەرماندەیەکی تورکەوە هاتوون. نازانن هاتوون شێخەڵا بگرن و دەرگای حوجرەکەی شەمێ بکەن. نازانن ناویان چییە ژنن. یان پیاون. لە ئاوەکەی دیجلە پەڕیونەتەوە، یان بە بیابانەکەی نەجدەوە هاتوون!

دوو دەست بەشیرەکە، لەناو حەلقەی زیکرەکە، لە بیریان دەچێت بێنە دەرەوە. ترسی سەرکردەکەیان بۆ زوو گەڕانەوە و جێبەجێکردنی فەرمانەکەی سوڵتانیش لەبیر دەکەن. دەکەونە ناو زیکر، لە دوورەوە و لە ناو هاڵاوی ڕووناکی. لەگەڵ بوخاری هەناسە شێخەڵا دوور بە دووری دەبینن. چرایەکە و داگیرساوە. ستوونێکە بەرز ڕاوەستاوە. گۆچانێکە و لەناو دەستی نەخۆشێکە. بالیفێکە ژانێک دەخەوێنێت. سەرینێکە ئارامی بە بیوەژنێک دەبەخشێت.

دوو پیاوەکە، نوێژی عەسرییش دەکەن. هەر ژن بوون. دوو مەمکیان لە سینگیان ڕوواوە. دێنە دەرەوە سوپاکە نەماوە. برادەرەکانیان فڕیون. ترساون، گەڕاونەتەوە. هەر پێیان لە حوجرەکە دێتە دەرەوە. هەر کە تاولەرزی زیکرەکە بەریاندەدات. کە چاویان دەکرێتەوە، دەبنەوە دوو پیاوی سادەی سپیپۆش. دەبنە دوو کەسی ئاسایی. زۆر لە دوورەوە، غەڵبەغەڵب و ڕاکردنی سوارەکان دەبینن، دەزانن سەرکردەکەیان ملکەچ دەکات، فەرمانەکەش جێبەجێ ناکات و دەگەڕێتەوە.

دوو ژەندرمەکە. یەکێکیان لە مزگەوتەکەی ڕۆژهەڵاتی شارەکە. دووەمیان لە تەکیە و حوجرەکەی ڕۆژئاوای شارەکە. دەبنە مجێور و خەلیفە. هەر لەو شارەش ژن دەهێنێن و

منداڵ و وەچە دەنێنەوە. منیش داستانەکەیان دەنووسمەوە. نەوەکانیان باش بابە گەورەیان دەناسنەوە، هەموویان دەڵێن:

درود بۆ ئەو شێخەی، باپیرانی ئێمەیان لەو سوپایە، لەو کاروانە ستەمدارییە دەرباز کرد. بووینە خەڵکی ئەو شارە! رۆژانەش، ئەوانە لەبەر رووناکی ئەو شێخەڵایە، کالای هەرزان و میوەی تەڕ و شیرینی بە شیلە، گەمەی ناسک بۆ منداڵان، دیاری بەسۆزیش بۆ ژنەکان دەکڕن. ژنەکانیش، لێرە پێویستییەکانیان هەڵدەگرن. لەناو شارە گەورەکەش، دەچنەوە ناو خێزان، بەر کەپری دارمێوەکانیان، ئارام و بە هیواوە چاوەڕوانی کۆبونەوەی هەموو دەست و چاو و هیوای خێزانەکانیان دەکەن.

....

# شارێک لەناو مووردتک

مەلا مەجید و کاکە سوور، دوو خانوویان لەناو خانووەکانی مەحەتە وەرگرتبوو، دیواریان بەیەکەوە بوو. دارتووەکەی حەوشەی مەلا مەجید، یەک چارۆگە سێبەری بۆ خۆیان نەبوو. تووەکەش، هەمووی لەناو حەوشەکەی ماڵی کاکە سوور دەوەرین و دەکەوتنە خوارەوە. نەرم نەرم، دانە دانە، وەک ددانی منداڵێکی تاقانە، وەک گەردیلەی خەناوکەیەک دەکەوتن. (نەمام)ی ژنەکەی کاکە سوور، بەیانییان، گلەیی لە با و تەمەن و پایز و باڵای دارەکە دەکرد:

داری ئێمە نییە، سێبەرەکەی ناکرێ بڕەوێنینەوە، بەڵام تووەکەی بۆ!؟

دانە دانە تووە سوورەکەی بە دەندووکی پەنجەکانی، بە ئەلماس و کەلای چاوەکانی، نەرم نەرم کۆدەکردەوە. تووەکەی لەناو سەبەتێکی دەکرد، دەیبردەوە لای دادە (گوڵستان)ی هاوسەری مەلا مەجید. ئەگەر مەلا مەجید وازی لە فەقێیەتی و خوێندنی حوجرە نەهێنابوایە، دادە گوڵستان بەئاسانی دەبووە مەلاژن و کەسیش ناوی نەدەزانی!

بەڵام! ئێستا، لەو شارە گەورەیە. هەموو ژن و پیاوەکانی گەڕەکەکە. دوایی لایەنگرانی حزبەکەی مەلا مەجید. تێدا ئەندامێکی چالاک و لێپرسراویش بوو، دەیناسن. ژنەکەیان دەناسی. پیاوەکە، بەختی وابوو، ئینجا نەیاندەزانی خەتای کامیانە، بەڵام دەزانرا کوڕ و کچیان نەبوو، برا و ئامۆزای لەو کاروانەدا هاوشانی نەبوو، بەڵام گوڵستان ژنەکەی، لە هەموو کۆبونەوە نهێنییەکان (کە بە ترسیش بوون)، لە کاتی نووسینی راپۆرت و راسپاردەکان، (بە یەک دانە، یان کاربۆنیان بۆ لەسەر گرتنەوەی لەبن دادەنا)، ژنەکە بەر لەوەی مەلا پێی بڵێت:

ئەو چرا و دەرگاوان و پاسەوانیان بووە. نهێنی و ناوەڕۆکی کۆبونەوەکانی دەپاراست.

....

ئەگەر ئێستا ئەو ژنە، لە ژیاندا مابوایە، نیو سەدەیەک، مردنەکە، بیست ساڵێک دوا دەکەوت. ژنەکە، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی. لە دیمانەیەک، بەرامبەر کوڕێکی قەڵەوی سوور و سپی و خاوێن جوان و زۆر پۆشتە، هەر سەعاتەکەی دەستی، پارەی چەند میسقاڵ زێڕی پێ درابێت، کە بە خەڵات و دیارییش وەرگیرابێت، دیمانەی دەکات. بە بینەران و گوێگرانی رادیۆکەشیان دەڵێت:

میوانی بەرنامەکەمان، بینەران، گوێگرەکان، میوانی ئەو ئێوارەیەمان. ژنێکی بە جەرگ و خەباتگێرە. بەڵام! ئەو ژنە تێکۆشەرە بەداخەوە زۆر کەم باسی کراوە، (چونکە هیچ کوڕ و کچێکی نەبووە. کەسی خەمخۆری نەبووە. حزبەکەش ئاگای لەو کۆنە هەڤاڵانە نەماوە. چونکە، بەر لە چەندین ساڵ، مێردەکەی کە بەیەکەوە خەباتیان کردووە، وازی لە رێبازەکەی ئەوان هێناوە، بۆیە هەرگیز شانازی پێوە ناکەن. چل پەنجا ساڵەکەی خەبات و کۆبونەوە و رێنمایی و چالاکییەکان، برسیەتی و ماندووبوون، ئەدی ئەو هەموو درۆ و فێڵ و پێچکردنەوانەی رۆژانی حزبایەتی، بە فیڕۆ دەچێت. رۆیشت و کەس هیچی لەبیر نەماوە، لەبیریان نەماوە)، بەڵام ئێمە وا لەگەڵ ئەو ژنە، ببوورن، بەرنامەکەمان راستەوخۆیە. دەتوانن بە هەموو ئامێر و کەرەستەکانی پەیوەندی کە زۆرن، بەشدارییمان بکەن، (کەی مۆدیلی بەرنامەی تۆمارکراو ماوە، هەموو بەرنامەکان زیندوون. بەڵام دەتوانن ئەوانەی بۆچوونەکانیان، بۆ ئەوان، خوازراو نییە ببڕن، بەئاسانی و بە یەک کلیک پەراوێزی بکەن)، بەر لە دەستپێکردنی بەرنامەکەمان، ئەو ژنە دادە گوڵستان، (ئەگەر لە ژیان دەبوو) بۆی دەگێڕامەوە:

لەناو تاقە ژوورەکەیان. لە گەڕەکی تەعجیلی ئەو شارە، کە ئێستا گەڕەکەکە کەلاوەیە. ئەندازیارێک، بە سوود وەرگرتن، لە بەرنامەی تواناسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان. تا وەزارەتەکەش لێمان تووڕە نەبێت، ناوی وەزارەتەکەش دەڵێین، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. کوڕەکە دەچێتە دەرەوە، دکتۆرا لەسەر نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە کۆنەکان وەردەگرێت. لەناو قوتابییەکان، کیژە جوولەکەیەک دەناسێت. کیژەکە. وێنەی کۆنە دەرگایەکی کۆڵانەکەی ماڵی باپیرانی نیشان دەدات. پێشنیاریش دەکات، تا کۆڵان و دەرگاکە نۆژەن بکرێتەوە. کە ساڵانێکی زۆر،

بابوباپیرانی، نەوە لەدوای نەوە، هەتا کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردوو، سەرەتای پەنجاکان لەوێ ژیاون...

دوا کەسیان، کە لە دەرگاکە دەرچووە، وێنەکەی گرتووە، وێنەکەشی هەڵگرتووە. دەست بە دەست، ماڵ بە ماڵ، وڵات بە وڵات و جانتا بە جانتا، داتا بە داتا و فایل بە فایل، وێنەکە پاک و باش هەڵدەگرن. وێنەکە ماوە و دەمینێتەوە. وێنەکە دەپارێزن، تا ئەو رۆژەی ژنێکی پیری بە تەمەن. بۆ یەکێک لە نەوەکانی رەوانە دەکات، داوای لێ دەکات و بۆی دەنووسێت:

من دەمرم و دەڕۆم. باش دەزانم ماڵ و کەلوپەلەکانم، لەلایەن دەزگایەکی خێرخوازی هەڵدەگیرێت. خاوەنداری دەکات و دەیبات. کەلوپەلە باشەکان، نوێیەکان، کۆنە دەگمەنەکان دەفرۆشرێن و نامینێن. خاوەنیان دەبێت. وێنەکەش، ماوەیەکی زۆر لەناو سەبەتێکی کۆنەفرۆشی بێناز دەکەوێت. وێنەکە، لەناو دەستی ئەو خەڵکەی هەفتەی سێ رۆژ، سەردانی کۆمەڵەکە دەکەن، هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکرێت. کەس یەک سەنتیشی پێ نادات. وێنەکە شپرزە و کۆنتر دەبێت، بۆیە لە جەردێکی خێرای کۆمەڵەکەش بڕیار دەدەن. وێنەکەی چەند ساڵە، هەمووومان هەڵمانگرتووە و پاراستومانە، فڕێی دەدەنە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە، (ئەگەر نامەکە وا درێژیش نەنووسرابوو، بەڵام ئەو مانایە لەناو دێرەکانی دەخوێندرانەوە)، وێنەکە ون دەبێت. بۆیەش من وێنەکە بەخەمەوە بۆ تۆی رەوانە دەکەم. کیژە شیرینەکەم. چونکە لە ناو هەموو بنەماڵەکەمان. لە هەموو وڵاتەکاندا، تەنها تۆ ئارەزووی تەلارسازیت کردووە، ئەو زانستە جوانە دەخوێنێت.

....

ژنەکە (ئەگەر بەر لە چەند ساڵێک نەدەمرد)، لە بەرنامە تەلەفزیۆنەکە کە بە زیندوویی پەخش دەکرا، بێ شەرم و بێ ترس قسە دەکات، لە وەڵامی کوڕەکە، کوڕە پێشکەشکارەکە دەیووت:

چۆن وا ئازا بووم، تازە مەلا مەجیدی هاوژینم، کە ئێوە باشی ناناسن، چونکە کەم ناوی هاتووە. تازە ئەو فێری کوردایەتی ببوو. ژنەکە دەڵێت:

تازە ئەو حزب و دەستەیە پەیدابوون، ئەو بە شایستەی دەزانی کاریان لەگەڵدا بکات، تێدا ببێتە ئەندام. بە گەرمییەوە دەکەوێتە کارکردن. رۆژانە لە ئیشکردنی ناو مەحەتە

و نێوان فارگۆنەکان، ناو نەفەرەکان، پشکنینی سکەکە دەهاتەوە، تا ئیسراحەت بکات، راپۆرتی دەنووسی. تا چاوەکانی جوان بن، رۆژنامەکانی بەغدای دەخوێندەوە. تا قاچەکانی وەرزش بکەن، ماڵ بە ماڵ، چەندین چایەخانە و دووکانی شارەکەی بەسەر دەکردەوە. راوەستانی نەبوو، دەچووە ناو ماڵەکانی دەرەوەی شار، ناو باخچەکان، سەر کورەکانی خشتبڕین. ئەو بەردەوام بەرباخەڵ و ناو شەرواڵی، گیرفانەکان پڕ دەکرد لە بڵاوکراوە و ناڕەزایی و لیستی ئیمزا کۆکردنەوە، ناوی ئەندامان و ئابونە و وردە نامەکان.

ژنەکە بەحەسرەتەوە دەیگێڕایەوە:

ئەوەندە گیرا و ئازاد کرا. ئەوەندە خۆیشاردەوە و راوە راویان پێکرد. ئەوەندە جنێویان پێدا، بوختانیان پێکرد. چونکە خۆڕاگر و بەهیمەت بوو. لە هەموو ئەستەنگ و کۆسپەکان دەربازی دەبێت، مەلا مەجید دەبێتە سەرکردە و رێبەری شارەکە.

دادە گوڵستان، لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکە ئاماژەی بەوە نەدابوو، بەڵام زۆر جار، لەکاتی پشوودان و رەشنووسی راپۆرتە حزبییەکانی، کە لەناو ژوورەکەی ئەوان دەکران، کە لە ماڵەکەیان دەکران. سەربردەی (بیر)ەکەی بۆ ئەندام و دۆستەکانی مێردەکەی دەگێڕایەوە، بە پیاوەکانی ناو کۆبونەوەکانی وتووە. هەموویان گوێیان بۆ راگرتووە، دەستیان لەسەر قەڵەم و کاغەز و کاربونەکان سست بووە. بۆ ورەبەرزی، بۆ ئازایەتی و نەبەردی خەڵکی ئەو شارە بۆی دەگێڕانەوە:

ئەنگۆ خەڵکی ئەو شارەن، زۆربەتان ماڵتان لە قەڵات بووە. لەو قەڵاتە کوڕانی گەڕەکی تۆپخانە و سەر (بەدەن)ەکەن. من زۆر لە ژنە بە تەمەنەکانی ئەو شارە، ئەو گەڕەکەم بیستووە. ژنان لەسەر جورمەی حەمامی ناو بازاڕ. ژنان، کە بەیەکەوە سەیری بەژن و ناوقەد و سمتی کیژێکیان دەکرد. کە داوایان لێ کرابوو، بزانن بەڵەک و سمت و پاژنی کیژەکە چۆنە، لووس و سپییە، خاڵی تێدایە، یان وەک هەسان لووسە. ژنێک، دایکێک تا ئەو کیژە بۆ کوڕەکەیان بخوازێت، پێیان دەڵێت:

هەمووتان ئەو چوارشەممەیە، لەسەر جورمەکە. پێش خۆشووشتن، ئەو کیژەی بوخچەیەکی سووری پێیە. ئەو کیژەی برایەکی شەش ساڵانەشی لەگەڵە. پێش ئەوەی خۆی وشک بکاتەوە، کە پرچی شانە دەکات. کە خەنە دەگرێتەوە. کە دەرمان دەگرێتەوە. جوان سەیری جەستەی رووتی بکەن. بزانن ئاوەکە چەند سپی دەکات، کەف

چەند لووسی دەکات. سەیری بکەن و بزانن کێندەرێی ئەو کیژە زۆرتر دەبریقێتەوە. دەمەوێ جوان تێبگەم، کێندەرێ جەستەی، ئەو کیژەی بەنیازە ببێتە بووکمان، بە تاریکی و لەبەر تیشکی کزی مۆمەکە دەبریسکێتەوە. هەمووم بۆ بگێڕنەوە، چونکە دەمەوێ ئەو کیژەی بوخچە سوورەکەی پێیە، بۆ کوڕەکەم بخوازم. بەرووتی کیژ دیارە، دەبێ ژنخواز لە حەمام و لەبەر ئاو و لەناو کەف و سابوون و دەرمان ژن ببینێت.

....

ئەگەر دادە گوڵستان، ئەوەی خەڵکێکی گەورە و دڵسۆزی ئەو شارە، سەدان کۆبونەوەیان لەبەردەم ئەو، لەگەڵ چایە شیرینەکەی ئەو، لەگەڵ بۆنی چێشت و خزمەتی مانەوەیان، لە ماڵە گچکە و سادەکەی ئەو کردبوو، نەمردبوایە، لە بەرنامەکە ژنەکە دەیگێڕایەوە:

لەوێ ژنەکان بۆیان گێڕاومەتەوە. لەوانم زانیوە. لەو شارە، هەر لەو کۆڵانەش، گەنجەکان، پیاوە سەر گەرمەکان. ئەوانەی دژی والی و عوسمانییەکان بوون. لەناو کۆڵانەکانی قەیسەری، لە دیوەخانەکانی قەڵات و لەسەر شوورەکەی شار و نزیک ژەندرمەکان. ئەوان دەزانن، والی شارەکە گۆڕاوە، کۆنە والییەکەی شار دەگوازرێتەوە شاری بەعلبەک. هەندێکیش دەڵێن، نەخێر بۆ دوورگەیەکی یونانیان ناردبوو.

ژنەکان لەناو حەمامەکە و لەکاتی تاوانەوە لەکاو کەف و هەڵمدا، دەیانووت:

زانیومانە کە والییە نوێیەکەش، کوڕە دەوڵەمەندێکی شاری ئەنتالیا بوو. کوڕەکە وەک کچان برۆی هەڵدەگرت، وەک ژنان ناسک و نەرم بووە، وەک دەوڵەمەندەکان کەمدوو بووە. ژنەکان، ئەوەیان لە گەورەکانیان بیستوە، بۆیە لەگەڵ بژاری نیسک و ساوەردا قسەیان کردووە و وتوویانە:

والییەکە، زووتر حەزی بە وێنەکێشان و دەستخەتی کردووە. بەڵام باوکی پارەی زۆر سەرف دەکات، دەعوەت و ئاهەنگی سەما و بەزمی شەوچەرەش دەکات. تا کوڕەکەی بکەنە والی، لە کونج و گۆشەی خوێندن بێتە دەرەوە. چیتر بە دیار هونەرمەندە ئیتاڵییەکان، ئەوانەی لە ژەنیو و ڤینیسیا بۆ نەخش و وێنەکردن هاتبوون، سەرسام و مەند نەوەستێت و بیریان لێ نەکاتەوە. باوکی، نەدەیویست کوڕەکەیان وەک پەڕەمووچ

و روومەت و قۆزاخەی لۆکە ناسک بێت. کوڕەکەیان، وەک ئاو و هەنگوین شل بێت. ئەوانەی نەویستووە، باوکەکە ئەوانەی بۆ کوڕەکەی نەدەویست. بۆیەش داوا دەکات، کۆششی زۆر دەکات. کوڕەکە بکەنە والی. بیکەنە کونسڵ. بە کەشتی و کاروانی سواری زۆرەوە، لە شار و قەڵات و قەیسەرەکانیان تەڕاتێن بکات. وەک دەریا هەڵبەز و دابەزین بە کەشتییەکان بکات.

والییەکە، کوڕە دەوڵەمەندەکەی ئەنتالیا، لەو کاروانە، لەو پۆستەدا چەند زمان فێر دەبێت، وریاتر دەبێت. چەند شار و بازاڕ و دیوەخان دەکات. تا دەگاتە شاری هەولێر و تێدا دەبێتە والی. لەو رۆژانەی ئەو، خەریکی سازکردنەوە و دانانەوە و رازاندنەوە کۆشک و دیوەخان و سەراکەی دەبێت. کە تەواو دەبێت، گەورەی شارەکە، مەلا و بەگزادەکان، چاوەش و جامبازەکان، پیاوانی بازاڕ و بازرگانەکان سەردانی دەکەن، هەموو دەڵێن:

والییە ناسکەکە، دیوەخانەکەی بە مافوور و پەردە و سەرین و چلچرا و مەسینە و ئاوێنە و گوڵدان و کوپە و فەفخووری و سەندوقی هیندی رازاندوتەوە. نەماندیوە و نەمانبیستووە کەسی تر کۆشکی وا ساز کردبێت.

پاش سەردانەکانی، پاش هەڵسانەوە و شانازییەکانی والی. هەموویان زۆرتر باسی مافوورێک دەکەن، نەخشەکانی پێدەکەنن، درێژییەکەی تەواو نابێت، رەنگەکانی سوورترن لە خەنە، ناسکترن لە شەونم و خوناو. شارەکە، گەڕەک بە گەڕەک، باسی مافووره سووره لاکێشەکەی دیوەخانی والی دەکەن. پیرەکان بە گەنجەکانیان دەوت:

کوڕینە سەرمان سپی کرد و مافوورێکمان نەدیوە، رەنگ و نەخش و گرێبەندی پشتەوەی وا ناوازە و دەگمەن بێت.

گەنجەکانیش، چەند گەنجێکی بوێری هەولێریی لە شەوێکی تاریکدا، (ژنەکە لە کۆبونەوەکە بەو سەربردەیە هەڤاڵان گەرم و جۆشدار دەکات) کە ئەستێرەکان تیشک و تریفەی مانگەشەویان لەسەر نەبوو. گەنجەکان لە شەوێکی ساردا، تیشکی خۆر گەرمی نەبەخشیبوو.

دەستەیەک لە گەنجانی ئەو گەڕەکە. ئەوانەی کورەچی بوون و شان دەستیان پان و گەورە هەڵکەوتبوو.

ئەوانەی لەناو کارێزەکان زۆر دەمانەوە، پشوو درێژ و چاوتیژ بوون.

یەکێک لە سەفارەکان، خڕ و پەیت.

یەکێکی دارفرۆش، پیاوێکی شلک و مل درێژ.

یەکێکیان لە کۆڵانان دەگەڕا و سابوونی لەناو زەمبیڵ دەکرد و دەیفرۆشت.

ئەوانە بەیەکەوە. ئەوانە ئازایانە لەو شەوەدا، دەچنە سەر دیوەخان و ناو ماڵەکەی والی. دیوارەکەی دەبڕن. سەربانەکە کون دەکەن. کۆڵانەکە دەکەنەوە. دەرگای ژوورەکان بە چوارچیوەوە دەردەهێنن. سەگەکان دەخافڵێن. پاسەوانەکان دەنوێن. ئینجا بەو شەوە مافوورەکە دەدزن، لوولی دەدەن، مافووره سوورەکە بە چوار کەسان لەسەر شانیان هەڵدەگرن، باری دەکەن. مافووره گرانەکە لە کۆشکی والی دەبەنە دەرەوە. بەڵام! هەموویان نازانن مافوورەکە لە کوێ بشارنەوە. کورەچییەکە دەڵێت:

با بیبەینە ناو کورەکان.

بەڵام زۆریان دەڵێن:

کوورەکان دووره و شونهەڵگر دەماندۆزێتەوە، چونکە ڕێگاکە خۆڵە.

مافوورەکەیان لەسەرشانە و دانوستان دەکەن. دەڕۆن و بەشانازییەوە پلان دادەنێن. سوور هەڵدەگەڕێن و ماندوو نابن. دووردەکەونەوە و ون نابن. دەڕۆن و ناگەڕێنەوە. دەرئەنجام بڕیار دەدەن، مافوورەکە بە گوریسێکی ئەستوور. بە چەند گرێ و قەدەوە ڕەوانەی ناو کارێزێکی قووڵی دووری شار و باخچەکانی بکەن.

....

بەیانی زوو، تازە شار چاوەکانی دەکاتەوە، ئاوریشمی هەڵداوەتە. والی هەولێر دەزانێت، پاسەوانەکان سەرشۆر و شەرمەزارن. سەگەکان کلک شۆر و گوێ پووتن. دیوارەکان کونبەدەرن. هەموو شەرمەزارن. چونکە ئەو شەو، مافوورەکە دزراوە. والی شێت و هار دەبێت، بە هەموو هێزی دەنگییەوە هاوار دەکات:

من چەند شار و ویلایەتم کردووە، چەند کۆشک و بازاڕ و قەڵاتم کردووە. لەگەڵ کەس، لەناو هیچ میللەتێک، لەناو هیچ عەشیرەتێک وام لێ نەقەوماوە. لەو شارە نەبێت! هەر

ئیمڕۆ و هەتا نوێژی نیوەڕۆ، مۆڵەتم داناوە. مافوورەکەم وەک خۆی، خاوێن و سوور و دەق نەشکاو و نەگەچراوم دەوێتەوە. دزەکانیشم بۆ قۆڵبەست بکەن، روویان رەش بکەن، گوێیان ببڕن. من خۆم دوا سزایان دەدەم، دەبێ بە دەستی من مەرگسات بچێژن.

پاسەوانەکان، ژەندرمەکانی شارەکە و شارەکانی تریش. لەو شارەدا، لە گوندەکان، لە بازاڕ و دووکانەکان. لە مەزرا و باخچەکان. پشکنینی ورد دەکەن. بەڵام! هیچ نادۆزنەوە. هەر چەند ماوەی دزینی مافوورەکەی ماڵی والی درێژتر دەبێت، والی و پاسەوانەکان لە پشکنین وردتر دەبن، زۆرتر دەبن. بەڵام هیچ نادۆزنەوە، بە والی دەڵێن:

هەزار مافووری وا بە قوربانی تۆ بێت. وا دەکەین، هەموو عەشیرەتەکان، ژنەکانی شارەکە. شەو و رۆژ لەسەر تەون دانەبەزن. دەست و پەنجە و چاوەکانیان لە چنین و تەونکردنا نەکەون. لەجیاتی یەک مافوور، دە، بیستت بۆ بکەین، بەس تۆ نیگەران مەبە!

والی، ئاگری دڵ و حەسرەتی ستەمەکەی لەبیرناچێتەوە. ژوورەکانی بۆ مشت مافووری کەشمیر و تەبریز و سنەیی دەکەن. بەڵام ئەو هەر چاوی لە مافووری غەدرەکە دەبێت. چونکە ئەو شەرم دەکات، دەترسێت والییەکانی بەغدا و حەلەب و ئەنتالیا بەو کارەساتە بزانن. باوکی بزانێت، دایکی بزانێت. بەڵام مافوورەکە، ئیمڕۆ نەدزراوە سەد ساڵە دزراوە. لە هیچ شوێنێک بەدەرنەکەوت. کەس قسەیەکی بۆ نەکرد. کەس نەهات بڵێ من دەزانم کێ بردیویەتی. مەئمورێک نەهات، کوێخایەک، ردێن سپییەک ناوێکی نەهێنا. مافوورەکە نەدۆزرایەوە و دزەکانی ماڵی والییش نەزانرا. هەتا شەوێکیان، دزەکان. پاش ئەوەی دەزانن والی چاوی شۆرە و دڵی شکاوە و ئەتکراوە. شەوێکیان دزەکان، پیاوەکان دەچنەوە ناو کارێزەکە. گوریسەکە رادەکێشنەوە. مافوورەکە هەڵدەکێشنەوە. تۆزەکەی دادوەشێنەوە. رەنگەکەی دەبوژێنەوە. قاسپە دەبەخشنەوە کەوەکان. رەنگ دەدەنەوە گوڵەکان. پانتایی دەدەنەوە قەدەکان. هەر بەو شەوە خۆیان دەپێچن، هەموویان وەک با سووک، وەک دەرزی باریک، وەک ئاو شل و نەرم، وەک پەیک چالاک و چووست. مافوورەکە دەبەنەوە دیوەخان و سەرایەکە. مافوورەکە وەک خۆی رادەخەنەوە. بەئەسپایی و دوور لە چاوی دیوار و پەنجەرە و سەگ و پاسەوان و وریایی والی، بە سەلامەتی بۆی دەردەچن.

کورەچییەکان دەڵێن:

یەکێک لەوانەی سەری والی نەوی کرد، پیاوێکی ئێمە بوو.

ژنەکانی سەفار و بازرگانەکان، لەناو ژنان و لەگەڵ هەڵمی ئاوی گەرمی حەمامەکە دەڵێن:

کوڕ و برازاکانی ئێمەشیان لەگەڵدا بوو. کە والییە گەنجەکەی عوسمانییان بەو مافوورە پیر کرد.

ردێن سپییەکانی دیوەخان و بەر سێبەری مزگەوتەکان، کە دوا سڵاوی نوێژەکانیان دەدەنەوە. لەسەر حەسیرە رەقەکە پاڵ دەدەنەوە. کە تەزبێحی دەستیان دەنک دەنک ئاودیو دەکەن، دەڵێن:

لە ترس و زەبری کەسوکاری ئێمە بوو، عوسمانییەکان، هەتا ئینگلیزەکانیش هاتن، مانەوەیان لەو شارە بە ترس و دڵەڕاوکێ بوو. چونکە کوڕانی ئێمە شەوەکەی مافوورەکەی سەرا دەدزن. پاش ماوەیەک وەک شەرمەزارکردنی والییەکە، مافوورەکە لە ناو دیوەخانەکە رادەخەنەوە و بە سەلامەتی بۆی دەردەچن.

دادە گوڵستان بەو سەربردەیە، بە گێڕانەوەی قسەی ژنەکان، کۆبونەوە حزبییەکەی ئەو ئەوجارەیان دوادەخات. بۆیە ئەندامەکان نەیانتوانی راپۆرتەکەیان پاکنووس بکەنەوە، بە پەلەپەل ئابونەکەیان کۆدەکردەوە و بە شەوباش،ماڵەکەیان جێهیشت.

....

بەدرێژایی ئەو هەموو دێر و بڕگە و لاپەڕانە، بەڕوونی دەڵێم پیاوە جووتیارەکەی دەشتی هەولێری، یەکێک لەو گوندانەی هێڵی شەمەندەفەری بەناودا دەڕۆیشت. لەسەر پارچە زەوییەکەی خۆی. بە ئازار و ماندبوونێکی زۆرەوە جووتی کردووە. هەر بە خۆی، چارۆگەی لەشان کردووە و تۆی داوە. ورد و درشتی خێزانەکە بژارە زیوانیان لێی کردووە. تەبارەکەی بە باران و شەونمی شەوانە. باڵای کردووە و زادی گرتووە. گوڵەکان لە خۆشی بەژن و باڵا بەرزەکە پێ دەکەنن. باسکەکان سەما دەکەن، تەبارەکان رەشبەڵەکیان دابەستاوە. ئەویش (کاکە سوور و سەپان و ژن و منداڵەکانی) دەیەوێ زەماوەندی دوورنەیان بۆ بکات، بەڵام دەترسێت:

کلۆ، بە فڕەفڕ، کێشکە بە ڕەوەی زۆرەوە، وەک ڕەشەبا و هووڕە. هێرش بکەنە سەر تەبارەکەی. چاوی و بەژنی، بێ ڕەحمانە و هۆڤیانە لووسی بکەن، بیروخێنن، بیرمێنن.

هێرش بکەن، تا قەڵاتی تەبارەکە بگرن. سەنگەری گوڵەکان، کە بەنازەوە سەما دەکەن و شۆخیان بەو بەژن و لاسکە تەڕانە دێت، دیل بکەن.

ئاسمان و بەیانییەکی بێگەرد و چاوێکی وریا دەڵێت:

_ کێ حەدی هەیە، کێ دەتوانێت. تەبارەی هەموومانە، ئەو گەنم و جۆیە شەرەف و نان و ئاگردانمانە!

پەلە هەورێکی دوور، شوێنەکەی بەرز بوو، دەیبینی. بۆیە ئاماژەیەکیان بۆ دەکات و پێیان دەڵێت:

_ ئەدی ئەوە دیار نییە، وا، دانە دانە، کلۆ و کێشکە بن زەردەکان. باڵیان لێکدەدەن و لەسەر تەبارەکانتان دەسوڕێنەوە. هەواڵی شیلەی شیرین و چاوی گەرمی گەنم و جۆیەکان دەبەنەوە، ئەوانە جاسووسن و هاتوون!

_ کێشکە و کلۆش جاسووسی دەکەن؟

_ بەڵێ، جاسووسی دەکەن. ئێمەش وەک هەور، هەموومان، بۆ خۆمان قوربانی دەدەین، ئەو ئاسمانە بەرینە بە گومانەوە دەبڕین.

کاکە سوور، مەردانە، دەستوبرد، یەکەم کێشکەی بن باڵ زەردی بزێوی ورد دەگرێت. کاکە سوور دەتوانێت یەکەم کلۆی جاسووسی کلۆیەکان بگرێت. هەردووکیان قۆڵبەست و دەمبەست و باڵبەست دەکات. بەتووڕەییەوە دەگاتەوە ناو حەوشەکەیان، کوڕەکەی خەوتبوو، خەونی دەبینی، دەگاتە سەر بالیف و جاجمەکە. بەتەپە تەپ و ژاوەژاوەوە دەچێتە ناو خەونی کوڕەکە جاحێڵەکەی!

هەردوو دیلەکە، هەردوو پێشمەرگەکە، کلۆ و چۆلەکە مل زەرد و سک زەرد (تیڤۆک)ەکە. پێش ئەوەی لەناو باخەڵی کوڕەکەی بپەستێت، بە کوڕەکەی دەڵێت:

_ کورم نانت خوارد؟! (هێشتا تووڕەیە) نان..

کوڕەکە دەڵێت:

_ بەڵێ بابە گیان نانم خوارد و ئامادەم!

_ باشە، گوێت لێیە!

_ لە چ!

_ لە تەقەتەقی ناڵی کەرەکەی (حەسەنە کۆر) وا دەڕوات. ئامادەیە! (ئەویش هەستی بە دەنگێک کردبوو، بەڵام کەمێک هەست بۆ دەنگەکە رادەگرێت) ئینجا دەڵێت:

_ ئێستا ئا، منیش هەست دەکەم.

_ کوڕم نزا و دوعا و سک و خەم و ماندووبونی ئەو گوندە. هەموو جووتیارەکان، ماڵەکانی ئەوبەریش. ئەوانەی نزیک بیرەکەش، ئەگەرچی پشت و بەرەبابی ئێمەش نین. بەڵام هەمووبمان بەیەکەوە هەڕەشەمان لەسەرە. زاد و ژیانمان لە مەترسی دایە، هاتنی کلۆ و کێشکە نزیک بویتەوە. من چەند رۆژە داوم داناوەتەوە، خۆم کردوە بە داو و دەرزی، هەردووکیان وا بەڕێوەن. باوکت نوێنەری چۆلەکەکانی گرتووە، سەرمەیدان و پێشڕەوی کلۆکانی گرتووە. ئەوانە هەردووکیان پەیامیان پێیە هاتوون. دەیانەوێ بلەز بگەڕێنەوە، بچنەوە سەرەوە، بگەڕێنەوە. لەوێ لەسەر هێلانەکان بگەڕێن، بجریوێنن، بە (پاساری) و (جووجک) و (سیڤاندۆک)ەکانی خزم و هاوڕێ و زاواکانیان بڵێن. بە (بلووچی) و (بۆر) و (بەفرین) و (چۆماوان) و (سەر رەش) و (مل زەرد) و (کیوی)یەکانیش بڵێن:

گەڕامەوە، هاتمەوە (بە جریوە جریو و بە شادومانییەوە)، دەشتێکی سەوزم دۆزیوەتەوە. هەرێمێک، گوڵە گەنمەکانی تەڕ و نەرم و ئاسان، دوور نییە، با دووریش بێت. کاروان خۆی لەبەر باڵ و فڕین نەگرتووە و ناگرێت. هەوارەکە ئاوەدانی زۆر نییە، دەرمان و پاسەوانیان کەمە. لەوێ گەنم و گوڵەکانی، شەرمن و ترسنۆکن، لەوێ خەڵکەکە سادە و بەستەزمانن!

کێشکەیەکی بلووچی، لە خۆشیان و لە شانازی کوڕە خزمەکەی دەجریوێنێت و دەڵێت:

_ دان و شیرەی گوڵەکانیان چۆنە!

کێشکەکە باڵەفڕەی بوو، لە خۆشیان هەڵدەپەڕی:

هەر مەپرسە! چەور و شل و نەرم! هەنگوین!

کێشکە سەر رەشەکە، باڵێکیشی شکابوو، بەڵام دەندووکی لێکدەدات و دەجریوێنێت و دەڵێت:

زۆرە، ناوچەکە هاتە، زۆرە! دانیان زۆرە!

کێشکە ماندووەکە لە خۆشی پێشوازییە گەرمەکە و شانازییەکە. هەست بە ماندووبون ناکات. یەکە یەکە، وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و بەویش دەڵێت:

بەڵێ، تەبارەکانیان کەسک دەچێتەوە. ئەوان چەقێنیشان کردووە. بەر گوند و سەر گوندەکانیان جووتکردووە. پیاوەکانیان، شەوانەش لەگەڵ ژنەکانیان جووتیش نەبوون. سەپانەکانیان ژنەکانیان جێهێشتووە، تا نەپەڕن و ماندوو نەبوو، جووتیان کردووە و تۆیان داوە.

بەیانی زوو کوڕەکە. لەسەر راسپاردەی باوکی، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی لەسەر دەروێشی باوکی و جووتیارەکانی گوندەکە، بۆ شێخی چۆڵی هەولێر هەبێت. بەبێ ئەوەی لەو شارە، جارێکیش نان و کەبابێکی خواردبێت. یان ناوی لە نەفووسی ئەو شارەش هەبێت. لەگەڵ پیاوێکی کوێری عاشقی ژنێک. کە بە بۆن شەیدای بووە (ئەوە قسە و لێدوانی خۆیەتی)، دەکەوێتە رێ. چۆلەکە و کلۆیەکی لە باخەڵە. تا بیانبانە بەر دەستی ئەو شێخە، هەردووکیان، (چۆلەکە و کلۆ)یەکە. ئەوانیش دەروێش و تۆبەکاری ئەو بن یان نا، (شێخی چۆڵی) قسەیان لەگەڵ بکات. سەرەتا بە ئامۆژگاری و دواییش بە هەڕەشە داوایان لێ بکات:

ئەو جووتیارانە، خەڵکی ئەو دەشتە. هیچ سەرچاوەی تری ژیانیان نییە چەقین و بەیارەکانیان کێڵاوە. بە نانی رەق و ئاوی گەرم. لەبەر قرچەی گەرما و سەرمای ئێسقان شکێن، ئیشیان کردووە. نامەوێ بەڕەوە هێرشیان بکەنە سەر، تەبارەکانیان ببڕنەوە، گوڵەکانیان بقرتێنن، باشە! ئەوە نەکەن، بگەڕێنەوە هێلانەکانتان، ئەو قسەیەی من، بە خزمە باش و لاسارەکانیشتان بڵێن!

بەڵام کوڕەکە (کاکە سوور)، لە نیوەی رێگا، لەلای کرێکارەکانی دانەری رێلەکان. چاوی دەکەوێت، بەو پیاوەی بە منداڵی لە گوندەکانیان. لە مردن رزگاری دەکات. بۆ دەرهێنانی ئەو، شێتانە، دەچێتە ناو بیرە قووڵە تاریکەکە و ئەو دەردەهێنێت. لەکن

کرێکارەکان رادەوەستێت، لەوێ مەلا مەجید، فەقێی گوندەکەیان، دەیناسێتەوە و پێی دەڵێت:

من سەیری دەست و بەژن و باڵای (گوڵستان)م دەکرد، بە درۆش سەرم لەسەر کتێبەکەم بوو. ئەویش هزر و چاوی لەلای من بوو. بەڵام بەس، بە جەستەی لەسەر بیر و قاتانەکە بوو. بۆیە تۆ دەکەویتە ناو بیرەکە. منیش گیانی خۆم خستە مەترسی و تۆم رزگار کرد. ئەو قوربانییە، ئەو نزیکبوونەوەیە گوڵستانی لە دڵ و چاوەکانم نزیک کردەوە.

چۆن دەستوبرد و لەبەر چاوی گوڵستان ئەو لەناو بیرەکە دەردەهێنێت. دیسان، ئەو، لەبەردەم چەند کرێکارێکی سکەکە. کوڕەکە لە پیاوە کوێرەکە دادەبڕێت. بە دوو قسەی رەوان، بە نیگایەکی وەفادارییەوە، چۆلەکە و کلۆیەکە، لەناو باخەڵی دەردەهێنێت.

ئەو دەیەوێ هەردووکیان لەبن سێبەرەکە دابنێت. لەکاتی پشوودانی نیوەڕۆ قسەیان لەگەڵ بکات. فەقێ مەجید، بیر لەوە دەکاتە. دیارە حەسەن بە بۆنەکە لێ دراوە، لەوێ نەوەستێت و بەپەلەیە بۆ دۆزینەوەی بۆنی ژنەکە، هێنانی کەلوپەلەکان خۆی دواناخات. بەتایبەتی کڕینی دەرمانی چاوەکە. چاوی کیژە گچکەکەی، چەند رۆژ بوو، بە ئاوی گەرم و نازی دایکی، پێلوو و برژانگەکانی، لێکدەبونەوە و هەڵدەهات.

حەسەن دەڕوات و بۆنەکە دەیبات، ئاوڕیش ناداتەوە. بۆچی ئاوڕبداتەوە، خۆ ئەو بینایی نییە، تەنها بۆن دەکات. دەڕوات هەتا دوورتر دەکەوێتەوە. تەقەتەقی ئاسن کوتان و دانانی دارەکان، کەمتر دەگاتە گوێیەکانی. بەڵام هەر چەند لە شار نزیک دەبێتەوە، هەر چەند هەست رادەگرێت، بۆنەکە ناکات، دۆزینەوەی ژنەکە ئەستەمتر دەبێت!

فەقی مەجید، بە قەڵەمە حوبرە (تیکۆ)ی باریکە نووک تیژەکە، لەسەرخۆ چەند سەرە دێرێک بۆ میوانەکەی دەنووسێت، پێی دەڵێت:

ئەو دوو لاپەڕەیە بنووسەوە، دەستخەتت باشتر بووە. من ئیمڕۆ میوانم هەیە، بەڵام بەڵێنت دەدەمێ، چۆن هەموو شتەکان بە کوردی و بە عەرەبی دەخوێنیتەوە، من نووسینت فێر دەکەم. لەگەڵ هاتنی قەتارەکە، نووسینی تۆش باش دەبێت و پێویستت بە من نامینێت.

_ وەرە کاکە سوور، ئەوە حەسەن ڕۆیشت، دوورکەوتەوە. بزانم باوکت تۆی بۆ چ دەنارده شاری! فەقێ مەجید بە میوانەکەی دەڵێت.

شەرم ناکات، بە شەرم و نەفامیی نەدەزانی، زۆر بەئاساییەوە دەڵێت:

من بە کێشکە هاتووم، بۆ کێشکە و کلۆ!

ئەو، جارێکیان لەناو بیرەکە دیبووی، دە ساڵ پێش ئێستا. چۆن بزانێت، مەبەستی ئەو قسەیە چییە. کەسێکی کالفامە، گاڵتە دەکات، مەبەستی چییە. ئەو وشەیە لەو ڕۆژەوە دەبێتە پاشناوی، هەندێک دەیانگووت:

بۆیە بەو کوڕە کەبابچییە دەڵێن کاکەسوور کێشکە، چونکە ئەوەندەی کەبابی خواردووە، حەزی دەچێتە گۆشتی کێشکەی کولاو. ئەوە لەو ڕۆژانەی لە کەبابخانەکە ئیشی دەکرد. کە ماڵی چەند مانگێک لەناو حەسارەکە بوو، دەیانووت، بۆیە ناوی بوویتە کاکەسوور کێشکە. چونکە ژوورەکەی بەکرێی گرتبوو. هەندی هێلانەی کێشکەیەک دەبوو. ئیتر ناوەکەی زۆر لێکدانەوەی بۆ دەکرا، تەنها مەلا مەجید دەیزانی، ئەویش سەربردەکەی نەدەگێڕایەوە، هەر ئەوەندەشیان وتبوو، ئەو لەبەر کێشکە و لەگەڵ کێشکەکە هاتووتە شار، لەبەر کێشکەکە و لەگەڵ کێشکەکەش نەگەڕاوەتەوە.

بەڵێ مەلا، باوکم وتی:

بڕۆ ئەو کێشکەیە، ئەو کلۆیە لەبەردەم و لەناو دەستی شێخی چۆڵی دابنێ. با قسەیەکیان لەگەڵ بکات. ئەو کە قسەیان لەگەڵ دەکات. ئەوان دەگەڕێنەوە، جارێکیان لە چواردەورەی منارەکەی چۆڵی دەسوڕێن و بەرز دەبنەوە، (لەبەر پیرۆزی ناوی شێخەکە و ناوی منارەکە) بەپەلە دەبن، بواریان نابێت، لە چواردەورەی قەڵاتیش بسوڕێنەوە. دەڕۆن، دەفرن، دوو باڵیان هەیە، هەزار باڵ و پەڕەمووچ و ماسولکە قەرز دەکەن. دەڕۆن، دەگەنەوە ناو ئەو ڕەوەیەی خۆیان مەلاس دابوو. لە سەنگەری هێرشێکی کوشندە و ترسناکدا بوون. دەڕۆن دەچنەوە ناو خزم و ئامۆزاکانیان و هەموویان کۆدەکەنەوە. ڕەنگ زەرد و خەمگین و ترساو، چۆلەکەکە، کلۆکەش دەگەنەوە ناو عەشیرەتەکەیان. کێشکەکە، نەدەنیشیت، لەسەر سەرە بچووک و لەرزۆکەکەی باڵەفڕەی دەکات، جوجە جوجی دێت. هەموویان سەریان بۆ جریوەکانی ئەو دەهەژاند،

نەدەنیشت، باڵە ورد و دوو ڕەنگەکەی، قەدیان بە ئاسمان و فڕینەوە گرتبوو. لەسەر سەری فەوج و لەشکرەکە، باڵەفڕە و مشەمشی بوو، پێیان دەڵێت:

من دوێنێ لەگەڵ دوو لە هاوڕێیەکانم، هەردووکیان چاوزیت لێرەن، سەریان لەبن باڵیان ناوە و جریوەیەک ناکەن. بە یەکەوە هەڵفڕین. چووین سەرەدیقانەیەک لەگەڵ تەبارە و جووتیار و داو و تەڵەکانیان بکەین. هەردووکیان گوێیان لێیە، ئەوان منیان نارد و خۆیان لەناو قامکە پووشێک، لەبەر سێبەری پنجێک. هەر جریوە جریویان بوو، دانوستانیان بوو، بچین دەگیرێن، ناومان دراوە. جووتیارەکان کەمینیان زۆرە. چەکی نوێیان بۆ هاتووە. ئیتر لەو جۆرە جریوانە، دەرئەنجام نەهاتن و منیش بۆ گەیاندنی پەیامەکە و سەرچڵییەکەم هانی دام و فڕیم. لەوێ داوێک، فێڵی جووتیارێک، سەرمەستی خۆم. نەزانین و نەشارەزاییم منی بە گرتندا. من زوو و لەناکاو گیرام، توند کەوتمە ناو دەستیان، بواری دەربازبوونم نەما، زانیم تەواو!

هێشتا لەناو دەستی جووتیارەکە بووم. دڵم وەک دەهۆڵ کوتەکوتی بوو. هەموو گیانم دەلەرزی، دەمجریواند و سوێندم دەخوارد و تۆبەم دەکرد و دوعای بەدەستنوێژم دەکرد. خۆم پیسکرد، سوودی نەبوو. دەستەکە منی بەرنەدا. باڵم نەکرایەوە و چاوم لە دەرهێنانی قەڵەمبڕەکەی گیرفانە گەورەکەی بوو. هۆشم لەکن ئاگرێکی پووش و چیلکە دارێکی وشک بوو. تا بەلەز بمبرژێنن، تا بمسوتێنن. هیچ گومانم نەبوو، سەرم دەبڕن، سوورم دەکەنەوە، وەک برێشکە!

بەڵام کابرا قەڵەمبڕی دەرنەهێنا، کابرا ئاگری نەکردەوە. جووتیارە تووڕەش نەبوو، زۆر بەناسکی، بەڵام زیرەکانە خووری لە هەردوو قاچم ئاڵاند. باڵەکانی بەستام، بە نەرمی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردم. دیلێکی بەختیار و بە شانس بووم من! کێشکەیەکی شاباز و هەڵۆ بووم من! ئەو منی بردەوە ماڵەوە. لەوێ لە ماڵە حەوشە گەورەکەیان. لەناو ژووره نەوی و گەورە و لاچەپ و بەرهەیوانەکانیان. هێلانەی پوخت و توندم لەبن کاریتە و شەقڵی بنمیچی ژوورەکانی ماڵەکە، لەبەر هەیوان و ساپیتەکان بینی. کە بینیم زانیم ئەوانە هێلانەیە، بەڵام سەرم لە هونەر و بۆن و شێوەکەی دەرنەدەچوو.

من دیل بووم، بەڵام چاوم دەگێڕا و دڵنیا بووم. بەڵام هەر دەترسام، لەناو ماڵەکە، لەناو حەوشەکە، سەگ و پشیلەم بینی، مشک و... زیندەوەری زۆرم بینی. لەوێ بێجگە لە مرۆڤ، بونەوەری تریش هەبوو. با لە بیرم نەچێت، تەونی گەورە گەورەی تۆڕداری

پەڵهاویشتووی سەر دیوار و کوڵانکەم بینی. دەرزی دیوار، کوونی ناو دیوارەکان سەرەنجی راکێشام. کە بۆنی کێشکە و هێلانە و جیقنەیان لێ دەهات. هەتا نانی شەویشیان خوارد، هەر بیرم لەکن برژاندن و سورکردنەوە و کوڵاندنم بوو. شەوەکەی لەوێ مامەوە. شەوەکەی لەبن سەبەتێکی گەز دانرام. بەردێک، یان دەسکە جۆنییەکی گەورەیان لەسەر سەبەتەکە دانا. کەمێک بۆرژام، خەونی سەیرم بینی. چەندجار، هەتا باڵەکانم سڕ نەببوون، کۆششم دەکرد، بیانکەمەوە. بەڵام وەک سەرەمووێک، شەکرۆکەیەکی وشک دەخوڵامەوە. بەیانییەکەی منیان دایە دەست کوڕە گەنجەکەیان، (کوڕەکە)یان، دایە دەست پیاوێکی نابینا. ئەو لەسەر پشتی کەرە سپییەکەی. ئێمەش پیادە، ئەو رابەر و ئێمەش هاوڕێ. رۆیشتین لەگەڵ کلۆیەکی دیلی تری قۆڵ و دەست بەستراو، بەیەکەوە بەڕێکەوتین. بەرەو مزگەوت و چرا و پیرۆزیی شێخێک بە ناوی شێخی چۆڵی رۆیشتین.

کاکە سوور، (باوکەکە) بەر لەوەی بزانێت، ئێوارە کوڕەکە نەچووە بۆ مزگەوت، لەگەڵ حەسەنە کۆر جیابوویتەوە، مەلا مەجیدی قسەی بۆ کردووە و پێی وتووە:

وەرە من لەسەر ئەو پڕۆژەیە داتدەمەزرێنم.

ئەو وایدەزانی کێشکەکە، هەر ئەو رۆژە بە قودرەتی شێخ دەگەڕێتەوە و بە قەومەکەی دەڵێت:

لە دوورەوە نووری شێخ، بەسەر شارەکە دیار بوو. چاوی شێخ، دەنگ و رەنگی ئەو دەزرنگایەوە. شێخەکە پیاوێکی نەرم و لەسەرخۆ بوو، زۆر بە نەرمی و مرۆیانە ئامۆژگاری دەکردم. من لەناو دەستی بووم. بە دەستەکانی نەرم نەرم خووری قاچەکانی کردمەوە، باڵی کردمەوە. من چۆن دەجریوێنم، چۆن جوکە جوکە دەکەم. ئەویش وەک من بە جریوە، بە دەمی نا، بە زار و زمانی نا. من لەناو لەپی دەستی بووم. بە سێ پەنجەی دەستی راستی، کە بە لاپەڕەی جزوێک دەچوو، منی گرتبوو، بە دوو پەنجەکەی تریشی (دۆشاومژە و ئەسپێکوژە)، هەر بە یەک دەست. سەرە پەنجەکانی لەیەک دەدا و دەیجریواند، قسەی پێ دەکرد، من لە جریوەکانی باش تێدەگەیشتم، زانیم دەڵێت:

ئەو جووتیارانە دەروێشی منن. کەسانی ماندوو و رەنجدەرن. تاکە سەرچاوەی ژیان و مانیان، ئەو تەبارە گەنم و جۆیانە. کوڕەکانیان، بەنیازن بەو گەنمە، هاوسەری بکەن و شایی و جلوبەرگ و زێڕ و زیوی بووکەکانیان بکەن. کیژەکان، خەونیان لەکن گوڵە گەنم

و تەبارەکانە، بە دوورینەوەیان، سرکە و کەوا و خەناوکەیان بۆ دەکەن. مزگەوتەکە، هەر بەو بەرهەم و داهاتە، نۆژەن دەکرێتەوە. شەوەکانیان، گەرم و سەرینەکانیان نەرم دەبێت. دەرویێشەکانی من! خەڵکێکی ماندوو و سادە و گوناحن، واز لەوانە بهێنن. بڕۆن بەشی هەڵسان و دەرچوونتان گوڵەگەنمێک، وردە میرۆڵەیەکی مردوو، دانی سەر شارە میرووستانێک بخۆن و بڕۆن. ئەگەر جووتیارەکان ئەوەشیان پێ ناخۆشە، ئەگەر چاویان لەوەشە، من بەرەکەت و تاقەت و شەنگتان پێ دەدەم. دووربکەونەوە، بفڕین هەتا باڵەکانتان هەڵتاندەگرێت بڕۆن. ئەگەرنا، لە ئاسمان وشکتان دەکەمەوە، لە رەوەکانتان داتاندەبڕم، هەموو پەڕ و ماسولکەکانتان هەڵدەوەرێنم. بڕۆ و بگەڕێنەوە، بە لەشکرەکەتان بڵێ واز لەو تەبارانە بهێنن.

....

مەلا مەجید، (مەلا مەجید نەک شێخی چۆڵی) نەرم نەرم و لەسەرخۆ، خووری ناو پێ و چرنووکی کێشکەکە دەکاتەوە، باڵی دەکاتەوە. دەستی نازیش بەسەر باڵەکانی دادەهێنێت. باڵەکانی فش دەکاتەوە، سەیریان دەکات. هیچ زام و گەچران و سووتان و شینبوونەوەیەکی ترسناک نابینێت. بەو پشکنینە، زۆر دڵی خۆش دەبێت. سەیرێکی دوو چاوی کزی کاکە سوور دەکات، کێشکە و کلۆکە، بێ مەنتانە بەرەڵا دەکات.

کاکە سووری باوکیش، وایدەزانی. شێخ. پاش ئەوەی ئامۆژگاری کردووە، باڵەکانی کردیتەوە و بەرەڵای کردووە. تا بگەڕێتەوە و هەڕەشە و ئامۆژگارییەکانی بە میللەتەکەی بجریوێنێت.

کاکە سوور، لە سەرەتای کارکردن و مانەوەی دەبێت. دواییش، میوانە نەخۆشەکەی، چاوەروانی دامەزراندنی لە هێڵی ئاسنی هەولێر گەرمی دەکات. باڵ و دەندووکی کێشکەکە و باوکی زۆر لەبیرنامینێت. مەلا مەجیدیش، لەبەر پەیوەندییە نوێیەکانی بە کەسانی ناو شارەکە، دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ، دەنگۆی رێکخستنی شانەی حزبی و هەڵوەشانەوەی حزبی هیوا و باڵەکانی حزبی شیوعی، نیگەرانی سەرکردە شیوعییەکانی ناو شار و قەڵات و ساخنەبوونەوەیان، بەرەڵاکردنی چۆلەکەکەی لەبیردەچێت، وەک چۆلەکە دەفڕێت:

ئایا پاش نەگەڕانەوەی کوڕەکەی، پیاوەکە، چۆن هەواڵەکە لە حەسەنە کۆر وەردەگرێت و چی پێ دەڵێت! نازانین، حەسەنە کوێر کەی هاتوتە هەولێر. کەی و چۆن بۆنی ژنەکە

دەدۆزێتەوە. تێر بۆن دەبێت، یان بڵێین بە بۆنەکە دەگات! چونکە هیچ پیاوێک وەلی و شێخ و ئاغاش بێت، لە بۆنی ژن تێر نابێت، تێربوون و چێژ وەرگرتن لە هەوا و ئاو و نانیش هەیە، بەڵام بۆ پیاو لە ژن نییە!

من دەزانم، کاکە سوور حجەی ولادەی بۆ دەردەهێنن. نەفوسی بۆ دەکەن و ناوی دەبێتە سەعید. کوڕەکەشی، دیارە کیژ و کوڕی تری هەبووە. بەڵام ئەوی من ئاگادارم و دەزانم، دەبێتە زاوای بەقاڵێکی ناو بازاڕ. هەتا کارگەی نوێی دۆشاوی تەماتە لە بەغدا دەکرێتەوە، ئەو ساڵانە سەدان تەنەکە ئاوی تەماتەی ڕەوانەی بەغدا دەکرد (ڕەنگە زۆرتر یان کەمتر بێت، من زۆر دڵنیا نیم، ژمارە و حیساباتی ئەو ڕۆژانە ون دەبن، لێپێچینەوەیان لەسەر ناکرێت، ئینجا شێستێک ساڵێک لەمەوبەر، کێ بە وردی دەزانێت)، بەڵام بە کردنەوەی کارگەکە ئیش و بازرگانی ئەو دەوەستێت، شێرزادیش (کوڕەکەی سەعید، کە زووتر ناوی کاکەسوور بووە)، دەبێتە مامۆستا و واز، لە کاتبی ئەو دەهێنێت. چونکە لە گوندێکی دوور دادەمەزرێت. بەڵام دەبێتە هاوسەری هەناری کیژی بەقاڵەکە. کوڕە کاتبەکە، پاش تەماتەکە، هەنارێکی دەست دەکەوێت. بەڵام هەنارێکی (شیرین و سوور و گەیوو، تەڕ و ناسک و نوێ و بە دەستی کەس نەگۆوا بێت).

ئەو شێرزادە، کوڕێکی لە زانکۆی سەلاحەدین ئەندازەی بیناسازی، لە یەکەم خولی دەرچوونی ئەو بەشە دەردەچێت. لەگەڵ یەکەم لیستی تواناسازی دەچێتە ئەوروپا. بەڵام نازانم لە کام وڵات و زانکۆ وەردەگیرێت. ئەوانە نازانم، بەڵام چونکە ڕاپۆرتەکەی ئەوم دیبوو، بۆیە دەزانم ئەندازیارە، لە پەیامە ڕەسمییەکەی داوای کردووە، نەخشەسازییەکەی ئەو، لەسەر نۆژەنکردنەوەی گەڕەکەکە جێبەجێ بکەن. پلانەکەی هەموو سازکردووە و پڕۆفیسۆرەکەی، هاوڕێیەکانی لە زانکۆ ئەوروپییەکەش زۆر هاوکارییان کردووە. هەر بەو نەخشە و توێژینەوەیە دکتۆراکەی وەرگرتووە. تێدا داواکار بووە، دەرگا دارەکانی هەموو خانووەکانی ئەو گەڕەکە، لە نەخشە و شێوەی وێنەی دەرگاکە (ئەو وێنەیەی لە ئەوروپا کیژێک، دانەیەکی کۆنی دەداتێ)، نزیک و هاوشێوە بێت. لەسەر دەرگا دارگوێزەکان وێنەی کێشکەیەک، وەک هێمای باڵندە و بونەوەرێکی ناسک، هەڵبکەنن و بتاشن و بەڕوونیش ئەندامە وردەکانی دیار بێت. هەر چەند بۆچوون و لێکدانەوەش بۆ هێمای کێشکەکەش بکرێت، کەس نازانێت، ئەندازیارەکە مەبەستی ئەوە بوو، کە باپیری بە کێشکەیەک هاتووتە ئەو شارە، لەو گەرەک و کۆڵانە گیرساوەتەوە.

ئەو لە پەیامەکەی داوایکردووە، لەبڕی ماندووبوون و سازییەکانی پڕۆژەکەی، پارەی ناوێت، بەڵام لەسەر تابلۆی پڕۆژەکە بنووسرێت: نۆژەنکردنەوەی گەڕەکی تەعجیل لەسەر بەرنامە و نەخشەسازی دکتۆری ئەندازیاری بەختیار شێرزاد سەعیدە.

کۆتایی